# چەکوژی بەڵگە و شووشەی ئیلحاد

## دەروازەیەک بۆ ناسینی ئیلحاد و بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکان

نووسینی : دکتۆر عەدنان ئیبراهیم

بە کوردی کردنی: زێبار عزیزخان مهاجیر

دکتۆر عەدنان ئیبڕاهیم

# چەکوژی بەڵگە و شووشەی ئیلحاد

## دەروازەیەك بۆ ناسینی ئیلحاد و بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکان

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی:

ناوەندی سوڵتانی بن زاید بۆ ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن

بەکوردی کردنی:

زێبار عەزیزخان مهاجیر

٢٠٢٢

## پێناسی کتێب:

| | |
|---|---|
| نـــــــاوی کـتێب: | چەکوژی بەڵگە و شووشەی ئیلحاد |
| نووســــــــینی: | د. عەدنان ئیبراهیم |
| وەرگــــــــێڕانی: | زێبار عەزیزخان مهاجیر |
| نەخشەسازیی ناوەوە: | زێبار عەزیزخان مهاجیر |
| بــــــــــەرگ: | بەرەکات قورتاس |
| بـــــڵاوکــــار: | چاپخانەی شوان |
| نۆرە و ساڵی چاپ: | یەکەم، ٢٠٢٢ز |
| تـــــــــیراژ: | ١٠٠٠ دانە |

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( ٨٦٦ ) بۆ ساڵی (٢٠١٩) پێدراوە.



هەموو مافێکی ئەم بەرهەمە بۆ وەرگێڕ پارێزراوە.



ناونیشان: دیانا، سۆران، کوردستان. بۆ پەیوەندی کردن: ٠٧٥٠٢٢٨٢٩٩٥

Karwancenter18@gmail.com

# بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

## پێشەکی وەرگێڕ

لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و بەردەوام بوونی کاروانی ژیان، مرۆڤ هەمیشە سەرگەردانە بە دوای دۆزینەوەی ڕاستی و حەقیقەتەوە، زۆر جار بە هەڵە دەخلیسکێت بەرەو چاڵی گومڕایی و ئیلحاد، پێشی وایە گەیشتووەتە لوتکە، چیتر پێویستی بە گەڕان و لێکۆڵینەوە نییە بە دوای حەقیقەتدا.

لە گشت قۆناغ و سەردەمەکاندا، پێویستە مەشخەڵی یەکخواناسی زیاتر بگەشێنرێتەوە بە بەڵگە ژیری و بەڵگە و نیشانە و ڕێسا و یاسا گەردوونیەکان، بۆ ئاشناکردنی مرۆڤ بە ڕاستی و دوورخستنەوەی لە گرتنەبەری ڕێگەی ئیلحاد و ئیلحاد.

ئەم کتێبەی بەردەستمان کە لە زمانی عەرەبیەوە وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی، پێم وایە یەکێکە لە بەهێزترین ئەو کتێب و نووسراوانەی بەرپەرچی بیرۆکەی ئیلحادیان داوەتەوە. ئومێدم وایە توانیبێتم واتا و مەبەستەکان وەك خۆیان بگوازمەوە، خزمەتێك بە خوێنەران و کتێبخانەی کوردی بکەم. لە کۆتاییدا دەمەوێ سوپاسی ڕێزدار: "سم. ەرهەنگد عبدولواحید" بکەم کە ئەرکی پێداچوونەوە و هەڵەچنینی گرتەئەستۆ[1]. سەرکەوتن تەنها لە خواوەیە.

زێبار عەزیزخان مهاجیر

سۆران

[1] بۆ ڕاڤەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز سوودم بینیوە لە: تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان، نووسینی بورهان محمد أمین.

## بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

# وتەی نووسەر

سوپاس و ستایش بۆ خوای مەزن، بەو شێوەیەی شایستەیەتی، درود و سڵاو لەسەر چاکترین بەدیهێنراوی خوا و ئال و کۆمەڵە و پشتیوانانی. پاشان"

ئەو بەڕێزانەی سەرپەرشتی ناوەندی سوڵتانی کوڕی زاید دەکەن بۆ ڕۆشنبیر و ڕاگەیاندن، بە سوپاسەوە هانیاندام بۆ بڵاوکردنەوەی زنجیرەی وتارە بینراوەکان، کە پێش چەند ساڵێك پێشکەشم کردبوون، بە ناونیشانی (چەکوژی بەڵگە و شوشەی ئیلحاد)، تا سوودەکەی گشتگیر بێ، سەرەتا دوودڵ بووم، بەهۆی تەواو نەبوونی زنجیرەی ناوبراو، چونکە تووشی نەخۆشییەك بووم، ئامێری دەنگی منی گرتەوە، ئەمەش ڕێگری لێکردم وتار و وانە بڵێمەوە بۆ ماوەی نیو ساڵ، بەم شێوەیە ئەم وتارانە بە قرتێندراوی هاتن، تەنها وەك ڕێخۆشکەرییەك بوون بۆ بابەتێك، دەزانم چەندە ئاڵۆز و فرە لق و پۆپە و پێویستە لەیەکتر نزیك بکرێنەوە، لەسەر چەندین ئاست:

ئاستەکانی فەلسەفی و زانستی و لاهوتی. بەڵام لەگەڵ سوربوونی ناوەندی ناوبراو و بەجۆش و خرۆشبوونی سەرپەرشتیارانی ناوەندەکە بۆ خستنەسەر پەڕی وتارەکان لە شێوەی خوێنراودا، بۆیە منیش بەدەم داواکەیانەوە ڕۆیشتم، بە پشت بەستن بەخوا بڕیارمدا بەم کارە هەڵبستم. بەمەش دڵی خۆم دەدەمەوە لە پێشکەشکردنی کارێکی کرچ و کاڵ بۆ جەماوەری ڕێزدار، بەهۆی ئەوەی سووربوومە لە سەر ئەنجامدانی ئەم کارە، لە میانەی دانانی کتێبێکی دوور و درێژ و تێروتەسەل لەبارەی هاتنە مەیدان بۆ ئیلحاد، هیوام وایە لە خوێندنەوەیدا سوود و کەڵکی لێببینرێ، مایەی سوپاس بێ، کون و کەلەبەرەکانی هزر و دڵنیایی پڕ بکاتەوە بە ئەندازەیەکی گونجاو.

بۆ دەرهێنانی وتارەکان لە دوو توێی کتێبێکدا، وا پێویستی کرد بگەڕێمەوە سەریان و کەمێك پوختەیان بکەم، هەندێك شتیان لێ کەم بکەم و هەندێك شتی تریان بۆ زیاد بکەم، دووبارە ڕێکیان بخەمەوە، شێوازی داڕشتنەکەیان تۆزێك دەستکاری بکەم، تا شیاوتر بێ لە نووسراوی خوێنراو، لە وتراوی بیستراو.

لە خوای مەزن داواکارم" سوود و کەڵکی بگشتێنێ، بە چاکە لێم وەربگرێ، پاداشتی ئەوانەش گەورە و مەزن بکات، کە سەرپەرشتی ناوەندی سوڵتانی کوڕی زاید دەکەن، بە ئەندازەی سوربوونیان لەسەر ئایین و بەرەنگاربوونەوە و بەرپەرچدانەوەیان بۆ گوماندارەکان و مولحیدان.

((إِنْ أُرِيدُ إِلَّا الْإِصْلَاحَ مَا اسْتَطَعْتُ وَمَا تَوْفِيقِي إِلَّا بِاللَّهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ))[1].

**عەدنان ئیبڕاهیم**

---

(1) واتە: (من هیچم ناوێت تەنها چاکسازی نەبێت، بەگوێرەی توانام، ڕێکخستنی کارم بەدەستی کەس نیە بەدەستی خوا نەبێت، پشت و پەنام هەر بەو بەستووە و هەر بۆ لای ئەویش دەگەڕێمەوە). ئەمە بەشێکە لە ئایەتی ٨٨ سوڕەتی هود.

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی وەرگێڕ | ٥ |
| وتەی نووسەر | ٧ |
| بەشی یەکەم: دەروازەیەك بۆ ئاشنابوون بە ئیلحاد و مێژووەکەی | ١٣ |
| بەندی یەکەم: دەربارەی ڕەگ و ڕیشە سەرەتاییەکانی دیاردەی ئیلحاد | ١٤ |
| باسی یەکەم: سەرەتایەك دەربارەی پێویستی بەرەنگاربوونەوەی ئیلحاد | ١٤ |
| دەروازەی یەکەم: ئامانجی توێژینەوەکە | ١٤ |
| دەروازەی دووەم: ئیلحاد چییە؟ | ٢٥ |
| باسی دووەم: سەرنجێکی مێژوویی دەربارەی سەرەتاکانی ئیلحاد | ٣٦ |
| دەروازەی یەکەم: ئیلحاد لە شارستانیەتە کۆنەکاندا | ٣٦ |
| دەروازەی دووەم: ئیلحاد لە چاخەکانی ناوەڕاستدا | ٤٥ |
| بەندی دووەم: گەشەی دیاردەی ئیلحاد لە سەردەمی بوژانەوەی ئەوڕوپاوە تا سەردەمی هاوچەرخ (مۆدێرن) | ٥١ |
| باسی یەکەم: بوژانەوەی ئەوڕوپی و دیاردەی ئیلحاد | ٥١ |
| دەروازەی یەکەم: ئیلحاد لە گۆڕەپانی بوژانەوەدا | ٥١ |
| دەروازەی دووەم: شوێنی ئیلحاد لە نێو ململانێی زانست و کڵێسادا | ٦٠ |
| باسی دووەم: سەردەمی ڕۆشنگەری و ڕەخنەگرتن لە ئایین | ٧١ |
| دەروازەی یەکەم: ئیلحاد لە ڕۆشنگەرییەوە بۆ شۆڕش | ٧١ |
| دەروازەی دووەم: ئیلحاد لە سەدەی نۆزدەم و بیستەم | ٨٤ |
| بەندی سێیەم: چەند ئاگادارییەك لەبارەی هۆکارەکانی ئیلحاد | ٩١ |

| | |
|---|---|
| ئاگاداری یەکەم: پێشڤەچوونی بزاڤی مرۆڤایەتی و چەقبەستوویی کڵێسا | ٩١ |
| ئاگاداری دووەم: تۆماری ڕەشی دادگاکانی لێکۆڵینەوە | ٩٤ |
| ئاگاداری سێیەم: جەنگە ئاینیەکان و بەکارهێنانی سیاسیانەی ئایین | ٩٨ |
| ئاگاداری چوارەم: فەلسەفە و چاکسازی ئاینی | ١٠٠ |
| بەشی دووەم: بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکان | ١٠٣ |
| بەندی یەکەم: کێشەی مولحیدان و وەڵامدانەوەی | ١٠٣ |
| باسی یەکەم: چەند پێشەکییەکی گشتی | ١٠٣ |
| دەروازەی یەکەم: دەربارەی ڕەوایی ئەم توێژینەوەیە | ١٠٤ |
| دەروازەی دووەم: چوارچێوەی مەعریفی هزری خوایی | ١١٠ |
| باسی دووەم: سەرنجێکی پوخت لەسەر بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکان | ١١٦ |
| دەروازەی یەکەم: خستنەڕووی بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکان | ١١٦ |
| دەروازەی دووەم: تایبەتمەندییە گشتییەکانی بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکان | ١٢٤ |
| بەندی دووەم: هەڕەمەکێتی و ڕێکەوت لە تەرازوودا | ١٣٠ |
| باسی یەکەم: لە نێوان ڕێسا سروشتییەکان و ڕێکەوتدا | ١٣٠ |
| دەروازەی یەکەم: ڕێکخراو و هەڕەمەکێتی | ١٣٠ |
| دەروازەی دووەم: ڕێکەوت و هەڵبژاردنی سروشتی | ١٣٣ |
| باسی دووەم: هەڕەمەکێتی لە مەحەکی تاقیکردنەوە | ١٣٨ |
| دەروازەی یەکەم: هەوڵێکی شکستخواردوو بۆ چەسپاندنی هەڕەمەکێتی | ١٣٨ |
| دەروازەی دووەم: تیۆری ڕێکەوت لەبەردەم ژمارەکاندا بە چۆکدا دەکەوێ | ١٤٢ |
| دەروازەی سێیەم: تیۆری تەقینەوە مەزنەکە و هەڵوەشاندنەوەی هەڕەمەکێتی | ١٥٢ |
| بەندی سێیەم: چەند گومانێك لە بارەی ڕێسا سروشتییەکانەوە لە هیۆمەوە تا دۆکینز | ١٦٠ |

| | |
|---|---|
| باسی یەکەم: گومانەکان دێڤید هیۆم | ١٦٠ |
| دەروازەی یەکەم: دوو گومانی ڕەتکراوە | ١٦٠ |
| دەروازەی دووەم: گومانی خاسیەتی ماددە | ١٦٥ |
| دەروازەی سێیەم: چەند گومانێك دەربارەی کامڵبوونی ڕێسا سروشتییەکان و ڕێکخەری ئەم ڕێسایانە | ١٧٧ |
| باسی دووەم: چەند گومانێکی تر و ڕەتدانەوەیان | ١٨٦ |
| دەروازەی یەکەم: تیۆری پەرەسەندنی کیمیایی | ١٨٦ |
| دەروازەی دووەم: گونجانی پێشوەخت | ١٩٤ |
| دەروازەی سێیەم: گریمانەی کەوتنی مرۆیی | ١٩٧ |
| دەروازەی چوارەم: گومانی پەیی بردن بە شوێنەوایێکی کۆنگەرا | ٢٠٦ |
| دەروازەی پێنجەم: خوای کون و کەلەبەرەکان | ٢٠٩ |

# بەشی یەکەم

## دەروازەیەك بۆ ئاشنابوون بە ئیلحاد و مێژووەکەی

# بەندی یەكەم

# دەربارەی ڕەگ و ڕیشە سەرەتاییەكانی دیاردەی ئیلحاد

## باسی یەكەم

## سەرەتایەك دەربارەی پێویستی بەرەنگاربوونەوەی ئیلحاد

### دەروازەی یەكەم: ئامانجی توێژینەوەكە

### كێشەیەكی كۆن و چەند چارەسەرێك كە مایەی شانازین

## * میراتێك: مایەی شانازییە

لەوانەیە ناوی ئەم زنجیرەیە، چەکوژی بەڵگە و شوشەی ئیلحاد هەندێك هەستیاری بوروژێنێت.

لەوانەیە بوترێ ئەم ناونیشانە خۆهەڵکێشان و شانازی بەخۆوەکردنی تێدایە، بەڵام ئەوە من نیم خۆم هەڵدەکێشم و شانازی بەخۆمەوە دەکەم، بۆ کەسێك دروستبێ خۆی هەڵبکێشێت و شانازی بکات، ئەوا ئەو کەسانە بۆیان هەیە، کە بە درێژایی هەزاران ساڵە، جۆرەها بەڵگە دێننەوە، لەسەر بوونی خوا و پوچەڵکردنەوەی گومانی مولحیدان و بە گومانەکان.

لە سەدەی نۆزدەمدا، فەیلەسوف و بیرمەنی بەناوبانگ: جۆن ستیوارت میلّ[1]، ئەو کەسە لیبڕاڵییە سەرسەختە شتێکی نووسیوە، ئەمە ناوەڕۆك و مەبەستەکەیەتی: "خەڵکی سادە و ساکار تووشی شۆك دەبن، ئەگەر هەڵوەستە بکەن، لەسەر قەبارەی ئەو کەسە هۆشیارانەی ئیلحاد وەك بیروباوەڕ و ڕێباز پەسەند دەکەن"، ئاماژە دەکات بە زۆریی ژمارەی مولحیدەکان لە نێو بیرمەندانداا.

بەڵام ئێمە لەلای خۆمانەوە، شۆك نامانگرێ، چونکە ئەگەر کەسە ژیرمەند و زیرەکە مولحیدەکانی هەموو ڕۆژگار و سەدەکان کۆ بکەینەوە، ئەوا نابنە ڕێژەیەکی شایەنی باس لە پاڵ ئەو لەشکرەی خواگەراکان (المؤلهة) لە فەیلەسوف و بیرمەند و زانایان.

بانگەشەی ئەوە ناکەم ئەو خواگەرایانە زیرەکترن لەو مولحیدانە، بەڵام بەدڵنیاییەوە هیچ شتێکیان لە زیرەکیدا لەوان کەمتر نییە.

---

[1] جۆن ستیوارت میلّ ١٨٠٦ – ١٨٧٣، فەیلەسوف و ئابووریناسێکی بەریتانییە، ئەمانەش چەند دانراوێکی ئەون: "بنەماکانی ئابووری سیاسی" و "بنچینەکانی لیبڕاڵییەتی سیاسی".

سەبارەت بەوەی خوداگەراکان زیرەکترن یان نا، ئەوا بەویستی خوا لە میانەی ئەم زنجیرەیە ڕوون دەبێتەوە، کاتێك بەڵگەی مولحید و خوداگەرا، ناڵێم گومانی مولحید یان ئاژاوەنانی، بۆ ئەوەی نەچێتە نێو چوارچێوەی چوونەدەرەوە لە بابەت و ئەوەی داواکراوە.

لە ئایندەدا دەبینین کامەیان تۆکمەتر لە ڕووی ژێریەوە، بەڵگەی بەهێزتر بەرپا دەکات، باشتر پارێزگاری لە ڕێباز و بۆچوونەکەی دەکات.

## * پاڵنەر و سوودەکانی ئەم توێژینەوەیە

لەوانەیە ئەم پرسیارە بکرێ: ئایا بۆچی لە بنەڕەتدا تاوتوێی ئەم بابەتە دەکەین؟.

ئەگەر – وەك موسڵمان – پێش بیست یان سی ساڵ ئەم بابەتەمان خستبایە بەرباس، ئەوا لەوانەیە بوترابا: ئەمە تەنها بۆ خۆشی فەلسەفی و لاهوتییە، ئەو کات خەڵك زیاتر پێویستیان بەوەبوو فێری ئەو ئەرکانە بن کەر لەسەر شانیان بوو لەگەڵ یاسا فیقهییە کردارییەکان، وەك حوکم و یاساکانی نوێژ و ڕۆژوو و جگە لەمانەش، ئەو کات ئیلحاد سەرچاوەی سەرەکی تاقیکردنەوە نەبوو.

بەڵام بە داخەوە ئەمڕۆ، پێویستە لێی وردببینەوە و بیتوێژینەوە، هەروەها هەر کەسێك توانای هزری شایستە و گونجاوی هەبێت با لەگەڵمان بەشدار بێ لەمەدا.

ئامانجمان لەمە بەرگری کردن نییە لە بیروباوەڕمان، ئامانجەکە ئەوەیە حەقیقەت وەك خودی خۆی و چۆنیەتی هاتنی زۆر سەنگین و بەنرخە. ئەگەر سەلمێنرا کە خوای پاك و بەرز

گەورەترین ڕاستییە و حەقیقەتی حەقیقەتەکانە، ئەوا زۆر مەترسیدارە و دۆڕانێکی مەزنە مرۆڤ ڕێگەی خۆی بەرەو ئەم ڕاستییە ون بکات.

بۆیە ئەم بابەتەمان، واتە: توێژینەوە لە بوونی خوای پاك و بەرز – بە درێژایی چاخ و سەردەمەکان – باڵی کێشاوە بەسەر خەیاڵ و مێشکی خەڵك و گوێچکەی گەورە بیرمەند و زانا و فەیلەسوفەکان.

کاتێك قسە دەکەیان لەسەر بەڵگەکانی ئیمان و باوەڕ، لە نێویشیاندا بەڵگەی سروشت و فیترەت، دەبینین توانای سروشتی خوایی چەندە لە ڕاڤەکردنی سەرهەڵدانی ئیماندا، کە ئایا ئەوانەی خاوەنی تێڕوانینی سروشگەران توانای ڕاڤەکردنی سەرهەڵدانی ئیمان و بیروباوەڕی خواناسی لە مێژووی مرۆڤایەتیاندا هەیە، یان تیۆری گەشەسەندن توانای ئەم لێکدانەوەی هەیە.

لە هەر دوو دۆخەکەدا دەبینین، مرۆڤی کۆن" واتە مرۆڤی پێش مێژو، بەردەوام بە دوای خوادا وێڵ بووە و گەڕاوە و وچانی نەداوە.

## * شێوەیەکی دەمارگیرانەی ئیلحاد

ئەو باسەی پێشتر سەرقاڵکەر بوو، تەنانەت ئەوانەشی سەرقاڵ کردبوو، کە نکۆڵیان لە بوونی خوای باڵادەست و خاوەنشکۆ دەکرد، یاخی و لاڕێ بوون و ملکەچی ڕاستی نەدەبوون، تا ئاستی بەرزکردنەوەی دروشمی مردنی خوا، وەك فرۆید[1]،کاریگەربوون بە پۆلە فەیلەسوفێك، دواهەمینیان

[1] سیگمۆند فرۆید، ١٨٥٦ _ ١٩٣٩، پزیشکی دەماری نەمسایی بە ناوبانگە، لە خانەوادەیەکی جولەکەیی ئەشکەنازییە، بە دامەزرێنەری زانستی شیکاری دەروونی دادەنرێ، ناوی دەرکرد بە تیۆرە عەقڵی و نەستییەکان.

نیتچه[1] بوو. فرۆید پێی وابوو مرۆڤ خوای خۆی دروستکردووە، نەك بە پێچەوانەوە. بەڵام ناوبراو لە کتێبە ناودارەکەیدا (ئایندەی خەیاڵ) ئاماژەی بەوە کردووە: "ڕۆژێك دێت – بەڵام لە ئایندەیەکی نزیکدا نا، هێشتا خوا نەمردووە – مرۆڤ ئەو بیروباوەڕە سوك، کە بیروباوەڕی بوونی خوایە.

بەڵام میشێل ئۆفریەی[2] هاوچەرخ، خاوەنی کتێبی "ڕەتکردنەوەی لاهوت"، ئەمە ناونیشانی کتێبە عەرەبیکراوە ناودارەکەیە (Atheist Manifesto). هەر چەندە ناوبراو ئیلحادکی کەللەڕەق و بەجۆش و خرۆشە بۆ بیروباوەڕەکەی، ئەوا پێی وایە خوا نەمردووە و ناشمرێت، دوایین خوا لەگەڵ دوایین مرۆڤ دەمرێت، چونکە شتی ئەفسانەیی و پوچ نامرێت، ئەو چیرۆکانەی کە منداڵانی پێ لە خشتە دەبرێن ناکرێ تەفروتونا بکرێن. بەو واتایەی باوەڕ بە خوابوون چیرۆکێکی ئەفسانەیی و پوچە، لە قۆناغە بەراییەکانی مرۆڤایەتیدا بۆمان هاتووە، بەردەوام زیندوو بووە لە ناوماندا، وەڵامی چەند شتێکی دەروونی ئێمەی دەداتەوە، وەك مرۆڤی لاوازی خاوەن زانیاری سنووردار و خاوەنی خولیای مەزن، ژیری و عەقڵی مرۆڤ کامڵ نەبووە، هێشتا ژیری و عەقڵێکی منداڵانەیە و لەباریدا هەیە ئەفسانە پەسەند بکات[3].

---

() فریدریك ویلهلم نیتچە، ١٨٤٤ – ١٩٠٠، فەیلەسوف و شاعیرێکی ئەڵمانیە. یەکێك بوو لە دیارترین ئەوانەی ڕێگەیان خۆشکرد بۆ زانستی دەروونزانی و زانایەکی بلیمەت بوو لە زمانە جیاوازەکاندا. چەندین کتێب و دەقی ڕەخنەیی نووسیوە دەربارەی بنەما ڕەوشتی و سوودگەرایی و فەلسەفییە هاوچەرخە مادییەکان، لەوانە فەلسەفەی نموونەگەرایی ئەڵمانی، ڕۆشنگەری. لەبارەی ڕۆمانسیەتی ئەڵمانی ڕۆشنگەریش بەشێوەیەکی گشتی و بە زمانێکی بلیمەتی ئەڵمانی نووسیویەتی. بە یەکێك لەو فەیلەسوفانە هەژمار دەکرێ کە زۆرترین دەستاودەست بە نووسینەکانی دەکرێ لە نێو خوێنەران و ناوبانگی زۆرە. بە ناودارترین فەیلەسوفی مولحید دادەنرێ لە سەردەمی هاوچەرخدا.

٢) میشێل ئۆنفریە، لە دایك بووی ١٩٥٩، فەیلەسوفێکی فەرەنسی هاوچەرخە، ناوی دەرکرد بە ئیلحاد و باوەڕ بوون بە نا دەسەڵاتی و گێرەشێوێنی. خاوەنی چەندین نووسینە.

٣) پاك و بێگەردی و دووری بۆ خوا لەوەی ئەو بێ باوەڕانە دەیلێن، لێرەدا دەبێ تێبینیەك بدرێ لەبارەی ئەوەی کە وشەی نزا و داوای لێخۆشبوون کردن بەکاردێنم، هەوڵ دەدەم لەم توێژینەوەیەدا خۆم لەم وشانە بە دووربگرم تا دوور نەکەوینەوە لە ڕێڕەوی بێ لایەنی و زانستی، ناشوترێ بە وتارێکی بەسۆز کار لە خەڵك دەکەین، چونکە

تاکتیکی ئۆنفریە ئامانجی بریتییە لە پاراستنی هێڵی گەڕانەوە، ((شیك علی بیاض: چەکێکی سپی))[1]، چونکە هەردەم دەتوانێ بڵێت: "هەر چەند ژمارەی ئەوانەی باوەڕیان بە خوا هەیە زۆر بێ، لە ناویاندا فەیلەسوف و زانایان هەبن، ئەوا ئەمە لای من هیچ بەڵگەیەك بەدەستەوە نادات و نابێتە بەڵگە !.

کاتێك فرۆید ئەمەی وت، زیاد لە کەسێك بەرپەرچی دایەوە، یەکێك لەوانەی بەرپەرچی دایەوە فەیلەسوفی موسڵمان "عەلی عیزەت بیگوفیتش[2]" بوو، کاتێك پرسیاری کرد و وتی: "ئەی بۆچی خەڵك بەردەوام وا دەکەن؟"، بەو واتایەی بۆچی هێشتا خەڵك لە سەردەمی زانست و پێشکەوتن لە ناویشیاندا ژمارەیەکی زۆر لە فەیلەسوف و زاناکان، سەرباری گەورە لاهوتییەکان ڕاهاتوون لەسەر بەرهەمهێنانەوەی ئەفسانە، واتە باوەڕبوون بە خوا؟ هەروەك بینیمان ئۆنفریە بە ئاشکرا چۆن لەم جۆرە پرسیارانە ڕادەکات.

بەپێی ئامارێکی سەرژمێرکاراو تەنها ١٣. ٢٪ لە دانیشتوانی سەر زەوی لە سەدەی بیستەمدا ڕاشکاوانە دەڵێن کە مولحیدن، ئەوانەش کە دەڵێن نازانین خوا هەیە یان نا، یان ئەوانەی بە " نەزانمگەرا" یاخود "ئیلحاد نا ڕاستەوخۆ" ناسراون، ئەوا ١٢٪ دانیشتوانی زەوی پێکدێنن. ئەوانی

---

ئامانجمان دەمکوت کردنی دژەراکەمان نییە، بەڵکو مەبەستمان گەیشتنە بە ڕاستی و حەقیقەت لە ڕێی بەڵگە و بە یەکەوە ئەنجامدانی توێژینەوە. لە توێژینەوەی زانستیدا دەبێت ئێمە بێ لایەن بین، هەر چەندە ئەم قسەیە لەسەر هیچ کەسێك جێبەجێ نەبووە و ناشبێت، هیچ کەسێك نییە کە گەردیلەیەك لایەنگیری تێدا نەبێ، بەڵام جیاوازی هەیە لە نێوان لایەنگیری زانستی و لایەنگیری منداڵانە. ئێمە لە سەروبەندی ئەم بەندەدا بەڵگەکانمان دەخەینەڕوو و بەهێزترینیان هەڵدەبژێرین، ئەگەر بەڵگەی مولحیدان بەهێزتر بوو ئەوا ئێمەش وەك ئەوان ڕێی مولحیدان دەگرینەبەر، بەڵام تا ئێستاش بەڵگەی ئەوان دڵنیاکەرەوە نەبووە. (وتاربێژ).

(1) واتە: هەموو بژاردەکان کراوە بن.

(2) عەلی عیزەت بگوفیتش (١٩٢٥ _ ٢٠٠٣) فەیلەسوفێکی ئیسلامی و چالاکوانێکی سیاسی بۆسنییە، دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یۆگۆسلافیا بووە یەکەم سەرۆکی بۆسنە و هێرسك، لە ماوەی حوکمڕانی ڕژێمی دیکتاتۆریەتی ماریشاڵ تیتۆدا دژی حوکمی شوعی بوو، چەندین جار خرایە بەندیخانەوە.

دیکە باوەڕیان بە خوا هەیە بە ڕێگە جیاوازەکان، چ بە ڕێگەی مەسیحییەت یان جولەکایەتی یاخود ئیسلام یان جگەلەو بێ.

کەواتە هێشتا خواگەرایی ڕێبازی باوو ڕامالەرە.

لەلای خۆیشیەوە ئۆنفریە بە نیتچە کاریگەر بووە، کە وتویەتی: "دواهەمین مەسیحی، بە هەمان شێوە یەکەمین مەسیحی بووە، بە لە خاچدراوی مرد". ئاماژە دەکات بۆ یەسوع، واتە: عیسا، ئەمەش ڕاشکاوانە ڕەتکردنەوەی مەسیحییەتە لە ڕووی ئیمان و لاهوتیەوە، لەبەرامبەردا ئۆنفریە وتویەتی: دوین خوا لەگەڵ دواهەمین مرۆڤ دەمرێت، چونکە هەر مرۆڤێك خواکەی خۆی دروست دەکات و بەگوێرەی پێداویستیەکانی تایبەتمەندی پێدەبەخشێ. بێگومان مەبەست لە مرۆڤ وەك تاك نییە، بەڵکو وەك کۆمەڵەیەکە، شارستانیەت و کەلتور و مەرجی هەیە.

## پلانی توێژینەوەکە:

سەرەتا بە پێناسەکردنی ئیلحاد و چۆنیەتی گەشەسەندنی ئەم چەمکە و کێشە وروژێنراوەکانی دەوری پێناسەی ئەم چەمکە دەست پێدەکەم. دواتر تیشك دەخەینەسەر سەرنجێکی مێژوویی، پێداگیری دەکەم لەسەر ئەوەی تا ئەندازەیەك کورت بێت، چونکە ئەگەر بمانەوێ مێژووی تێروتەسەلی ئیلحاد باس بکەین، ئەوا پێویستمان بە دەیان کاتژمێر دەبێ، پێویستی بە هەزاران لاپەڕە دەبێت لە جگە لە ئێمە وەربگیرێ.

لە میانەی ئەم خستنەڕووەدا، هەوڵ دەدەم باسی ئەو هۆکارانە بکەم کە وای لە هەندێك کەس کردووە ئیلحاد هەڵبژێرن، لەگەڵ ئەوەی زۆرێك لەم هۆکارانە بریتی نەبوونە لە هۆکاری ژیرانە و بەڵگەدار، بەڵکو تەنها لە چوارچێوەی پاڵنەردا بوونە.

لێرەدا" پێویستە جیاوازی بکرێ لە نێوان هۆکار و پاڵنەر.

جیاوازی نێوانیان دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی نێوان بەڵگە و هۆ: بابەتی بەڵگەدار، ئەوەیە کە بەڵگەی لەسەر بەرپابووە، جا بەڵگە هێنانەوەکە ڕاست یان هەڵە بێت.

بەڵام بابەتی هۆدار، پاساوداره بە چەند هۆیەکی دیاریکراو، نەك بە بەڵگە. بۆ نموونە: بۆچی فڵانە شارە مەسیحی کاسۆلیکییە؟ ئەمە لە چوارچێوەی هۆدار کراوەدایە نەوەك بەڵگەداردا، چونکە چەند پاڵنەرێك وای لە دانیشتوانی ئەم شارە کردووە ببنە مەسیحی کاسۆلیکی نەوەك مەسیحییە پرۆستانتەکان.

ئەوەی ئەمڕۆ ناسراوە بە ئیلحادی تازە، بە پێچەوانەی ئیلحادی هاوچەرخ، وەك: ئیلحادی دوکینز[1] و سام هیریس[2] و دانیل دینیت[3] و هاووێنەی ئەمانە، زۆر پشت دەبەستێت بە هۆ و پاڵنەرەکان نەوەك بەڵگەکان.

بەڵێ، کەسی وا هەیە گومانی وایە ئەوەی لایەتی دەچێتە ناو چوارچێوەی بەڵگەوە، لەو کاتەی دەیخەینەڕوو دەبینین بەشێکی زۆری پاڵنەرنی بێ بەڵگەن، نموونە لەسەر ئەمە ئەوان زۆر دەڵێن: "ئاینەکان هۆکاری چەرمەسەری مرۆڤایەتین، بڕواننە جەنگ و ئاشوبەکان، هەردەم ئاینەکان و دەمارگیرییە بیروباوەڕییەکان هۆکارن". کێ هەیە بێ ئاگا بێ لەو کەلێنە فراوانەی هەیە لە نێوان بابەتی بوونی خوا و پرسەکانی لێکدانەوەی لاهوتی و فیقهی، کە ئاینە جیاوازەکان پێی هەڵدەستن، زۆر جاران بۆ بەرژەوەندی لایەنێکی دیاریکراو بەکارهێناوە، بەوەی لە کۆتاییدا بەسەر خودی ئاین و بنەما و پەیامەکەیدا شکاوەتەوە، بەڵام مولحیدانی نوێ چاو دەنوقێنن لەم جۆرە جیاوازیە دیارانە، هەروەك چۆن لە هەڵی ڕەخساودا بەڵگە هەڵدەبەستن.

---

[1] کلینتۆن ریتچارد دوکینز، لە دایك بووی ١٩٤١، زانایە لە بایلۆژی پەرەسەندن، فەیلەسوفە لە ئاینەکان، نووسەرێکی بەریتانییە، لە دیارترین کارەکانی جەختکردنەوەی بووە لەسەر ڕۆڵی سەرەکی جیناتەکان وەك هێزێکی پاڵنەری گەشەکردن و پەرەسەندن. لە پاڵ کارەکانیدا لە بایلۆژی پەرەسەندوودا، خۆی پیشان دەدات وەك مولحید و مرۆڤگەرا _ عەلمانی، گومانگەرا، عەقڵگەرایەکی زانستی، ناوی دەرکردووە بە ڕا و بۆچوونەکانی لە بواری ئیلحاد و تیۆری پەرەسەندن، هەروەك یەکێکە لە دیارترین ئەوانەی ڕەخنە دەگرن لە تیۆری بەدیهێنان و تیۆری نەخشەدانانی زیرەك.

[2] سام هیریس، لە دایك بووی ١٩٦٧، نووسەرو فەیلەسوفێکی ئەمریکییە.

[3] دانیل دینیت، لە دایك بووی ١٩٤٢، فەیلەسوفێکی ئەمریکییە، بایەخی داوە بە لێکۆڵینەوەکردن لە فەلسەفەی عەقڵ و فەلسەفەی زانست و فەلسەفەی بایلۆژی.

باسی ئیلحاد ئەگەر بە قەبارە ڕاستەقینەکەی تاوتیٚ بکەین، ئەوا باسێکی ئاڵۆزە، نابیٚ بە ڕێگەی وتاربێژی و ئامۆژگاری یان بانگەوازی مژدەدەرانە تاوتوێی بکەین، بەڵکو دەبیٚ بە ڕێگەی زانستی فەلسەفی ڕێزدار بیٚ.

پلانەکەمان لەوەدا پوخت دەبێتەوە بە دەستپێکردن بەو بەڵگانەی لەبەردەستمانن" وەك وەڵامدانەوەی تەحەداکە. لەبەر ئەوەی هەندێك لە لاهوتییەکان بە درێژایی مێژوو پشتیان بە بەڵگەی نەزانی بەستووە، داوایان لە بیٚ باوەڕان و بە گومانەکان کردووە بەڵگەکانیان لەسەر نەبوونی خوا بخەنەڕوو، ئەگەر نەیانتوانی نەبوونی خوا بسەلمێنن، ئەوا کەواتە خوا هەیە. لە ڕاستیدا ئەمە نموونەیە لەسەر بیٚ سەروبەری بەڵگەی نەزانی. لەوانەیە باسی دەکەین لە پاڵ بەڵگەی ((لومی)) و ((ئینی)) و جیاوازی نێوانیان.

نموونەیەکی جوان سەبارەت بە بەڵگەی نەزانی هەیە، برتراند ڕەسل[1] هێناویەتیەوە دەڵێت: "ئەگەر کەسێك بانگەشەی بوونی پەرداخێکی فەخفوری چای کرد، بەوەی بە شێوەیەکی دیاریکراو دەخولێتەوە لە نێوان مەرخ و زەویدا بە دەوری خۆردا دەخولێتەوە، ئایا چۆن بۆ یەکێك دەڕەخسیٚ ئەم بانگەشەیەی ئەو پوچەڵ بکاتەوە؟

هۆکاری ئەوەی ئێمە دەستپێشخەریمان کرد بە ڕووبەڕوو بوونەوەکە، ئەوەیە کە هەندێك مولحیدی سەدەی بیستەم تۆپەکەیان فڕێداوەتەوە ناو یاریگای خواگەراکان. وەك ئەنتۆنی فۆلۆ[2]، کە ئەمەی لە بەشی کۆتایی کتێبەکەی "گریمانەی ئیلحاد"دا ١٩٧٦، ئەنجامدا و وتی: بۆ یەکەمجار ئەمەم کردووە، تۆپەکەم هاوێشتۆتە ناو یاریگەی ئەوان، لە مولحید داوانەکراوە و لەسەری پێویست نییە

---

(1) برتراند ڕاسل ١٨٧٢ – ١٩٧٠، فەیلەسوف و زانایەکی ژیربێژی و بیرکاری و مێژوونووس و ڕەخنەگرێکی کۆمەڵایەتی بەریتانیە. لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانیدا ناوبراو لیبراڵی و ئیشتراکی و بانگخوازی ئاشتی بووە، بەڵام دانی ناوەی بەوەی بەشێوەیەکی قوڵ لەمانە نەبووە.

(2) ئەنتۆنی فۆلۆ ١٩٢٣ _ ٢٠١٠، فەیلەسوفێکی بەریتانییە، توندڕەوترین بەرگریکار بووە لە ئیلحاد تا ساڵی ٢٠٠٤، لە ساڵی ناوبراودا لە ئیلحادیەکەی پاشگەزبووەوە و باوەڕی بە خوا هێنا لە تەمەنی ٨١ ساڵیدا، بە باوەڕداری مرد.

بەڵگە بێنێتەوە لەسەر نەبوونی خوا، بەڵکو ئێوەی خواگەرا دەبێ بەڵگەی سەلمێنەر بێننەوە لەسەر بوونی خوا.

ئێمە لەلای خۆمانەوە وەڵامی ئەم تەحەدایەمان دایەوە، سەرەتا بە خستنەڕووی بەڵگەکانمان دەستپێدەکەین. لە میانەی ئەمەدا بەڵگە مولحیدەکانیش دەخەینەڕوو. ئەوان ڕەخنەی خۆیان هەیە، ئێمەش یەك بە یەك و بە پاکی و بابەتیانە وەڵامی ڕەخنەکانیان دەدەینەوە، هیچ بەڵگەیەکی نووسراوی ئەوان پشتگوێ ناخەین و هەموویان باس دەکەین.

## دیاری کردنی خاڵی ناکۆکی:

با ئێستاش خاڵی ناکۆکی دیاری بکەین، ئەویش "بابەتی بوونی خوایە وەك بەدیهێنەر و دروستکەری ئەم بوونە". سەبارەت بە پرسە بیروباوەڕییەکانی تری وەك: نیگابوونی قورئان و ڕاستگۆیی پێغەمبەر (درود و سڵاوی خوای لێبێ) و چاودێری خوایی، ئەمانە تەواو لە دەرەوەی بازنەی بابەتەکەی ئێمەن. ئەو بابەتەی بەردەستمانە تەنها بابەتی بوون و بەدیهێنەرایەتی خوایە.

ئایا دەکرێ بەبێ گریمانەکردنی بوونی خوا ڕاڤەی بوون و گەردوون بکرێ، وەك چۆن **مولحیدەکان** بانگەشەی بۆ دەکەن، یاخود ئەمە لە ڕووی فەلسەفی و زانستییەوە گونجاو نییە؟ لەوانەیە بوترێ **ئیلحادی** نوێ لە زانستەوە سەرچاوەی گرتووە، بە تایبەتیش **پشت بە** تیۆری پەرەسەندن **دەبەستێ**. هەر بۆیە دەچینە قوڵایی توێژینەوەیەکی دوور و درێژ لە ناو تیۆرەکانی پەرەسەندن، چونکە ئەم تیۆرە بناغەیەکی گرنگ **پێکدێنێ** لە بناغەکانی **ئیلحادی** هاوچەرخ.

دوای ئەمە ئەگەر خوا ئاسانی بکات چەند زنجیرە (حەلقە)یەکی تازە دەبەستین و تیایاندا پێویستی پێغەمبەرایەتی دەخەینەڕوو، واتە: بابەتی چاودێری و مشورگێڕی خوایی بۆ گەردوون و بەدیهێنراوان و هەبوونی ئەم چاودێرییە چەندە پێویستە لە نەبوونی. دواتر باس لە گونجانی هاتنی سروش دەکەین، واتە گونجانی تیۆری، دواتر دەچینە سەر سەلمێنەرەکان، واتە لێکۆڵینەوەی تیۆری لە واقیعدا.

بەم شێوەیە ئەم توێژینەوەمان لە بنەڕەتدا پشت دەبەستێت بە چەندین باسی فەلسەفی و ژیربێژی و زانستی و لاهوتی بیروباوەڕی تر.

## دەروازەی دووەم

## ئیلحاد چییە؟

### پێناسەیەکی سەرەتایی بۆ ئیلحادی

لە کتێبەکەیدا "ئیلحاد، پێشەکیەکی زۆر کورت[1]" جولیان باغینی[2] پێناسەی ئیلحادی کردووە بەوەی: "ئیلحاد: باوەڕ نەبوونە بە بوونی خوا یان خواوەندەکان".

بەم چەند وشەیە، باغاینی کورتترین پێناسەی خستۆتەڕوو. دواتر تۆمەتێکی وەلاناوە کە ڕەواجی پێدراوە، ئەم تۆمەتە زۆر جاران ئاڕاستەی مولحیدان کراوە، ئەویش پاشخانی ڕەوشتی ئیلحادە.

### * لەبارەی پاشخانی خوانەناس

باغینی بەیەکەوە بەستنەوەی هەڵوێستی مولحید و پاشخانی ڕەوشتی و هزری کەسی مولحیدی ڕەتکردۆتەوە. بەمەش دەستی کرد بە لۆمەکردنی ئەوانەی ئیلحادیان گرێداوە بە لادانی ڕەوشتی، بە درێژایی سەردەمەکان و بە تایبەت سەردەمە هاوچەرخەکان، بەوەی خەڵك وایان پێباش بووە ئیلحاد و لادانی ڕەوشتی بەیەك ببەستنەوە، وەك: ناپاکی و ئاڵودەبوون بە مەیی خواردنەوە، تاوانکاری و کاری خراپ.

زۆربەی ئەوانەی بەرگری لە ئاینەکان دەکەن، بەتایبەت ئاینە ئاسمانیەکان، ئەم ئاڕاستەیەیان گرتۆتەبەر، لەلای خۆیشیەوە باغاینی ئەمە تەنها وەك تۆمەتبارکردنی مولحیدان دەبینێ[3].

---

1) Atheism, a Very Short Introduction.

2) جولیان باغینی، لە دایك بووی ١٩٦٨، فەیلەسوفێکی بەریتانی مولحیدە، لە کارەکانی: ئەو بەرازەی حەز دەکات بخورێت، ئەو مراویەی لە یاری یانەسیبدا بردیەوە.

3) بابەتی ئەوەی مرۆڤ مولحید بێ و خاوەن ڕەوشتێکی بەرزیش بێ لە هەمان کاتدا، یەکێکە لەو بابەتە دوور و درێژ و مشتومڕ هەڵگرانەی کە دەمەتەقێ و مێزگەردی دوور و درێژی لەسەر کراوە، هێشتا خاڵی مشتومڕە لە نێوان دیندار و مولحیدان.

هەروەك باغاینی ئەوەشی ڕەتکردۆتەوە بەیەکەوە بەستنەوە لە نێوان ئیلحاد و نەبوونی تێڕوانینێك بۆ واتای ژیان و چاك و باش نەبوونی مرۆڤ هەبێ.

## * خۆدوورگرتن بەشێوەیەکی کاتی لە خۆهەڵقورتاندن لە بابەتی بەیەکەوەبەستنەوەدا

پرسی بەیەکەوە بەستنەوەی ئیلحاد و بژاردە ڕەوشتییەکان یان جیهانبینی، یەکێکە لە قوڵترین پرسە فەلسەفییەکان. ئەم بابەتە هێشتا خاڵی مشتوڕە لە نێوان هەر دوو سەربازگەکە. مولحیدان لەلای خۆیانەوە سورن لەسەر ئەوەی ئیلحاد بنچینەیەکی باشتر فەراهەم دەکات بۆ ڕەوشت و تێگەیشتن لە هەڕەمەکێتی خۆهەڵقورتاندنی نا تەواو لەم بابەتە. ئەوە بەسە بڕوانینە ئەوەی کارڵ سیگنی خاوەنی بەرنامەی "گەردوون" دەیڵێت، ناوبراو کەسێکی مولحیدە، لە کتێبەکەیدا "جیهانی شەیتانەکان" جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی: دەکرێ لە سایەی چەمك و واتا ئیلحادییەکانەوە واتای زۆر جوانتر بە بەر مرۆڤدا بکرێت. بناغەی ئەم بیرۆکەیە لەلای هیگڵ و هەموو ئەوانەش دەبینین کە قسەیان کردووە لەبارەی نامۆبوونی ئایینی و بەتایبەت فویر باخ. پێشتر سیلفان مارچێل، یەکێك بوو لەو مولحیدانەی هاوچەرخی شۆڕشی فەڕەنسی بووە، بە جۆش و خرۆشەوە بەڵگەی هێناوەتەوە لەسەر ئەوەی مولحید چاکترە لە باوەڕدار و ژیانیشی خۆشتر و ئارامترە لە ژیانی باوەڕدار.

بۆیە وا باشترە خۆمان دووربگرین بەشێوەیەکی کاتی لەوەی لەم بابەتانەدا مشتومڕ لەگەڵ مولحیدان بکەین، تا ئەو کاتەی تەواو دەبین لە تاوتوێ کردنی پرسی بوونی خوا و فرە پاشکۆکانی.

## * پێناسەی بەرامبەر

ئەو پێناسەیەی پێشوو، پێناسەیەکی فەرهەنگییە، دەکرێ لە هەر فەرهەنگێکدا دەستمان بکەوێ، نموونەی ئەم پێناسانە نە ئەوەیە گۆشتی پێبگری و پێی قەڵەو ببی، نە ئەوەشە پێی تێر ببی، باشترە خۆمان لێی بە دووربگرین، چونکە لەوانەیە یەکێك هەمان پەیڕەو و ڕێباز بهێنێت بەڵام بە ئاڕاستەی پێچەوانە و بڵێت: ئیلحاد، واتە لادان لە ڕاستی، (ألحد عن الحق) واتە: لە ڕاستی لایدا. ئیلحاد لە زمانەوانیدا واتە: لادان و لاربوونەوە، یەکێك لە مەرجەکانی مولحید ئەوە نییە نکۆڵی لە بوونی خوا بکات، خوای پایەبەرز فەرموویەتی: ﴿ وَلِلَّهِ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ فَٱدْعُوهُ بِهَا ۖ وَذَرُوا۟ ٱلَّذِينَ يُلْحِدُونَ فِىٓ أَسْمَٰٓئِهِۦ ﴾ الأعراف: ١٨٠. واتە: (هەر بۆ خوایە هەموو ناوە جوان و پیرۆزەکان بەو ناوانە دوعا و نزا بکەن و هاناو هاواریش بۆ ئەو زاتە بەرن، واز بهێنن لەوانەی کە لە ناوە پیرۆزەکانی خوادا لادان دەکەن).

لێرەدا مولحیدان دانیان بە بوونی خوا داناوە، بەڵام لادانیان لە ناوەکانی خوادا کردووە. شتێکی ڕوونە ئەمە بابەتەکەمان نییە، بەڵکو بابەتەکەمان لەسەر ئیلحادە بە واتا ناسراوەکەی، واتە: ڕێبازی ڕەتکردنەوە، یان ڕێبازی ڕەتکردنەوەی پەروەردگاریێتی.

## پێناسەیەکی ڕێژەیی بۆ ئیلحاد

سەختە تەنها یەك پێناسە بۆ ئیلحاد دابنێین، چونکە ئەم بابەتە گەشەی کردووە بەپێی ڕۆژگارەکان هاودەم لەگەڵ گەشەسەندنی چەمکی خوا. ئەو خوایەی شارستانیەتێك باوەڕی پێی هەیە مەرج نییە هەمان ئەو خوایە بێ، کە شارستانیەتێکی دیکە باوەڕی پێی هەیە. ڕەتکردنەوەی خوای کەلتورێك لەوانەیە مەرجی باوەڕداری بێ لە کەلتێرێکی جیاوازی تردا، لە هەمان کاتدا ئەوەی خوای کەلتوری یەکەم ڕەتدەکاتەوە لەوانەیە لەلایەن ئەندامانی ئەم کەلتورەوە بە ئیلحاد وەسفی بکرێ.

## * تیۆری لالاند

فەیلەسوفی ناوداری فەڕەنسی ئەندریە لالاند[1]، لە فەرهەنگە فەلسفەییەکەیدا، پێی وایە: ((ناکرێ وشەی ئیلحاد پێناسە بکرێ، مەگەر بە شێوەیەکی بێژەیی نەبێ، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی بیرۆکەی ئیلحاد جیاواز دەبێ بەپێی وابەستەبوونی بە تێڕوانینە جیاوازەکان شیاوەکان بۆ خوا))، دواتر ئەم وتەیەی فرانکی گواستۆتەوە: ((هیچ تۆمەتێك نییە زیاتر لە ئیلحاد دەستاودەستی پێکرابێ، لە ڕابردوودا هەر ئەوەندە مرۆڤ بەشدار نەبووبا لە ڕا و بۆچوونە باو و فەرمییەکاندا، هەر چەندە خراپ یان نابەجێ بووبان، ئەوا ئەمە بەس بوو بۆ ئەوەی بەم تۆمەتە تۆمەتبار کرابا)).

وتەکەی بەمە کۆتایی پێهێناوە: وا بۆمان دەردەکەوێ ئەم وشە و چەمکە تەنها بەهایەکی مێژوویی هەیە، دەبێ لە هەر دۆخێکی تایبەتدا دیاری بکرێ، دواتر یەك واتا و ئاماژەی تیۆری لەخۆ ناگرێ، ئەوەی لەلای هەندێك کەس جەختکردنەوەیە لەسەر خوایەتی، ئەوا دەکرێ لەلای هەندێکی دیکە ئیلحاد بێ[2].

---

(١) ئەندریە لالاند ١٨٦٧ – ١٩٦٣ ژیاوە، فەیلەسوفێکی فەڕەنسییە، لە کارەکانیدا بە دیارترین نوێنەری عەقلگەرایی کانتی دادەنرێ، لە سایەی کۆماری سێیەمی فەڕەنسیدا، لە بابەتە سەرەکییەکانی کە چارەی کردووە ئەمانەن: مەبەستەکان، ئازادی، ڕاستی، چییەتی عەقڵ، لە هەر دوو ڕووەکەیەوە پێکهێنەر و پێکهێنراو.

(٢) بۆ نموونە باروخ سپینۆزا بە ئیلحاد تۆمەتبارکرا، لەلایەن قەشەی ئەمستەردامەوە چوار جار بە نەفرەت کراوە، وایلێهات بوو نزیکبوونەوە لێی قەددەغە بوو مەگەر بە دووری چوار هەنگاو نەبێ، کەچی ئاینە ڕۆژهەڵاتییەکان یەکێتی بوون بە بنەمای بیروباوەڕیان دادەنێن وەك چەمکێك بۆ خوا، بەهەمان شێوە ئەبو حامدی غەزالی، ئیبن سینا و فارابی کافرکراون، چونکە وتویانە جیهان کۆنە و بەهۆی نکۆڵی کردنیان لە زیندووبوونەوەی جەستەیی لە دواڕۆژدا لە چەند بابەتێکی تردا.

## * سۆقرات و تۆمەتی ئیلحاد

بۆ نموونە سۆقرات بە ئیلحاد تۆمەتبار کراوە. لێی گێڕدراوەتەوە کە بانگەوازی کردووە بۆ یەکخستنی خواکان، پەرستنی یەك خوای تاقانە، ئەمە لە تێڕوانینی هۆزەکەی بە ئیلحاد و دەرچوون دانرا، لەکاتێکدا شوێنکەوتووانی ئاینە خوابەیەکگرەکان، ئەگەر لایان بسەلمێ سۆقرات بانگەوازی بۆ یەکخواناسی کردووە، ئەوا وەك یەکخواناسێکی شکۆداری شایستەی ڕێز بۆی دەڕوانن.

## * فیتنەی مەسیحییەکان بە تۆمەتی ئیلحاد

بەهەمان شێوە ئەمە لە سەردەمی ڕۆمانیەکانیش ڕوویدا" کاتێك ڕۆمانیەکان هەزاران کەسی مەسیحیان لە سێدارەدا و بە خاچیان هەڵواسی و سووتاندیان و لاشەکانیان شێواند بە تۆمەتی ئیلحاد، لەبەر ئەوەی ئەوان نکۆڵیان لە خواوەندەکانی ڕۆمانیەکان کرد، بەتایبەت پەرستنی ئیمپڕاتۆر. بەڵام دوای چەندین ساڵ و سەدە، کاتێك مەسیحییەت بووە ئاینی فەرمی، وایلێهات ئەوەی بانگەشەی بۆ فرە خواوەندیی و پەرستنی ئیمپڕاتۆر دەکرد بووە مولحیدێك، کە شایستەی بەندکردن و چەوساندنەوە بوو.

## * ئیلحاد لە چوارچێوەی ئیسلامیدا

لە چوارچێوەی ئیسلامیدا، زۆر بە فراوانی چەمکی ئیلحاد بەکارهاتووە، ئیلحاد بۆ هەر یەکێك کە نکۆڵی کردبێ لە بنەمایەکی ئایین یان سیفەتێکی خوای پەکخستبێ بەکارهاتووە.

لەبەر ئەمە ئەگەر پێناسەی کەسی مولحید بکەین، بەوەی ئەو کەسەیە کە نکۆڵی لە بوونی خودی خوا دەکات، ئەوا بە گوێرەی ئەم پێناسەیە هیچ مولحیدێك لە شارستانیەتی ئیسلامیدا بەدی ناکەین[1].

کەسانێك هەن بە ئیلحاد تۆمەتبار کراون، بەهۆی تێکەڵبوون بە بیروباوەڕەکەیان، وەك: ئەبو عەلائی مەعەڕی یان محەممەدی کوڕی زەکەریای ڕازی پزیشك یاخود ئیبن ڕاوەندی، کە بە گەورە مولحیدەکان دانراون لە مێژووی ئیسلامدا، هەروەك چۆن عەبدوڕەحمان بەدەوی لە کتێبەکەیدا "مێژوویی ئیلحاد لە ئیسلامدا" باسی کردووە، هیچ یەکێك لەمانە نکۆڵیان لە بوونی خوا نەکردووە، بەڵام نکۆڵیان لە هەندێك شتی دیکە کردووە. محەممەدی کوڕی زەکەریای ڕازی نکۆڵی کردووە لە پێغەمبەرایەتی و گاڵتەی پێکردووە، لەگەڵ ئەوەی باوەڕیشی بە بوونی خوا هەبووە، هەمان شت سەبارەت بە ئیبن ڕاوەندیش.

## شێوەکانی ئیلحاد لە نێوان ئەفلاتۆن و دیدرۆ

### * شێوەکانی ئیلحاد لەلای ئەفلاتۆن

لە یاساکانی ئەفلاتۆندا – کە هەندێك کەس بە قوانین و هەندێکی تر بە نوامیسەکان بەعەرەبیان کردووە –، ئەفلاتۆن باسی سێ شێوەی ئیلحادی کردوووە.

یەکەم: خۆی لە نکۆڵی کردن لە پەرستراوێتی یان پەروەردگارێتی دەبینێتەوە.

دووەم: خۆی لە چەسپاندنی پەرستراوێتی و نکۆڵی کردن لە چاودێری خوایی دەبینێتەوە.

---

[1] لەوانەیە هەندێك خوانەناس لەم گشتاندنە هەڵاوێردرێن، وەك عەبدولکەریمی کوڕی ئەبو عەوجاء، ئەگەر ئەوە ڕاستبێ کە دراوەتە پاڵی، لەوەی نکۆڵی لە بەدیهێنەر کردووە.

سێیەم: خۆی دەبینێتەوە لە بڕوابوون بەوەی: ((دەکرێ ڕەزامەندی خواوەندەکان بەدەست بهێنرێ و توڕەییەکەیان دووربخرێتەوە، بە پێشکەشکردنی قوربانی)). تێبینی ئەوە دەکرێ ئەم شێوەیەی سێیەمی ئیلحاد بەپێی پێناسەکەی ئەفلاتۆن لە گشت ئاینەکاندا دووبارە دەبێتەوە.

دەبینین شێوەی یەکەمی ئیلحاد لەلای فەیلەسوفەکانی پێش سۆقرات بوونی هەیە، ئەوانیش فەیلەسوفە سروشتگەراکانن، ئەوانەی بنەما سەرەتاکانی مەزهەبی سروشتگەرایی دامەزراند، لەوانە بۆ نموونە: دیمۆکریتوس خاوەنی تیۆری گەردیلە[1]، تالیس خاوەنی تیۆری ئاو وەك بنچینەك لە بووندا، ئومبیدوکلیس خاوەنی تیۆری چوار ڕەگەزەکە[2].

شێوەی دووەم هاوشێوەی ئەوەیە کە لای ئەفلاتۆن هەیە، دەڵێ خواوەندەکان تەمبەڵن و کارەکانیان بە چاك و ڕێك و پێکی ڕاناپەڕێنن.

شێوەی سێیەم هاوشێوەی ئەوەیە کە لای ئەفلاتۆن هەیە، کە دەڵێ خواوەندەکان بێ کەڵك و سوودن، وەك: دادوەرە بەرتیل خۆرەکان[3].

---

() خاوەنی تیۆری گەردیلە هەر بە فەرامۆشکراوی مایەوە تا سەدەی هەژدەم، چونکە فەیلەسوفەکان فەیلەسوفەکان دەستیان گرتبوو بە تیۆری پەیوەندی ئەرستۆ، کە ململانێی کرد لەگەڵ تیۆری دیموکریتوس و بە گەوجێتی دایناوە.

٢) هەر چەندە نا دروستی ئەم تیۆرانەیان سەلمێنراوە ئێستا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر بەیەکێك لەوانە دادەنرێن کە بنچینەکانی زانستی ئەزموونیان داناوە.

٣) هەر بۆیە ڕێگری کرد لە قوربانی تاکەکەسی، بەڵام وەك ملکەچ بوون بۆ بارودۆخی باوی کۆمەڵگە و لەترسی ئەوەی نەوەك بە هەمان چارەنووسی مامۆستاکەی بڕوات، ئەوا بەپێی چەند ڕێوڕەسمێکی دیاریکراو قوربانی بەکۆمەڵی پەسەند دەکرد!.

دینیس دیدرۆ (١٧١٣ – ١٧٨٤) فەیلەسوف و ئەدیبێکی فەرهەنگیی فەرەنسییە، یەکێکە لە سەرکردەکانی ڕۆشنگەری، ناوی دەرکردووە بە سەرپەرشتیکردنی بۆ فەرهەنگی (هونەر و زانست و پیشە)دا، یەکەم فەرهەنگی هاوچەرخ بووە لە ئەوروپا.

## * شێوە دابەشکردنەکەی دیدرۆ[1]

دابەشکردنە سێکۆچکەییەکەی ئەفلاتۆن، دابەشکردنێکی سێکۆچکەیی تری بیر هێنایەوە، کە هی ڕۆماننووس و بیرمەندی فەرهەنگی فەڕەنسی — و مولحید — دینیس دیدرۆ کە دەیوت: "من جیاوازی لە نێوان سێ دەستەی مولحیدان دەکەم: مولحیدێك دەڵێ: من بڕوام بە خوا نییە، بە هەمان شێوە بڕوای پێ نییە، ئەمەیان مولحیدی ڕاستەقینەیە. یەکێکی تر هەندێك جار دان بەبوونی خوادا نانێ و هەندێك جاریش دانی پێدادەنێ، ئەمەیان بە گومانگەرا دادەنرێ. جۆری سێیەم هیوای ئەوە دەخوازێ خوا هەر نەبووبا، لە پێناوی ئەوەی تاوان ئەنجام بدات بێ نارەحەتی و ئازاری دەروونی"، ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کاتێك جارێکیان پرسیار لە دیدرۆ کرا بەوەی: ئایا مولحیدی ڕاستەقینە بوونی هەیە؟ وەڵامی دایەوە: ئایا مەسیحیی ڕاستەقینە بوونی هەیە؟ ئەمەش ئاماژەیەکیەتی بۆ سەختی ئیلحاد لە پاڵ سەختی ئیمان. ئاماژەیەکیشە بۆ ئەوەی دۆخی زۆربەی خەڵك گومان و دوودڵییە.

## چەند زاراوەیەکی تر بۆ ئیلحاد

لە سەردەمە هاوچەرخەکاندا، ڕووبەڕووی کۆمەڵێك چەمك و زاراوە بووینەتەوە، کە پەیوەستن بە ئیلحادەوە، وەك جۆرێك لە کۆت و بەندکردن یان وەسفکردن و دابەشکردن، وەك ئیلحادی ڕەها و ڕێژەیی، یان ئیلحادی ئەرێنی و نەرێنی، یاخود بەهێز و لاواز، یان تیۆری و عەقڵی.

---

[1] () دینیس دیدرۆ (١٧١٣ – ١٧٨٤) فەیلەسوف و ئەدیبێکی فەرهەنگیی فەڕەنسییە، یەکێکە لە سەرکردەکانی ڕۆشنگەری، ناوی دەرکردووە بە سەرپەرشتیکردنی بۆ فەرهەنگی (هونەر و زانست و پیشە)دا، یەکەم فەرهەنگی هاوچەرخ بووە لە ئەوروپا.

## ئیلحادی ڕەها و ئیلحادی ڕێژەیی

ئیلحادی ڕەها، بریتییە لە: نکۆڵی کردن لە بوونی خوا، بەبێ کۆت و بەند و مەرج. سەبارەت بە ئیلحادی ڕێژەیی ئەوا بریتییە لە چەند تێڕوانینێکی دیاریکراو بۆ خوایەتی، نەوەك نکۆڵی لێکردنی بە ڕەهایی. هاوشێوەی ئەمە دراوەتە پاڵ زەینەفون() کە لەبارەی خواوەندەکانەوە دەڵێت: ((خەڵکی تەڕاقیا ئەندێشەی خواوەندەکەیان کردووە لەسەر شێوەی خۆیان: چاو شین، سپی پێست، موو ڕەش، ئەگەر ڕەش پێستێك بیەوێ ئەندێشەی خواوەندەکەی بکات، ئەوا بە پێست ڕەش، لێو ئەستور و مەزن، پرچ لوول ئەندێشەی دەکرد، خەیاڵی ئەوە دەکەم ئەگەر ئەسپەکان بیانەوێ خواوەندەکەیان وێنە بکەن، ئەوا وەك ئەسپ وێنایان دەکرد)). بەم پێیە بەهۆی ئەم وتەیەیەوە زەینەفون بە ئیلحاد تۆمەتبار کرا، هەر چەندە نکۆڵی لە خواوەندەکان نەکرد، بەڵام نکۆڵی کرد لە ئاڕاستەی (ئەنسرۆبومورفیە) واتە: مرۆییبوون یان وێچواندنگەرایی لە وێناکردندمان بۆ خواوەندەکان.

## * ئیلحادی تیۆری و ئیلحادی کرداری

ئیلحادی تیۆری، بریتییە لە: هەڵوێستێکی هزری: فەلسەفی یان کرداری، نکۆڵی لە بوونی خوا یان خواوەندەکان دەکات، هەوڵ دەدات بەڵگە بەرپا بکات لەسەر نکۆڵیکاریەکەی، ئەو بەڵگانەش پوچەڵ بکاتەوە کە بوونی خوا دەسەلمێنن. لە کاتێکدا خاوەنی ئیلحادی کرداری ناچێتە ناو مشتومڕ و بەیکداچوونی تیۆری" بەڵام دەژیەت وەك ئەوەی خوا بوونی نەبێ، سەرباری ئەمە ئەگەر پرسیاری لەبارەی بیروباوەڕەکەی لێکرا لەهەمبەر پرسی بوونی خوا، ئەوا لەوانەیە بە ئەرێنی نەوەك بە نەرێنی وەڵام بداتەوە. شتێکی ڕوونە ئەم جۆرە وەسفە دەرەنجامی بڕوابوونە بە خوا کە بڕوابوون بە شەریعەتە خواییەکان دەخوازێ یان لە لاوازترین دۆخەکاندا بڕوابوون دەخوازێ بەو نووره سروشتییە کە دەستکردی خوایە.

---

() زەینەفون ئوکسینوفون ٣٥٤ – ٤٣٠ (Xenophon) پ. ز، فەیلەسوفێکی یۆنانییە.

له كاتی پشكنینی ورد، دەردەكەوێ كە ژمارەیەك لە مرۆڤەكان وەك مولحید دەژین، ژمارەشیان كەم نییە، ئەگەرچی لە ڕووی تیۆریەوە سوربن لەسەر ئەوەی باوەڕدارن.

## * ئیلحادی نەرێنی و ئیلحادی ئەرێنی

ئیلحادی نەرێنی خاڵیبوونە لە بیرۆكەی بیروباوەڕی، وەك دۆخی منداڵ لە كاتی لەدایك بوون، بەپێچەوانەی تیۆری ئاینی، كە پێی وایە منداڵ لەسەر سروشت و ئیمان لەدایك دەبێ.

سەبارەت بەمە بارۆخ دولباخ[1] كتێبێكی نووسی بە یارمەتی دنیس دیدرۆ لە ژێر ناونیشانی ((سیستەمی سروشت))، تیایدا بە توندی بەرگری لە ئیلحاد كردووە، لەم كتێبەدا گومانی وا بردووە منداڵان بە مولحیدیەوە لە دایك دەبن.

وا پێویست بوو ئەو منداڵەی دەهاتە ئەم جیهانەمانەوە بە خاڵی لە هەر بیروباوەڕێك وەسفكرابا، لە خراپترین دۆخدا بە نەزانمگەرا وەسفی كرابووبا نەوەك بە ئیلحاد، هەروەك دۆلباخ گومانی بۆ بردووە.

دواتر دەچینە سەر باسی ڕاهێنراوی منداڵ لەسەر ئامادەبوون بۆ لێكۆڵینەوە لە ڕاستی و پرسیاركردن سەبارەت بە بنچینە و چاوگی بوون.

---

[1] ئەلبارۆن دۆلباخ (١٧٢٣ – ١٧٨٩) فەیلەسوفێكی فەرەنسی هاوچەرخی دیدرۆیە، یەكێك بوو لەوانەی چاوی خشاندۆتەوە بە فەرهەنگی فەرەنسیدا، هۆڵێكی ناسراوی هەبوو، تیایدا ڕەواجی دەدا بە ئیلحاد، گەورە ڕۆشنبیر و فەیلەسوفەكان سەرەدانیان دەكرد، سەرباری ئەوەی ئەندامانی ئەم هۆڵە مولحیدی ڕاستەقینە نەبوون تەنها چواریان نەبن، كە دولباخ ڕابەرایەتی ئەوانی دەكرد، ئەوانی تر خواگەرا بوون، باوەڕیان بە خوا هەبوو، بێ ئەوەی باوەڕیان بە سروش و بەرنامە خواییەكان هەبێ.

## * ئیلحادی ڕاشکاو و نا ڕاشکاو و بەهێز و لاواز

ئیلحادی ڕاشکاو: ئەوەیە بەڕاشکاوی نکۆڵی دەکات، بەڵگەشی بۆ دێنێتەوە، بەو مانایەی مولحیدە ڕاشکاوەکە مولحیدێکی هۆشیارە بە ئیلحادەکەی. ئیلحادی نا ڕاشکاو: خاڵیبوونە لە باوەڕبوون بە خوا، بێ هۆشیار و شارەزایی سەبارەت بەمە، وەك ئەو منداڵەی لە دایك دەبێ و هیچ بیرۆکەیەکی نییە سەبارەت بەخوا، ئەمەش بەپێ بیروباوەڕی ئەوانەی ئیلحادی نەرێنی پەیڕەو دەکەن.

ئیلحادی بەهێز: وەك ئیلحادی ڕاشکاو و ئەرێنی وایە، جەخت دەکاتەوە لەسەر ڕەتکردنەوەی بوونی خوا و بەڵگەشی لەسەر دێنێتەوە، لە کاتێکدا ئیلحادی لاواز: وەك ئیلحادی نا ڕاشکاو و نەرێنی وایە: ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئیلحادێکە بە کرداری خۆی دەنوێنێ، مولحید ژیان بەڕێ دەکات وەك ئەوەی خوا بوونی نەبێ.

# باسی دووەم

# سەرنجێکی مێژوویی دەربارەی سەرەتاکانی ئیلحاد

## دەروازەی یەکەم

## ئیلحاد لە شارستانیەتە کۆنەکاندا

### زاڵبوونی ڕەتکردنەوەی ئیلحاد بەسەر گرنگترین ئاینەکانی ڕۆژهەڵات

دەکرێ بەبێ سەرکێشی بوترێ، خەسڵەتی زاڵ بەسەر بیروباوەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاساییدا، بریتییە لە ڕەتکردنەوەی ئیلحاد، بە مانا هەرە تایبەتەکەی، کە ڕەتکردنەوە و نکۆڵی کردنە لە بوونی خوا بە ڕەهایی.

لە گرنگترین ئاینەکانی ڕۆژهەڵاتدا، هیندۆسییەت بە نموونە، ئەم ڕەتکردنەوەیەی ئیلحاد بە ڕۆشنی دەدرەوشێتەوە: هیندۆسییەت شەش قوتابخانەی هەیە. لەبارەی هیچ یەکێکیانەوە نەزانراوە ئاڕاستەیەکی ئیلحادی گرتبێتەبەر. ڕاستە هیندۆسەکان باوەڕیان بە ژمارەیەکی زۆر لە خواوەند هەیە، هەر دیاردەیەکی سروشتی نزیکەی وا لێکدەدرێتەوە کە خواوەندێك لێی بەرپرسە. بەڵام لە کۆتایی ڕێگەدا دەگەڕێنەوە و هەموو خواوەندەکان سەربارى فرە ژمارەییان دەگەڕێننەوە بۆ یەك خوای گەورە و تاك و زاڵ، تاکی درەوشاوە دەیبینێ. ئەویش ئەو کەسە هیندۆسیەیە، کە دەگاتە پێگەیەك، تیایدا سەرنجی هیچ یەکێك لەم فرە دیاردە زۆرانە نادات، تەنها کرداری خوای تاك و شوێنەوارەکانی دەبینێ، ئەمەیان بەرزترین و باڵاترین پلەی درەوشانەوە و دینداریە لەلای ئەوان، خاوەنی ئەم پێگانە ناوی ڕێزداری تایبەتیان پێدەبەخشرێ. لەوانە: (مەهاتما)، کە غاندی سەرکردەی جیهانی پێی ناسرا.

## * چەند هەڵاواردنێکی نا دروست

بەڵێ لێرەدا هەڵاواردنێك هەیە لەم خەسڵەتە زاڵەی هیندۆسییەتدا، خۆی دەبینێتەوە لە قوتابخانەیەك بەناوی لوکایاتا، ناوی ڕاستەقینەکەی بریتییە لە: کارافاکا، لە سەدەی شەشەمی پێش زایینی دامەزراوە. هەر چەندە ئەم قوتابخانەیە دەدرێتە پاڵ هیندۆسییەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ یەکێك لە شەش قوتابخانە سەرەکییەکانی هیندۆسییەت پێکناهێنێ.

ئەم قوتابخانەیە ئاڕاستەی ئیلحادی ماددەگەرای پەرەپێدا. بانگەواز دەکات بۆ چێژ وەرگرتن لە ژیان، چونکە هەموو شتێك لەناودەچێ و نامێنێ. شتێکی ڕۆشنە کە نکۆڵی دەکات لە ژیانی دواڕۆژ و هەرمانی. بەڵام بە ڕاشکاوی نکۆڵی لە بوونی خوا یان خواوەندەکان ناکات. بەڵکو ڕای ڕاست و دروست ئەوەیە کە قوتابخانەکانی تر ئەم تۆمەتانەیان داوەتە پاڵ ئەم قوتابخانەیە، هەروەك ڕەخنەگرە هیندۆسە هاوچەرخەکان دەریانبڕیوە.

## * چەند هەڵاواردنێکی گوماندار

ئەگەر بڕوانینە فراوانترین پێناسەکانی ئیلحاد. گومان لەوەدا نییە وەسف کردن پێی و تۆمەتبار کردنی ئەم قوتابخانە هزرییە هیندۆسییە یان فلان قوتابخانەیە، جا ئەمە بە ڕاست یان ساختە بێ، ئەوا باسەکە فراوان دەبێ و ناتوانرێ دابخرێ. لێرەدا چەندین قوتابخانەی تر هەن، خاوەن ئاڕاستەیەکی ئیلحادین، بەڵام زانیاری وردمان لەبارەیانەوە نییە، وەك: ((سامخیا)) و ((بورفا میمامسا)).

## ئیلحاد لە شارستانیەتی یۆنانیدا

دوو ڕا و بۆچوونی دژ یەك هەن، سەبارەت بە دەركەوتنی ئیلحاد: یەكێكیان جەخت دەكاتەوە لەسەر ئەوەی ئیلحاد یەكێكە لە تایبەتمەندییەكانی سەردەمی هاوچەرخ، ئەوەی تریان: پێی وایە ئیلحاد كۆنە.

## * ئایا پێش سەردەمە نوێیەكان ئیلحاد بوونی هەبووە؟

ڕای یەكەم جەخت دەكاتەوە لەوەی ئیلحاد تەنها لە ئەوڕوپا و لە سەردەمە نوێیەكاندا پەیدابووە، سەبارەت بە پێش ئەم سەردەمانە، ئەوا ئیلحاد بە مانا نوێیەكەی بوونی نەبووە، بەڵكو چەند لەزمە و خلیسكانێكی هزری بوونی هەبووە. هەروەك لای یۆنانییەكان، خۆی دەبینیەوە لە سۆفستائییەكان و جگە لەوانیش لەوانەی خاوەنی ئاڕاستەی دژی هێڵی گشتین. بەڵام ئیلحاد لە قوتابخانەیەكی هزریدا بەرجەستە نەبوو، بە درێژایی سەردەمی یۆنانی هیلینی[1].

بەڵام هەندێك بۆچوونیان وایە دیاردەی ئیلحاد، دیاردەیەكی كۆنە لە هزری یۆنانی هیلینیدا، دیاگۆراسی[2] فەیلەسوف بە مولحیدی یەكەم ناونراوە، چونكە قسەی لە پرسی خوایەتیدا دەكرد و گومانی تێدا دەنایەوە.

---

(١) هەندێك لە مێژوونووسان بۆچوونیان وایە شارستانیەتی یۆنانی بۆ دوو قۆناغ دابەش دەبێ: قۆناغی هیلینیەت، كە گوزارشت دەكات لە قۆناغی یۆنانی پوخت، كە كورت هەڵاتووە لەسەر جیهانی یۆنانی و لە هێرشی خولی تا ئەسكەندەری مەزن درێژ دەبێتەوە، قۆناغی هیلینستیەت: ئەو شوێنە دەگرێتەوە كە ئیمپراتۆریەتی ئەسكەندەری لێپێكهاتبوو، واتە وڵاتانی یۆنان و شانشینەكانی ڕۆژهەڵات، كە ئەسكەندەر ڕزگاری كردووون.

(٢) دیاگۆراس، فەیلەسوفێكی یۆنانیە، لە سەدەی پێنجەمی پێش زاینی ژیاون، ناوی دەركرد بە ئیلحاد و نكۆڵی كردن لە خواوەندەكانی یۆنانی.

هەروەك كریتیاسی[١] فەیلەسوف پێی وابوو خواوەندەكان بریتین لە چەند بیرۆكە و هزرێكی دەستكردی خەیاڵی مرۆیی، خەڵكی پێ دەترسێندرێ، وەك ئامرازێك لە ئامرازەكانی ڕێكخستن و ڕێككاری و زاڵبوون.

ئەوە سەیرە ئەم بیرۆكەیە دووبارە دەبێتەوە لەلای دەیان بیرمەند لە ئەوروپای تازە، وەك ئەوەی ئەمە لە داهێنانی ئەوان بێ، لەسەروشیانەوە فویرباخ و ماركس و نیتچە و فرۆید و سارتەر... تاد. سەرباری ئەوەی كریتیاس یەكەم كەس بوو كە ئەمەی وت — بە ڕای هەندێكیان —، بەڵام دەبینین ئەم بیرۆكەیە دراوەتە پاڵ هۆمیرۆس[٢]، شاعیرە ناودارەكەی خاوەنی داستانی ئەلیادە، ئەگەر ڕاست بێ ئەو كەسایەتیەكی مێژوویی واقیعی بێ. ڕای هۆمیرۆس وایە كە بەپیرۆزگرتنی حوكمڕانان بە شێوەیەكی زیادەڕەوانە لە كۆتاییدا بووەتە هۆی باوەڕبوون بەوەی حوكمڕانان جیاوازن لە مرۆڤەكانی تر، بەوەی خاوەنی خەسڵەتی تایبەتمەند و توانای دەرئاسان، ئا بەم شێوەیە بیرۆكەی خواوەندی دەركەوت، بەو مانایەی بیرۆكەی خواوەندی داهێنراوە. شایەنی باسە هۆمیرۆس بۆ یەك جاریش ڕاینەگەیاندووە ئەو مولحیدە، بەڵكو لە هەر دوو داستانە ناودارەكەیدا گاڵتەی بە مولحیدان كردووە، لەگەڵ ئەمەشدا تۆمەتی ئیلحادی دراوەتە پاڵ.

() كریتیاس، نووسەر و سیاسەتمەدارێكی یۆنانیە، لە دەوری ٤٦٠ و ٤٥٠ پێش زایینی لەدایك بووە، لە ٤٠٣ پێش زایینی كۆچی دوایی كرد.

٢) هۆمیرۆس، شاعیرێكی داستاننووسی یۆنانی ئەفسانەییە، وا دادەنرێ كە هەر دوو داستانی یۆنانی ئەلیدە و ئۆدیسەی نووسیوە. بەشێوەیەكی گشتی یۆنانیە كۆنەكان باوەڕیان وایە بەوەی هۆمیرۆس كەسایەتییەكی مێژووییە، بەڵام توێژەر و لێكۆڵەرە نوێیەكان گومانیان لەمە هەیە، چونكە هیچ ژیاننامەیەكی باوەڕپێكراو بۆ ژیانی ناوبراو نییە، كە قۆناغی هیلینیەتەوە مابێتەوە، هەروەك داستانە جێماوەكان لە هۆمیرۆسەوە گوزارشت دەكەن لە كەڵەكەبوونی گێڕانەوەی زارەكی چەندین سەدە. مێژوونووسان پێیان وایە ئەگەر ئەمە هەشبووبێ ئەوا لە سەدەی هەشتەمی پێش زایین بووە.

## * گەردیلەگەرا و گومانگەراکان و ئیلحاد

باسی ئەوەمان کرد گەردیلەگەراکان بەشێوەیەکی گشتی، لە پێشەنگیشیاندا مامۆستا مەزنەکەیان دیمۆکریتۆس، ڕاڤەی جیهانی سروشتیان کردووە بە چەند بنەمایەکی سروشتی ماددی، پێویستیان بە بنەمایەکی جیاکەرەوە نەبوو، بەمەش ڕێگەیان بۆ ئیلحاد خۆشکرد، هەروەك برۆتاگۆراسی گومانگەرای سۆفستائی ناودار لە ڕیزی مولحیدان هەژمار دەکرێ. شیشرۆن لە کتێبەکەیدا (سروشتی خواوەندەکان) لە ناوبراوی گواستۆتەوە کە دەستپێکی یەکێك لە کتێبەکانی بەم وتەیە کردۆتەوە: نازانم خواوەندەکان بوونیان هەیە یان نا؟ بەهۆی ئەمەوە ئەسینییەکان لە وڵاتی خۆیان دەریان کرد و بەردەوام بوون لە سووتاندنی کتێبەکانی.

لە سەدەی سێیەمی پێش زایین، دوو فەیلەسوف باوەڕبوونیان بە خواوەندەکان ڕاگەیاند، یەکەمیان ستراتۆ[1]، دووەمیان تیۆدوروس[2].

---

(١) Strato of lampsacus فەیلەسوفێکی یۆنانی مەشائییە، بەڕێوبەری سێیەمی لیسیومە (ئەو قوتابخانەیەی ئەڕستۆ دایمەزراند) لە دوای مردنی سیوفراستوس ٣٣٥ – ٢٦٩ پ.ز.

(٢) ٣٤٠ – ٢٥٠ Theodorus of Cyrene پ. ز فەیلەسوفێکی شاری قورینایە، ئەم شارە ناوی شەحاتە و ئێستا دەکەوێتە لیبیا، ناوبراو باوەڕی وابوو چێژ و ڕابواردن ئامانجی ژیانە، وتەکانی سەبارەت بە خواوەندەکان لە کتێبەکەیدا (سەبارەت بە خواوەندەکان) بوونی هەیە.

## * ئەبیقۆر و بەڵگەی شەڕ

ناودارترین کەس کە لە کەلەپوری یۆنانیدا بە ئیلحاد تۆمەتبار کرا، ئەبیقۆری فەیلەسوف بوو. تا ئێستاش دەبینین زۆرێك لە مولحیدان بەڵگە بە ئەبیقۆڕ دێننەوە، پشت بە بەڵگە ئیلحادییەکانی دەبەستن، ناوبراو بە ڕەوانترین شێوە بەڵگەی شەڕی داڕشتووە، ئەمەش ناوەڕۆکەکەیەتی: چۆن باوەڕ بێنین بە خوای چاکەی خۆشەویستراوی بەڕێز، لە کاتێکدا دەبینین جیهان جمەی دێ لە وێنەی بێ ژماری ستەم و خراپەکاری و چەرمەسەری.

یان ئەوەتا پەروەردگار دەبێ زانا و ئاگادار بێ بەم هەموو ستەم و مافخواردن و خراپانە، دەیەوێت لایبدات و نەیانهێڵێ، بەڵام ناتوانێ ئەمە بکات، بەم پێیەش شایستە نییە بەوەی خوا بێ، چونکە دەستەوەسانە.

یاخود نەزان و بێ ئاگایە سەبارەت بەوەی لە گەردووندا دەگوزەرێ، نەزانیش شایستە نییە خوابێ.

یان زانایە بەوەی ڕوودەدات، تواناشی هەیە بیگۆڕێت، بەڵام نایگۆڕێت، بەم پێیەش خوایەکی شەڕخواز دەبێ، شەڕخوازیش شایستەی خوایەتی نییە.

یاخود دەزانێ و ویستی لەسەرە و ئەندازەگیریشی بۆ دەکات، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا جیهان وادەبینین ڕۆچووە لە خراپە و سزا و ئێش ئازار، ئەمەش ئەوە بەدەستەوە دەدات کە لە بنەڕەتدا هیچ خوایەك لێرەدا بوونی نییە.

مولحیدان بەردەوام وا سەیری ئەم بەڵگەیەیان دەکرد، بەوەی یەکێکە لە بەهێزترین و تۆکمەترین بەڵگە پاڵپشتەکانی ئیلحاد. شتێکی دەگمەن نییە بەریەکەوتن لەگەڵ ئەم بەڵگەیە ڕووبدا لە هەر کتێبێکی ئیلحادیدا و لە هەر ڕووبەڕوو بوونەوەیەکدا لەگەڵ مولحیدە هاوچەرخەکان، وەك: ڕیتچارد و دۆکینز.

## * نکۆڵی کردن لە چاودێری خوایی، هەر لە یۆنانەوە تا ڕۆمان

پێویستە هۆشداری بدرێ، سەبارەت بەوەی ئەبیقۆڕ مولحید نەبووە بە مانای یەکەم لەو سێ مانایانەی ئەفلاتۆن هێنای، واتە نکۆڵی لە بوونی خواوەندەکان نەکرد، بەڵکو دانی بەبوونی خواوەندەکان دانا و قسەی کردووە لەبارەی پێکهاتەکەی، لە یەکێك بوو لە شوێنکەوتووانی دیمۆکریتۆس لە ڕێبازە گەردیلەگەراکەیدا، دیدێکی گەردیلەیی بۆ خواوەندەکان پێشکەش کرد، ئەوانی وێنا کرد بەوەی لە گەردیلەی بچوك پێکهاتوون، لە جیهانی نێوەندا جێگیربوونە، بەڵام پەیوەندیدار نین بە چارەنووسی مرۆڤەوە، بەو مانایەی نکۆڵی لە چاودێری خواوەندەکان کردووە، بەمەش بەپێی مانای دووەم مولحیدە.

بەهەمان شێوە شاعیری ڕۆمانی "لوکریتیوس[1]" نکۆڵی کردووە لە چاودێری خوایی لە پاڵ ئەمەشدا بەڕاشکاوی دانی ناوە بە تیۆری نەزانمگەرا، جا وتویەتی: ((ئەگەر لێرەدا خواوەند هەبن، وا دەردەکەوێ کە بایەخ بە کاروباری مرۆڤ نادەن)). ئەمەش ناوبراو خستویەتیە سەر بەڵگەی شەڕ و هەڵسانیەتی بە فرەجۆرەکردنی ئەم بەڵگەیە. بە وێڵی لە نێوان دوو شتدا دێت و دەچێت: ڕاڤەی پەیدابوونی گەردوون، کە بوونی خوا دەخوازێ، پاساودان بە خراپە و شەڕ و ستەم، ئەمەش بوونی چاودێری خوا دووردەخاتەوە، وا دیارە ناوبراو پێی وابووە ئاسانترە نکۆڵی لە چاودێری خوا بکرێ، لە جیاتی سەرکێشی کردن بە نکۆڵی کردن لە بوونی خوا بە یەکجاری.

---

[1] لوکریتیوس کاروس (دەوربەری ٩٩ – ٥٥ پ.ز ژیاوە) فەیلەسوف و شاعیرێکی ڕۆمانییە، ڕا و بۆچوونەکانی سەبارەت بە خواوەندەکان لە تاکە کاری ناسراوی ئەودا هاتووە، ئەویش پەخشانە فەلسەفیەکەیەتی لەبارەی سروشتی شتەکان، کە لەسەر ڕێبازی ئەبیقۆڕە.

## * پیرۆنیزم و ئیلحاد

پیرۆنیزم[1] قوتابخانەیەکی گومانگەرایە، زیاتر لە تیۆری نازانمگەراوە نزیکە، بەڵکو زۆر خراپتریشە، لەبەر ئەوەی بۆچوونی وایە ژیری مرۆڤ لە بنەڕەتدا شایستە نییە بۆ ناسینی ڕاستی شتەکان، واتە ناوەڕۆك و ناواخنی شتەکان، کە لەپاڵ ڕووکەشەکاندا شاراوەن.

بەپێی ئەستەمبوونی ئەم زانین و پەیی پێبردنە، ئەم قوتابخانەیە پێی وایە وا چاکە بۆ مرۆڤ لە دۆخی سەلامەتی ژیریدا یان خەیاڵ حەساوەییدا بژیەت، بێ ئەوەی ژیانی خۆی لێڵ و شێلو بکات بە توێژینەوە لەو پرسانەی لەبار نین بۆ لێکۆڵینەوە کردن تیایاندا. لە جیهانی ئەمڕۆماندا ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵك لە زۆرێك لە وڵاتاندا، وەك یابان، بەپێی ئەم تێڕوانین و ژیربێژییە دەژیەت، یان بەپێی ئەو ژیربێژیە دەژیەت، کە بە یۆنانی پێی دەوترێ (ئەتاراکسیا).

دەبینین ئەم قوتابخانەیە شوێنەواری دووری هەن لەسەر کۆمەڵێك گەورە فەیلەسوفەکان، بەتایبەت دێڤید هیوم[2]، کە نازناوی فەیلەسوفی گومانداری لەخۆنا، بە گوماندارە پێشووەکانی هەڵدەدا و ستایشی ئەوانی دەکرد، ئیمانوێل کانت[3] گورزی بە زەبری ئاڕاستەی ڕێبازی دڵنیایی (یەقین)ی کرد لە جیهانی فەلسەفەدا، ئەمەش دوای ئەوەی هیۆم ئەوی لە کپ بوونە دۆگماتیکیەکەی هەڵساندەوە. هەروەك شوێنەواری بەهێزیشی جێهێشتووە لە ژیربێژی ئەزموونیدا.

---

(١) دراوەتە پاڵ پیرۆ یان پیرۆنەوە لە ئەلیس ٢٧٠ – ٣٦٠ پ. ز، دامەزرێنەری قوتابخانەی گومان، پیرۆنیزمی دراوەتە پاڵ، بە پێشەوای گومانی کۆن دادەنرێ، لە کاتێکدا میشێل مۆنتانی بە پێشەوای گومان تازە دادەنرێ.

(٢) دێڤید هیوم (١٧١١ – ١٧٧٦ز ژیاوە)، فەیلەسوفێکی گوماندار و ئابووریناس و مێژوونووسێکی ئیسکوتلەندییە، کەسایەتیەکی گرنگە لە فەلسەفەی ڕۆژئاوا و مێژوویی ڕۆشنگەری ئیسکوتلەندیدا.

(٣) ئیمانویل کانت ١٧٢٤ – ١٨٠٤، فەیلەسوفێکی ناوداری ئەڵمانیە، زۆر بە هیۆم کاریگەر بووە، بە فەلسەفە ڕەخنەییەکەی ناسراوە، کە خۆی دەبینێتەوە لە سێکچوکەییەکەیدا: ڕەخنەگرتن لە ژیری و عەقڵی پوخت، ڕەخنەگرتن لە عەقڵی کرداری، ڕەخنەگرتن لە لێهاتوویی حوکم و بڕیار. هەندێك لە ڕەخنەگران بە دوایین فەیلەسوف کاریگەر دایدەنێن لە ئەوروپای تازە، لە زنجیرە کلاسیکی تیۆری زانین و پەیی پێبردن (مەعریفەت) لە میانەی سەردەمی ڕۆشنگەری، کە بەم بیرمەندانە دەستی پێکرد: جۆن لوك، جۆرج برکلی، دێڤید هیۆم.

## * جیاوازی نێوان گومانگەرایی و نازا نمگەرایی

هەندێکیان بۆچوونیان وایە، جیاوازی سەرەکی هەن لە نێوان گومانگەرایی و نازانمگەراییدا، ئەگەرچی وا باوە نازانگەرایی جۆرێکە لە جۆرەکانی گومانگەرایی تایبەت، کەسی نازانگەرا، کەسێکی ئەرێنیە، هەرگیز لە سەرەتاوە پاڵی بە بێ ئومێدی نەداوەتەوە، بەڵکو توێژینەوە و پشکنین و بەراوردکاری کردووە، دواتر گەیشتووەتە یەکسانی بەڵگەی هەر دوو کۆمەڵەکە: چەسپێنەر و ڕەتکەرەوەکان، وای پێ باشتربوو هەڵوێستی بێ لایەنی بگرێتەبەر.

لە بەرامبەردا، کەسی گومانگەرا کەسێکی نەرینی ترە، هەر لەسەرەتاوە پێی باشتربووە خۆ لەسەرقاڵکردن دووربگرێ، خۆی سەرقاڵ نەکردووە بە خۆهەڵقورتاندن لە قوڵاییەکانی پرسێك، کە ئەندازەی ئەو تەنگوچەڵەمەی بۆ دەرکەوتووە کە لەوانەی بەهۆی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی فرە ڕێبازەکانی دووچاری ببێ، بۆیە پەڕی بەسەرداخستووە، دڵی خۆی بەوە داوەتەوە کە خێر لەوەدایە فەرامۆشی بکات، لەمەشدا شوێن پێشەوای گومان (بیرۆن) کەوتووە، ناوبراو وتویەتی هەر پرسێك نەرێنی و ئەرێنی وەردەگرێ بە هێزێکی یەکسان، کەواتە پێویست بە ناخ هەراسانکردن و ماندوو کردن ناکات، پێویست بەوەش ناکات حەزی شتێکی پێ بدرێ کە کەس حەزی پێ ناکات؟ وا باشترە مرۆۋ لەسەرەتاوە بڕیار بدات، مادەم دەرەنجامەکە پێشتر دیاربێ، کەسی گومانگەرا متمانەی بە توانای عەقڵی خۆی نییە، پێش ئەوەی لە بابەتی توێژینەوەدا لەکیس بدات.

# دەروازەی دووەم

# ئیلحاد لە چاخەکانی ناوەڕاستدا

## ئیلحاد لە شارستانیەتی ئیسلامیدا

لە سەردەمی ناوەڕاستی ئیسلامیدا، ئیلحاد بە مانای نکۆڵی کردن لە پەروەردگاریێتی نەناسرا، بەڵکو بە مانایەکی تر ناسرا، گرنگترینیان تانەدان لە پێغەمبەرایەتی و پەیامە ئاسمانیەکان، یان تانەدان لە تێڕوانینێکی دیاریکراو بۆ خوا، هەندێك جار ئەم تانە لێدەرانە لە زانا ناودارەکان بوون، وەك: محەممەدی کوڕی زەکەریای ئەنساڕی[1].

---

(1) ناوی ئەبو بەکر محەممەدی کوڕی یەحیای کوڕی زەکەریای ڕازیە، زانا و پزیشکێکی فارسییە (٢٥٠ك/ ٨٦٤ز ٣١١–ك/ ٩٢٣ز). یەکێکە لە گەورەترین پزیشکانی مرۆڤایەتی بە ڕەهایی، هەروەك زەگرید هونکە وەسفی کردووە. کتێبی (الحاوي) نووسیوە، کە پوختەی زانیارییە پزیشکییەکانی یۆنانی و فارسی و هیندی لەخۆگرتووە، سەرباری زانیاریە پزیشکییەکانی عەرەبی. هەر بە سەرچاوەی سەرەکی پزیشکی لە ئەوڕوپا مایەوە بۆ ماوەی ٤٠٠ ساڵ دوای ئەو مێژووە، ٢٠٠ کتێب و وتاری هەیە لە بوارە جیا جیاکانی زانستەکاندا.

## * تانەدان لە پەیامی ئاسمانی و بەڵگەبوونی

ڕازی بەڵگە لەسەر پوچەڵکردنەوەی پێغەمبەرایەتی دێنێتەوە، بەوەی دەڵێت: ئەو یاسایانەی پێغەمبەر دەیانهێنێ، یان ئەوەتا لەگەڵ عەقڵ و ژیری یەکدەگرن یاخود دژی عەقڵن، ئەگەر لەگەڵ عەقڵ یەکبگرێ، ئەوا عەقڵ بێ نیازە لێی، چونکە هیچ پێویست بە ڕەوانەکردنی پێغەمبەران ناکات، ئەگەر پێچەوانە و دژی عەقڵیش بێ، ئەوا نا ژیرانەیە، ئەم بەڵگەیە لە هیندۆسیەتەوە وەرگیراوە.

پێشتر ئیبن ڕەواندی ڕێگەیەکی نزیك لەمەی گرتەبەر[1]، تانەی لە پێغەمبەرایەتی و قورئاندا: چەندین کتێبی هەن لەم بارەوە، لەوانە: (مخاريق الأنبياء، والقضيب، الزمرد)، جگەلەمانەش.

---

() ئیبن ڕاوندی: ناوی باوکی حەسەنی ئەحمەدی کوڕی یەحیای کوڕی ئیسحاقی ڕاوندییە، دراوەتە پاڵ گوندی ڕاوند، کە دەکەوێتە نێوان ئەسفەهان و کاشان لە فارس، ساڵی ٢١٠ك لە دایکبووە، لە تەمەنی چل ساڵیدا مردووە. ژیانی ناوبراو وەرچەرخانی مەزهەبی و هزری مەزنی بەخۆیەوە بینیوە، لە سەرەتا زانستییەکانیدا، یەکێك بوو لە کەسایەتییەکانی موعتەزیلە بوو لە سەدەی سێیەمی کۆچیدا، بەڵام وازی لەوان هێنا، زۆر بە توندی ڕەخنەی لەوان گرت لە کتێبەکەیدا (ئابڕوچوونی موعتەزیلەکان)، ئەم کتێبەی بەرپەرچی کتێبەکەی جاحز بوو، کە ناوی بریتی بوو لە (پلەوپایەی موعتەزیلە)، دواتر بۆ ماوەیەکی کەم چووە سەر مەزهەبی شیعە ئیمامییەکان، کتێبێکی هەیە بە ناوی (الإمامة)، کە بەرهەمێکی کورتی شیعەگەرێتیەکەیەتی، بەڵام دوای چاوپێکەوتنی بە باوکی عیسای وەڕاقی مولحید، ئەوا ناوبراو بووە هۆی هاتنە دەرەوەی ئیبن ڕاوندی لە شیعەگەرێتی و ئیسلام و بووە یەکێك لە شوێنکەوتووانی تیۆری نەزانگەرایی و بێ دینەکان لە مێژووی ئیسلامدا، هیچ شتێك لە دانراوەکانی ئەومان پێنەگەیشتووە، تەنها ئەوە نەبێ کە دژەکانی بۆ ئێمە گێڕاویانەتەوە، یاخود ئەوەی دراوەتە پاڵی لەلایەن کەسە سەرسامەکانی. کتێبی (الانتصار)ی خەیاتی موعتەزیلی بەرپەرچ و پوچەڵکردنەوەی بۆچوونەکانی ئیبن ڕاوەندییە، کە لە کتێبی (الزمرد)دا هاتوون.

## * تانەدان لە وێناکردنی خوا

وێناکردنی خوا، هەمیشە خاڵی ناکۆکی بووە لە نێوان ئەو فەیلەسوفانەی بڕوایان بە خوا هەبووە لەلایەك، لەگەڵ لاهوتی و زانا کەلامییەکان لەلایەکی دیکەوە، نەك تەنها لە ئیسلامدا بەڵکو لە گشت ئاینەکاندا. وێنەی خوا لەلای فەیلەسوفە ئیسلامییەکان، وەك: فارابی، ئیبن سینا، ئیبن ڕوشد، ئیبن عەرەبی سۆفی، جیاوازە لە وێنەی خوا لەلای زانا کەلامییەکان، لە موعتەزیلە و ئەشعەری و ماتوریدی و ئیمامی و زەیدی و جگە لەوانیش، هەمان دۆخ بەدی دەکرێ لە چوارچێوەی مەسیحییەتدا. هەروەك فەیلەسوفان لە نێو خۆشیاندا لە وێناکردنیان بۆ خوا جیاوازییەکی زۆریان هەیە، ئا ئەمە باروخ سپینۆزایە، کە فەلسەفەکەی هەمووی دەخولێتەوە بە دەوری خوا، وێنایەك پێشکەش دەکات کە جیاوازە بۆ نموونە لە وێناکردنەکەی دیکارت[1]، خوای مابرانش زۆر جیاوازە لە خوای هیگڵ. لە فەلسەفەدا هەروەك لە ئاینیشدا وایە، چەند وێناکردنێکی یەکتایی بۆ خوا هەیە، هەشیانە وێناکردنی ئاوێتەیە و ئەوەیتریان وێناکردنی وێکچوێنەری بە مرۆڤچواندن، لە پاڵ وێناکردنی بەپاکگرتن.

## ئیلحاد و هێرتقەتی مەسیحییەت

لە ئەوروپای ناوەڕاستدا، نزیك بوو لە ئەستەمەوە کەسێك ئیلحادیەکەی خۆی ڕابگەیەنێ، بەهۆی ستەمکاری و زاڵبوونی دەسەڵاتی کڵێسا لەو کاتدا. بەڵام لە کۆتاییەکانی سەردەمی ناوەڕاستدا چەند بزوتنەوەیەکی هێرتقەتی دەرکەوتن، هاوشێوەی دیاردەی بیدعەی بیروباوەڕی بوو لە کەلەپوری ئیسلامیدا، ئەمەش وایکرد لە چوارچێوەی دەرچوون بێ لە هێڵی ڕاستی بیروباوەڕی (ئەرسۆزۆکسی)، نەوەك لە خانەی نکۆڵی کردن و ڕەتکردنەوە بێ.

---

[1] رینیه دیکارت ١٥٩٦ – ١٦٥٠، فەیلەسوف و بیرکاری ناس و فیزیایەکی فەرەنسییە، بە (باوکی فەلسەفەی نوێ) ناودەبرێت، لە دانراوەکانی: (مقال في المنهج)، (تأملات في الفلسفة الأولى)، خاوەنی ئەم وتە ناودارەیە: ((من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم)).

## * چەند نموونەیەك لە هێرتقەتەوە

هێراتقەکان زۆر بە وشك و ڕەق و توندی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کرا، لەلایەن کڵێساوە، لەگەڵ ئەمەشدا هەندێکیان توانیان داهێنان و بیدعەکەی خۆیان ڕزگار بکەن و بۆ نەوەکانی دواتر بگوازنەوە. لە نێو ئەوانەدا نیکولاس کوزا (١٤٠١ – ١٤٦٠) بوونی هەبوو، تێگەیشتنێکی تایبەتی بۆ ئیمان پەرەپێدا، لە میانەی داننانی بە بیروباوەڕی نەزان، بە تێگەیشتنێکی هێرتقی بۆی ڕوانی، مەبەستەکەی ئەوەیە کە ناکرێ بە ژیری و عەقڵ تێکەڵاوبوون لەگەڵ خوا بێتە ئاراوە، عەقڵ و ژیری ئامرازێکی بەس و ئەمیندار نییە لەم بارەوە، وا باشترە ڕێگەی خۆبەدەستەوەدان و متمانە ڕاسپاردنی تەواوی کوێرانە بە پێغەمبەران و قەشەکان بگیرێتەبەر.

بەهەمان شێوە ولیام ئەکاومی[1] بە ڕێبازە ناوگەرا (ئیسمییە)کەی دەرکەوت، کە نکۆڵی کرد لە مەبەستە گشتییەکان. بەمەش بەردێکی گەورەی دانا لە بناغەی ڕێبازی ماددیدا، چونکە نکۆڵی کردن لە مەبەستە گشتییەکان، نکۆڵی کردن لە ڕەوایەتی ئەودیو سروشت بە یەکجاری بەدوای خۆیدا دێنێ، یەکێك لە بۆچوونەکانی ولیام ئەکاوملا ئەوەبوو عەقڵ و ژیری مرۆڤ بە سروشتی خۆی دەستەوەسانە لە ناسینی خوا، ناوبراو بەهۆی نموونەی ئەم بیرۆکانەوە پاساوی دایە دەست ئەوانەی بانگەواز دەکەن بۆ ئیمان و باوەڕ وەك ڕێگەیەك بۆ تێگەیشتن: باوەڕدێنم بۆ ئەوەی تێبگەم، لە جیاتی ئەوەی تێگەیشتن و ژیری ڕێگەیەك بن بۆ ئیمان.

---

() ویلیام ئەکاومی ١٢٨٨ – ١٣٤٨ فەیلەسوفێکی ئینگلیزی و یەکێکە لە گەورە بیرمەندانی سەدەکانی ناوەڕاست. خاوەنی بنەما ناودارەکەیە بە ناوی (نصل ئوکام)، کە جەخت دەکاتەوە لەسەر پێویستی پشت بەستن بە کەمترین ژمارە لە بنەماکان لە ڕاڤەکردنی هەر دیاردەیەکدا.

## * بەڵگەی بوون و بەرهەڵستەکانی

لەوانەیە یەکەم کەس هەوڵیدابێ بۆ پێچەوانە کردنەوەی ئەم وتەیە: باوەڕدێنم بۆ ئەوەی تێبگەم، ئینزیلیمە لە کانتربیری[1].

خاوەنی بەڵگەی بوونییە. هەر چەندە زۆربەی کات جەختی لەسەر دەکردەوە، ئەوا بە بەڵگە بوونیەکەی وایکردووە تێگەیشتن پێشەکی بێ بۆ ئیمان، ئەمەش گەشەیەکی نواند لە وانەی لاهوتیدا بەرەو بە عەقڵ و ژیری بوون.

پوختەی ئەم بەڵگەیە بریتییە لەوەی هیچ شتێك نییە بتوانین وێنای بکەین، مەگەر بتوانین وێنای شتێکی لەو گەورەتر بکەین، تا دەگەیەنە وێناکردنی شتێك، کە هۆش و ژیری توانای وێناکردنی لەو گەورەتر نەبێ، ئەویش خوایە.

ئەم بەڵگەیە دووچاری کۆمەڵێك ڕەخنە بووەوە، لەوانەیە لە ناودارترینیان ئەوە بێ کە کانت پێشکەشی کردووە بەم وتەیەی: ((دەتوانم وێنای زۆر شت بکەم، کە بوونیان نییە))، بەو مانایەی هاتنی شتێك بە خەیاڵ و ژیریماندا، پاساوێکی تەواو نییە بۆ باوەڕبوون بە بوونەکەی و پێدانی واقیعییەت.

ئەم دووانە جەمسەرە کۆبووەوە: (عەقڵ و ئیمان) لە گەورە لاهوتییەکاندا، وەك: جۆن ویکلیف[2]، جۆن هاس[3]، مارتن لۆسەر[4] کاریگەری هەبوو.

---

() قەشە ئینزیلیم لە کانتربیری ١٠٣٣ – ١١٠٩، کانتیربیری – ئینگلتەرا، نازناوێکە لە ئۆگستینی دووەمەوە، بەهۆی کاریگەربوونە مەزنەکەی بە هزرەکانی. بە باوکی فەلسەفەی قوتابخانەیی دادەنرێ.

٢) جۆن ویکلیف ١٣٢٨ – ١٣٨٤، سیۆلۆجی و وەرگێڕ و چاکسازخوازێکی مەسیحی ئینگلیزییە. وەك ڕاوێژکارێکی لاهوتی بۆ پاشای ئینگلتەرا کاریکرد، هێرشی کردە سەر دەسەڵاتی ڕەهای پاپا، هەروەها بنەمای ئەستەمبوونی (جەوهەرییەت) لە ئەفارستیا. گەورەترین پشکدارییەکانی بریتی بوو لە وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز بۆ سەر زمانی ئینگلیزی باو و بڵاو. بەمە کڵێسا لە دژی وروژا، دواتر ڕێگری کرد لە بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی.باوەڕی

هەڵوێستمان لەبارەی ئەم دوانەیە هەر چییەك بێ، ئەوا — لەوانەیە — سەخت بێ هەڵبێین لە داننان بەوەی لە ئیماندا لە کۆتاییدا بەشێکی لە خۆبەدەستەوەدانی تێدایە، دەکرێ ناوی بنێی سەرکێشی هەروەك باسکال وا ناوی ناوە، یان هەنگاونان بەرەو نەزانراو، هەروەك کیرکیجور وای کردووە، یاخود هەر زاراوە باوەکە بەکاربهێنی: کە خۆبەدەستەوەدانە.

---

وابوو دەسەڵاتی کتێبی پیرۆز لە سەرووی هەموو دەسەڵاتێکەوەیە. لە دوای مردنی بە هێرتقیەت تۆمەتبار کرا، کتێبەکانی سووتێنران، تەنانەت ئێسك و پروسکەکانی بە فەرمانی پاپا لە گۆڕ دەرهێنران و سووتێنران. گرنگی ویکلیف لەوەدایە کە لەگەڵ جۆن هوس بە دیارترین چاکسازخواز دادەنرێن لە پێش چاکسازی پرۆستانتیدا.

() جون هوس (١٤١٥ – ١٣٧٢)، بیرمەندێکی ئاینی، فەیلەسوف و چاکسازخوازێکی چیکییە، لە زانکۆی چارلز لە براغ خوێندوویەتی. جون ویکلیفی چاکسازخوازی ئینگلیزی کاریگەرییەکی دیاری هەیە لەسەر کارەکانی. هوس بیرۆکەی چاکسازی کردن لە کڵێسادا لە چیك خستەڕوو، زۆر خەڵك لە وڵاتەکەیدا شوێنی کەوتن، میانڕەوە شوێنکەوتووەکانی بە هویستییەکان ناوبران، لە کاتێکدا ناوی تابوریتییەکان لە شوێنکەوتووە ڕادیکاڵەکانی نرا (تابوریتیەکان هەر ڕێککاری و ڕێوشوێنێکیان ڕەتکردەوە کە کڵێسا دەیگرتەبەر و لە هەمان کاتدا بنچینەی لە کتێبی پیرۆزدا نییە). جۆن هوس لەلایەن کڵێسای کاسۆلیکیەوە بە هێرتقەت تۆمەتبار کرا، سزای سوتاندنی بەسەردا جێبەجێ کرا لە ساڵی ١٤١٥. جۆن هوس کاریگەریەکی مەزنی هەبوو لەسەر بزوتنەوەی چاکسازی پرۆستانتی و خودی مارتن لۆسەریش

٢) مارتن لۆسەر ١٤٨٣ – ١٥٤٦، ڕاهیبێکی ئەڵمانیە، قەشە و مامۆستای لاهۆتە، دەستپێکەری سەردەمی چاکسازییە لە ئەوروپا. دوای وەستانی دژی پسولەکانی لێخۆشبوون. لە ساڵی ١٥١٧ نامە ناودارەکەی کە لە نەوەد و پێنج خاڵ پێکهاتبوو بڵاوکردەوە، بەدەوری سڕینەوەی هەڵە و گوناهەکان و سنوورەکانی دەسەڵاتی پاپا لە ڕۆما و گرنگی کارە چاکەکان لە سڕینەوە و ڕزگاربوون لە دەست هەڵە و تاوانەکان، ئەم بەرهەڵستیانە خاڵی هەنگاونانی پرۆستانتیەتی پێکهێنا.

# بەندی دووەم

# گەشەی دیاردەی ئیلحاد

# لە سەردەمی بوژانەوەی ئەورو پاوە تـا سەردەمی هاوچەرخ ( مۆدێرن )

## باسی یەکەم

## بوژانەوەی ئەوڕوپی و دیاردەی ئیلحاد

### دەروازەی یەکەم:

### ئیلحاد لە گۆڕەپانی بوژانەوەدا

## میراتی یەکەمی بوژانەوە: ئەزموون و گومانکردن

شتێکی زانراوە سەردەمی ڕێنساس، یان سەردەمی بوژانەوە، بەشداربوو لە فراوانکردنی بازنەی بیرکردنەوەی گومانکاری، پرسیارکردن دەربارەی ڕاستێتی جیهانی نەبینراو (غیبیات). هەروەك سەردەمی ناوبراو ڕێگەی خۆشکرد بۆ پشت بەستن بە ئەزموون وەك ئامرازێکی زانستی ئاماژەدەر بە هاتنی فەلسەفەی ئەزموونی ماددی.

### • دافینشی و ئەزموون

یەکێك لە گەورەترین سیمبولەکانی بوژانەوە، ئەگەر گەورەترین سیبمولیان نەبێ بە ڕەهایی. وێنەکێش و داهێنەر لیۆناردۆ دافینشی() ئەزموونی وەك ئامرازێکی ڕوونکردنەوە پێشنیاز کرد، ئەمە پێشتر لە چوارچێوەی ئەوروپیدا ناسراو نەبوو، چونکە چوارچێوەی ناوبراو بە سیستەمی ئەرستۆیی وابەستەبوو، بە هۆی فەلسەفی قوتابخانەیی سەرکەوتنی بەدەستهێنا بەسەر سیستەمی هزری ئەفلاتۆنی، کە زاڵبوو بەسەر لاهوتی کلێسادا.

شتێکی زانراوە ئەرستۆ سەنگێکی مەزنی بۆ ئەزموون دانەدەنا، ئەگەر هەندێك جاریش پیادەی کردبێ، ڕاستی لەلای فەیلەسوف ئەوەیە کە کەسێك بتوانێ سیستەمی بوونەوەر و شتەکان وەربگرێ بە عەقڵی تیۆری لە ڕێگەی بیر و ڕامان، دوور لە ئەزموونکراو و تاقیکردنەوەی کرداری.

دوای ئەوەی دافینشی ئەزموونی وەك ئامرازێکی سەرەکی بۆ ڕوونکردنەوە پێشکەش کرد، دواتر وایلێهات بووە ئامرازێك بۆ بەڵگە هێنانەوە، تا لەگەڵ فروانبوون و قوڵبوونەوەی ئاراستەی

---

() لیۆناردۆ دافینشی ١٤٥٢ – ١٥١٩، خاوەنی تابلۆی ناسراو بە ((مۆنالیزا))، بە یەکێك لە ناودارترین وێنەکێشی ئیتالی لە سەردەمی بوژانەوە دادەنرێ بە ڕەهایی، لە پاڵ ئەمەشدا پەیکەرساز و بیناکار و زاناشە.

زانستگەرایی نزیکەی بووە تاکە ئامراز، تەنانەت وایلێهات هەر شتێك کە نەتوانرێ لێکۆڵینەوەی لێ بکرێ لە ڕووی ئەزموونیەوە هیچ سەنگێکی نەبێ.

## • گەورەبوون و تەشەنەکردنی گومانکردن و لێکترازانەکانی کڵێسا

شتەکە تەشەنەی کرد، بەوەی گومان گشت سیستەمە کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی و سیاسی و ئاینیەکانی گرتەوە. ئەمەش لە کتێبەکانی میکافیلی(١) درەوشایەوە، ناوبراو گومانی کرد لە سیستەمی ڕەوشتی لەسەر ئاستی سیاسیدا.

سەبارەت بە چاکسازی ئاینی، ئەوا کاری کرد لەسەر خستنەڕووی تێڕوانینی جیاواز لەبارەی بیروباوەڕی باوی کاسۆلۆکی. مەسیحییەکان دابەشبوون بۆ کاسۆلیکی و پرۆستانتییەکان" دواتر دابەشتبوونی پرۆستانتییەت درێژەی کێشا، کە هەر لەسەرەتاوە دابەشبوو بۆ کالفینیەت و لۆسەرییەت و ڕێبازی زەفنگلی، ئەمرۆ پرۆستانتییەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکان نزیکەی هەزار بەش و تاقمە.

بە دڵنیایەوە ئەمە پاڵی بە لێپرسینەوەی بیروباوەڕە ئاینیەکانی نا، بەوەی ڕاستی خودی ئاینیشی گرتەوە وەك ئایین، سەرباری دەقە پیرۆزەکانی، کە بۆمان هاتوون و شۆڕبوونەتەوە لە سەدەی زۆر دووری ڕابردووەوە، کە زیاد لە کەم زیادکردن و هەموارکردن و دەستکاری و گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.

---

(١) نیکۆلۆ میکافیلی ١٤٦٣ – ١٥٢٧، سیاسەتمەدار و مێژوونووسێکی ئیتاڵییە، یەکێکە لە پێشەنگە ئیتاڵییەکانی سەردەمی بوژانەوە. بە کتێبی (میر) ناوبانگی دەرکرد، تیایدا بە دوور و درێژی قسەی کرد لەسەر شێوازەکانی حوکمڕانی سەرکەوتوو، لەلای هەمووان بەم وتەیە ناودارەی ناوبانگی دەرکرد: ئامانج ڕەوایی بە ئامراز دەبەخشێ، ئەم وتەیە پوختەی گیانی میکافیلیەت پێکدێنێ.

## وێناکردنی خوا لە نێوان دیکارت و سپینۆزا

لەو کاتەی ڕەخنەگرتن لە ئایین و ڕێنمایی و دامەزراوەکانی کلێسا بڵاوبووەوە، بینەری دەرکەوتنی هەوڵ و کۆششی فەلسەفی نوێ بووین، لە بواری بەڵگە هێنانەوە لەسەر بوونی خوا. ڕینیە دیکارت وەك نموونە. جەخت دەکاتەوە لەسەر بوونی بیرۆکە هزرییە خود ڕۆشنەکان، کە داوای بەڵگەی لەسەر ناکرێ، بەڵکو بنچینەی بەڵگەیە، لە دوای ئەمەش بەردەوام دەبێ بۆ چەسپاندنی خودی خوای مەزن. دیکارت گەیشتووەتە داننان بەوەی بوونی خوای پاك و پایەبەرز دەستەبەرکاری بیرکردنەوەی ڕاستە لەلای مرۆڤ. دیکارت بە هزرەکانی بزاڤێکی فەلسەفی بەهێزی دروستکرد، کە لە ژمارەیەك فەیلەسوفی بلیمەتیدا درەوشایەوە، ئەوانە بە دیکارتییەکان ناسران.

بەڵام لە میانەی هزرەکانی دیکارتدا، پێچەوانە و دژەکەی پەیدابوو، لەوانەش کە دەکرێ ناوی بنێین سپینۆزایە[١]، سپینۆزا بڕوای نەبوو بە خوای سەربەخۆ و دوورەپەرێز، کە دەکرێ بەڵگەی هەبوونی لەسەر بەڵگەی عەقڵی بنیات بنرێ، بەپێچەوانەی دیکارت.

---

() بارۆخ سپینۆزا: ١٦٣٢ – ١٦٧٧ ژیاوە، فەیلەسوفێکی جولەکە، خەڵکی هۆڵەندابووە، یەکێك بووە لە ناودارترین فەیلەسوفەکانی سەدەی ١٧. بیرۆکەکەی سەبارەت خوا، بیرۆکەی یەکتاییە، بیرۆکەکانی تووشی ململانێی کرد لەگەڵ ئەندامانی ڕەوندی جولەکە و کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی، لەلایەن خزمانی نەویستراو بوو، لەلایەن یەکێك لە توندگیرەکان هەوڵی لێدرانی درا، لە کتێبەکانی: نامەیەك سەبارەت بە لاهوت و سیاسەت و ڕەوشت.

## • خوایەکی دوورە پەرێز یان خوایەکی دەستێوەردەر؟

توێژینەوەی گەشەی هزری ئاینی لە کەلتورە جیاوازەکاندا — بە کەلتورە بەراییەکانیشەوە — ، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە خوا ون دەبێ، ئەگەر وێناکرا لە وێنەیەکی خۆبەبەرزگر و دوورەپەرێز بەڕەهایی، واتە: خەڵك پشت دەکەن لە باوەڕ پێهێنانی. خەڵك چ پێویستییەکی بە خوا هەیە، مادەم بۆیان ناڕوانێ و بایەخیان پێ نادات، ئا بەم شێوەیە کات کەم کەمە لە ناو ویژدانی خەڵکدا دەیسڕێتەوە، تا دەبێتە شتێکی لەبیرکراو. گەلانێك باوەڕدار بوونە بە خوا و پەرستوویانە، بەڵام کاتێك دایانماڵیووە و دوورەپەرێزیان بە بەرداکردووە، ئەوا ونیان کردووە.

جان پولێ سارتەر[1] — یەکێك لە مولحیدە هاوچەرخە مەزنەکان — ڕاشکاوانە دەری بڕیوە نکۆڵی ناکات لە بوونی خوا بە ڕەهایی، ئەم خوایە ڕۆژێك لە ڕۆژان بوونی هەبووە، قسەی کردووە و پەیوەندی بە مرۆڤەوە کردووە، دواتر هەمان ئەم خوایە بێ دەنگ بووە، بەمەش ونمان کردووە، بۆیە چیتر پێویستمان پێی نییە، بەبێ ئەویش دەژین، ئەمەش بە هەر حاڵ باشترە، چونکە لەم دۆخەدا ناچار دەبین ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتیەکەمان ببینەوە بە تەنها و بە ڕاستەوخۆ، ئەمەش کار لەسەر پێگەیشتنمان و گەشەپێدانی توانا و لێهاتوویەکانمان دەکات.

لەلای خۆیشیەوە فەیلەسوفی نەمساوی لودفیگ فیتگنشتاین[2] بیرۆکەی خوای بە کەس کراوی دوورەپەرێزی ڕەتکردەوە، لە نووسینێکیدا دەڵێت: ((ئەگەر هەر سوربووین لەسەر ئەوەی خوا

---

(1) جان پۆلێ سارتەر (١٩٠٥ – ١٩٨٠)، فەیلەسوفێکی بوونگەرایی مولحید و ڕۆمانووس و شانۆنووس و ڕەخنەگرێکی ئەدەبی و چالاکوانێکی سیاسی فەڕەنسی بووە. لە گرنگترین کتێبەکانی ((بوون و نەبوون)).

(2) لودفیگ فتگنشتاین (١٨٨٩ – ١٩٥١)، فەیلەسوفێکی نەمساییە، بایەخ بە فەلسەفەی زمان و بنچینەکانی ژیربێژی دەدات، زۆر کاریگەری دروست کرد لەسەر دۆخی ژیربێژی و فەلسەفەی شرۆڤەکردن، لە دیارترین کتێبەکانی: پەیامێکی ژیربێژانەی فەلسەفی، چەند لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفی.

دوورەپەرێزە لێمان، ئەمە پابەندم دەکات ڕووبەڕوو بوونەوە ڕابگەیەنم)). خوایە تۆ لەوێ، منیش لێرە، تۆ و من.

پێشتریش هیگڵ باوەڕی بە خوایەکی دوورەپەرێزی و خۆبەبەرزگر نەبوو، بەڵکو باوەڕ بە خوایەك هەبوو، کە لە میانەی درەوشانەوەکاندا لە سروشتدا گەشە بکات، بەگشتی ئەمە لە خوای مەسیحییەتەوە نزیکە، لەوەی لە خوای جولەکایەتیەوە نزیك بێ.

بەڵام ئەوەی بەردەوام دووبارە و دووپات دەکرێتەوە، بەتایبەت بە لاهوتی ئاینە یەکخوانسییەکاندا، بریتییە لە پێچەوانەی ئەمە بە تەواوی، خوا بە یەکسانی دەستوەردەداتە ناو کاروباری سروشتی و مرۆیی بەیەکەوە، بەشێوەیەك کە ئازادییەکانی مرۆڤ و یاسا سروشتییەکان بەیەکەوە پێشێل دەکات، ئەمە ئەو شتەیە کە عەقڵی زانستی لە سەردەمی نوێدا ڕەتی دەکاتەوە، بەهۆی زۆر هۆکارەوە.

کێشەکە لێرەدایە: هەرگیز پێویستمان بە خوایەك نییە، دوورەپەرێز بێ لێمان، لە بەرامبەردا چیتر ئامادە نین بەردەوام بین لە پەسەندکردنی ئەوەی پێشینانمان کەمترین سەغڵەتییان نەبینیوە لە پەسەندکردنی، مەبەست دەستوەردانی ئاشکرای خوایە لە ئاڕاستەی ڕووداوە سروشتییەکان و پێشێلکردنی ئازادی مرۆڤ، ئایا خاڵی ناوەڕاست لە کوێیە؟

## • سپینۆزا و دووانەی دیکارتیەت

ئەمە کێشەیەکە سیستەمی فەلسەڤی ئەودیوسروشت دووچاری نەبووە، کە سپینۆزا پێشنیازی کردووە، ئەو خوایەی ناوبراو بڕوای پێ هێناوە، تەواو جیاوازە لەگەڵ ئەوەی شوێنکەوتووانی ئاینە یەکخواناسییەکان باوەڕیان پێهێناوە، ئەمەش ئەو خوایەیە کە دیکارت بڕوای پێ هەبوو. خواکەی سپینۆزا شتێك نییە لە ئەودیوی سروشت و جیهانەوە یان جگە لەوانەوە بێ. خوایەکی سەربەخۆ و دوورەپەرێز نییە، بەڵکو خوایەکی دەستێوەردەر و ئاوێتەیە لەگەڵ هەموو شتێك، نکۆڵی کردن لێی، نکۆڵی کردنە لە سروشت، ئمە بەپێی دەربڕینی سپینۆزا. ئەلبێرت ئەنشتاین بڕوای بە خوای سپینۆزا هێنا، نەوەك بە خوای تەورات.

شتێکی بەڵگە نەویستە ئەم بڕوایە وا دەخوازێ نکۆڵی لە چاودێری خوایی بکرێ، چونکە چاودێری لە خوایەك چاوەڕوان دەکرێ کە خۆدوورگر بێ، چاودێری بکات و دەستەوەردان و گۆڕانکاری بکات. چاودێری لە خوایەك ناکرێ کە ئاوێتەی هەموو شتێکە، لە دەرەوەی ئەم جیهانەی نییە.

ناودارترین کەسانی دیکارتی ئەمانەن: ((مالبرانش[1])) و ((لایبنیتز[2])) و ((بارۆخ سپینۆزا)). تەنها سپینۆزا لە نێو ئەمانەدا توانی هەنگاوێك بنێ، کە دیکارت بوێری ئەوەی نەکرد ئەم هەنگاوە بنێ:

---

() نیکۆلا مالبرانش: ١٦٨٣ – ١٧١٥، وتاربێژ و فەیلەسوف و عەقلگەرایەکی فەڕەنسی بوو. لە کارەکانیدا: داوای کۆکردنەوەی بیرۆکەکانی قەشە ئۆستین و دیکارتی کرد بە ئامانجی دەرخستنی ڕۆڵی کاریگەری خوا لە گشت لایەك لە لایەنەکانی جیهاندا. مالبرانش بە ڕێبازە تایبەتەکانی ناوی دەرکرد سەبارەت بە پەیی بردن بە خوا و ڕووکەشگەرایی.

٢) گوتفرید فیلهیلم لایبنتز (١٦٤٦ – ١٧١٦). فەیلەسوف و سروشتناس و بیرکارناس و دیبلۆماتکار و نووسینگەگەرا و پارێزەرێکی ئەڵمانییە.

وازهێنان له‌ دوانه‌یی و بڕواهێنان به‌ یه‌كتایی، له‌مه‌دا به‌ دیاریكراوی ((عه‌قڵانیه‌تی سپینۆزا)) به‌رجه‌سته‌بوو.

ڕاسته‌ سپینۆزا له‌ سه‌ره‌تای كتێبه‌كه‌یدا ((نامه‌یه‌ك له‌ لاهوت و سیاسه‌تدا)) جه‌خت ده‌كاته‌وه‌ له‌سه‌ر دوانه‌ییه‌كه‌، ڕاشكاوانه‌ ده‌ڵێ ئایین بواری خۆی هه‌یه‌، فه‌لسه‌فه‌ش بواری خۆی هه‌یه‌، پێویسته‌ بواری تایبه‌تی هه‌ر یه‌كێكیان بپارێزرێ. به‌م شێوه‌یه‌ سپینۆزا چاره‌سه‌رێكی گونجاوی داهێناوه‌ له‌ نێوان دوو بواری دژ به‌یه‌كی كات، له‌وانه‌یه‌ له‌ژێر فشاری كۆمه‌ڵگه‌ په‌نای بۆ ئه‌مه‌ بردووه‌ وه‌ك چاره‌سه‌ری مام ناوه‌ند، به‌ڵام له‌ دوای ئه‌وه‌ی چه‌ند هه‌نگاوێك له‌گه‌ڵ سپینۆزا له‌ نامه‌ ناوبراوه‌كه‌یدا ده‌ڕۆی، هه‌ڵه‌ ناكه‌ی له‌ تێبینی كردنی ئه‌وه‌ی عه‌قڵی به‌سه‌ر ئایندا به‌شێوه‌یه‌كی به‌رچاو په‌سه‌ند كردووه‌.

شایه‌نی ئاماژه‌ كردنه‌ به‌وه‌ی فه‌لسه‌فه‌ له‌و كاتدا ئه‌ودیوی سروشت و زانستی سروشتی به‌یه‌كه‌وه‌ له‌ خۆده‌گرت. زانستی سروشتی تا ئه‌و كات به‌ ته‌واوی جیا نه‌بووه‌وه‌ له‌ فه‌لسه‌فه‌، سه‌ربه‌خۆیی خۆی وه‌رنه‌گرتبوو له‌ ڕووی په‌یڕه‌و و بابه‌ته‌وه‌. هه‌ر بۆیه‌ كاتێك ئیسحاق نیوتن كتێبه‌كه‌ی نووسی (ئه‌لبرنسیبیا)، ئه‌وا ناوی نا بنه‌ما بیركارییه‌كان بۆ فه‌لسه‌فه‌ی سروشت، مه‌به‌ستی نیوتن له‌ فه‌لسه‌فه‌ی سروشت فیزیا و میكانیكه‌.

سپینۆزا به‌ بیرۆكه‌كانی، بۆمبی كاتی چێنراو[1]، كه‌ له‌ سه‌رده‌می ڕۆشنگه‌ری ته‌قینه‌وه‌، واته‌: سه‌ده‌ی هه‌ژده‌م، ئه‌م بیرۆكه‌ و هزرانه‌ گوزارشتیان كرد له‌ پردی سه‌خت، وه‌ك هه‌نگاوی سه‌ره‌تا له‌سه‌ر ڕێگه‌ی گومانكردن له‌ ڕاستی كتێبی پیرۆز و كه‌له‌پوری ئاینیی مه‌سیحی و جوله‌كایه‌تی به‌شێوه‌یه‌كی گشتی.

---

() حه‌سه‌ن حه‌نه‌فی وه‌رگێڕی نامه‌كه‌ی سپینۆزا وتویه‌تی: ((ئه‌و بۆمبانه‌ی سپینۆزا له‌ سه‌رده‌می خۆی چاندی، دواتر ئه‌و بۆمبانه‌ ته‌قینه‌وه‌، هێشتا ئه‌م بۆمبانه‌ تا ئه‌مڕۆش هه‌ر له‌ ته‌قینه‌وه‌دان)).

ئەم وێنە گشتییە باو نییە لەلای بیرمەند: سپینۆزا، کە نکۆڵی لە بوونی خوا ناکات، باوەڕیشی نییە بە خوای لاهوتی بە کەس کراوی جیا لە جیهان، دواتر سپینۆزا نکۆڵی لە چاودێری خوایی دەکات، سەبارەت بە کتێبی پیرۆز، ئەوا هەر چەندە ڕاشکاوانە بێ بڕوابوونی خۆی بە کتێبی ناوبراو دەرنەبڕیوە، بەڵام ئەو ڕەخنانەی سپینۆزا ئاراستەی کتێبی پیرۆزی کرد، ئەوا کاریکرد لەسەر لەقکردنی نەك تەنها متمانەی خۆی بەڵکو متمانەی هەزاران بیرمەند و توێژەر، بە ڕاستێتی کتێبی پیرۆز، کە دەیخوێننەوە.

## • دیکارت لە دیدی باسکاڵدا

فەیلەسوف و زانای باوەڕداری بەجۆش و خرۆش بلیز باسکاڵ نووسیویەتی، تیایدا وتویەتی: ((لەم کارەی دیکارت خۆش نابم، لە گشت فەلسەفەکەیدا هەوڵی بێ نیازبوونی لە خوا دەدا))، دواتر دەڵێ: ((کاتێك دیکارت نەیتوانی ئەم مەبەستەی ئاشکرا بکات، تەنها کاری بە پەنجە هەڵکەندنی دایە پاڵ خوا لە پێناو جوڵە پێکردنی گەردوون، دواتر بێ نیاز بوو لە خوا و چیتر پێویستی پێ نەما)). بە کردار ئەمە لەگەڵ ئیسحاق نیوتن ڕوویدا، کە تەنها ڕۆڵی پڕکردنەوەی کاتژمێری گەردوون و چاك کردنەوەی ئەو کەم و کورتیانەی دووچارەی کارەکانی دەبنەوە بە خوا داوە. ئەم فەلسەفەیە گەیشتە کۆتاییە ژیربێژییەکەی لەگەڵ زانای گەردوونناس و بیرکاریسناسی فەڕەنسی بیر سیمۆن لابلاس (١٧٤٩ – ١٨٢٧)، ناوبراو دانەیەکی لە کتێبەکەی (میکانیکی تەنە ئاسمانیەکان)ی بە دیاری بەخشییە ناپلیۆن، ناپلیۆن سەری سوڕما لەوەی ((لابلاس)) بۆ یەك جاریش ناوی خوای لە کتێبەکەیدا نەهێناوە. لە بارەی نهێنی ئەمە پرسیاری لە ((لابلاس)) کرد، ئەوەشی بیر خستەوە کە خودی نیوتن باوەڕی بە بوونی خوا هەبووە، ((لابلاس)) وەڵامی دایەوە بەوەی بە پێویستی نەبینیوە گریمانەی بوونی خوا بکات بۆ ڕاڤە و شرۆڤەی گەردوون. بە دڵنیاییەوە – زانست لە ئایندەدا لەخۆبایی بوون و خوارخێچییەکەی دەسەلمێنێ – لابلاس

بانگەشەی ئەوەی کرد توانای هەیە پێشبینی ئاڕاستە و چارەنووسی جەستە بۆ ماوەی هەزاران ساڵ لە ئایندەدا بکات، ئەگەر ئامراز و پێداویستییە بەراییە تایبەتەکانی بۆ فەراهەم ببێ. ئەمە دیدێکی میکانیکییە، لە شێوە نەگۆڕە توند و تۆڵەکەیدا.

## دەروازەی دووەم

## شوێنی ئیلحاد لە نێو ململانێی زانست و کڵێسادا

### ناکۆکی نێوان بیروباوەڕە لاهوتییەکان و زانست

فەلسەفەی مەسیحییەتی قوتابخانەیی، وادەبینێ سروشت ناتوانێ هیچ شتێك لەبارەی خواوە بڵێ، بەپێی دەربڕینی توما ئەکوینی[1] لەم بابەتانەدا بێ دەنگە. تەنها سروش و نیگا قسە دەکات، بە بە تێگەیشتنی سروش دەتوانین ڕاستی بپێکین. تەواو بە پێچەوانەی هەڵوێستی زانست، کە پێی وایە سروشت دەدوێت و هەواڵ دەدات لەبارەی خوا و سیفەتەکانی و توانا و هەربوون و هەرمان و گشتگیریەکەی لە زاست و بەڕێوەبردن و ئامادەبووندا[2]. ئەم تێکگیرانە لە تێڕوانیندا هۆکار بوو بۆ هەڵگیرسانی ناکۆکییەکی تر لە نێوان زانست و لاهوتدا، تای تەرازووی لاهوت تێیدا داناکەوێ، گومانداران و مولحیدان پشتیوانی لە زانستدا بەدی دەکەن، لە ناکۆکی و ململانێیاندا لەگەڵ ئایین.

---

(١) قەشە تۆما ئەکوینی (١٢٢٥ – ١٢٧٤)، قەشەیەکی کاسۆلیکی ئیتاڵی لە ڕەهبانیەتی دومینیکانیەتە، فەیلەسوف و لاهوتێکی کاریگەرە، لە ناو نەریتی فەلسەفەی قوتابخانەییدا. یەکێکە لە سی و سێ مامۆستایانی کڵسا. بە زانای ئەنگلیکانی و زانای زەریا ناسراوە. یەکێك بوو لە کەسایەتیە کاریگەرەکان لە ڕێبازی لاهوتی سروشتیدا، باوکی قوتابخانەی توماویەتە لە فەلسەفە و لاهوتدا. کاریگەریەکەی فراوانە لە فەلسەفەی خۆرئاوادا، زۆربەی بیرۆکەکانی فەلسەفەی خۆرئاوایی نوێ یان شۆڕشە دژی بیرۆکەکانی یان کۆکە لەگەڵ هزرەکانی، بەتایبەت لە پرسەکانی ڕەوشت و یاسای سروشتی و تیۆری سیاسەتدا. خاوەنی (پوختەی لاهوتیەتە).

(٢) نیوتن گوزارشتی لەمە کردووە.

له چوارچێوەی جیاوازدا دۆزینەوە جوگرافییەکان له سەدەی شازدەمدا هاتن، لەگەڵ ئەو شتانەی بەدوای خۆیدا دێنێ له دۆزینەوەی کەلتوری و شارستانیەت و ئاینە نامۆکان، کە هی کۆمەڵگە و گەلی مەزن و بچوك بوون، ئەمەش بووە یارمەتیدەرێکی تازەی گومان، ئەو مەسیحەی کە بڕوای ئەوەی پێهێنرابوو کە ڕزگارکەری گشت ڕەگەزی مرۆڤایەتییە، ئەوا گەلانی مەزنی خاوەن مێژوو و دەستکەوتی خۆیان گوێبیستی نەببوون، هەروەك بەها و سیستەم و چەمکی وایان لایە، کە ڕێگەی ژیانیان بۆ ئاسان کردووە بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش، بەمەش له وەحشیگەری و سەرەتایی بوون خۆیان دووردەگرن، جا ئایا قەبارەی ڕاستەقینە چەندە بۆ ئەو ڕزگارکەرەی، کە ملیۆنان مرۆڤ گوێبیستی نەبوونە؟ ئا بەم شێوەیە ئەم دۆزینەوانە ڕێگەی تازەیان دانا بۆ گومان کردن له جێماو و میراتی ئاینی، کە خودە گوماناویەکەی لەدەستدابوو، بەڵێ ئەم دۆزینەوانە خەڵکیان پاڵنەنا بەرەو باوەشی ئیلحاد، چونکە هێشتا بە ئابڕوچوونێکی مەزن دادەنرا لەم کاتدا، تا سەدەی هەژدەم بنچینە ئەوە بوو، کەس بوێری ئەوەی نەدەکرد مولحیدایەتی خۆی ڕابگەیەنێت.

## • نموونەیی چەوساندنەوەی جیوردانۆ برۆنۆ

کاردانەوەی کلێسا دژی بزوتنەوەی گومان کردن زۆر توند بوو. لەوانەیە مەرگەساتەکەی جیوردانۆ برۆنۆ[1] سروشتێکی ئایقۆنی هەبووبێ. قەشە جیوردانۆ برۆنۆ بیرۆکەی فرە جیهانی و بوونی مرۆڤی تر لەسەر هەسارەکان پێشنیاز کرد، ئەمە بیرۆکەیەکی فەلسەفییە، بنچینەکەی لەلای

---

() جیۆردانۆ برۆنۆ (١٥٤٨ – ١٦٠٠) قەشەیەکی ئیتاڵی و فەیلەسوفێکە، تیۆری کوبرینکۆسی پەسەند کردووە، باوەڕ بە بێ کۆتایی جیهان و و فرە جیهانی هەبووە، کە بوونەوەری ژیر نیشتەجێ ئەو جیهانانەن، کلێسا بە مردن له ڕێگەی سوتاندنەوە سزادا، وەك سزایەك لەسەر ئەم بۆچوونانەی.

فەیلەسوفی یۆنانی ئەناکساگوراس بوونی هەیە[1]. هەروەك برۆنۆ تیۆری کوبرنیکۆسی[2] پەسەند کرد، دەربارەی چەقبوونی زەوی و ئەم تیۆرەی ڕاگەیاند، کڵێسا بە بیدعەچی هەژماری کرد، کە دەبێ بە هەر نرخێك بێ بوەستێنرێ پێش ئەوەی مەترسییەکەی مەزن ببێ. سەبارەت بە ڕووی هێرتقەت لە بانگەوازی بوونی فرە جیهانی، ئەوا بەوە دەردەکەوێ کە بەدەوری ئەو ڕاستییە دەخولێتەوە کە مەسیحی ڕزگارکەر مژدەکەی دانیشتووانی جیهانەکانی تر ناگرێتەوە. برۆنۆ بۆ ماوەی هەشت ساڵ خرایە چاڵەکانی بەندیخانەوە، لەو ماوەیەدا ڕەتی کردەوە لە بۆچوونەکەی پاشگەز ببێتەوە، لە کۆتاییدا سزای لەسێدارەدانی لە ڕێگەی سوتاندن بەسەریدا سەپێنرا، ئەمەش دوای ئەوەی زمانیان لێبڕی، ئەم ڕووداوە لە حەڤدەی مانگی فێبرایەری ساڵی ١٦٠٠ زایینی بوو.

لە نۆی یۆنیۆی ١٩٨٩ لەو شوێنەی برۆنۆ تیایدا لەسێدارەدرا، کە ئێستا کێڵگەی گوڵ و گوڵزارە لە ڕۆما، ئەوا لە دەستپێکردنێکی مەزن بۆ زیندووکردنەوەی یادی ناوبراو و گێڕانەوەی پێگەکەی پەیکەرێکی مەزنی دانرا، ئەمە پاپا لیۆنی سێزدەیەمی خەمبار کرد، ئەو ڕۆژەی بە ڕۆژووبوون و پرسەداری بەڕێ کرد. لەم ڕۆژانەماندا واباوە پەیکەری یادگاری بۆ ئەوانە لە ڕۆما دابنرێ کە کڵێسا بەهۆی ڕا و بۆچوونەکانی ئەوانی لە سێدارە دابوو.

---

() ئەناکساگوراس (٥٠٠ – ٤٢٨ پ.ز)، ئەناکساگوراس گوزارشت لە خاڵێکی وەرچەرخانێکی مەزن دەکات لە مێژووی فەلسەفەی یۆنانیدا، ڕێبازە عەقڵیەکەی (نیوس) لەلایەن ئەرستۆوە پشتی پێبەستراوە، هەروەك ڕێبازەکەی لە بواری گەردیلەدا ڕێگەی خۆشکرد بۆ تیۆری گەردیلەیی لەلای دیموقریتوسی فەیلەسوف.

٢) نیکۆلاس کۆبرینکۆ (١٤٧٣ – ١٥٤٣ز) (بە پۆڵەندی بەم شێوەیەیە: Mikolaj Koperink) قەشە و زانا و بیرکارناس و گەردوونناس و یاساناس و پزیشك و کارگێریکار و دیبلۆماتکار و سەربازێکی پۆڵەندییە، یەکێك لە گەورەترین زانایانی سەردەمی خۆی بوو، بە یەکەم کەس دادەنرێ کە تیۆری چەقبوونی خۆر و تەن بوونی زەوی و خولانەوەی لە خولگەی خۆیدا داڕشت لە کتێبەکەیدا ((سوڕانەوەی تەنە ئاسمانیەکان)). پەرەپێدەری تیۆری سوڕانەوەی زەویە، هەروەها بە دامەزرێنەری گەردووونناسی هاوچەرخ دادەنرێ.

## • تیۆری کوبرینکۆس و لێدانی بکوژ

لەوانەیە ئەو لێدانە بکوژەی زەبر و زەنگی کڵێسا بەریکەوت، لەسەر دەستی نیکۆلاس کوبرنیکۆس بووبێ، کە بیروباوەڕی باوی کڵێسای سەبارەت بەوەی زەوی چەقی گەردوونە ڕەتکردەوە و ڕاشکاوانە وتی خۆر چەقی گەردوونە(١)، کتێبەکەی خۆی لە دوای مردنی خۆی بڵاو کردەوە. گالیلۆ گالیلیە(٢) ناودارترین و مەترسیدارترین کەس بوو لەوانەی بە بیرۆکەکانی کوبرنیکۆس کاریگەربوون، تاوتوێی تیۆری چەقبوونی زەوی کردووە لە کتێبە مەزنەکەیدا خستوویەتیەڕوو، ئەمەش ناونیشانەکەیەتی (وتوێژێك دەربارەی هەر دوو سیستەمە سەرەکییەکە)، هەروەك چاوەڕوانکراو بوو، گالیلۆ ڕووبەڕووی تورەیی کڵێسا بووەوە و لە بەردەم دادوەرانی دادگاکانی لێکۆڵینەوە لە ساڵی ١٦٣٣ز وەستا و پاشگەزبوونەوەی خۆی لە ڕایە نەفرەتی و هەڵەکانی ڕاگەیاند، کە پێچەوانەی کڵێسایە، لە سەروشیانەوە باوەڕبوونی بە خولانەوەی زەوی بە دەوری خۆردا، سزای بەندکرانی هەتا هەتایی بەسەردا سەپێنرا، بەڵام بە هەوڵی کاردینالی باربیرینی سزاکە سوککرا بۆ مانەوەی ناچاری گالیلۆ لە ماڵەکەیدا، ئەو ماوەیەی لە تەمەنی مابوو لە ژێر باری مانەوەی ناچاریدا بەڕێکرد، چاوەکانی کوێر بوو، دوای کەمتر لە دە ساڵ کۆچی دوایی کرد، ئەمەش لە ساڵی ١٦٤٢ز بوو.

---

() دواتر ڕوونبووەوە کە نە خۆر و نە زەوی چەقی گەردوون نین، بەڵکو تەنها دوو تەنی ئەم گەردوونەن.

٢) گالیلۆ گالیلیە (١٥٦٤ – ١٦٤٢)، گەردووںناس و فیزیاناسێکی ئیتاڵی مەزن بوو. تیۆری کوبرینکۆسی بڵاوکردەوە و بەرگری لێکرد، بە پێچەوانەی هەڵوێستی کڵێسا، دادگای لێکۆڵینەوەی کڵێسا لە ساڵی ١٦٣٣ز بڕیاری مانەوەی ناچاری بەسەردا سەپاند، کتێبەکانی لە لیستی ڕەشدا دانران. کڵێسا داوای لێبوردنی لە هەمبەر هەڵسوکەوتە خراپەکەی نەکرد تەنها لە ساڵی ١٩٩٢ز نەبێ.

## ئیسحاق نیوتن و نموونەی میکانیکی بۆ گەردوون

لەو ساڵەی گالیلۆ تیایدا مرد، کە ساڵی ١٦٤٢ز بوو، ئەوا ئیسحاق نیوتن[1] لە دایك بوو، ئەو پیاوەی زۆرێك لە زانا و مێژوونووسانی زانست پێیان وایە گەورەترین زانا بووە، کە جیهان ناسیبێتی. ڕینیە دیکارت چاوی بڕیبووە لەخۆگرتنی زانستێکی گشتگیر، کە هەموو شتێك ڕاڤە بکات، لە تێڕوانینی دیکارتدا زانستی بیرکاری ئەم زانستە بووە، بەڵام نیوتن لەلای خۆیەوە سەیری میکانیکی کردووە وەك زانستێکی گشتگیر[2] و داهێنانی تیادا کرد بە دانانی یاسا ناسراوەکان. نیوتن بڕوای وابوو سروشت بێدەنگ نییە، بەڵکو بەدیهێنراوە و زۆر شتمان پێ دەڵێ سەبارەت بە پەروەردگاری بەدیهێنەر و دروستکەری، هەندێك کەسی خاوەن ئاراستەی ماددی ئەوە هەڵدەبژێرن کە لەم وتەیەی تێبگەن بەم شێوەیە: ئەوەی سروشت پێمان ڕاناگەیەنێ، ئەوا پێویستمان پێ نییە. بەڵام خودی نیوتن ئەوا متمانەی هەبوو بە کتێبی پیرۆز سەبارەت بە پرسەکانی جیهانی نەبینراو، نامەکەی نیوتن دەربارەی تۆپۆگرافیای دۆزەخ ئاماژە بەمە دەکات!! هەر چەندە ناوبراو باوەڕی وابووە بوونی بەهەشت و دۆزەخ، لە شێوەی بوونی فیزیایی نییە، هەروەك ئەمەی لە کتێبەکەیدا (پێشبینیەکانی دانیال و خەونی دەرخەر: prophecies of Daniel and apocalypse) ڕاگەیاندووە.

---

[1]) سێر ئیسحاق نیوتن (١٦٤٢ – ١٧٢٧) زانایەکی فیزیایی ئینگلیزییە، یەکێکە لە گەورەترین زانایانی سەدەی هەژدەم. دانەری یاسای کێشکردنە، ڕێخۆشکەری بۆ زانستی میکانیکی کلاسیکییە سەبارەت بە ڕێگەی یاساکانی جوڵە. نیوتن بەشدار لەگەڵ لایبنیتز لە پلەوپایەی دۆزینەوەی زانستی ژمێریاری جیاوازی و پلەبەندی، کە لقێکە لە بیرکاری.

[2]) هەروەك دەزانین میکانیك پشت بە بیرکاری دەبەستێت.

## • لاهوتی زانستی لەلای نیوتن

لاهوتی نیوتن، لاهوتێکی زانستی بوو، بنیاتنرابوو لەسەر جەختکردنەوە —بەپێچەوانەی تیۆری تۆما ئەکوینی و قەشە ئۆگستین[1] دەربارەی بێ دەنگی سروشت — لەسەر ئەوەی سروشت قسەکەرە، شتمان پێ دەڵێ لەبارەی خواوە. بەڵام ئەو نموونەیەی نیوتن پێشکەشی کرد و ئەوەش لەسەر ڕێبازەکەی ڕۆیشتن، بریتییە لە نموونەیەکی میکانیکی تۆکمە، وێنای خوا دەکات وەك ئەوەی دروستکەرێکی بلیمەت بێ، ئامرازێکی مەزنی تۆکمەی ورد دروستکراوی داهێناوە، ئەویش گەردوونە، لە کارەکانیدا پێویستی بە چاودێری و مشورگێری خوا نییە، بەڵکو بەجێهێڵراوە بۆ یاسا ڕێکخراوە ڕێك و پێککراوەکانی، کە بەپێی ئەو یاسایانە دەچێتەڕێ و ملکەچی ئەو یاسایانەیە، ئەمە وێناکردنێکە شاراوە نییە وادەخوازێ چاودێری خوایی ڕەت بکرێتەوە، جەخت دەکاتەوە لەسەر بیرۆکەی (خوای ونبوو).

ئەمە ڕژایە چوارچێوەی تێڕوانینێکی تازە بۆ ئیمان، ئەویش ((پەروەردگاریەتییە))، واتە باوەڕبوون بە خوا تەنها وەك بەدیهێنەر، نەوەك وەك خوای یاسادانەر و پەرستراو. خوای خواگەراکان لەم لایەنەوە نزیکترین شتە لە خوای ئەڕستۆ، کە وەسفی کراوە بەوەی جیهانی بەدیهێنانەوە و پشتی تێکردووە.

---

[1] قەشە ئۆریلیوس ئۆگستینوس (٣٥٤ – ٤٣٠)، لاهوتی و فەیلەسوفێکە لە بنەچەی نومیدی — لاتینیە، لە تاگاست لە دایك بووە (ئێستا بازاری ئەهراسە، لە جەزائیر). بە یەکێك لە گرنگترین کەسایەتییە کاریگەرەکان دادەنرێ لە مەسیحیەتی خۆرئاوایدا. کڵێساکانی کاسۆلیکی و ئەنگلیکانیەت و کڵێسای قبتی بە قەشە و یەکێك لە باوکە دیارەکانی کڵێسا دایانناوە. زۆرێك لە پڕۆستانتەکان و بەتایبەت کالفنیۆن بە یەکێك لە سەرچاوەکانی لاهوت دایناوە، بۆ ڕێنماییەکانی چاکسازی پرۆستانتی دەربارەی بەهرە و ڕزگاربوون. لە کارەکانی: شاری خوا، دانپێدانانەکان.

## • نیوتن و پەروەردگارێتی

نامەکانی نیوتن بۆ هاوڕێکەی، کە ناوی (ریچارد بنتلی) – زانای کلاسیکیاتی ناودار — یەکێکە لە گرنگترین ئەو بەڵگەنامانەی ئاگادارمان دەکەنەوە لە باوەڕی نیوتن، نیوتن بە ڕاستگۆیانە هەوڵیدا پێگە و شوێنی خوا بپارێزێ لە سیستەمی میکانیکی نەگۆڕدا، تیایدا پرسیاری کردووە سەبارەت بە سەرچاوەی یاسا سروشتییەکان، بە تەواوی ڕەتی کردۆتەوە سروشت یان ڕێکەوت سەرچاوەی ئەم یاسایانەبێ، ئایا سروشت پەیی بە تایبەتمەندی ڕووناکی دەبات و کار لەسەر گونجانی چاوی گیانداران و جیانەوەران دەکات لەگەڵیدا؟ نیوتن دانی بەوەدانا جوڵەی هەنوکەی هەسارەکان، ناکرێ بەهۆی هیچ هۆکارێکی سروشتی بێ، بەڵکو هێزێکی ژێر سەپاندوویەتی[1].

بابەتی — ئەوەی کێ یاساکانی داناوە — هێشتا هەر خراوەتەڕوو و بەهێزیشەوە تاوتوێی دەکرێ لە فەلسەفەی زانستە سروشتییە تایبەتەکان، کە فیزیا و گەردووناسین، دێڤید هیوٚم هێناویەتی و زۆرێك لە مولحیدە تازەکان شوێنی کەوتوون، ئەوانەی نکۆڵیان لە واقیعی بوونی یاساکانیان کردووە و تەنها بە گونجانی عەقڵی و خەیاڵی دایاننناون، کە ئامانجی ڕاڤەکردنی سروشتە. ئەم تێگەیشتنە بەڵگەی ئیمان بەدەستناخات بە ئەندازەی ئەوەی ڕاستگۆیی زانست یان تەنانەت ڕاستگۆیی خودی عەقڵ بەدەست دەخات.

---

(1) دەکرێ بگەڕێیەوە بۆ نامەکانی نیوتن بۆ بنتلی لە کتێبی: Issac Newten :Philosophical Writing نووسینی: Andrew Janiak

## • گۆڕینی بابەت: ئیلحاد و قوربانیدان بە عەقڵ

ئا بەم شێوەیە شتێکی ئاساییە لەلای هەندێك لە مولحیدانەوە قوربانی بە خود عەقڵ بدەن، تا جۆرێك لە وەڵام بۆ ژیربێژی و لۆژیکی ئیمان دەربکەوێ، ئەمە جۆرێکە لە خۆکوژی عەقڵی. لێرەوە زۆر پێویستە لێکۆڵینەوەی ئەبیستمولوجی ئەنجام بدرێ، بە چارەکردنی ئەم پرسیارە: ئایا عەقڵ شاستەیی زانینی ڕاستییەکانی هەیە یان نا؟

## • ئایا نیوتن بە ڕاستی پەروەردگارگەرا بووە؟

نیوتن لاهوتی لە ژێر میهرەبانی زانستدا دانا، ئاکامی پەیڕەوی دواتر لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا دەردەکەوێ، کاتێك بارۆن دولباخ کتێبەکەی بڵاوکردەوە بەناوی (سیستەمی سروشت)، پیاوانی ئاینی بەرپەرچیان دایەوە بە جەختکردنەوە لەسەر خامۆشی سروشت، بەمەش کەوتنە ناو تەڵەوە، لەبەر ئەوەی زانست سەردەمی بڕوابوون بە خامۆشی سروشتی بڕیبوو. لە هەمان کاتدا نیوتن باوەڕی بە سادەیی بیروباوەڕ هەبوو و ئاڵۆزکاری زۆرەملێ لە ڕووی لاهوتیەوە ڕەت کردەوە، لە قۆناغێکی زووەوە نیوتن درکی بەوە کردووە ئەو ئایەتانەی پشتیوانی بیروباوەڕی سێکوچکەیی دەکەن لە کتێبی پیرۆزدا، تەنها چەند تێخستنێکی خراپ یان لێکدانەوەی هەڵەن. هەروەك یەکێك بوو لە توندترین بەرهەڵستکارانی نهێنیە ئاینیەکان. لێرەوە هەندێك کەس بە پەروەردگارگەرا هەژماریان کرد، هەر چەندە ناوبراو باوەڕی بە کتێبی پیرۆز هەبوو و لە توێژینەوە لاهوتییەکاندا پشتی پێ دەبەست. ئەوەی دیارە خواگەرایی نیوتن یەکلا بکرێتەوە، سیستەمەکەی لە یەك ئاڕاستەدایە لەگەڵ هاوشێوەکانی: شافتسبری و تندال و ڤۆڵتێر و تۆماس جێفرسۆن و بنیامین فرانکلین و جین ڕۆسۆ و ئیسیان ئالن و جگەلەوان، هەروەك شتێکی نامۆیە بانگەشەی ئەوە

بکرێ نیوتن خواگەرابووە لەسەر ڕێبازی لاهوتی کڵێسا، ئەوەی پەسەندە ئەوەیە ناوبراو لە شوێن و خاڵی ناوەڕاستی پەروەردگارێتی و پەرستراوێتیدا دەوەستێت.

## گەڵاڵەبوونی لاهوتی زانستی

لاهوتی زانستی هاتەبوون، ئەو لاهوتەی نیوتن بەشداربوو لە بنیاتنانی تەلارەکەی بەشێوەیەکی پێکهاتووی دوو لایەنە:

لەلایەك وێنە و پێناسەیەکی زاراوەییمان بۆ خوا پێ دەدات، پشت بە تیۆر و هەڵهێنجراوە زانستییەکان دەبەستێ، بەڵام سروشتی زانست — هەروەك هەمووان دەزانن — جوڵاو و بەرزبووەوەیە، تەنانەت هەندێك جار لەبەرگراوەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم وێناکردنە هێشتا لەبار دەبێ بۆ گۆڕان و جوڵە.

لەلایەکی ترەوە پاڵپشتی کردنی نموونەی نیوتنی بۆ وێناکردنی باو بۆ خوای درز و کەلێنەکان.

- **لە خوای درز و کەلێنەکانەوە بۆ تیۆری کاتژمێر**

مانای بەربڵاوی ((خوای درز و کەلێنەکان)) خۆی دەبینێتەوە لە بڕوابوون بە خوایەك، کە هەموو ئەو شتانەی پێ هۆدار دەکەین، کە هۆدارکردنێکی زانستی پەسەندی بۆ نادۆزینەوە[1]، ئا بەم شێوەیە کەمی زانیارییە زانستیەکەمان کار دەکات بە ئاڕاستەی پشتگیری بوونی خوا، دەکرێ بە شێوازێکی تر گوزارشت لەم مانایە بکرێ: ئەوەی مرۆڤ دەتوانێ لێی تێبگات و ڕاڤەی بکات، ئەوا لە دەرەوەی پسپۆری خوادایە، بەمەش ئەوە پێویست دەبێ لەم مانایە کە خوای درز و کەلێنەکان

---

() جان بول سارتر دەڵێت: ((وا دەردەکەوێ کون و کەلێنێك لە هۆشی مرۆڤدا هەیە، دەتوانین ناوی بنێین کون و کەلێنی خوا، ئەم کون و کەلێنە بە درێژایی سەردەمەکان وای لە مرۆڤ کردووە دەستبگرێ بە بڕوابوون بە خوا، لە پێناو ئەوەی مانایەك بە بەر جیهانێکی بێ مانادا بکات)).

بەشی بە بەردەوامی کەم دەبێتەوە لەگەڵ کات، بەهۆی سەرکەوتنی زانست لە بەدەستخستنی پێشکەوتنی بەردەوام لەسەر ڕێگەی ڕاڤەی گەردوون و پەیی بردن بە دیاردە جیاوازەکان، بەو مانایەی شانشینی زانست بەردەوام فراوان دەبێ لەسەر حیسابی شانشینی پەروەردگار، کە بەردەوام بەرتەسك دەبێتەوە تا لە کۆتاییدا شایستەی هیچ شتێك نابێ جگە لەوەی پەروەردگار بێ.

مانای دووەمی خوای درز و کەلێنەکان یان بۆشاییەکان — بە هەر حاڵ وابەستەی مانای یەکەمە — ئەوا نیوتن بە نموونە میکانیەکەی بەشداربووە لە گەڵاڵەکردنیدا، جیهان بەپێی دیدی نیوتنگەرایی بە کاتژمێرێکی پڕ دەچێت، بە ڕێك و پێکی و تۆکمە دەچێتەڕێ دوور لە دروستکەرەکەی، بەڵام کاتێك دواکەوتن یان کەم و کورتی تێدەکەوێت، ئەوا خاوەنەکەی ناچاردەبێ دەستی تێوەربدات، بە مەبەستی چاك کردنەوەی و گێڕانەوەی دۆخە جێگیرەکەی. دواتر هەر چەندە زانست سەربکەوێ لە ڕاستکردنەوەی تێڕوانینمان بۆ دیاردەی هەڵسەنگێنراو، بەشێوەیەك کە کەم و کورتیەکانی گەڵاڵەبوونی دەستکورتی بیر و هزر و نموونەی شرۆڤەیی پشت پێبەستراومان نەوەك کەم و کورتی واقیعی نەمێنن، ئەوا ڕۆڵی خوا بەرتەسك و کەم و بەرەو پاش دەگەڕێتەوە، جارێکی تر پێشکەوتنی زانست بەشێوەیەکی زۆر و بەرچاو کار لەسەر ونبوونی خوا دەکات.

## • ڕەگ و ڕیشەی لاهوتی زانستی

وا دەردەکەوێ ڕەگ و ڕیشەی دووری ئەم لاهوتە زانستییە بۆ فەلسەفەی قوتابخانەیی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەگەڕێتەوە، بەتایبەت لەگەڵ تۆما ئەکوینی کە بە ئیبن ڕوشد[1] کاریگەربووە، کە بڕوای بە دوانەیی حەقیقەت هەیە. لەگەڵ ڕینیە دیکارت جەخت لەسەر ئەم دوانەییە دەکرێتەوە، هەر چەندە دیکارت دامەزرێنەری ڕێبازی عەقڵییە لە فەلسەفەی ئەوڕوپیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوونی وایە ڕاستییەکانی سروش و نیگا بە ژیری و عەقڵ پێوانە ناکرێن، چونکە لە ئاسمانەوە و بە ڕێگەیەکی دەرئاسایی و باو شکێن دابەزیوە، بەڵام یەکێك لە کەسە دیکارتگەرایە مەزنەکان (بارۆخ سپینۆزا) بەم جیاکارییە ڕازی نابێ، کە دەسەڵات و توانای عەقڵ کەم دەکاتەوە و — لە نامە ناسراوەکەیدا — کار دەکات لەسەر ڕاڤەی هەر شتێکی بەرزتر لە سروشت لە سروش و ئایین، بە ڕاڤەیەکی عەقڵی، بەوەی زاراوەی عەقڵانییەت بەرامبەر بێ لەگەڵ ئەو ڕێبازەی دان دەنێ بە دەرئاساکان (خوارق العادات). دواتر ئەم هەواڵانە زاڵبوون، بەمەش کارگەری لەسەر دۆخی ئایین بە نەرێنی دروست کرد، پاڵپشتی پرسی گومان و پشتگیری ئیلحادی کرد.

---

[1] ناوی باوکی وەلیدی محەممەدی کوڕی ڕوشدە، ساڵی ٥٩٥ك لە قورتوبە کۆچی دوایی کردووە، یەکێکە لە گەورەترین زانا و شەرعناس و فەیلەسوفانی موسڵمانان، بە شرۆڤە وردەکانی بۆ کارەکانی ئەرستۆ ناسراوە، دادوەری داوەرانی موەحیدینەکان و کۆشکشکار بووە لە فیقهی مالیکیدا، پێش ئەوەی تووشی تەنگ و چەڵەمە ببێ و کتێبەکانی بە بەرچاوەوە بسوتێنرێن. کارەکانی ئەم فەیلەسوفە مەزنە ڕزگاریان بوو بە هۆی دانەیەکی دەگمەن، کە کوڕی خەلیفەی موەحیدی هەڵیگرتبوو بۆ خۆی، جا ڕەوانەی میسری کرد و لەوێ دانەی تری لەبەر گیرایەوە. لە ناودارترین ئەو کەسانەی بە بیرۆکەکانی کاریگەربوون فەیلەسوفی جولەکە موسای کوڕی مەیمون بوو. لە شارستانیەتی ئەوروپیدا ئیبن ڕوشد بە ناوی (Averroès) ناسراوە. لە گرنگترین کارەکانی (تهافت التهافت)، ئەمە بەرپەرچی کتێبی پێشەوا غەزالییە، کە ناوی (تهافت الفلاسفە)یە، و کتێبی ((فصل المقال في ما بين الحكمة والشريعة من اتصال)).

# باسی دووەم

# سەردەمی ڕۆشنگەری و ڕەخنەگرتن لە ئایین

## دەروازەی یەکەم

## ئیلحاد لە ڕۆشنگەرییەوە بۆ شۆڕش

## بەرەو هزری ئەزموونیی

لەگەڵ سەرەتای سەدەی شازدەم، هەڵکشانی هزری ئەزموونی دەبینین، لەسەر دەستی چەند زانایەکی ناوداری وەك: یۆهانس کیبلر[1]، گالیلۆ، ئیسحاق نیوتن. فرانسیس بیکۆن[2] لەلای خۆیەوە پاساوی تیۆری هێناوەتەوە بۆ هزری ئەزموونی، بەتایبەت لە کتێبەکەیدا ((ئامێری تازە))، کە دەیەوێ فەلسەفەیەکی ئەزموونی گەڵاڵە بکات و گەشە و کامڵبوونی بەردەوام ببینێ و دەسەڵات لە ڕێبازی عەقڵی وەربگرێتەوە، کە دیکارت ستایشی کردووە و مژدەی لەبارەوە داوە. لەگەڵ جۆن لوك[3] کە یەکێك بوو لە ناودارترین فەیلەسوفە ئەزموونگەراکان، ئەوا گومانکردن یان نکۆڵی کردن

---

(1) یۆهانس کیبلر ١٥٧١ – ١٦٣٠، زانایەکی بیرکاری و گەردوونناس و فیزیاناسێکی ئەڵمانیە، یەکەم کەس بووە هەندێك یاسای دانا، کە وەسفی جوڵەی هەسارەکانی دەکرد لە دوای پشت بەستن بە نموونەی کوبرنیکی سەبارەت بە چەقبوونی خۆر.

(2) فرانسیس بیکۆن (١٥٦١ – ١٦٢٦) فەیلەسوف و پیاوی دەوڵەت و نووسەرێکی ئینگلیزی بوو، یەکێك لەو پێشەنگانەی داندەنێ بە ئامانجەکانی سوودی ژیربێژی ئەرستۆیی، کە پشت دەبەستێت بە پێوانە (القیاس)ەوە، یەکێکە لە ناودارترین ئەو کەسانەی بانگەوازی بۆ فەلسەفی ئەزموونی دەکرد.

(3) جۆن لوك (١٦٣٢ – ١٧٠٤) فەیلەسوفێکی ئەزموونگەرا و بیرمەندێکی سیاسی ئینگلیزییە، گەورەترین فەیلەسوفی ئەبستمۆلۆجییە، هەندێك کەس بە دانەری ئەبستمۆلۆجیای هاوچەرخ هەژماری دەکەن.

دەوری هزرە سروشتییەکان کە دیکارت بانگەشەی بۆ کردبوو و پشتی پێبەستبوو لە بەڵگە هێنانەوە لەسەر بوونی خوا، لوك پێی وایە مرۆڤ وەك لاپەڕەیەکی سپی یان تابلۆیەکی بەتاڵ لە هەر بیر یان ئەندێشەیەك لە دایك دەبێ، هەستەکان تەنها بریتین لە دەرەتان و دەرچە منداڵ بۆ ئەم جیهانە. تۆماس هۆبز (١٦٧٩)[1] لە ئینگەلتەرا نیشتمانی لوك، کوندیاك (١٧٨٠) لە فەرەنسا یەکێکە لە بانگخوازانی ڕێبازی هەستگەرایی، هەر دووکیان هەموو وێنەیەکی زانیاری دەگەڕێنەوە بۆ هەستکردن، بەوەی سەرچاوەی ڕاستەقینەی هێزی ژیرمەندین، ئەوەی هەیە هەست پێکراوە، بەپێی دەربڕینی هۆبز.

## • لە ڕەخنەی میسلیەوە بۆ وریابوونەوەی کانت

ڤۆڵتێر ئامۆژگاری هەر پیاوێکی ڕاستگۆی کرد، بە هەڵگرتنی کتێبی قەشەی پیاوچاك میسلی —هەروەك ڤۆڵتێر وەسفی دەکات— لە گیرفانیدا بە بەردەوامی، ڤۆڵتێر چەند گوڵبژێرێکی لە میسلی بڵاوکردەوە، دەستکاری تێدا ئەنجامدا تا خاوەنەکەی وەك خۆی بە کەسێکی پەروەردگارگەرا دەربکەوێت، جا ئەم میلسییە کێیە؟

جان میسلس (١٦٦٤ – ١٧٢٩) قەشەیەکی فەڕەنسییە، بە چەسپاوی و بەخشینی ماڵ و سامانی خۆی بۆ هەژاران ناسراوە، لە دوای مردنی ناوبراو خەڵك سەریان سوڕما لە وەسیەتە دەستنووسەکەی، کە لە ماڵی خۆیدا جێیهێشتبوو، ٦٣٣ لاپەڕە[2] بوو، تیایدا ئەو ئاینە تۆمەتبار و

---

[1] تۆماس هۆبز (١٥٨٨ – ١٦٧٩)، فەیلەسوفێکی ئینگلیزی دەرکەوتووە لە بواری یاسا و فەلسەفەی سیاسەتدا، لە پاڵ سەرقاڵبوونی بە ڕەوشت و مێژوو. کتێبە ناودارەکەی (ئەژدیها) کاریگەریەکی مەزنی جێهێشت لە فەلسەفەی سیاسەتی خۆرئاواییدا.

[2] بەلەبەرچاوگرتنی قەبارەی مەزنی وەسیەتەکەی میسلی، مولحیدی هاوچەرخ میشێل ئۆنفریە لە کتێبەکەیدا (IN Defence of Atheism) ئەوەی دەریبڕیوە کتێبەکەی میسلی یەکەم دەقی کامڵە، کە لەبارەی بەرگری کردن لە ئیلحاد و سەرخستنی پرسەکەی نووسرابێ.

شەرمەزار دەكات، كە دەستكاری كراوە، وەسفیشی دەكات بەوەی قەڵایەكە لە هەوادا، هەروەك تیایدا نكۆڵی لە لاهوت كردووە و بە نەزانی وەسفی كردووە، ئەوەی زۆر سەرنجڕاكێش و وروژێنەربوو ئەوەبوو ناوبراو تەنها نكۆڵی لە خوای نەریتی مەسیحییەت نەكردووە، بەڵكو نكۆڵی كردووە لە خوای پەروەردگارگەراكان، بەهۆی بوونی خراپەكاری لە جیهاندا، میسلی پێی وابوو تێكگیران لە بوونی خراپە و شەڕدا هەیە لەگەڵ باوەڕبوون بە خوای چاكە و خێری میهرەبان، لە بەشی پێنجەمی وەسیەتەكەیدا دەنووسێ: ئەگەر خوا لەلای مرۆڤ ڕوون نەبێ و مرۆڤ لێی تێنەگات، ئەوا عەقڵ وادەخوازێ بە یەكجار واز بهێنرێ لە بیركردنەوە لێی، لە میانەی سەدان لاپەڕەدا وەسفی خوای دووبارە كردۆتەوە بەوەی وەهم و خەیاڵە، نكۆڵیشی كردووە لەوەی باوەڕبوون بە خوا مەرج بێ بۆ بە ڕەوشت بوون. میسلی نكۆڵی لە بوونی ڕۆحیش كردووە. میسلی گەواهی بە حەزی ئەو كەسە دێنێتەوە كە هیوای ئەوەی خواستووە كەسانی گەورە و خانەدانەكان بە ڕیخۆڵەكانی قەشەكان هەڵبواسرێن. لەوانەیە دیدرۆ بە پوختی لە وتەكەیدا پشتی بەمە بەستبێت: دوایین پاشا بە ڕیخۆڵەكانی دوایین قەشە هەڵبواسن.

لەگەڵ دێڤید هیۆمی ئیسكوتلەندی، ڕێبازی عەقڵی چەندین لێدانی سەخت بەردەكەوێ لە بەرژەوەندی هەستگەرایی و ئەزموونگەرایی، هۆكارداری لەلای دێڤید هیۆم تەنها نەریتێكی هۆشمەندیە، بەهۆی سەرنجدانی پەیوەندی نێوان ڕووداوەكان دروست دەبێ، سەبارەت بە زانیارییە پێشووەكانی بەر لە ئەزموون و تاقیكردنەوە، ئەوا لە ئاڕاستەی هیۆمدا بوونی نییە، كە لە كتێبەكەیدا (لێكۆڵینەوەیەك لە عەقڵی مرۆییدا) جەختی كردۆتەوە لەسەر ڕەتكردنەوەی گشت بیركردنەوەی پێشتر وەك ڕێگایەك بۆ تێگەیشتن لە گەردوون، بەجۆش و خرۆشەوە بانگەوازی بۆ پێویستی پشت بەستن تەنها بە بیركاری و ئەزموون وەك سەرچاوە بۆ هەر تێگەیشتنێك، ئەمە تەنها بەسە بۆ ئەوەی بڕوای پێ هەیە، بۆ ڕووخاندنی تەلاری ئەودیوسروشت لە بناغەدا، بەڕاستی هیۆم بانگەشەی دەكرد بۆ سوتاندنی گشت كتێبەكان جگە لە كتێبەكانی بیركاری و زانستە ئەزموونیەكان. ئایا چ بناغەیەك بۆ لاهوتی سروشتی مایەوە تا بەهۆیەوە بەرپا ببێ؟

فەیلەسوفی مەزنی ئەڵمانی ئیمانویل ((کانت)) لەسەر هێڵی هیۆم ڕۆیشت، ناوبراو قەرزداری خۆی بۆ هیۆم دەربڕیوە، لەم بارەشەوە وتویەتی: ((هیۆم منی لە خەوتن و کپ بوونە دوگماتیکیەکم وریا کردەوە)). "کانت" بە فیزیای "نیوتن" کاریگەربوو بە شێوەیەکی مەزن و تا پلەیەك ئاڵودە ببوو لەگەڵی وەك ئەوەی زانستێکی کامڵی کۆتایی بێ، بێ گومان ئەم کاریگەربوونە ڕۆڵی خۆی دەبێ لە پوختەی بیرکردنەوەی فەلسەفییەکەی.

کانت پێی وابوو، عەقڵ ئامادەیی تێدا نییە بۆ پەیی بردن بە شتەکان لە خودی خۆیدا، ئەوەی عەقڵ پێی دەگات و ئاڵودەی دەبێ لە ڕووکەشی شتەکان تێپەڕ نابێ. بێ ڕۆیشتنە ناو وردەکاری تیۆرە ئاڵۆزە ماندووکەرەکەی، دەکرێ تێبینی ئەوە بکرێ کە هەموو ڕەوایی و سەنگ و ڕاستییەکی ئەودیوسروشت ڕەت دەکاتەوە. لە دوای کانت قبوڵکراو نابێ — لەلای ئەوانەی شوێن فەلسەفەکەی کەوتوون — گومان بە توانای عەقڵ ببرێ سەبارەت بە بەڵگە هێنانەوە لەسەر بوونی خوا. ڕاستە ((کانت)) مولحید نەبوو، بەڵکو باوەڕداربوونی خۆی بە خوا ڕاگەیاند، بەڵام ئەم باوەڕداربوونە لەسەر بنچینەیەکی عەقڵی تەواو نەبوو، بەڵکو لەسەر بنچینەیەکی ڕەوشتی و چەند ڕەچاوکردنێکی کرداری بووە. "کانت" دەیوت: پێچەوانەی قەناعەتە عەقڵییەکانی دەجوڵێتەوە بۆ ئەوەی بوار بۆ ئیمان فەراهەم بکات. هاوشێوەی ئەم هەڵوێستەی، ویلیام جەیمس لە دوای ئەو هەمان هەڵوێستی هەبوو، ناوبراو دەیوت: ((کاتێك سەرسام و وێڵ دەبین لە پرسە بیروباوەڕییەکاندا، ئەوا ڕوونکردنەوە لە دڵەکانمان دەخوازین))، ئەمەش ئاماژەکردنێکە بە باسکاڵ، چونکە باسکاڵ ستایشی ڕێگەی دڵ دەکات، کە عەقڵ هیچ شتێکی لەبارەوە نازانێ.

بۆ زانینی بایەخە زۆرەکەی ئەوەی "کانت" دایهێنا، تەنها ئاماژە دەکەین بۆ بانگەشەکەی میشێل فۆکۆ[1]، کە دەڵێ دوو زانراوی گەورەی بڕاوە و سەلمێنراو لە سەردەمی هاوچەرخدا هەن، بڕاوە و سەلمێنراوی دیکارت، بڕاوە و سەلمێنراوی کانت.

## سەدەی هەژدەم، سەدەی ڕۆشنگەری

سەدەی هەژدەم بە سەدەی ڕۆشنگەری ناونراوە، یان ماوەی قەیرانی هۆشیاری ئەوڕوپی، فەیلەسوفەکانی ئەو سەدەیە بە فەیلەسوفە ڕۆشنگەرەکان ناسراون. ئەوەی ئەم فەیلەسوفانەی بەیەکەوە کۆکردۆتەوە، بریتییە لە ڕەخنەگرتنیان لە ئایین و کڵێسا، ئەگەر بە پلەی جیاوازیش بووبێ، بەو پێیەی هەمووان مولحید و نازانمگەرا نەبوونە، ئەگەرچی لە ناویاندا مولحید و باوەڕداری پەروەردگارگەرا و گومانگەرا و نەزانمگەرای تێدابووبێ، لەوانەیە پەروەردگارگەراکان زۆرترین ژمارەیان لە نێو ئەواندا هەبووبێ.

ئاڕاسەی پەروەردگارگەرا هەڵکشانی بەخۆوەبینی، وەك کاردانەوەیەکی سروشتی قین هەڵگر و بەرهەڵستکاری دەسەڵاتی کڵێسا و سەرکوتکردنەکەی و مێژووە درێژەکەی، کە عەقڵ و زانست و ئازادیەکان سەرپەرشتی هەڵوێستەکانی نەکردووە. زانستی نوێ ئەرکی لێکۆڵینەوەی ئەم جیهانە و ڕاڤەکەی گرتۆتە ئەستۆ، زۆرێك لە دەرەنجامەکانی بە پێچەوانەی هێڵی دەقەکانی کتێبی پیرۆز و زانستە سروشتییەکانی کڵێسا بوون، هەر لە مێژوو و جوگرافیا و فیزیا و گەردوون و جگە لەمانەش، ئەمەش پاڵی بە ئاڕاستەی گومان کردنەوە نا سەبارەت بە ڕاستێتی ئەم کتێبە، دواتر ڕاستێتی دیاردەی و سروش و پێغەمبەرایەتی وەك بناغە، ئا بەم شێوەیە ئاڕاستەی پەروەردگارگەرایی زیاتر پاڵپشتی و پاساوپێدانی پێدرا.

---

[1] میشێل فۆکۆ، ساڵی ١٩٨٠ز مردووە، فەیلەسوفێکی فەڕەنسییە، خاوەنی چەندین تیۆری بونیاتی داهێنراوە، ڕا و بۆچوونی ڕەخنەیی قوڵیشی هەیە. لە گرنگترین دانراوەکانی (مێژووی شێتی) و ((وشە و شتەکان)).

## • گرنگترین تایبەتمەندییەکانی هزری پەروەردگارگەرایی

وا دەردەکەوێ ئەو گومانەی دەوری کتێبی پیرۆزی دابوو، بەهۆی ئەو هۆکارەی پێشتر باسکرا، پاڵی بە هەندێك بیرمەندەوە نا، بۆ دووری ڕامان لە بیرۆکەی خوایەتی، تا لە ئەنجامدا بگەن بە ڕەتکردنەوەی خوای دەستوەردەر لە ژیان و سروشتدا، پشتیوانی بیروباوەڕی خوای ونبوو بکەن، کە جیهان و مرۆڤی بەدیهێناوە، دواتر جیهانی فەرامۆش کردووە بۆ ئەوەی بە گوێرەی ئەو یاسایانە بڕواتەڕێ کە تیایدا دانراون، مرۆڤیشی بۆ ڕووناکی سروشتی فەرامۆشکردووە، کە لە ناخیدا دانراوە و ڕێنوێنی دەکات بۆ ڕێگاکەی و لەبەر ڕۆشنایی ئەمە دەتوانێ جیاوازی بکات لە نێوان ڕووناکی و تاریکی و چاك و خراپ، هیچ پاساوێك بوونی نییە بۆ باوەڕبوون بە دەرئاسا و موعجیزەکان، کە یاساکانی سروشت دەشکێنن، هیچ پێویستییەکیش بۆ پێغەمبەرایەتی و پەیام و بەرنامە دابەزێنراوەکانی ئاسمان بۆ ڕێنێنی مرۆڤ نییە. مرۆڤ بە دوو شت ڕێنوێنی دەکرێ: سروشتی شاراوەی ناخ، واتە: ڕووناکییە ناوەکییەکەی — پەروەردگارگەراکان باوەڕیان هەبووە بە چاکی مرۆڤ، تیۆری هەڵەکاری ڕەسەنی جێماویان ڕەتکردۆتەوە — و سیستەمی گەردوون لە ڕووی دەرەوە، ((کانت)) لە نووسینێکیدا دەڵێ: دوو شت هەمیشە عەقل پڕ دەکەن لە سەرسامی و ترسی نوێبووەوەی و گەورە بوون: ئاسمانی نەخشێنراو بە ئەستێرە لە سەرومانەوە، لەگەڵ یاسای ڕەوشتی نێو دەروونەکان. پەروەردگارگەراکان بایەخێکی زۆریان بە ڕەوشت و هەڵسوکەوتە چاك و بەرزەکان داوە، بانگەوازیان کردووە بۆ بەیەکەوەژیانی ئاشتیانە و لێبوردەیی هزری لەگەڵ کەم کردنەوە قەبارەی بیروباوەڕە لاهوتییە تایبەتەکان، ئا ئەمە ڤۆڵتێرە[1] لە فەرهەنگە فەلسەفییەکەیدا بانگەوازی دەکات و دەڵێت: ((لە ڕێبازی پەروەردگارگەرایی دەخوازین زۆر

---

[1] فرانسوا ماری ئەرویە ڤۆڵتێر (١٦٩٤ – ١٧٧٨) فەیلەسوف و ئەدیبێکی فەڕەنسییە، یەکێکە لە کەسایەتیەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری و لە هەمووان زیاتر کاریگەری لە هاوچەرخەکانی و دژەکانی کردووە. بە شێوازە ڕەخنەییە گاڵتەجارەکەی ناسراوە، بەتایبەت بەرامبەر کڵێسای کاسۆلیکی. ناوی دەرکردووە بە بەرگری کردنە زۆرەکەی لە پرسی جان کالاس، لەسەر ئەم پرسە پەیامەکانی لەبارەی لێبوردەییەوە بونیاتنا، لە دانراوەکانی: فەرهەنگی فەلسەفی، شانۆی محەممەد، کاندید یان چارەنووس.

هەڵسوکەوتی باش و ڕەوشتی بەرز فێری خەڵك بکات، کەمێك لە بیروباوەڕیشیان فێر بکات)). دەنگی ئەم بانگەوازە بە درێژایی چەندین سەدە دووبارە بووەوە تا گەیشتە ئەلبێرت شفایتزر[١] لە سەدەی بیستەم، ناوبراو واژووی خۆی لەسەر ئەوە کرد داهاتوو بۆ ئاینە ڕەوشتییەکان دەبێ[٢].

## • ئایا پەروەردگارگەرایی هەنگاوێکە بەرەو ئیلحاد؟

ئەو پەروەردگارگەرایەی لە سەردەمی ڕۆشنگەری بڵاوبووەوە، هەنگاوێك بوو لە ڕێگەی ئیلحادا، کە بە شێوەیەکی خراپ لە سەدەی نۆزدەمدا بڵاوبووەوە. دەکرێ ئەمە هۆدار بکرێ بە کۆمەڵێك شت، لە پێشەنگیانەوە ئەوەی پێشتر ئاماژەی پێدراوە لە پاڵاوتنی خوا بۆ ونبوون و بزربوون، تەنها درەوشانەوەی لە ونبوونیدا لە میانەی خۆدوورگرتن و دەستوەرنەدانی لە جیهانی سروشتی و کۆمەڵایەتی، یەکێك لە هۆکارەکان بەهەمان شێوە ئەوەیە کە زانستی کۆمەڵایەتی ئاینی ئاماژەی پێدەدات، لەوەی ئیمان یان ئایین بە گشتی بەردەوام دەبێ لە ژیانی خەڵکدا، نەك تەنها بە بیرۆکەی تیۆری، بەڵکو لە پاڵیدا بە سیستەمی یاسایی و ڕێوڕەسم و نەریت و مێژوو و

---

() ئەلبێرت شفایتزر (١٨٧٥ – ١٩٦٥)، فەیلەسوف و پزیشك و لاهوتگەرایەکی ئەڵمانیە. ساڵی ١٩٥٢ز خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئاشتی بەدەستهێنا سەبارەت بە فەلسەفەکەی لە ڕێزگرتن و بەپیرۆزگرتنی ژیان، ئەمە بە چڕی لە کتێبەکەیدا (فەلسەفەی شارستانیەت) باسکردووە. لە کارەکانی: دامەزران و بەڕێوەبردنی نەخۆشخانەیەك لە گابۆن، خۆرئاوای ناوەڕاستی ئەفریقا. یەکێك لە بۆچوونەکانی ئەوەیە: توانەوەی شارستانیەتی خۆرئاوایی دەگەڕێتەوە بۆ دارمانە ڕەوشتیەکەی.

٢) لەلای خۆمەوە پێم وایە، سوربوونی هەندێك لە موسڵمانان لەسەر پیادەکردنی ئیسلام وەك یاسا و بەردەوامیدان بە خۆشکردنی ئاگری دەمارگیری و تاقمگەرایی لەسەر بنچینەی بیروباوەڕی و دوورکەوتنەوە لە ڕەچاوکردنی لایەنی ڕەوشتی ئیسلام، لە کۆتایدا ئاینەکەیان بەهاوشێوەی ئەو چارەنووسە دەگات، کە مەسیحییەتی خۆرئاوا پێیگەیشت. شایەنی ئاماژە پێدانە ئەم ڕێگە باوە لە تێگەیشتن لە ئیسلام هاوئاواز نییە لەگەڵ قورئان، بەڵکو لەگەڵی تێکدەگیرێ، تەنانەت بە لۆژیکی ئامارکری ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزیش، کە یاسادانان تیایدا ناگاتە زیاتر لە دوو سەد ئایەت.

چیرۆکی بە ئەفسانەکراو دەربارەی پێغەمبەران و پیاوچاکان و قەشەکان، بە کورتی لە ڕێگەی چەندین درەوشانەوەی پیرۆزەوە، پێشتر ئاراستەی پەروەردگارگەرایی شتی وای فەراهەم نەکردووە، چونکە بەتەواوی دژە لەگەڵی و تێکدەگیری لەگەڵیدا. ئەو ئیمان و باوەڕەی خەڵکی وەریان گرتووە بە درێژایی چەندین سەدە، بریتییە لە ئیمانی خواگەرایی — بەلایەنی کەمەوە سەبارەت بە ئەوروپا لەم دۆخەماندا —، ئیمانی پەروەردگارگەرایی سەرکەوتوو نابێ لە جێگرتنەوەی ئیمانی خواگەرایی بە هەمان سەنگ و چڕ و پڕی، چونکە پاڵپشتی ئیمانی خواگەرایی کراوە بە میراتی چەندین سەدە.

لە ساڵی ١٧٥١ دینیس دیدرۆ و دالامپیر و ئەوانی تر دەستیانکرد بە دەرکردنی فەرهەنگی فەڕەنسی (ئینسکلۆپیدیا)، ڤۆڵتێر لەبارەوە وتویەتی: ئینسکلۆپیدیا پەیکەرێکی یادەوەرییە، ڕێز و شکۆی بۆ دادەنرێ لە فەڕەنسا، زۆری پێنەچوو دەسەڵاتەکان لە ساڵی ١٧٥٢ز فەرمانیان کرد ڕابگیرێت، کڵێسا فەرهەنگی ناوبراوی خستە لیستی کتێبە قەدەغەکانەوە، دیدرۆ و هاوڕێیانی متمانەی ڕەهایان بە عەقڵ داوە، زیاتر لە متمانەدان بە کتێبی پیرۆز. فەرهەنگگەراکان ڕوویان کردە توێژینەوەی کتێبی پیرۆز، وەك چۆن هەر دەقێکی دیکەی مێژوویی یان ئەدەبی دەتوێژینەوە لەبارەوە دەکرێ بێ بێ هیچ جیاوازیەك. لە بەرگی سێزدەمی فەرهەنگەکەدا (چاپی ١٩٦٦) دیدرۆ و دالامپیر نووسیویانە: بڕیاری عەقڵ ڕوون و لێبڕاوە دەبێ، ناکرێ بە زۆرەملێ ڕەتبکرێتەوە بۆ وەرگرتنی ڕایەکی پێچەوانە، بە بەڵگەی ئەوەی کەرستەیەکی تەواو ئیمانیە، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە ئێمە مرۆڤین پێش ئەوەی مەسیحی بین! دوای چەند ساڵێك دووبارە فەرهەنگەکە جارێکی تر دەرکەوتەوە. سەرلەنوێ ئایین دەدۆڕێنێ لە گەڕێکی تری ناکۆکی و ململانێکانی لەگەڵ زانست و عەقڵی ئازاد.

## شۆڕشی فەڕەنسی و شۆڕش دژی ئایین

لە ساڵی ١٧٨٩ – لە کۆتاییەکانی تەمەنی "کانت" –، ئاگری شۆڕشی فەڕەنسی هەڵگیرسا، خێرا بۆ خەڵك ڕوون بووەوە ئەمە شۆڕشێك نەبوو تەنها دژی پاشایەتی، بەڵکو سەرباری ئەمە شۆڕشێك بوو دژی کڵێسا و پیاوەکانی، دەکرێ بوترێ: شۆڕشێك بوو دژی پیرۆزی ئاینی نەریتی بەگشتی.

ڕینیە هیبیر[1] عەقڵ پەرستی ڕاگەیاند، لە کوشتارگەکەی کڵێسای نۆتردام عەقڵ لە جیاتی خاچ بە خوا دانرا. هیبیر مۆڵەتی دا کڵێساکان تاڵان بکرێن و پیاوانی ئاینی شاربەدەر و دووربخرێنەوە و بەند بکرێن یان بکوژرێن. ڕۆبسبێر[2] – سەرکردەی سەردەمی تیرۆر و تۆقاندن – سروشت پەرستی ڕاگەیاند، کە بە: پەرستنی بوونەوەری هەرە باڵا[3] ناسرابوو، لە جیاتی نزای خوایی: ئەی ئەو خوایەمان کە لە ئاسمانە... تاقیمان مەکەوە و لە خراپە و شەیتان ڕزگارمان بکە، شۆڕشی فەڕەنسی سرودێکی پەسەند کرد، بەمە دەستی پێدەکرد: کۆمارەکەمان لەسەر زەوی، بەمەش کۆتایی پێدێت: ڕزگارمان بکە لە پیاوە ئاینە گەندەڵەکان.

---

(١) جاك رینیە هیبیر (١٧٥٧ – ١٧٩٤)، یەکێکە لە ناودارترین ڕۆژنامەنووس و شۆڕشگێڕە فەڕەنسییەکان. زۆر توندبوو بەرامبەر دوژمنانی شۆڕش، هیچ کەسێك دەربازی نەبوو کە دژی بۆچوونەکانی بووبێ تا تۆمەتبارکردنەکانی گەیشتە ڕۆبسبێر، کە یەکێك بوو لە دیارترین سەرکردە توندڕەوەکانی شۆڕش، تا دەستگیرکرا و خرایە بەندیخانەوە، دواتر لە ساڵی ١٧٩٤ز بڕیاری لە سێدارەدانی بەسەردا جێبەجێکرا.

(٢) ماکسیلیان دو ڕۆبسبێر (١٧٥٨ – ١٧٩٤)، پارێزەرێکی فەڕەنسی و سەرکردەیەکی سیاسی بوو، بووە یەکێك لە گرنگترین کەسایەتییە کاریگەرەکان لە شۆڕشی فەڕەنسیدا، پشتیوانی سەرەکی سەردەمی تیرۆر و تۆقاندن بوو، کە لە سێداردان تیایدا گەلێك زۆر بوو. بە کودەتا لەسەر کار لابرا و بە مەقسەڵە لە سێدارەدرا لە ساڵی ١٧٩٤.

(٣) l'Être Suprême ئەمەش ناونیشانەکەیەتی بە ئینگلیزی: Cult of supreme Being

له سەردەمی ناپلیۆن پۆناپەرت[1] بە فەرمی کرداری بە عەلمانیکردنی فەڕەنسا ئەنجامدرا، بەڵام زۆری پێنەچوو زۆر بایەخی بۆ کڵێسای کاسۆلیکی گێڕایەوە، ئەمەش لەبەر چەند ئامانجێکی سیاسی نەوەك هیچیتر.

## • ئیلحاد و مافەکانی مرۆڤ

هێمابوونی پەیوەندی ئەرێنی نێوان ئامانجە سەرنجڕاکێشەکانی شۆڕش – ئازادی و برایەتی و یەکسانی – لەلایەك، لەگەڵ ئیلحاد لەلایەکی تردا، ڕۆڵێکی مەزنی گێڕا و کاریگەریەکی مەزنی هەبوو لەسەر شێوە بیرکردنەوەی ئەوڕوپی، ڕەنگی دایەوە لە شێوەیەکی بەیەکەوە بەسترانی خۆبزێوی لە نێوان ئەم ئامانجە پێشوازی لێکراوانە لەلایەن گشت ئەوڕوپییەکانەوە لەگەڵ ئیلحاد و دژایەتی کردنی ئایین.

---

[1] ناپلیۆن پۆناپەرتی یەکەم (١٧٦٩ – ١٨٢١)، سرکردەی سەربازی و حوکمڕانی فەڕەنسا و پاشای ئیتاڵیا و ئیمپڕاتۆری فەرەنسییەکانە. لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەم حوکمی فەڕەنسای کردووە بە سیفەتی باڵیۆزی گشتی، دواتر بە سیفەتی ئیمپڕاتۆر لە دەیەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم، کار و ڕێکخستنەکانی کاریگەریەکی مەزنی هەبوو لەسەر سیاسەتی ئەوڕوپی، سەردەمەکەی پڕ بوو لە جەنگ، چ پێش بەدەستەوەگرتنی ڕێشمەی دەسەڵات، وەك: جەنگی ئیتاڵیا و هێرشکردنی میسر، یاخود لە دوای گرتنەدەستی دەسەڵات، وەك: جەنگ کردنی دژی ئیمپڕاتۆریەتی نەمسا و دژی ئیمپڕاتۆریەتی ڕوسی. زۆربەی دەوڵەتانی ئەوڕوپی لە سەروشیانەوە بەریتانیا هاوپەیمانیان لە دژی بەست، بەمەش ناپلیۆن شکستی خوارد لە جەنگی واترلۆدا، بەمەش ناچاربوو واز لە تەختی پاشایەتی بهێنێ، ئینجا دوورخرایەوە بۆ دوورگەی قەشە هیلینا لە زەریای ئەتڵەس، لەوێ ماوەی ژیانی بەسەربرد.

## دیاردەی ڕووبەڕووبوونەوەی زانست و کتێبی پیرۆز

ئەو قەیرانەی بە قەیرانی هۆشیاری ئەوڕوپی لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا ناسرابوو، بووە هۆی ڕەخنەگرتن لە کتێبی پیرۆز، دواتر ئەمە گەورە بوو، بەهۆی کرداری تیۆرە گەشە ئامێزەکان لە زانستی زیندوەرزانیدا.

ڕیچارد سیمۆنی فەڕەنسی[1] هاوچەرخی سپینۆزا – کە بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداربوو لە ڕەخنەگرتنی زانستی لە کتێبی پیرۆز – هەڵسا بە لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی بوێر دەربارەی کتێبی پیرۆز، لە سێ بەشدا بە ناونیشانی: مێژووی ڕەخنەیی پەیمانی کۆن، تیایدا بەشێوەیەکی سەرەکی تاوتوێی کێشەی نووسەرە ڕاستەقینەکانی پەیمانی کۆنی کردووە، گومانێکی بەهێزی دروستکردووە سەبارەت بە بیروباوەڕە باوەکان لەم بارەوە، پاڵپشتی ئاراستەی نوێی کرد – کە سپینۆزا دەوڵەمەندی کرد – لە ڕامان و وردبوونەوە لە کتێبی پیرۆز لەبەر ڕۆشنایی بڕیار لێدراو و سەلمێنراوە عەقڵی و زانستییەکان. دوای نزیکەی سەدەیەك دان بە سیمون دانرا وەك باوکی ڕەخنەی باڵا.

---

() ڕیچارد سیمۆن (١٦٣٨ – ١٧١٢)، ڕەخنەگرێکی فەڕەنسییە، بەوە ناسراوە بوێری هەبووە ڕەخنە لە کتێبی پیرۆز بگرێ.

## • داروین و تیۆری پەرەسەندن

چارلز داروین[1] ناوبانگی خۆی دەستخست لە میانەی تیۆرەکەی لە پەرەسەندنی جۆرەکان بە پاڵاوتنی سروشتی، تیۆرەکە بەشێوەیەکی ئاشکرا دژی بیروباوەڕی ئاینی کۆن وەستاوە سەبارەت بە بەدیهێنانی سەربەخۆ، واتە بەدیهێنانی خوا بۆ هەر جۆرێك لە جۆرەکان بە تەنها و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و سەربەخۆ لە حەوت ڕۆژدا، هەروەك سیفری[2] تەکوین ڕوونی دەکاتەوە، داروین پێشنیازی دروستبوونی گشت جۆرەکانی لە یەك بنچینە کرد، بە بەردەوامی ئەم بنچینەیە گەشەی کردووە و گۆڕاوە بەهۆی کاریگەربوون بە چەندین هۆکاری زۆر — لە سەروشیانەوە پاڵنەری پاڵاوتنی سروشتی — تا وایلێهاتووە جیهان پڕبووە لە ژمارەی زۆر لە جۆرەکانی خۆراکی و گیانداری. لەوانەیە بەشی هەرە وروژێنەری تێڕوانینی ئاینی لە تیۆری داروینڏا خۆی دەبینێتەوە لە ئامرازی بنەڕەتی پەرەسەندن، ئەویش بنەمای پاڵاوتنی سروشتییە، کە گوزارشت دەکات لە کرداری نا هۆشیار و بێ ئامانجدار، بەڵام لە هەمان کاتدا هەڕەمەکیش نییە، بەهۆیەوە ئەو بوونەوەرانە دەمێننەوە کە زۆرتر و سەرکەوتووتر دەگونجێن لەگەڵ دۆخە ژینگەییەکانیان، ئەوەش دووردەخرێتەوە کە شکست دەخوات لە گونجانی پێویست، دواتر لەسەر شانۆی ژیان ون دەبێ، دواتر کەڵەکەبووی گۆڕاوەکان کە لە گونجانی سەرکەوتوو دروستبوونە، سەردەکێشن بۆ دەرکەوتنی جۆری تازە. بەپێی بۆچوونی داروین جۆرەکان بە یەك جار دەرنەکەوتوون، بەڵکو لە ماوەی لێك دوور دەرکەوتوون، کە سەدان هەزار و ملیۆنان ساڵ لە یەکترەوە دوورن. بەم وێنەیەی داروین سەبارەت بە پەرەسەندن خستیەڕوو پاڵپشتیەکی تازە هاتە ئاراوە بۆ ئاڕاستەی

---

(١) چارلز ڕۆبێرت داروین (١٨٠٩ – ١٨٨٢)، زانایەکی سروشتناسی بەریتانیە، بە ناودارترین زانای زیندوەرزانی دادەنرێ. ناودارترین کتێبی (لەبارەی بنچینەی جۆرەکان)ە، تیایدا تیۆری خۆی لەبارەی پەرەسەندنی ئەندامی خستۆتەڕوو، ڕووبەڕووی چەندین ڕەخنەی زۆر بووەوە، بەتایبەت لەلایەن پیاوانی ئاینیەوە.

(٢) سیفر واتە کتێب یاخود کتێبی گەورە، خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿كَمَثَلِ ٱلۡحِمَارِ يَحۡمِلُ أَسۡفَارًاۢ﴾، هەروەها ناوە بۆ بەشێك لە تەورات. بڕوانە (قاموسی ڕستە "س، ف، ر"، ٣/١١٨٠، مەلا مەحموودی گەلالی). (وەرگێڕ).

پەروەردگارگەرایی وەك چۆن پاڵپشتی بۆ ئیلحادیش هات، ئەمەش بەپێی ئەوەی حەز دەکات لە ڕووی فەلسەفیەوە بەکاربهێنێ و بقۆزێتەوە.

داروین کتێبەکەی کە ناوی (لەبارەی بنچینەی جۆرەکان لە ڕێگی پاڵاوتنی سروشتی)[1] لە ساڵی ١٨٥٩ز بڵاوکردەوە، دوای ئەم بەرواره بە یەك ساڵ لە ئەڵمانیا، کتێبێك دەرکەوت حەوت زانای پرۆستانتی نووسیبوویان، شڵەژانێکی مەزنتری وروژاند لەوەی کتێبی داروین، ناونیشانی کتێبەکە ئەمە بوو: ((چەند وتار و پێداچوونەوەیەك))، چەند لێکۆڵینەوەیەکی لەخۆگرتووە پێش ئەوەی ریچارد سیمۆن نووسیبووی کەوتن لەبارەی کتێبی پیرۆز. کاردانەوە و ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی کران چوار سەدەی تێپەڕاند. هاوکات دەرکەوتنی هەر دوو کتێبەکە لە بەرژەوەندی کڵێسا نەبوو، تیۆری داروین کاری دەکرد بە ئاڕاستەی ونکردن و دابڕینی خوا لە جیهان، لەو کاتەی ئەو کەسەی ئاسودە دەبێ بەم تیۆره، ناچار دەبێ گومان لە ڕاستی کتێبی پیرۆز بکات، ئەو وتار و پێداچوونەوانە ڕاستی کتێبی پیرۆز دەخەنەبەر لێپرسینەوەی ڕاستەقینە.

ئایا واق ورمانی ئەو باوەڕدارانە چەند بووە لەوانەی بوێری بەکارهێنانی عەقڵەکانیان هەیە؟ داروین جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی بەدیهێنان کردارێکی درێژبووەوەیە بە درێژایی ملیۆنان ساڵ، زانایانی جیۆلۆجیا بە زمانی ملیۆنان دەدوێن، بەڵام ملیۆنان ساڵمان لە کوێ بوو، لەکاتێکدا تەوڕات پێمان ڕادەگەیەنێ تەمەنی زەوی لە چەند هەزار ساڵێك تێپەڕ ناکات، چیرۆکی سەرۆکی قەشەکانی ئێرلەندا جەیمس ئەشر (١٥٨١ – ١٦٥٦) ناسراوە، چەندین ژمێرکاری و لێکدانەوەی وردی ئەنجامدا بە ڕێنوێنی وەرگرتن لە کتێبی پیرۆز، بۆ ئەوەی بگات بەوەی خوا زەوی بەدیهێناوە لە بیست و سێیەمی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ٤٠٠٤ پێش لە دایکبوونی مەسیحی ڕێزدار، ناوبراو گومانی وایە هەموو ئەو گەواهی و بەڵگانەی ئاماژە بە جگە لەمە دەکەن دەستکردی شەیتانن، ئامانج لێی گومڕاکردنی خەڵکە. چیتر ئایین لە پێگەیەکدا نەمایەوە ئیرەیی پێ ببردرێ.

---

[1] On the Origin of Species by Means of Natural Selection.

# دەروازەی دووەم

# ئیلحاد لە سەدەی نۆزدەم و بیستەم

## لە نکۆڵی کردن لە بوونی خوا بۆ ڕاگەیاندنی مردنی خوا

ئیلحاد لە سەدەی نۆزدەمدا، لە نکۆڵیکردنێکی ساکارانەی بوونی خوای جیاواز و دوورەپەرێز لە سروشت، بۆ ڕاگەیاندنێکی بوێرانەی مردنی خوا.

دەکرێ لە دوای سپینۆزا لە سەدەی حەڤدەمدا، ئەوا لە سەردەمی نۆزدەممماندا لە هیگڵەوە[1] هەنگاو بنێین، ناوبراو جەختی لە گیانی ئاوێتەبوون و هاتنە ناو ماددە کردەوە، بەوەی پەروەردگار – ئەگەر بیەوێ بە ڕاستی دانپێدانان و باوەڕی ئێمە دەستبخات –، ئەوا پێویستە خۆبەکەمزانی بنوێنێ و لە بەرزیەکەوە داببەزێت، بۆ ئەوەی لەگەڵمان ئەزموون تاقی بکاتەوە لەم جیهانەدا. کرۆکی ئاوێتەبوون لەگەڵ ماددە خۆی دەبینێتەوە لە وتنی ئەوەی خوا هیچ ئامادەبوونێکی نییە، تەنها لە ڕێگەی سروشتەوە نەبێ، ئەمە وتەیەکە بە درێژی هاوتەریبە لەگەڵ تیۆری خوای کەس، کە شوێنکەوتووانی سێ ئاینە خوابەیەکگرەکە بڕوایان پێ هەیە.

شتێکی بەسوودە سەرنج لەسەر ئەوە بدەین، ئەم جیاوازیە لە بارەی مانا و چەمکی خوا پاڵ بە ئاڕاستەی ئیلحادەوە دەنێ، نەوەك بە ئاڕاستەی ئیمان و باوەڕ، مولحیدان ڕاهاتوون لەسەر ئەوەی یادی باوەڕداران بهێننەوە، کە ئەو خوایەی بڕوایان پێی هەیە یەك شت نییە، پێکهاتەیەکی ماندووکەرە لە خواوەندی دژ بەیەکی ناکۆك.

[1] جۆرج فیلهلم فریدریچ هیگڵ (١٧٧٠ – ١٨٣١)، فەیلەسوفێکی نموونەگەرای ئەڵمانیە، بە یەکێك لە گرنگترین فەیلەسوفەکانی ئەڵمانی دادەنرێ.

لودفیگ فویرباخ[١] – یەکێك بووە لە قوتابیەکانی هیگڵ – ڕابەرایەتی گیانی ئاوێتەبوونی خوا لەگەڵ ماددە کردووە، بڕوابوونی بە خوای سەربەخۆی جیاواز و دوورەپەرێز لە سروشت ڕەتدەکاتەوە – لە کتێبەکەیدا (کرۆکی مەسیحییەت) وتەی هیگڵ دووپات دەکاتەوە، ئەگەرچی بە شێوە دەربڕینێکی جیاوازیش بێت: ((باوەڕبوون بە خوایەك لە دەرەوەی ئەم جیهانە، واتای ئەوە دەگەیەنێ جیهان و مرۆڤ بەلای ئەم خوایەوە هیچ شتێك ناگەیەنێ)).

فویرباخ نکۆڵی لە خوا کردووە و بە بەرهەمی خەونی مرۆڤایەتی دایناوە، کە وێنای خوایەکی بە توانا دەکات تا لاوازیەکەی داپۆشێت.

زۆرێك لە فەیلەسوفەکانی ئەڵمانی لەم ماوەیەدا مولحیدایەتی خۆیان ڕاگەیاند، وەك ئارسەر شوبناهوەری[٢] خاوەنی کتێبی (جیهان هزر و خواستە)، پوختە فەلسەفەکەی خۆی لەم کتێبەدا داناوە، ویست و عەقڵی بەیەکەوە بەستووەتەوە، بۆچوونیشی وایە عەقڵ ئامرازێکە بە دەستی خواست و شوێنکەوتوویەتی.

بەهەمان شێوە کارڵ مارکس[٣] و هاوەڵەکەشی فریدریك ئینگلزمان[٤] هەیە.

سەبارەت بە مارکس، ئەوا پرسی نەبوونی خوای خستەڕوو، وەك سەلمێنراوێك، هیچ بەڵگەیەکی فەلسەفی پێشکەش نەکرد لەم بارەوە، لەوانەیە ئەمە لەبەر ئەوە بووبێ ئەوەندە پەیوەندیدار

---

() لودیفگ ئەندریاس فویرباخ (١٨٠٤ – ١٨٧٢)، فەیلەسوفێکی ماددی ئەڵمانیە، لە سەرەتادا قوتابی هیگڵ بوو، دواتر بووە یەکێك لە دیارترین بەرهەڵستکارەکانی.

(٢) ئارسەر شوبنهاوەر (١٧٨٨ – ١٨٦٠)، فەیلەسوفێکی ئەڵمانیە، بە فەلسەفە ڕەشبینگەراکەی ناسراوە، پێی وایە ژیان شەڕ و خراپەی ڕەهایە.

(٣) کارڵ مارکس (١٨١٨ – ١٨٨٣)ن فەیلەسوفێکی ماددەگەرا و چالاکوانێکی سیاسی و بیردۆز دانەرێکی کۆمەڵایەتی ئەڵمانیە، دامەزرێنەری فەلسەفەی مارکسیەتە، کە دەدرێتە پاڵ ئەو. ناودارترین کارەکانی ((سەرمایە))، لەگەڵ ئینگلز جاڕنامەی شیوعیەتی دەرکرد.

(٤) فریدریك ئینگلز (١٨٢٠ – ١٨٩٥)، فەیلەسوف و پیاوێکی پیشەسازی ئەڵمانی بووە. بەشداربووە لە پاڵ کارڵ مارکسدا لە دانانی بنچینە فەلسەفییەکانی مارکسیەتدا.

نەبووە بەمە، ئەوەندەی پەیوەندیدار بووە بە گۆڕینی مەرجە ئابووریەکانی خەڵك لە سەرەتا، دواتر ئەوانی تر، ناوبراو جەختی دەکردەوە ئەرکی فەلسەفە بریتییە لە گۆڕینی جیهانی مرۆیی و وتویەتی: ((بەدرێژایی سەدەکان، فەیلەسوفەکان ڕاهاتوون ڕامێنن و وردببنەوە لە جیهاندا، بەڵام ئێمە پێمان وایە دەبێ بیگۆڕین)). بەم پێیە دەکرێ — بە واتایەك لە واتاکان — بە مولحیدێکی نەرێنی هەژماری بکەین. مارکس ڕەخنەی گرتووە، لە ئیلحادی بۆرژوازی لە گێڕانەوەی دۆخی کۆمەڵایەتی مرۆڤ، بۆ هۆشیاری ئەم مرۆڤە، بە تەواوی جەخت لە پێچەوانەکەی کردۆتەوە، واتە جەختی کردۆتەوە لەسەر دۆخی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لە داڕشتنی هۆشیاری و گونجانی مرۆڤ، سەرخان بەرهەمی ژێرخانە، نەوەك بە پێچەوانەوە. مارکسییەکان — بەپێچەوانەی بۆرژوازیەکان — پێیان وایە ڕۆشنگەریی کەلەپوری و ڕۆشنبیری بە تەنها بەس نییە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ لە کۆت و بەندی بیروباوەڕی ئاینی پوچەڵ، دەبێ کار بکرێ لەسەر گۆڕینی مەرجە کۆمەڵایەتییەکان — یان ژێرخانی ئابوری، هەروەك پێیان خۆشە بەم شێوەیە گوزارشتی لێ بکەن — کە ڕەگ و ڕیشەی ڕاستەقینەی ئاین — ئەویش سەرخانە — و ژینگەی گونجاو بۆ گەشەکردنی پێکدێنن، لە دۆخی گۆڕانی ئەم مەرجانە، ئەوا ئاین بەخۆی بەبێ گەڕانەوە ون دەبێ.

سەدەی نۆزدەم بە کەلەڕەقترین و وشکترین و توندڕەوترین مولحیدەکانی ڕاستەوخۆ کۆتایی پێهات: نیتچە کە لە ساڵی ١٩٠٠ کۆچی دوایی کرد، لەسەر زمانی زەرادەشت مردنی خوای ڕاگەیاند، گوایە تەنها سێبەرەکەی ماوەتەوە کە دەبێ بسڕدرێتەوە. نیتچە ئەرکە سەرەکیەکەی دیاری کردووە، بە تێکشکاندنی بتەکان، ئەمەش تەنها بیروباوەڕ و پیرۆزەکانی کۆمەڵگەیە، خواش لە سەرووی ئەم بتانەوە دەوەستێ.

## ئیلحاد و لۆژیکی ئەزموونی

له سەدەی بیستەمدا، ئیلحاد بەشێوەیەکی بەردەوام له گەشەدا بوو، بەتایبەت له دوای شۆڕشی بەلشەفی له سالّ ١٩١٧ و بلّاوبوونەوەی شیوعیەت، که زەبەلاحێکی سیاسی پایەداربوو ئەرکی ڕەواج پێدانی گرتەئەستۆ، ئەویش یەکێتی سۆفیەتی و هاوپەیمانەکانی بوون.

هەروەك بوونگەراکان، له بالّە مولحیدەکەی بەشداربوو له بلّاوکردنەوەی ئیلحاددا. له دیارترین کەسایەتییەکانی ئەم بالّەی هایدگر() بوو، ئیلحادەکەی ناوبراو لەگەلّ قوتابیەکەشی جان پول سارتەر نەرێنی بوو.

## • پاشخانی لۆژیکی ئەزموونی ئیلحادی هاوچەرخ

لێرەدا شایەنی ئاماژە کردنە بژاردەی لۆژیکی باو لای ئەمانە، بریتی بوو له لۆژیکی ئەزموونی، ئەمەش پێوەری سەرەکییە له گشت ئاڕاستەکاندا، ئەزموون سەرچاوەی کۆنی ڕاستییەکانە. دۆخی لۆژیکی — بە گونجان لەگەلّ دێڤید هیۆم — جەختی کردۆتەوە لەسەر بنەمای پشتڕاستکردنەوە وەك پێوەرێك بۆ هەلّسەنگاندنی هەر گوزارشتێك و جیاکردنەوەی ئەوەی مانا هەلّدەگرێ لەوەی بێ مانایە، بەپێی ئەم پێوەرە، تەنها گوزارشتە مانا هەلّگرەکان، گوزارشتی شرۆڤە و ڕاڤەیین، هەروەك هەمان ئەم دۆخە له پرسە لۆژیك و بیرکاریەکاندا هەیە، هەروەها بابەتە لێکدراوەکان، وەك بابەتەکانی زانستە سروشتییەکان، که دەکرێ له ڕێگەی شارەزایی و ئەزموونی هەستیی پشتڕاست بکرێتەوە، جگە لەمانە زیاتر نین له وتەیەکی بەتالّ، نەدەوترێ ڕاستە و نە

() مارتن هایدگر، فەیلەسوفێکی ئەلّمانیە، (١٨٨٩ – ١٩٧٦)، بابەخدانە فەلسەفیەکەی ئاڕاستەی کێشەکانی بوون و تەکنەلۆژیا و ئازادی و ڕاستی و جگە لەمانەش له بابەتەکان کردووە. له دیارترین دانراوەکانی: ((بوون و کات)) و ((مانا و چەمکە سەرەکییەکان له ئەودیوسروشت "میتافیزیکدا"))، ((هاواری ڕاستی)) و ((نیتچە)).. جگە لەمانە.

هەڵە، هەروەك وەسفی دیوار ناکرێ نە بە نێرینەبوون و بە بە مێیی نەبوون. لەبەرامبەر ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی بنەمای پشتڕاستکردنەوە کران، یەکێك لە گەورە دانەرانی ئەم لۆژیکە کە فەیلەسوف ئەلفرێد ئایەرە (١٩١٠ – ١٩٨٩) ناچاربوو مانا و مەبەستی پشتڕاستکردنەوە فراوان بکات، بەشێوەیەك گونجانی تیۆرییش لە پاڵ گونجانی کرداری بگرێتەوە، چەندین چیا هەن لەسەر ڕووی تاریکی مانگ، بەتاڵ نین، لەگەڵ ئەوەی ئاماژە ناکەن بۆ هیچ شتێك کە بە کردار ببینرێن، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی دەکرێ ببینرێ لەو دۆخەی بینینی ڕووی مانگ کە بۆ مرۆڤ فەراهەم دەبێ، بوونی ئەم چیایانەش لەسەر ڕووی مانگ ناچێتە ناو بازنەی قەدەغەبوون و نەگونجانی لۆژیکیەوە.

بە هەر حاڵ دژایەتی دۆخی لۆژیکی لەگەڵ ئەودیوسروشت (میتافیزیك) زۆر توندە، نەرم و نیانی تێدا نییە، پرسی: (خوا بوونی هەیە)، بەپێی بنەمای پشتڕاستکردنەوە پرسێکی شرۆڤەیی نییە، هەروەك لێکدراویش نییە – بەپێی ئەو مەرجانەی لەسەرەوە باسکران – دواتر پرسەکە بە بەتاڵی ماوەتەوە و بەهیچ شێوەیەك پشتڕاستکردنەوە قبوڵ ناکات.

## • دەستەوەسانی مرۆڤ لە بەخواکردن

لە لوفیگ فیتگنشتاین وا ناسراوە سەرەتا ئەو بۆچوونەی پەسەند دەکرد، کە پێی وابوو زمان فراوانە تەنها بۆ وەسفکردنی ڕووداوە خاوەن هەستە بنچینەییەکان، کە گونجاون بۆ تاقیکردنەوە و ئەزموونکاری، بەمەش گشت پرسێکی نا ئەزموونی دوورخستۆتەوە. بەڵام دواتر لەم بۆچوونەی پاشگەزبووەوە، کاتێك بۆ نموونە سەرنجی ڕاستینەی ئاڵودەبوونی زمانی لەگەڵ فەرماندا، دواتر بایداوە و وایدانا زمانی ئاینی خاوەن لۆژیکێکی جیاوازە، بێ ئەوەی ناوبراو بە ئەندازەی یەك پەنجە لە ئاڕاستە ئیلحادیەکەی لابدات.

ئەمەش یەکێکە لە گوزارشتە سەیرەکانی: ((ئەگەر بتوانم کار لە هەموو شتێك بکەم و جڵەوی لە دەست بگرم، ئەوا وا لەخوا دەکەم داوام بکات و بێتە لام))، بەمە ئاماژە بەوە دەکات، مرۆڤ کاتێك دەتوانێ گەردوون ڕام و دەستەمۆ بکات و جڵەوی هەموو شتێك بەدەستەوە بگرێت، ئەوا خۆی دەبێتە خوا! بەڵام ئایا کەس لێرەدا هەیە، باوەڕی وابێ مرۆڤ ڕۆژێك لە ڕۆژان دەگاتە ئەم ئامانج و مەبەستە؟ گشت ئەوەی مرۆڤ تا ئەمڕۆ توانیویەتی زاڵبێت بەسەریدا لە بازنەی هەسارەکەیدا، کە لەسەری دەژیەت، لەوانەیە یەك لە ملیۆن پێکنەهێنێ، مرۆڤ هێشتا بەتەواوی دەستەوەسانە لە بەرامبەر بومەلەرزە و لافاو و گەردەلول و گۆڕانکاریەکانی کەش و هەوا، هەسارەی زەوی کە تیشك نزیکەی لە هەشتیەکی چرکەدا دەیبڕێت نابێتە دڵۆپێك لە زەریای پان و پۆڕی، بە بەراورد لەگەڵ گەردوونی فراواندا بە تیرەی نزیکەی ٩٣ ملیار ساڵی ڕووناکی!!!.

ئەی دەروون لە سەر زەوی یاخی بوویت، هەرچی ڕێبازی سەیر و نامۆیە مەگرەبەر،

تۆ تەنها گەردیلەیەکی لەسەر پشتی گۆی زەوی،

گۆی زەویش تەنها گەردیلەیەکە لە ناو هەسارەکاندا،

سەیر و سەمەرەکانی ئەم گەردوونە زۆرن، ئاشوبی من

بە هەژمووونی منە بەسەر ئەم گەردوونە، کە گەورەترین سەیر و سەمەرەیە.

## ڕەوتە ئیلحادییە دواینەکان

زۆرێك لە ڕێبازە هزری و ئەدەبیەکان، لە سەدەی بیستەمدا بە جۆرێك لە ئیلحاد تۆمەتبار کراون: وەك ڕێبازی سروشتی جۆرج سانتیانا[1] و جۆن دیوی[2]، بزاڤی ئافرەتان، زانستگەرایی، واتە: تەنها پشت بەستن بە زانست و پەیڕەوە ئەزموونیەکەی، وەك: تاکە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ زانیاری و زانینی پەسەند. بێ سەروبەری و ئاژاوەگەرایی.

دواتر سالآنی هەشتاکان هاتن، بە ئیلحادی تازە ناسرا، ئەمانە نوێنەرایەتیان دەکرد: ریتچارد دوکنیز، دانیل دینیت، کریستۆفر هیتشینز[3]، ڤیکتۆر ستینجر[4]، کارڵ سیگان[5]، تا ئاستێك و دواتر سام هاریس هات بەدوایاندا.

---

(1) جۆرج سانتیانا (١٨٦٣ – ١٩٥٢)، فەیلەسوفێکی براگماتی و شاعیرێکی ئیسپانی – ئەمریکی مولحیدە.

(2) جۆن دیوی (١٨٥٩ – ١٩٥٢)، فەیلەسوفێکی مولحیدی ئەمریکی و سەرکردەیەکە لە سەرکردەکانی فەلسەفەی براگماتیەت، بە یەکێك لە دامەزرێنەرە بەراییەکانی دادەنرێ.

(3) کریستۆفەر ئیریك هیتشنز (١٩٤٩ – ٢٠١١)، نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی ئینگلیزی – ئەمریکییە، ستونێکی جێگیری هەبوو لە ژمارەیەکی زۆری گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا، سەربارەی کتێبە ناسراوەکانی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، بە ئیلحاد و ڕەخنەگرتنە توندەکەی لە ئاینەکان ناسراوە، لە دیارترین کتێبە ڕەخنەگرەکانی لە ئاینەکانی ئەمەیە ((خوا مەزن نییە))، تیایدا ڕەخنەی گرتووە لە ئاینە ئیبراهیمییەکان، سەرباری ئاینەکانی تر، کە ڕەخنەیان لێنەدەگیرا لە ناوەندە خۆرئاواییەکاندا، وەك ئاینی هیندۆسیی، هەروەك ناسراوە بە دژایەتی و ڕەخنەگرتنی لە سەهیۆنیەت.

(4) ڤیکتۆر جۆن ستینجز لە دایکبووی ١٩٣٥، زانایەکی فیزیای گەردیلەیی و توێژەرێکە لە بواری فەلسەفە و ئاینەکاندا، یەکێکە لەوانەی بەرگری لە ئیلحاد دەکات.

(5) کارڵ ئیدوارد سیگان (١٩٣٤ – ١٩٩٦) گەردوونناسێکی ئەمریکیە، یەکێکە لە دیارترین ئەوانەی بەشداریان کردووە لە سادەکردنەوەی زانستەکانی گەردوون و فیزیای گەردوونی و جگە لەمانە لە زانستە سروشتییەکان. ڕۆڵێکی سەرەکی و پێشەنگی هەبوو لە پاڵپشتی کردنی لێکۆڵینەوە لە بەدیهێنراو و گیاندارە هۆشمەندەکانی دەرەوەی گۆی زەوی.

## بەندی سێیەم

## چەند ئاگادارییەك لەبارەی هۆكارەكانی ئیلحاد

### ئاگاداری یەكەم

### پێشڤەچوونی بزاڤی مرۆڤایەتی و چەقبەستوویی كڵێسا

لە دوای ئەم سەرنجدانە مێژووییە خێرایە، دەكرێ ئەو هۆكارانە كورت بكەینەوە كە یارمەتیدەربووینە بۆ بوونی ئیلحاد لە ئەزموونی تازەی ئەوڕپیدا. ئەمانە هۆكاری زۆرن، دەكرێ لە چەند خاڵێكدا پوخت بكرێنەوە.

### بزاڤی مرۆڤایەتی

لەوانەیە یەكەم هۆكار خۆی ببینێتەوە لە بزاڤ و جوڵەی مرۆڤایەتی، كە كاریكرد لەسەر زیندووكردنەوەی ئادابە كلاسیكییەكان: یۆنانی و ڕۆمانیەكان، كە بایەخدانەكەی كۆببووەوە لەسەر مرۆڤ، وەك عەقڵ و جەستە، زیندووكردنەوەی ئەم بایەخدانە و سەرلەنوێ هەستاندنەوەی تەواو پێچەوانەی گیانی كڵێسا، كە جەستەی مرۆیی و عەقڵیشی بە نامۆ دادەنا و بەكەم سەیری دەكرد لە پێناو بەرژەوەندی دەقی پیرۆز.

بزاڤی مرۆڤایەتی ئەم دروشمەی بۆ خۆ دانا: ((مرۆڤ پێوەری هەموو شتەكانە))، گوێزرانەوەیەكی دراماتیكییە بۆ ناوەندی بایەخ لە (خوا)وە بۆ (مرۆڤ).

## • هەڵوێستی کڵێسا بەرامبەر زانست

بەگشتی هەڵوێستی کلێسا، بەرامبەر زانست و زانایان دۆستانە یان لێکتێگەیشتووانە نەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە، هەڵوێستی بەیکدادان و ناکۆکی و ڕەتکردنەوەی بە زەبر و زۆری و چەقبەستوویی کوێرانەبوو.

لە دیارترین ڕووداوەکانی بەیەکدادان لە نێوان کلێسا و زانست و دیارترینیان بە درێژایی کات، ڕووداوی دادگاییکردنی گالیلۆ و ناچارکردنی بووە بۆ پەنابردنەبەر پاشگەزبوونەوە لەو ڕا و بۆچوونانەی کە دژی ڕێنماییەکان کلێسان، دواتر ناچارکردنی بۆ مانەوەی ناچاری لەماڵەکەیدا تا ساتی مردنی. لە خراپترین ئەو ڕووداوانەی تۆماری دادگاکانی لێکۆڵینەوە بەخۆیانەوە بینی، ڕووداوی دادگایی و بەندکردن و لە سێدارەدانی جیوردانۆ برۆنۆ بوو بە سووتاندنی بە ئاگر، دوای بڕینی زمانەکەی، ئەمە لە ساڵی ١٦٠٠ بوو، پێش ئەمە ڕووداوی لە سێدارەدانی پزیشك و زانا و پیاوی ئاینی سێرفیتوس[1] بوو، بەوەی لەسەر دەستی جون کالفن[2] لە جنێف لە ساڵی ١٥٥٣ سوتێنرا. ئەمەش لە دوای فێڵ لێکرانی و بە پلەبەندی هێنان و ڕاکێشانی لەلایەن دۆستە کۆنەکەی، کە کالفنی سووتاوبوو لە دەمارگیریدا، بە تۆمەتی نکۆڵی کردن لە سێکچوکەیی لە نێوان تۆمەتەکانی تردا.

(١) میگایل سیرفیتوس (١٥١١ – ١٥٥٣)، زانایەکی فیزیایی و پزیشك و وەرگێڕ و زانایەکی ئاینی ئیسپانییە، بایەخی بە زۆرێك لە زانستەکان داوە: زانستی گەردووناسی و زانستی ڕوانگە ئاسمانیەکان و جوگرافیەکان، زانستی یاسادانان، لێکۆڵینەوە لە تەورات، بیرکاری، زانستی توێکاری، پزیشکی، لە لێکۆڵینەوە لاهوتیەکەیدا بەلای یەکخواناسیدا ڕۆیشت، نکۆڵی لە بیروباوەڕی سێکوچکەیی کرد، ئەمەش کارەسات و ماڵوێرانی بەسەردا هێنا.

٢) جون کالفن (١٥٠٩ – ١٥٦٤)، چاکسازێکی ئاینی و لاهوتیەکی فەڕەنسییە، دامەزرێنەری ڕێبازی کالفینیە، کە لە سویسرا و فەڕەنسا بڵاوبوەوە، لە ئەزموونەکەیدا لە حوکمی جنێف بە حوکمێکی ئاینی نەگۆڕی توند ناسرا، زۆری پێنەچوو شکستێکی مەزنی خوارد.

لەو شتە ناوازانەی پەیوەستە بە پرسی گالیلۆوە، ئەوەیە پاپا یوحەننا پۆلسی دووەم، لە ساڵی ١٩٨١ز بڕیارێکی دەرکرد بۆ دووبارە کردنەوەی لیستی گالیلۆ، بە مەبەستی دووبارە ڕامان لێی، لیژنەیەك بۆ ئەم مەبەستە پێکهێنرا، ئەم لیژنە بڕیاری خۆی لەم بارەوە دەرنەکرد تا دە ساڵ دواتر، ئەویش لە ساڵی ١٩٩٢ز بڕیاری خۆیدا بەوەی بە ئەندازەی ئەوەی کڵێسا هەڵە بوو، ئەوا گالیلۆش هەڵە بووە، چونکە گالیلۆ ئامۆژگاری وەرنەگرتووە، سەبارەت بەوەی تیۆری کوبرنیکوس تەنها گریمانەیەکە.

## ئیندێکس

کڵێسا – هەر لە ساڵی ١٦٠٠ بە بەردەوامی – جار دوای جار لیستێکی دەردەکرد، ئەم لیستە کتێبە قەدەغەکراوەکانی لەخۆدەگرت، بە پوختی بە (ئیندێکس) ناسراو بوو، کە کورتکراوی ئەم ناونیشانە بوو: (Index Librorum Prohibitorum) واتە: لیستی کتێبە قەدەغەکراوەکان. ئەم لیستە لە دەرکردن نەوەستا، تا ساڵی ١٩٦٦ز کاتێك پاپا پۆڵسی شەشەم فەرمانی دەکرد بوەستێندرێ. یەکێك لەو کتێبانەی قەدەغەکرابوو لەم لیستەدا، کتێبەکەی یوهانس کبلەر بوو، سەبارەت بە زانستی گەردووناسی نوێ و هاوئاوازی جیهان، بەهەمان شێوە کتێبەکانی مارتن لۆسەر، جون کالفن، هولدریخ زفینگلی، فرەنسیس بیکۆن، رینیە دیکارت، تەنانەت کتێبەکانی بلیز باسکال، جان جاك ڕۆسۆ، ڤۆڵتێر، ((فەرهەنگی فەڕەنسی))، کە بە سەرپەرشتی دیدرۆ دەردەکرا، لەم لیستە حوکمی کوفر و بێ باوەڕی لەسەر ناوەڕۆکی کتێب و خوێنەرەکەشی دەدرا، لەو کتێبانەی لە ئیندێکسدا هاتوون، کتێبی (ڕەخنەگرتن لە عەقڵی پوخت)، دانراوی ئیمانویل کانت بوو، بە دڵنیایەوە کتێبەکانی نیتچە و جان پۆل سارتەر و ڕۆماننوسی ئیتاڵی ئالبێرتۆ مورافیاش ناویان لەم لیستەدا هاتووە. کڵێسا هێشتا پیادەی قەدەغەکردن دەکات ئەگەر

بەشێوەیەکی دەمامکداریش بێ، هەروەك لەم دوایانەدا لەگەڵ (شیفرەت دافینشی) دانراوی دان براون ئەنجامی دا، کە خوێندنەوەی ئەم کتێبەی قەدەغەکرد.

پێویستە مێژووی ڕیسوای کڵێسا لە یاد نەکەین، دەربارەی سوتاندنی کتێبە قین لێگیراوەکان، شتێکی بەڵگە نەویستە هەر کتێبێك قەدەغە بکرێ، ئەوا سوتاندن یان لەناوبردنی دەبێتە شتێکی ڕێگە پێدراو یان پێویست. بەگوێرەی سیفری (کردەوەکانی پێغەمبەران) لە پەیمانی نوێدا، ئەوا مەسیحییەکان لە ئیفسوس لە سەردەمی پێغەمبەران، هەڵساون بە سوتاندنی کتێبە بیتپەرستییەکان، کە نرخەکەیان بە پەنجا هەزار پارچە زیو دەخەملێنرا، ئەمەش یەکەم کاری سوتاندنی کتێب بووە لە مێژووی مەسیحییەتدا.

## ئاگاداری دووەم:

## تۆماری ڕەشی دادگاکانی لێکۆڵینەوە

سەرکوتکاری کڵێسا بەرامبەر دژەکانی، پیادەکردنی توندترین سزاکان لەسەریان، کە دەگەیشتە لە سێدارەدان بە خاچ و سوتاندن بە ئاگر، سەرباری سەپاندن و جێبەجێکردنی جۆرەها سزای تر بەسەر قوربانیانی، – بێگومان – ئەمە ڕق و تووڕەیی جەماوەری بەسەر کڵێسادا هێنا.

مەرگەساتی فەیلەسوفە ئافرەتە گەنجەکە (هیباتیا) لە ساڵی ٤١٥ زاینی، وەك نیشانەیەکی ئابڕوچوون لە مێژووی کڵێسادا دەمێنێتەوە و تا هەتایە لێی جیا نابێتەوە. هیباتیا کچی فەیلەسوف تیۆنە، دەرگەوانی نووسینگەی ئەسکەندەرییە، فەیلەسوف و زانای بیرکاری، سەرۆکایەتی زانکۆی ئەسکەندەریەی گرتەدەست. قەشەی کڵێسای ئەسکەندەرییە سیریل حوکمی کوفر و بێ دینی بەسەردادا، لە کاتێکدا هۆکاری سەرەکی تووڕەبوونی لێی، ناکۆکبوونی بوو لەگەڵ کاربەدەستی ئەسکەندەرییە ئەرستیز، بەهۆی نەچوون بەدەم داواکاریەکەوە بۆ دەرکردنی جولەکە لە شارەکە،

هیباتیا پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ کاربەدەستەکە هەبوو، بەهۆی ئەمەوە تووشی ئاشوب بوو. کۆمەڵێك لە شوێنکەوتووانی قشەی توندڕەو هەڵسان بە ڕفاندنی فەیلەسەفە ئافرەتە گەنجەکە و هێنایانە کڵێسا و لەوێ بە پارچە فەخفوری جەستەکەیان پارچە پارچە کرد. لە دەرەنجامەکانی ئەم تاوانە ترسێنەرە ئەوە بوو هەموو فەیلەسوفان و زانایان لە ئەسکەندەرە هەڵاتن بۆ ئەسینا، لە ترسی ئەوەی نەوەك هەمان شتیان بەسەر بێ هاوشێوەی ئەوەی بەسەر هیباتیادا هات.

سەبارەت بە دادگاکانی لێکۆڵینەوەی کڵێسا، کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی سێزدەم دامەزرێنران – دواین دادگای لێکۆڵینەوەی کڵێسا لە ساڵی ١٨٣٦ لە ئیسپانیا داخرا – تا ئێستاش وەك یادەوەریەك ماوەتەوە، ترس و بیم بە نێو ناخ و دەروونەکاندا بڵاو دەکاتەوە. ئەو شێوازانەی ئەو دادگایانە دەیانگرتەبەر، لە دانپێدانانی تۆمەتباران و لێپرسینەوەیان تا ئەوپەڕی سنوور تۆقێنەر بوون. وەك قوڵبوونەوە لە شەکەت کردنی تۆمەتبار، ئەوا دادگا تۆمەتبارەکەی ناچار دەکرد تێچووی سیخوڕی کردن بەسەریەوە و ڕاوەدوونان و گواستنەوە و تەنانەت تێچووی ئامرازەکانی ئەشکەنجەدان و لە سێدارەدانیش بدات بە هەمان شێوە، لەو کاتەی بڕیاری مردنی بەسەردا دەدرێ!!

دەربارەی قوربانیان ئەوا لە پاڵ هەراتیقە بیدعەچییەکان و جادووگەرە پیاو و ئافرەتەکان، ئەوا فەیلەسوف و زانا و خاوەن بیرە ئازادەکانیش هەبوون. ئەو تەمەنەش کە دادگا سەرپشك دەبوو تیایدا کەسەکە تۆمەتبار بکات و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکات، بۆ پیاوان تەمەنی چواردە ساڵی بەرەو سەرەوە، بۆ ئافرەتانیش تەمەنی دوازدە ساڵی بەرەو سەرەوە!

چەندیش دۆخی بەڵگەدار هەن، تیایاندا منداڵانی خوار تەمەن حەوت ساڵان دادگایی کراون و لە سێدارە دراون! ئەوەی دزێوترە ئەوەیە کوڕی ئەو کەسەی بە هێرتقەت تۆمەتبار دەکرا، لەوانەیە لەگەڵ باوکی بەهەمان شت تۆمەتبار کرابووبا و هەمان حوکمی بەسەر سەپێنرابا!!

تۆبە هەر چەندە ڕاستگۆیانەش بووبا، ئەوا تۆبەکارەکەی لە سزاکەی بە گشتی ڕزگار نەدەکرد، بەڵێ لەوانەیە هەندێك جار ئامراز و ڕێوشوێنێك بۆ ڕزگاربوون لە مردن هەبێ، بەڵام نەوەك ڕزگاربوون لە بەندکران بە درێژایی ژیان!! لە چەند کات و دۆخی تردا تۆبە سودی نەدەبوو بۆ ڕزگاربوون لە مردن، بەڵکو سودی دەبوو بۆ سوك بوونی دزێوی لە سێدارەدانەکە، بۆ نموونە قوربانیەکە لە سوتان دەبوردرا و بە خنکاندن لە سێدارە دەدرا.

سەبارەت بە کەل و پەلەکانی قوربانیەکە، ئەوا هەموو شتەکان دەستبەسەر دەکران و میراتگرەکان لە میراتەکەی بێ بەش دەکران، سەبارەت بە ماڵی کەسی بێ سەروشوێن، ئەوا دەسوتێنرا، ڕێگریش دەکرا لە دووبارە بونیاتنانی شت لەسەری، پاپا گریگۆری نۆیەم بەم شێوەیە بڕیاریدا.

سەرەڕای زیادەڕەوی دیار لە بانگەشەی هەندێك کەس دەربارەی ئەوەی ملیۆن جادووگەری پیاو و ئافرەت لەسێدارە دراون، بەڵام ئەوە پەسەندترە کە ڕێژەکە لە چەشنی سەد هەزار و زیاتر بووبێ. شارەکان بە شانازیەوە پێشبڕکێیان دەکرد بۆ ڕاپێچکردنی جادووگەران بەرەو پەتی لە سێدارەدان، وەك قوربانی.

## پاساو هێنانەوەی لاهوتی بۆ دادگاکانی لێکۆڵینەوە

هەندێك کات پاساو هێنانەوە بۆ تاوان، لە خودی تاوانەکە دزێوتر دەبێ. تێبینی ئەوە نەکراوە هیچ پیاوێکی ئاینی مەزن نەمابێ پاساوی بۆ ئەم کارە ڕیسواییانە نەهێنابێتەوە، ئا ئەمە کەسایەتی لاهوتی مەزن قەشە توما ئەکوینیە، لە پوختە لاهوتیەکەیدا لە بارەی دەسڵاتی کاتی دەنووسێ سەبارەت بە لەسێدارەدانی هێرتقەکان، ئەگەر خەڵکانی تریشیان تێکنەدابێ، ئەمەش وەك سزایەك بۆ کوفر و بێ باوەڕبوونیان بە خوا، گرتنەبەری باوەڕ و ئیمانێکی ساختە، ناوبراو پێی وایە تاوانی ئەوەی ئیمان ساختە دەکات، خراپتر و دزێوترە لەوەی دراو ساختە دەکات، هەر بۆیە دادگەری وا دەخوازێ لەسێدارە بدرێن!

به هەمان شێوە هاوپەیمانی کڵێسا لەگەڵ دەرەبەگەکان لەلایەك، لەگەڵ دەسەڵاتدارە ستەمکارەکان لەلایەکی تر، یەکێك بوو لە خراپترین ئەو خەسڵەتانەی کەلێنی نێوان کڵێسا و بانگخوازانی ئازادی و عەقڵگەرایی زیاتر کرد. قەشەی بەریتانی بیتر دی ڕۆزا لە ((قەشەکانی مەسیحدا: لایەنی ڕەشی پاپایەتی)) باسی ڕیسواکارییەکانی پاپایەتی کردووە، لە سەرەتاکانی و بەدرێژایی مێژووە دوور و درێژەکەی. تایبەت بەم سەردەمەمان ئەوا پاڵپشتی کردنی خۆی بۆ هێتلەر دەربڕی لە هەڵبژاردندا، دواتر بێ دەنگی هەڵبژارد، لەسەر تاوانەکانی، خۆی دوورگرت لە شەرمەزارکردنی تاوانەکانی. ناوبراو ئاماژەی بەوەش کردووە پاپایەتی پاڵپشتی تاکڕەوی و دیکتاتۆری فاشیستی ئیسپانیا ژەنەڕاڵ فاکۆ کرد، ڕۆژنامەی ماریشاڵ بیتانی بەکرێگیراوی ئەڵمانیای لە فەڕەنسا لە جەنگی جیهانی دووەمدا پاکنووس و سپی کردەوە، دروشمی ئەوەی ڕاگەیاند کە بیتان فەڕەنسایە.

لە سیماکانی پاڵپشتی کڵێسا بۆ خۆسەپاندن و تاکڕەوی، دوورخستنەوە و شاربەدەرکردنی قشە لیۆناردۆ بۆفە – (١٩٣٨) یەکێك بوو لە کەسایەتییە دیارەکانی لاهوتی ڕزگاریخواز لە بەڕازیل، تێدەکۆشا لە پێناو کەم کردنەوەی تەنگوچەڵەمەی کەسانی لێقەوماوی بێ دەرەتان و چەوساوە — دوورخستەوە بۆ فلیپین و بێ بەشی کرد لە بڵاوکردنەوەی هەر کتێب و وتارێك، ئەمەش دوای ئەوەی پاپا بانگهێشتی کرد بۆ ڕۆما، لەسەر هەمان ئەو کورسییە دانیشێنرا، کە جیۆردانۆ برۆنۆ و گالیلۆی لەسەر دانیشێنرابوو، ئەوەی تێبینی کراوە ئەوەیە قەشە بۆف دەستپێشخەری کرد لە سڵاوکردن لەم کورسییە و سوپاسی دادوەرەکانی کرد، کە شەرەفی دانیشتن لەسەر ئەم کورسیەیان بۆ ئەو ڕەخساندووە.

ئەوەی شەرمەزاریە بۆ کڵێسا، ئەوەیە تۆمەتبارکردنی قەشەی ناوبراو، بەهۆی تێکۆشانی بووە لە پێناو چەوساوەکان لە دژی دیکتاتۆریەکان لە ئەمریکای لاتینی.

## ئاگاداری سێیەم:

## جەنگە ئاینیەکان و بەکارهێنانی سیاسیانەی ئایین

ئەوڕوپای خاچپەرست جەنگەکانی تەنها لە دژی موسڵمانان هەڵنەگیرساند، بەڵکو جەنگی خاچپەرستان لە ناو خودی ئەوڕوپاشدا هەبوو، پێش ئەوەی ئەم شەڕ و جەنگانە هەڵبگیرسێنێ لە دژی خۆرهەڵاتی ئیسلامی، ئەم جەنگانە ئەنجام دەدران بە ئامانجی لەناوبردنی هێرتقە دژەڕاکان لە ئایندا و هێنانە ناوەوەی بتپەرستان بۆ ناو نەسرانیەتەوە، ئاینی ڕزگاربوون.

ئەم هەڵمەتانە یەکێك بوون لەو هۆکارانەی زۆرتر بوونە هۆی دوورکەوتنەوە لە ئایین و لادان لێی لە پاش دادگاکانی لێکۆڵینەوە، ئەمەش بەهۆی قەبارەی ئەو دڕندایەتیە و ئەندازەی توند و تیژیە هاودەمەکەی، لەبەردەم شکستخواردووە نەسراینەکان جگە لە قڕ بوون یان گەڕانەوە بۆ سەر ڕێبازی زاڵبوو هیچ دەرەتانێکی تر نەبوو، سەبارەت بە بتپەرستەکانیش ئەوا تەنها دوو ڕێگەیان لەبەردەمدابوو یان بوونە نەسرانی، یاخود سەرپەڕاندن.

بۆ نموونە شارڵمان سەکسۆنی بە زەبری شمشێر کردە نەسرانی، ئەمە لە چەند جەنگێکی خوێناوی توونددا، کە لە دژی سەکسونەکان ئەنجامیدا لە ساڵانی (٧٧٤ – ٧٨٢). هەروەك پاپا پیۆسی پێنجەم فەرمانی دەرکرد بە سەربڕینی گەلی هۆڵەندا، کە بە نزیکەی سێ ملیۆن کەس دەخەملێنران، بەهۆی ئەوەی ڕێبازی پرۆستانتیان گرتبووەبەر، لەبەر ئەوەی دەروازەی گەلانی زەویە نزمەکان تۆکمە و توند بوو، ئەوا بەرگریەکی زۆر بەهێزیان نواند، بە درێژایی شەش ساڵ، بەتایبەت لە دوای بیستنی چارەنووسی گوند و شارەکانی تر، کە خۆیان بە دەستەوەدابوو و چۆن سەریان بڕا بە کۆمەڵ، تەنانەت منداڵانی شیرەخۆر و پیرە لاوازەکانیش ڕزگاریان نەبوو.

قەسابخانەی ئەلبیجینیەکان لە ساڵی ١٢٠٩، نیشانەیەکی ڕیسواکەرە لە تۆماری هەڵمەتە خاچپەرستییەکاندا، فەرمان دەرچوو بە ئەنجامدانی هەڵمەتێکی خاچپەرستی بە ئامانجی لە

سێدارەدانی نزیکەی دوو سەد هێرتقەکار لە یەکێك لە شارەکاندا، کاتێك هەڵمەتەکە نەیتوانی هێرتقەکارەکان لە دانیشتوانی تر جیا بکاتەوە، ئەوا لەم بارەوە پرسیار لە نوێنەری پاپا کرا، ئەویش فەتوای بۆ ئەوان دا و وتی: هەمووان بکوژن بە تێکڕایی، چونکە خوا دەزانێ کامە لایەنگریەتی، بە ڕستە کورتە، بیست هەزار کەسی سڤیل سەریان بڕدرا، بۆ ئەوەی دوو سەد هێرتقەکار دەربازیان نەبێ.

کێ گوێبیستی کوشتارگەکەی سان بارسلمیو لە فەڕەنسا نەبووە؟ ئەمە بەشێکی ترە لە بەشە ڕیسواکاریەکان لە مێژووی کلێسادا. لە شەوی جەژنی قەشەی بارسلمیۆ لە ٢٤ ئۆگستسی ساڵی ١٥٧٢ کاسۆلیکییەکان لە چەندین شوێن لە شوێنە جیا جیاکانی فەڕەنسادا، هەڵسان بە کوشتنی هەزاران کەسی پرۆستانت، ژمارەیان لە نێوان پێنج هەزار بۆ سی هەزار دەبوو.

بەهۆی ناکۆکی توند و دڕندانەی نێوان کاسۆلیك و پرۆستانتەکان، ئەوا لە فەڕەنسا زنجیرەیەك جەنگی ناوخۆیی توند هەڵگیرسان، نزیکەی نیو سەدە (١٥٤٧ – ١٥٩٣) درێژەی کێشا، نزیك لەم زنجیرە جەنگە لە ئینگەلتەراش هەڵگیرسا، بەڵام جەنگی سی ساڵی (١٦١٨ – ١٦٤٨) ناودارترین و جێگیرترینە لە یادەوەریدا، کە بە پەیماننامەی وستفالیا کۆتایی پێهات، ئەمانە زنجیرەیەك جەنگ بوون، زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای ناوەڕاست و خۆرئاوا و باکور تێوەگلان، بە پاساوی ئاینی دەستیان پێکرد، کە خۆی دەبینیەوە لە ناکۆکی کاسۆلیکی لەگەڵ پرۆستانتی، بە شێوەی جەنگ لە نێوان فەڕەنسا و نەمسا کۆتایی هات وەك ناکۆکی لەسەر زەوی و خاك، بۆ ئەوەی وێنەکە وەربگرین بەشێوەیەك قەبارەی کاولکاریەکە پیشان بدات، کە ئەم جەنگە نا هەموارانە لە دوای خۆیان جێیانهێشت، ئەوەندە بەسە ئاماژە بدەین بەوەی لەشکری سویدی لە ئەڵمانیا، هەڵسا بە کاولکردنی دوو هەزار قەڵا و هەژدە هەزار گوند و پێنج سەد شار، واتە نزیکەی سێ یەکی شارەکانی ئەڵمانیای کاولکرد. ڕێژەی دانیشتوان لە ئەڵمانیا، لە سی ملیۆنەوە دابەزی بۆ نزیکەی پازدە ملیۆن و نیو، واتە زیاتر لە نیوەی دانیشتوانەکەی لەناوبردران. بەپێی وتەی ڤۆلتێر، ئەو جەنگانە سێ یەکی دانیشتوانی ئەوروپایان لە ناوبردووە.

## ئاگاداری چوارەم

## فەلسەفە و چاکسازی ئاینی

دەکرێ بوترێ: وەرگرتن و کەڵك بینین لە فەلسەفەکانی یۆنانی و خۆرهەڵاتی، گەشەکردنی فەلسەفەی ماددی بەشێوەیەکی گشتی، یەکێك بوو لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئیلحاد. لە سەرەتادا ئاشتەوایی ئەنجامدرا لە نێوان مەسیحییەت لەلایەك، هەروەها لە نێوان ئەفلاتۆنیەت و ئەفلاتۆنیەتی تازە لەلایەکی ترەوە، هەروەك ئەم دۆخە لە فەلسەفەی قەشە ئۆگستیندا هەیە، بەڵام ئەرستۆ رێگەی خۆی گرتەبەر بەرەو عەقڵی ئەورووپی نێوەندگیر، لە میانەی دزەکردنی بیرۆکەکانی ئیبن سینا و کاریگەربوونی ئەلبێرتی مەزن – مامۆستا توما ئەکوینی – پێی، زیاتر لەمەش لە میانەی زنجیرەی هزرەکانی ئیبن ڕوشد، کە کاریگەرییە مەزنەکەی پیادەکرد لەسەر توماس ئەکوینی – سەرباری سوربونی لەسەر ڕەتکردنەوەی ئیبن ڕووشد وەك نکۆڵی لێکردنی –، زانراویشە بنەمای ئەرستۆییە بۆ هزرەکانی ئیبن سینا و ئیبن ڕوشد، ئەو شوێنانەی تێبینی و ڕەخنەیان لێگیراوە لە هزرەکانی ئەرستۆ زۆرن: یەکەمیان: بۆچوونی ئەرستۆ سەبارەت بە هەربوونی جیهان، واتە بێ سەرەتابوونی جیهان، دواتر نکۆڵی کردنی لەوەی خوا جیهانی لە نەبوونەوە دروست کردبێت – ئەو بیروباوەڕەی کە سێ ئاینە شوێنکەوتووەکانی یەکخواناسی لەسەر ڕێکەوتوون – ئەمەش نکۆڵی کردنە لەوەی ئەفلاتونی مامۆستاکەی بەشداری تێدا کردووە، هەروەك ئەرستۆ – بە پێچەوانەی ئەفلاتۆن – نکۆڵی دەکات لە چاودێری خوایی، بەوەی باوەڕی وایە خوا جیهانی دروستکردووە و دواتر فەرامۆشی کردووە، تا بە خۆی خۆی ببات بەڕێوە، خوا سەرقاڵ بووە بە ڕامان لە خودی خۆیدا، لێرەوە ئەرستۆ ڕووبەڕووی بەرهەڵستیەکی توندی پیاوانی ئاینی بووەوە لە سەردەمی ناوەڕاستدا تا ئاستێك ئەلێکساندەر نیکم (١١٥٧ – ١٢١٧) وەسفی فەلسەفەی ناوبراوی کردووە، بەوەی تەنها مەسیحی دەجال دەتوانێ لێی تێبگات و بەکاری دەهێنێ دژی باوەڕداران.

لەوانەیە واگونجاو بێ سەرەنجی ئەوە بدرێ کە کێشەکە لە خودی فەلسەفەکەدا نییە وەك پەیڕەو کە ڕێباز نییە، پێویست و مەرج نییە فەلسەفە دژی ئیمان بوەستێتەوە، بە ئەندازەی ئەوەی لە ئیماندا هەیە، کاتێك خۆی بەشێوەیەکی نا ژیرانە دەخاتەڕوو، بەمەش هەموو فەلسەفەیەکی عەقڵانی ناچار دەبێ دژی بوەستێتەوە، لێرەدا هەمان ئەم شتە لەگەڵ مەسیحییەت ڕوودەداوە.

چاکسازی ئاینی، خۆی لە خۆیدا یەکێك بووە لە هۆکارەکانی ئیلحاد. زۆری ڕێبازەکان لە یەك ئایندا، یەکتر کافر کردن، تێوەگلانیان لە ناکۆکی بەردەوام کە ئاستی هەرە نزمی ڕەوشت بەرزی و بەهای میهرەبانی و لێبوردەیی و پەسەندکردنی بەرامبەر بکرێنە قوربانی، بەشێوەیەك کە پاساو بە پێشێلکردنی: ژیان و شەرەف و ئازادی و کەل و پەل و موڵکەکانی مرۆڤ بدات، هەموو ئەمانە دەکرێ پاڵ بە خەڵکەوە بنێن – ئەگەر دوای ماوەیەکیش بێت – بۆ گومان هەبوون لە سودی ئاین و ڕاستی و حەقیقەتی پەیامەکەی لە ژیاندا، پرسیارکردن سەبارەت بەوەی ئایا خوا ڕازییە بەم هەموو پێشێلکردنەی دەکرێتەسەر ئادەمیزاد، کە لە ناخی خۆیدا ئەوە بەدی دەکات کە بە ئاڕاستەیەکی میهرەبانتر و بەرزتردا بڕوات، دواتر ڕەخنە لە خوایەك دەگرێ کە بۆ جاری هەزارەم – لە ڕێگەی نوێنەر و بریکارەکانی لە پیاوانی ئاینی خاوەن ڕاستییە ڕەهاکان و هەڵگرانی کلیلەکانی بەهەشت – خوایەکە شایستەی ئەو ئادەمیزادییە نییە، کە بەرز و باڵاترە لێی.

## کۆتایی:

ئەگەر شوێن و خاڵێك هەبێ بۆ پەند وەرگرتن – لەوەی لە ئەوڕوپا ڕوویدا – کە موسڵمانان سوودی لێ ببینن، ئەوەیە درك بەوە بکەن ئەگەر ئایین بە بەردەوامی باڵادەستی ڕەوشتی خۆی بەرامبەر ئەوپەڕی خواستە گەردوونیەکانی مرۆڤی داهێنەر نەسەلمێنێت لە کورتهەڵاتووە ڕەگەزی و زمانی و ئاینیەکان، ئەوا نزیك یان دوور ڕۆژێکی بەسەردادێ – قەلۆش بووە، چیتر لە توانایدا نابێ شتێك بسازێنێ و ئامادە بکات کە وەڵامگۆی حەز و خولیاکانی مرۆڤ بێ، هیچی لەبەردەمدا نامێنێ جگە لەوەی تکا بۆ مانەوەی ژیانی خۆی بکات و مۆڵەت وەربگرێ بۆ مانەوە لە جیهاندا، مادەم خۆی بە جێگای نیاز نەبینێ لە هیچ شتێکی بەسوودا.

لێکۆڵینەوە لە ئەوڕوپا ئەوە فێری هەمووان دەکات کوژرانی ئاینی خۆی دەبینێتەوە لە گرتنەبەری یاخی بوون و ستەمکاری، سەرباری پیادەکردن و قۆرغکردنی، هەروەك لە ڕق و توووند هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ عەقڵ و دژایەتی کردنی زانستیشدا خۆی دەبینێتەوە، بەهەمان شێوە لە نمایشکردنی ئایین لەلایەن کەسانێکی خاوەن خولیای دەسەڵات و زاڵبوون، لە جیاتی ئەوەی خولیای ئەوەیان هەبێ مرۆڤ بەرز بکەنەوە لە ڕووی ڕۆحیەوە، بەشێوەیەك کە قوڵایی بە بوونی ببەخشێ، جگە لەم پەیوەندیە تایبەتە بە ئاسمانەوە فەراهەم نەکات، لە میانەی ئەزموونی ڕۆحی دەگمەن و دەوڵەمەند، کە بەرجەستەبوونەکەی دەبینرێتەوە لە خۆشویستنی زیاتری ئەوانی تر و کارکردن لەسەر چاکەیان و هەستکردن بە کامڵ بوون لەگەڵیان لە میانەی مانای یەکێتی ئادەمیزادیدا.

## بەشی دووەم

## بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکان

## ( بەڵگەی سیستەمی گەردوونی )

## بەندی یەکەم

## کێشەی مولحیدان و وەڵامدانەوەی

## باسی یەکەم

## چەند  پێشەکییەکی گشتی

## دەروازەی یەکەم:

## دەربارەی ڕەوایی ئەم توێژینەوەیە

## کێشەی ئاڕاستەکردنی توێژینەوەکە

پێش ڕۆیشتنە ناو کرۆکی بابەتەکەمان، وا باشە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە پێشتر سەرنجی لەبارەوە درا:

### کێ پێویستە بەڵگەی خۆی بخاتەڕوو: باوەڕدار یان مولحید؟

لەبەر ئەوەی هەندێك لەباوەڕداران ڕاهاتوون لەسەر داواکردن لە مولحیدان بە هێنانەوەی بەڵگەی خۆیان لەسەر ڕەتکردنەوەی بوونی خوا. لە ڕاستیدا ئەمە پێچەوانەی ئەو بنچینە و یاسایەیە کە وادەخوازێ بەڵگە و ڕوونکردنەوە لەسەر بانگەشەکارە، هەروەك بنچینە لە شتدا نەبوونیەتی، تا بوونەکەی دەچەسپێ. پێشتر بینیمان ئەنتۆنی فلو[1] بۆ جاری یەکەم تۆپەکەی فرێدایە ناو یاریگەی باوەڕداران، داوای لەوان کرد بەڵگە بخەنەڕوو لەسەر بوونی خوا، لە جیاتی ئەوەی داوا لە مولحیدان بکەن بە بەڵگە هێنانەوە لەسەر ڕەتکردنەوەی بوونی خوا.

هەر بۆیە دەستدەکەین بە خستنەڕووی بەڵگەکانی ئیمان، هەر لەم چوارچێوەیەشدا کێشە و بەڵگەکانی مولحیدانیش دەهێنینەوە بۆ ئەوەی وەڵامیان بدەینەوە.

---

[1] ئەنتونی فلو (١٩٢٣ - ٢٠١٠)، فەیلەسوفێکی بەریتانیە، یەکێك بوو لەوانەی بە توندترین شێوە بەرگری دەکرد لە ئیلحاد تا ساڵی ٢٠٠٤، ئەو کاتە پاشگەزبووەوە لە مولحیدایەتی خۆی و باوەڕ هێنانی بەخوا ڕاگەیاند، تەمەنی ناوبراو لە کاتی باوەڕ هێنانی ٨١ ساڵ بوو، بە باوەڕدار بوون بە خوا مرد.

## ڕوانینێك لە گۆشەیەكی جیاوازەوە

فەیلەسوفی ناوداری ئەمریکی ویلیام جەیمس()، دامەزرێنەری فەلسەفەی براگماتیەت وتەیەكی هەیە، ناوەڕۆكەكەی ئەوەیە هەندێك جار مرۆڤ دوو بژاردەی لەبەردەمدا یەكسان دەبن، بۆیە لە یەكلاكردنەوە دەوەستێت، بەمەش بە تەواوی پشت لە پرسەكە دەكات. بەڵام ئەمە هەموو دەمێك ڕوونادات، هەندێك جار مرۆڤ خۆی بە ناچار دەبینێ بۆ ئەوەی ڕای خۆی دەرببڕێ، ئەگەر پاساوە لۆژیكییەكان بەس نەبن، ئەوا پەنا دەباتەبەر پەسەندكەرە ویژدانیەكان، بە زمانی ئاین واتە پرس بە دڵی خۆی دەكات.

ئەم هێزە ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ زۆر زیاتر لەوەی بە خەیاڵ دادێ. زۆربەمان بە سۆز نەوەك بە لۆژیك بۆچوون و پرسەكانی یەكلا دەكاتەوە. قورئان لەو شوێنە زۆرانەی كە قسەی لەبارەی دڵ كردووە، ئەوا دوو ئەركی دەداتە پاڵی: ئەركی عەقڵ و ڕامان لەلایەك، لەگەڵ ئەركی هەست و ویژدان، ئەمەش سەرنجراكێشانە بۆ ئەو ئاڵۆزیەی پرس و باسەكە هەیەتی، مرۆڤ بوونەوەرێكی لۆژیكی تەواو یان بوونەوەرێكی تەواو ویژدانی نییە، بەڵكو بوونەوەرێكی ئاڵۆزە. لە بیر سادەییەوەیە گومان ببرێ بەوەی دەكرێ داوا لە مرۆڤ بكرێ پوخت ببێتەوە بۆ عەقڵ و لۆژیك، زیاتر بە بەردێك بچێت، ئەمە بەپێی گوزارشتی زانای زیندەوەرزانی مەزن چارڵس داروین.

---

() ولیام جەیمس (١٨٤٢ – ١٩١٠)، فەیلەسوفێكی ئەمریكی و دامەزرێنەری فەلسەفەی براگماتیەتە، هەروەك بە دامەزرێنەری زانستی دەروونزانی ئەمریكی دادەنرێ. لە كتێبەكانی: ویستی باوەڕ هێنان، بنەماكانی دەرونزانی، براگماتیەت.

## • بژاردەکانی ولیام جەیمس

بە گەڕانەوە بۆ ولیام جەیمس کە لە کتێبەکەیدا (ویستی باوەڕهێنان) بەشێوەیەکی سەرپشکانە ناوی یەکێك لە گریمانەکان یەکلا دەکاتەوە، ئینجا هەڵبژاردنی بۆ چەند جۆرێك دابەشکردووە، هەڵبژاردن یان:

زیندووە یان مردوو

ناچارییە یاخود دەکرێ خۆی لێ لابدرێ گرنگە یان بێ کەڵکە، جەیمس بانگەشەی بژاردەیەکی ڕاستەقینەی کرد، کە خەسڵەتی ژیان و پێویستی و بایەخداری تێدابێ.

## • بژاردەی زیندوو یان مردوو

ئەمە هەڵبژاردنە لە نێوان دوو بژاردەی زیندوو، واتە: هەر دووکیان شیاوی ڕاست دەرکەوتنن، تاکێکی خۆرئاوایی سەرپشك کردووە لە نێوان ئەوەی سیۆسۆفی یان موسڵمان بێ، ئەمە وەك سەرپشك کردنێکی مردوو، بەپێچەوانەی سەرپشك کردنی لە نێوان ئەوەی مەسیحی یان نەزانمگەرا بێ، بەهۆی ئەو کەلەپورەی لەسەری پێگەیشتووە. ئەمە نموونەیەکە خودی جەیمس هێناویەتیەوە.

بە جێبەجێکردنی ئەم وتەیە لەسەر بابەتی بوونی خوا، دەکرێ بوترێ: هەڵبژاردن لە نێوان باوەڕ بەخوابوون و نکۆڵی کردن لە بوونی خوا، بریتییە لە سەرپشك بوون لە نێوان دوو گریمانەی زیندوو، لەگەڵ هۆشداریدان سەبارەت بەوەی بژاردەی یەکەم زیندوویێتی زیاتری هەیە بە چەند قۆناغێك لە بژاردەی دواتر — کە لە هەندێك کەلتوردا لە لێواری مردندایە —، بە لەبەرچاوگرتنی کەلتورە باوەکان لە زۆربەی کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکاندا.

## • بژاردەی ناچاری و ئەو بژاردەیەی دەکرێ خۆی لێ لابدرێ

ئەم جارە بە خۆم نموونەیەك دێنمەوە: ئەگەر پێت وترا: یان دەبێ چای سەوز بە شەکر بخۆیتەوە، یان دەبێ بەبێ شەکر بیخۆیتەوە، ئەوا من بژاردەیەکی ڕاستەقینە ناخەمە بەردەمت، چونکە ناچاری نییە، بەڵکو دەکرێ خۆی لێ لابدرێ، بەڵکو دەکرێ خۆتتی لێ لابدەی و ڕابگەیەنێ کە لە بنەڕەتدا ناتەوێت چای سەوز بخۆیتەوە.

ئەگەر ئەم مانایەمان جێبەجێکرد لەسەر پرسی بوونی خوا، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ سەرپشك بوون لە نێوان باوەڕبوون بە خوا و باوەڕ پێنەبوونی، جۆرێکە لە سەرپشکبوونی ناچاری، بژاردەی سێیەمی بۆ نییە، تەنانەت نازانمگەرایی دەبێ لە کۆتاییدا بخرێتە ناو چوارچێوەی باوەڕ نەهێنانەوە.

## • بژاردەی گرنگ و بژاردەی بێ کەڵك

بژاردەی گرنگ، واتە تاکە هەلێك یان هەلێکی زۆر دەگمەن هەیە، شوێنەواری بایەخداری لەسەر کەڵکە دەبێ، ئەگەر سەرکێشی بکەیت بە لە دەستدانی، ئەوا تا هەتایە لە دەستت دەچێ. لەوانەیە بژاردەکە زیندوو و ناچاری بێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گرنگ نەبێ، بۆ نموونە پێت باش بێ لە خانوێکی گەڕۆك لەسەر شەقامەکان نیشتەجێ بیت، ئەمە بژاردەیەکی زیندووە، مانەوە لەم خانووە تایبەتە هەڵبژێریت، بەهۆی شوێنەکەی لە ناو شاردا و خەسڵەتە ناوەکییەکانی بەسەر خانووێکی تر، لە دۆخێکدا توانا ماددییەکانت مۆڵەتت پێ نادەن بە مانەوە لە زیاد لە خانووێك، یان ئەو خانووە یاخود ئەوەی تر، ئەمەیان بژاردەیەکی ناچارییە، لەگەڵ ئەمەدا گوزارشت ناکات لە تاکە هەلێك، کە شیاوی قەرەبوکردنەوە نەبێ، بە بەڵگەی ئەوەی ئێمە زۆر شوێنی نیشتەجێ

بوونمان دەگۆڕین بێ ئەوەی ئەمە ئاکامی کارەساتبار بەسەر ژیانماندا بهێنێ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ئەم بژاردەیە لە چوارچێوەی بژاردە گرنگەکان نییە.

سەبارەت بە بژاردەی زیندوو و ناچاری و گرنگ، وەك ئەوەیە موسڵمان سەرپشك بکەین لە نێوان ئەوەی مەزهەبگەرا یان نا مەزهەبگەرا بێ، ئەمە سەرپشك کردنی تۆیە وەك موسڵمان لە نێوان دوو گریمانەی زیندوو، دواتر ئەمەیان سەرپشکبوونێکی ناچارییە، ناکرێ خۆتی لێ لابدەی، بار و حاڵەتی سێیەم لە نێوان ئەم بژاردەیەدا نییە، دواتر ئەمە لە سایەی کەلتوری باوی ئیسلامیدا، کە بەگشتی دەچێتە ژێر چەتری دابەشکاری، بژاردەیەکە دەرەنجامی گرنگی لێ بەرهەم دێن لە ژیانێکی سەختدا، ڕاستە گرنگیەکی وەك گرنگی هەڵبژاردن نییە لە نێوان باوەڕداربوون و بێ باوەڕ بوون، لەوانەیە مرۆڤ بە ژیانی خۆی باجەکەی بدات – بەلایەنی کەمەوە لە هەندێك کۆمەڵگەدا – کاتێك بێ باوەڕی هەڵدەبژێرێت. شتێکی ڕوونە هەڵبژاردن و سەرپشك بوون لە نێوان ئیمان و ئیلحاد، هەڵبژاردنێکی زیندوو و ناچاری و گرنگە، بەڵکو دەکرێ ببێتە نموونەی باڵا لە جیهانی ئەمڕۆی موسڵماناندا.

لەسەر ئاستی خوێندنی قوتابخانەیی، بژاردەی ئەوەی بخوێنی یان نەخوێنی، واتە بچیتە قوتابخانە یان نا، بژاردەیەکی زیندووە، دواتر لە سەر ئاستی خوێندنی ناوەندی هەڵبژاردنی ئەوەی بچیتە لقی زانستی یان وێژەیی، ئەوا هەڵبژاردنێکی ناچارییە، سەبارەت بە خوێندنی زانکۆیەکەشت هەمان شت بڵێ، سەبارەت بە هەڵبژاردنەکەت لە دوای دەرچوونت، بەوەی کار بە بڕوانامەکەت بکەی لە کارێکی نایابی نمایشکراو بۆ ماوەیەکی کورت یان ڕوو بکەیتە بازاڕی کار، دوور لە کاری فەرمانبەری، ئەوا ئەمە دەچێتە بازنەی هەڵبژاردنە گرنگەکانەوە.

ئێستا پێویستمان بە بیرکردنەوەی زۆر یان زیرەکی زیاترە، بۆ پەیی بردن بەوەی هەڵبژاردنی ئیمان یان بێ باوەڕی، هەڵبژاردنێکی ڕاستەقینەیە، هەموو مەرجەکانی هەڵبژاردنی ڕاستەقینەی تێدا دێنەجێ: ئەمەیان هەڵبژاردنێکی زیندوو و ناچار و زۆر گرنگە.

ئەگەر ئەمە ڕوون بووەوە، ئەو بەهۆی ئەمەوە و لەگەڵیدا گرنگی خستنەڕووی بابەتەکەمان و پێدانی بایەخی شایستە ڕوون دەبێتەوە، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو گریمانەیەی هەڵبژاردنی من یان هەڵبژاردنەکەت دەکەوێتەسەری، ئیمان یان ئیلحاد بێ، ئەمە پرسێکی ترە، چەقی ئەم بابەتە دوور و درێژ و ماندووکەرە پێکدێنێ. ڕاستی ئەم هەڵبژاردنە هەڵوێستی نەزانمگەراکان – کەمینەیەکی تێبینی نەکراون – بە گەوجانە دادەنێ، ئەوانە پێیان وایە کەم و زۆر ئەم بابەتە پەیوەندی بەوانەوە نییە، پێشیان وایە توانای بەرپاکردنی ناخ و بەردەوامیدان بە ژیانی خۆیان هەیە، بێ ئەوەی بۆی بگەڕێنەوە و هەڵوێستەی لەسەر بکەن، شتێکی سەیرە هاووێنەی ئەمانە لە بێ دەنگ بوون لە جێگەیەکدا کە دەنگی گەورە فەیلەسوف و شاعیر و لاهوتی و زانایان دەنگی داوەتەوە، چ بە دانپێدانان یان نکۆڵی کردن بێ!

## دەروازەی دووەم

# چوارچێوەی مەعریفی هزری خوایی

## واقیعییەت و هەڵوێستی[1] خواگەراکان لەبارەیەوە

هەڵوێستە فەلسەفییەکان جیاوازن سەبارەت بە ڕاڤەی بوون. یەکەمیان هەڵوێستی نموونەگەراییمان هەیە، ئەویش یان فەلسەفییە یاخود ڕەوشتی.

هەڵوێستی نموونەگەرایی فەلسەفی – هەندێکیان وا پێیان باشتر بوو ناوی بنێن خەیاڵی یان ئەندێشەیی –، ئەوەیە داننانێ بە ڕاستیەکی واقیعی یان دەرەکی بۆ هەر شتێك لە دەرەوەی هۆش و ژیری مرۆڤ. جا ئەو بوونەوەرانەی ڕاهاتووین وەسفیان بکەین بەوەی شتی بەرهەستن، ئەوا تەنها بریتین لە بیرۆکە لە ناو عەقڵەکانماندا. "بارکلی" گوزارشتی لەم مانایە کردووە بەم وتەیەی: بوونی شت، بریتییە لە درك پێکردنی، ماناکەی لە هەر کوێیەك بێ ئەوا درکی پێ دەکرێ، هەڵوێستی نموونەگەرایی هەڵوێستێکی ڕاستەقینە نییە لە ئاوێتەبوون لەگەڵ پرسەکە، کەسی نموونەگەرایی لە کۆتایی ڕێگاکەدا، ناچارە بوونی هۆش و خود و ژیری خۆی ڕاڤە بکات، ئەمە تەنها لە سنووری هۆشی ئەودا کورت نابێتەوە، بەڵکو دەپەڕێتەوە بۆ هەموو هۆشەکانی تر. لەبەر ئەوەی هەندێك لە نموونەگەراکان، درکیان بەم کۆسپە کردووە، ئەوا دوودڵ نەبوونە لە دەربڕینی ڕاشکاوانە باوەڕیان بەوەی هێزی ژیری درك پێکەر بە شتەکان، لە خودی خۆیدا تەنها وێنەی ژیری و عەقڵێین.

لە بەرامبەر نموونەگەراییدا، ئەوا ئاڕاستەکانی واقیعیگەرایی بە فرە جۆرەکانیەوە وەستاون، واقیعیگەرا داندەنێ بە ڕاستی و خودی شتەکان، بەشێوەیەکی سەربەخۆ و جیاواز لە درك کردنی

---

[1] دەقە عەرەبیەکە بەم شێوەیەیە: (الواقعية وموقع الإلهيين منها) بەڵام مەستدەکەم هەڵەیەکی چاپی تێدایە، و (موقع) نییە، پێم وابێ (موقف)ە. بۆیە من بە هەڵوێست دامناوە (وەرگێڕ).

ئەوەی درکی پێدەکرێت، ئەمە مانای واقیعی بوونی شتەکانە. هەر بۆیە واقیعییەکان پێناسەی زانین و مەعریفە دەکەن بەوەی ڕەنگدانەوە جیهانی دەرەکییە لەسەر هۆش یان ژیری و عەقڵ.

مەرج نییە کەسی مولحید، نموونەگەرا یان واقیعی بێ، بە هەمان شێوە باوەڕداریش، لە نێو ڕیزی نموونەگەراکان کەسانی باوەڕدار هەبوونە، بە هەمان شێوە کەسانی مولحیدیش بوونیان هەبووە، بندێتو کروشە بۆ نموونە مولحید بوو، هەر چەندە نموونەگەراش بوو، هەروەك باوەڕداران لە ڕێچگەی واقیعیگەراکاندا بوونە، وەك چۆن مولحیدانیش بەهەمان شێوە لە هەمان ڕێچکەدا هەبوون.

لەبەر ئەوەی زۆربەی مولحیدە ماددەگەراکان، واقیعیگەرا بوونە، ئەوا واقیعیەت زیاتر مولحیدەکانی لەخۆگرتووە لە نموونەگەراکان. ماددەگەراکان — بە جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە — باوەڕیان بە بوونی شتەکان هەیە لە دۆخ و واقیعی دەرەکیدا، پێیان وایە ماددە ڕەسەن و بنچنەیە، هەموو شتێك بە ماددە ڕاڤە دەکەن، بە عەقڵ و ویژدانیشەوە. لەگەڵ ئیمان و باوەڕی ماددەگەراکان بە پێویستی بوونی هۆکارە بکەرەکان، بۆ ڕاڤەی گەردوون، ئەوا ئەوان ئەم هۆکارانەش لە جیهانی سروشتدا کورت دەکەنەوە، نایگێڕنەوە بۆ دەرەوەی سنووری سروشت، چونکە پێیان وایە هۆکارە سروشتییەکان بەسن لە ڕاڤەی بووندا، جا بۆچی گریمانەی چەند هۆکارێك بکرێ لە دواوەی، بەهۆیەوە لە سنووری جیهانی سروشتدا بچێتە دەرەوە؟

بەڵام — لە بەرامبەر ماددیدا — ئایا فەیلەسوفی خواگەرا نکۆڵی لە واقیعی بوونی شتە ماددیەکان دەکات؟ ئایا نکۆڵی لە هۆکارە ماددیەکان دەکات؟ نا نکۆڵیان لێ ناکات، چونکە پێی وانییە ناچارە بۆ ئەوەی نکۆڵی لێ بکات، بەم پێیە ئەو کەسێکی ماددییە، بەڵام بەوە لە کەسی ماددەگەرا جیا دەبێتەوە، بەوەی ناوەستێت تەنها لەلای هۆکارە ماددیەکان، بەڵکو بۆ دوورتر لەمە دەچێت و دان دەنێت بە هەندێك هۆکار لە سەرووی سروشتەوە.

ئەگەر ئەمە ڕوون بووەوە، دەتوانرێ درك بەوە بکرێ، کە ئاڕاستەی زاڵ بەسەر زانستی نوێدا، بریتییە لە ئاڕاستەی ماددەگەرایی پوخت، کە پاڵی پێوە دەنێ نکۆڵی بکات لە کەمترین ئاماژە بۆ

هۆکاری سەرووی سروشتەوە، ئەمە دەچێتە چوارچێوەی زانستی ساختەوە، هەوڵی ئەوەی تێدا بەدیدەکرێ زانست لە ناوببردرێ و تەلارەکەی بڕوخێنرێ و پەیڕەوەکەی تێکەڵ بکرێ بەشتی نامۆ. گومان لەوەدا نییە ئەم سوربوونە لەسەر داخستنی بازنەی پەیڕەوی زانست بەم شێوەیە، ئەوا پاڵپشتیکەری ڕەوتی زانستگەراییە، کە پێی وایە زانست بەسە بۆ ڕاڤەی هەر دیاردەیەك لە دیاردەکان، سڕینەوەی هەر هەوڵێك بۆ تێگەیشتن و ڕاڤە لە دەرەوەی سنووری زانست، ڕزگاربوون لە دەرەوەی زانستدا نییە.

ئایا مرۆڤ تەنها بە زانست دەژیەت؟ ئایا بەڕاستی زانست دەتوانێ ڕاڤەی هەموو دیاردەکات بکات، تەنانەت ئەو دیاردانەش کە وا دەردەکەون سەر بە جیهانی تر بن، بە بەڵگەی ڕۆیشتنی ئەم دیاردانە لە سەرەتاوە لە ڕێچکەیەکی تێکگیراو، لەگەڵ داخوازیەکانی یاسای سروشتی ماددی؟ ئایا زانست ئەوپەڕی سنووری عەقڵی مرۆڤە؟ یان ڕووێکە لە ڕووەکانی عەقڵی مرۆیی و لایەنێکە لە لایەنەکانی هۆشیاری مرۆیی، ڕێگەیەکە لەو ڕێگەیانەی مرۆڤ دۆزیویەتیەوە لە تێگەیشتن لە بەشێك لەوەی دەگوزەرێ لە دەوری ئەو لەم جیهانەدا؟

## • تایبەتمەندی پرسەکانی خواناسی

دەکرێ پرسەکانی ژێر لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون — بەپێی ئەو لایەنەی سەختی تێدا دروست دەبێ — بۆ دوو جۆر دابەش بکرێن:

جۆری یەکەم: ئەو پرسانەی سەختەیەکە لە وێناکردنیان خۆی نابینێتەوە، وەك: پرسە بیرکارییەکان، بەڵکو سەختی ئەم پرسانە لە کاتی هەوڵدان بۆ شرۆڤەکردنیان دەردەکەوێ.

جۆری دووەم: بەپێچەوانەی جۆری یەکەمن، ئەو پرسانە سەختیەکەیان خۆی لە شرۆڤەکردنیاندا نابینێتەوە، بەڵکو لە وێناکردن و ئەندێشەکردندایە، شرۆڤەکردنیان ئاسانە بەڵام دوای چاك وێناکردن و ئەندێشەکردنیان.

شتێکی شاراوە نییە پرسە فەلسەفییەکان سەر بە جۆری دووەمن، لەبەر ئەوەی سەختیەکەیان — لەوانەیە هەندێك جار سەربکێشێ بۆ گرێ کوێرە — لە ئەندێشەکردن و دواتر وێناکردنیان خۆی دەبینێتەوە.. ئەم مانایە زۆر بەڕۆشنی لە پرسی چەسپاندنی بوونی خوا دەدرەوشێتەوە.

شتێکی تێبینی کراوە لە دونیای هزردا: ئەو پرسیارانەی دەخرێنەڕوو، دواتر وەڵامی هەڵەیان لەبارەوە دەدرێتەوە، هەر دەمێنێ و دەگەڕێتەوە و دووبارە پرسیارەکە دەکرێتەوە، واتە: خەڵك دەست هەڵناگرێ لە پرسیارکردنی ئەم پرسیارانە و داواکردنی وەڵامەکەی.

هەروەك دەوترێت: ئەو پرسیارانەی لە سەرەتادا بە هەڵە دەکرێن، ئەوا بە بەردەوامی ئەم پرسیارانە هەر دەکرێن، ناڵێین: ئەم پرسیارانە دەکرێن تا وەڵامی دروستیان دەدرێتەوە، چونکە هاووێنەی ئەم وەڵامەی دەست ناکەوێت. بۆ نموونە وەك سادەکردنەوە، پرسیارێکی هاوشێوە: بۆچی بەردەکان زیاد ناکەن، مادەم لە سەرەتاوە ڕەت ناکرێتەوە و ئاگاداری پرسیارکەرەکە ناکرێتەوە بەوەی ئەمە پرسیارێکی بێ مانایە، ئەوا ئەم پرسیارە هەر دووبارە دەبێتەوە بەبێ ئەوەی وڵامی هەبێ. بۆ نموونە ئەم پرسیارەش: دراوسێ چەند میرات لە دراوسێ دەگرێ؟ هەموو

ئەو هەولانەی دەدرێن بۆ دیارکردنی ئەندازەی میراتگرتنی دراوسێ لە دراوسێ، ئەوا بە بێ ئەنجامی دەمێنێتەوە، چونکە دراوسێ میرات لە دراوسێ ناگرێ تەنها بە ناونیشانی دراوسێتی.

ڕێسای چەسپاو بە دەق ئاماژە بەوە دەکات: حوکم دان لەسەر شتێك، بەشێکە لە وێناکردن و ئەندێشەکردنی، ئەندێشەکردنی شتەکە بەشێوەیەکی ڕاست و ورد، شتێکە لەوپەڕی گرنگیەوە بۆ سەرکەوتن لە چارەکردنی.

پرسی چەسپاندنی خودی خوا، یەکێکە لەو پرسانەی زۆر خەڵك لە وێناکردنیدا دەکەونە هەڵەوە. لەوانەیە هەڵوەستە بکەین لەسەر چەند هەڵەیەکیان لەم بارەوە.

## سەرنجێك لەسەر جۆری بەڵگەکان لەسەر بوونی خوا

لێرەدا سەرنج دەخەینەسەر ئەوەی بەڵگەکانی ئەوانەی باوەڕیان بە خوا هەیە[1]، فرە جۆرن، بەڵگەی فەلسەفی و بەڵگەی زانستی نیمچە فەلسەفی، سەربارى ئەو بەڵگەیەی کە سەرچاوەی گرتووە لە چاکێتی خودی، وەك بەڵگەی سۆفییەکان، لە ئەهلی کەشف و زەوق و پلەوپایەکان.

لە ڕاستیدا شتێکی هەڵەیە قسە بکرێت لەسەر بەڵگە زانستییە پوختەکان، چونکە دەرهاویشتە و بەرهەمی زانستی بە تەنها نابێتە بەڵگە، تا پشت نەبەستێ بە فەلسەفە، بەمەش دەبێتە بەڵگەیەکی زانستی نیمچە فەلسەفی. ئەوەی ئەمە ڕوون دەکاتەوە ئەوەیە زانست بە سروشت و پەیڕەوی خۆی، لە ئاست هۆکارە سروشتییەکان دەوەستێت، بێ ئەوەی بپەڕێتەوە بۆ ئەودیوی هۆکارە سروشتییەکان، ئەگەر کەسی زانا یان بەڵگە هێنەرەوە بە ڕاستییە زانستییەکان، ویستی هەنگاو بنێ بۆ ئەودیوی سروشت، ئەوا سنوور و سیفەتی خۆی بەزاندووە، لەم قۆناغەدا بووەتە فەیلەسوف یان نیمچە فەیلەسوف، هەر زانایەکت بینی پاڵی دابێتەوە بە ڕاستییە

---

[1] () بە دڵنیایەوە بەڵگەی دیکەش هەن، وەك بەڵگەی سروشت (فیتڕەت)، دواتر قسەی لەسەر دەکەین.

زانستییەکان بۆ ئەوەی دەستوەربداتە ئەودیوی سروشت – چەندە نموونەی ئەم کەسانەمان بینیوە، وەك: نیوتن، ئاینشتین، ئارسەر ئیدنگتون، جەیمس جینز، شرودنغر، هایزنبرغ، بول دیفیز، زۆرێکی تر جگەلەوان – ئەوا بزانە ئەو ئێستا بە وەسفی زانا قسە ناکات، بەڵکو بە وەسفی فەیلەسوف دەدوێت.

بەو بەڵگەیە دەست پێدەکەین کە زۆرێك بینیویانە، بە درێژایی سەردەمەکان[1] بەهێزترین بووە و ئێستاش لە هەمووان ڕوونترە، مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لێی پێویست ناکات ببێتە فەیلەسوف یان زانایەکی بەرز. بەهۆی بەهێزی و تۆکمەیی ئەم بەڵگەیە، ئەوا ئاسان نەبووە بە هیچ شێوەیەك بەرهەڵستی بکرێ و هەڵبوەشێنرێتەوە، هەروەك کەسانێك کە باش وێنایان نەکردووە و لێی تێنەگەیشتوون وا خەیاڵیان دەکرد، یان هەندێك کەس وا خەیاڵ دەکەن کە ویستی ئیلحاد هانی ئەوانیداوە نکۆڵی و بەرهەڵستی بکەن.

---

() وەك (L' Hermenenier) کە بیر بایل لە فەرهەنگە مێژوویی و ڕەخنەیەکەیدا هەواڵی لەبارەوە پێداوین، چوار بەڵگەی تێکشاندووە لەو پێنج بەڵگانەی تۆماس ئەکوینی خستیەڕوو لەسەر بوونی خوای مەزن لە (پوختەی لاهوتیەکەی)دا، بەڵام ملکەچی بەڵگەی پێنجەم بووە، ئەویش بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکانە، برتراند راسەل هەر چەندە ڕاهاتبوو لەسەر تاوتوێکردنی بەڵگەکانی بوونی خوا بە سوکایەتی و لەخۆبایی بوونەوە، ئەویش بەهەمان شێوە ناچاربوو بۆ دانان بە بەهێزی بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکان، بەڵام بۆچوونی وابوو تیۆری پەرەسەندنی ئەندامی ڕووبەڕووی دەبێتەوە، بەهەمان شێوە ئەنتۆنی فلۆ لە کۆتایی ژیانیدا پاشگەزبوونەوە لە ئیلحاد و پشتیوانی کردن لە بەڵگەی نەخشەدانانی زیرەك ڕاگەیاند، ئەمەیان گوزارشتێکی سەردەمییە بۆ بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکان یان بەڵگەی ئامانجداری.

# باسی دووەم

## سەرنجێکی پوخت لەسەر بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکان (بەڵگەی سیستەمی گەردوونی)

### دەروازەی یەکەم:

### خستنەڕووی بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکان

### ناساندنی بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکان

ئەو بەڵگەیە لە ئەدەبیاتی لاهوتیدا – چ زانستی کەلامی ئیسلامی یان لاهوتی جولەکایەتی یاخود نەسڕانیەت –  بە بەڵگەی چاودێری ناسراوە – ئەمەیان ناولێنانێکی سەرکەوتوو نییە، هەروەك دەبینین – یان بە بەڵگەی ئامانجداری یان بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکان ناسراوە. لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم بەهۆی ئاماژەی زانستی زیاتر لەوەی فەلسەفی ناوێکی هاوچەرخی وەرگرت، ئەویش بەڵگەی نەخشەسازیی زیرەك بوو[1]. دواتر هەڵوەستە دەکەین لەسەر چەند جیاوازیەکی کەم کە نەخشەدانانی لە ڕێساکان جیادەکاتەوە.

ئیسلامییەکان وتەیەکی ناسراویان هەیە سەبارەت بەم بەڵگەیە، لە ژێر ناونیشانی بەڵگەی چاودێری یان بەڵگەی ئامانجداری، هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا تۆما ئەکوینی – لە جیهانی نەسڕانیدا – پشتی بەستبوو بەم بەڵگەیە، وەك پێنجەم بەڵگەی خۆی، کە خستبوویەڕوو لەسەر بوونی خوای مەزن لە پوختەی لاهوتیەکەیدا. لەساڵی ١٨٠٢ز لاهوتگەرای ئینگلیزی ویلیام بیلی (١٧٤٣ – ١٨٠٥) کتێبە ناودارەکەی (لاهوتی سروشتی) بڵاوکردەوە، مەبەستی لە لاهوتی سروشتی توێژینەوەی پلان و نەخشەی خوایە لە بوونەوەردا، لە میانەی لێکۆڵینەوە و ڕامان لە جیهانی بوونەوەردا – نموونەیەکی بۆ هێناوەتەوە، وا ئەندازەی بۆکرابوو ئەم نموونەیە ناوبانگ دەربکات و

---

(1) Intelligent design argument.

بڵاو ببێتەوە، ئەویش نموونەی کاتژمێرە، ڕامان لە بەشەکانی و وردەکاری و ڕێکخستن و یەکترگریەکەی لە ئەنجامدانی کارەکانی ئەوە بەدەستەوەدەدات ئەستەمە بە ڕێگەی ڕێکەوتی تەواو پەیدابووبێ، هیچ چارەیەك نییە جگە لە وەستانی دروستکەرێکی زیرەك لە پاڵ دروستکردن و ڕێکخستن، پیاوانی ئایینی — ئەوانەی بەرگری لە پرسی ئیمان دەکەن — تا ئەمڕۆش نموونە بەم نموونەیە دێننەوە، لەم دواییانەدا ئەو کەسانەش چونە پاڵیان لە نموونە هێنانەوە بەم نموونەیە، کە بەرگری دەکەن لە نەخشەدانانی زیرەك.

## • شێوەی لۆژیکی بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکان

ئەم بەڵگەیەمان لەلایەنی شێوەییەوە، بریتیە لە بەڵگەهێنانەوەی پێوانەیی بە دوو پێشەکی بچوك و گەورە، پێشەکیەکی ناوەندی، لەگەڵ دەرەنجامێك.

پێشەکییە بچوکەکە، ئەوا هەستییە، هەست بۆمانی دابین دەکات. هەر بۆیە ئەم بەڵگەیە لەلای هەندێك فەیلەسوف ئاڵۆز بووە، تەنانەت دێڤید هیوٚم زۆر خراپ کەوتووە لە کتێبەکەیدا (وتوێژێك لە ئاینی سروشتیدا)، ناوبراو گومانی وابردووە ئەم بەڵگەیە، یەکێکە لە بەڵگە هەستییەکان، کە زانستی سروشتی چارەی دەکات. بەڵگەی هەستی، ئەوەیە کە هەموو پێشەکیەکانی لە هەستەوە سەرچاوەیان گرتبێت، واتە بە یەکێك لە هەستەکان درکی پێ بکرێ. لە حاڵێکدا تەنها پێشەکی ئەم بەڵگە بچوکە سەرچاوەی گرتووە لە هەست، بەشێوەیەك کە ڕێگە بە زانست دەدات دەستوەردان بکات، لە میانەی پێدانی چەند نموونەیەك پێمان، کە ستوونی ئەم پێشەکیەمانە. دەگەڕێینەوە سەر ڕەخنەکانی هیوٚم، بۆ ئەوەی لە شوێنی خۆیدا بەرپەرچیان بدەینەوە.

پێشەکی مەزن، پێشەکیەکی عەقڵی فەلسەفییە، بریتی نییە لە پێشەکیەکی هەستی یان ئەزموونی یاخود هەڵهێنجانی یان نمایشکاری و وێناکری، بەڵکو خۆی دەبینێتەوە لە بڕوابوون بەوەی هەر ڕێسایەك دەبێ ڕێکخەرێکی هەبێ.

وەك وەڵامی پرسیارێکی گریمانەکراو: بۆچی وەسفی ئەم پێشەکیەمان کرد، بەوەی عەقڵی فەلسەفییە، وەسفمان نەکرد بەوەی پێشەکییەکی عەقڵی لۆژیکییە؟ دەڵێین: چونکە چەمکی ((هۆداری)) یەکێکە لە ژیرمەندییە دووەمەکانی فەلسەفە(١).

() ژیرمەندییەکان – چەمك و مانای گشتین، هۆش دەفرەکەیەتی – دابەش دەبێ بۆ: ١– ژیرمەندییە یەکەمەکان، ٢– ژیرمەندییە دووەمەکان. ژیرمەندییە یەکەمەکان بریتین لە چەمك و مانا ناوەکییەکان، کە ڕەنگدانەوەی دەرەکین، ڕاسەوخۆ لە ڕێگەی هەستی دیار یان شاراوە، بۆ نموونە کاتێك بەرەو دەرەوە هەنگاو دەنێی بە هەستە دیارەکەت، ئەوا درەخت دەبینی، بەمەش مانایەکی هەمەکی گشتی وەردەگری، ئەویش مانای درەختە، گونجاوە بۆ جێبەجێکردن لەسەر هەر درەختێك کە لەم جیهانەدا هەیە، ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێ، مانای درەخت هەیە، بە هەبوونی تاکە درەختە دەرەکییەکان و وەرگیراوەکان، ئەم مانا گشتییە بە وەسفێکی سەلمێنەرە دەرەکییەکان دادەنرێ، ئەمە مانای وتەی ئەوانە: مانا یەکەمەکان: ڕووکەشەکەیان لەسەر خراوەڕووکەیانە لە دەرەوە، واتە دۆخی لێکدانەوەکەی لەسەر بابەتە دەرەکیەکەیە، هەروەها لەسەر وەسفی خراوەڕووەکەیەتی لە دەرەوەدا. ئەگەر وترا: محەممەد سپی پێستە، ئەوا دۆخی وەسفکرانی بە سپییێتی دەرەکییە، هەروەك ڕووکەشەکانی سپیایەتیش لە دەرەوەن. ژیرمەندییە دووەمەکان بۆ لۆژیکی و فەلسەفییەکان دابەش دەبن. ژیرمەندییە دووەمە لۆژیکییەکان بریتین لە مانا و چەمکی لۆژیکی، وەك: گشتێتی، بەشی، ڕەگەز، جۆر، چەشن، ڕووکەشی گشتی و تایبەتی، پرس، بابەت، دراوەپاڵ (محمول)، ئەمانە چەند مانا و چەمکێکن خودە دەرەکییەکان پێی وەسف ناکرێن، بەڵکو ژیرمەندییە بەراییەکانی پێ وەسف دەکرێن، بۆ نموونە ناوترێ: سەعید جۆرە، بەڵکو دەوترێ: مرۆڤ جۆرە، ژیرمەندییە دووەمەکان لە ژیرمەندییە بەراییەکان وەرگراوە لە پەیوەندی هەبوونی بە دەرەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، چەمکە دووەمەکان هیچ پەیوەندیان بە دەرەوە نییە بە ڕاستەوخۆ، بەڵکو لە ڕێگەی ژیرمەندییە بەرایەکانەوە هەیەتی، ئا لێرەوە دەبینین ڕووکەشی چەمکە دووەمەکان بە هەر دوو جۆرەکەیەوە بۆ خراوەڕووەکانی، ئەوا لە هۆشدا دەبێ، تەنها لە وەسفکراندا جیاوازن، بۆ نموونە چەمکی مرۆڤ، ژیرمەندیەکی بەراییە، بۆ سەلمێنەرە دەرەکییەکانی دەخرێتەڕوو و لە ڕووی دەرەوەدا پێی وەسف دەکرێ، بەڵام وەسفکرانی ئەم چەمکە بەوەی چەمکێکی گشتییە لە بازنەی جۆردا – چەمکی ((مرۆڤ)) چەمکێکی گشتییە، گشتیش دابەش دەبێ بۆ: ڕەگەز و جۆر و چەشن... تاد– ژیرمەندیەکی دووەم، بەمەش ئەوە ڕوون بووەوە ژیرمەندی دووەم بۆ

سەبارەت بە پێشەکی ناوەندی، ئەوا هاوبەشە لە نێوان هەر دوو پێشەکی گەورە و بچوك، ئەویش وشەی ڕێسایە.

بەم شێوەیە، هەموو پێشەکییەکان ئامادە دەبن بۆ دەرهێنجانی دەرەنجامێك، ئەویش ئەوەیە دەبێ ڕێکخەرێك هەبێ بۆ ئەو ڕێسا و سیستەمەی لە جیهانی سروشتدا هەیە.

---

ژیرمەندی یەکەم دەگەڕێتەوە، خودی ژیرمەندی یەکەم لە ناو دەفری هۆش و ژیریدایە، بەمەش ڕووکارەکانی ژیرمەندی دووەمی لۆژیکی لەسەر خراوەڕووەکانی ناو هۆش دەبێ، نەوەك لەسەر ئەوانەی دەرەوە، وەسف دەکرێ بە خراوەڕووەکەی ناو هۆش دەبێ نەوەك بەوەی دەرەکی. چەمکی ((مرۆڤ)) سەلمێنەری دەرەکی هەیە بە ئەندازەی تاکەکانی نەوەی ئادەم، بەڵام چەمکی ((جۆر)) کە بەرامبەر چەمکی ((مرۆڤە))، سەلمێنەری دەرەکی نییە، بەڵکو سەلمێنەری لە هۆشدا هەیە، وەك چەمکی ((مرۆڤ)) و ((ئەسپ)) و ((مار))... تاد. سەبارەت بە ژیرمەندییە دووەمە فەلسەفییەکان، ئەوا بریتین لە چەند چەمکی فەلسەفی وەك: هۆداری، گونجانی ڕوودان، پێویستی، واجب بوون، خۆگرتنەوە... تاد. بەهەمان شێوە بۆ ژیرمەندییە یەکەمەکانیش دەگەڕێتەوە، چەمکی ((ئاگر))، چەمکێکی براییە، چەمکی هۆداری بەسەردا دەدرێ، بۆ نموونە دەوترێت: ئاگر هۆکاری سوتاندنی گەڵایە، لەبەر ئەوەی چەمکی ئاگر چەمکێکی گشتی بەرایی، لە هۆشدا جێگیرە، ئەوا بەسەرداهاتنی چەمکی ((هۆداری)) بەسەریدا، ئەوا لە هۆشدا بە پێویست دادەنرێ، بەڵام وەسفکرانی ئاگر بە هۆداری ئەوا لە دەرەوە دەبێت، لە کاتێکدا ناتوانرێ بوترێ: زەوی گشتییە یان جۆرە، ژیرمەندییە دووەمەکانی فەلسەفی جیاوازن لە لۆژیکی، لەو ڕووەی لۆژیکی بوون سەلمێنەری لە دەرەوەدا نییە، لە کاتێکدا فەلسەفییەکان لە دەرەوەدا هەیانە، بۆ نموونە دروستە بوترێت: ئەو شتە هۆی ئەم شتەیە، ئەمە دەرەنجامی ئەو هۆکارەیە. کۆتایی بەمە دێنین بە ڕوونکردنەوەی جیاوازی لە نێوان ڕووکار و وەسفکران، پەیوەندی نێوان بابەت (الموضوع) و دراوەپاڵ (المحمول) لە پرسدا، ئەوا کاتێك تێبینی دەکەین لە ڕوولا بابەتەکە ئەوا بە وەسفکردن گوزارشتی لێدەکەین، کاتێکیش لە ڕووی دراوەپاڵ تێبینی دەکەین، ئەوا بە ڕووکارەکان گوزارشتی لێدەکەین. ئەگەر بۆ نموونە بڵێین: خۆر ڕووناکە، ئەوا خۆر بابەت و دانراوەکەیە، ڕووناکیش دراوەپاڵە، خۆر بە ڕووناکی وەسف دەکرێ، ڕووناکیش ڕووکاری خۆرە.

- **گەشتی گەڕان بە دوای ڕێکخەردا**

لەم قۆناغەدا، قۆناغی گەڕان بە دوای ڕێکخەردا دەستپێدەکات: ئایا ڕێکخەرەکە سروشتە؟ یان ڕێکەوتە؟ یاخود شتێکە لەودیوی هەموو ئەمانەوە؟

## ناوەندێتی چەمکی هۆداری

کەسی ماددەگەرا و باوەڕدار، هەر دووکیان باوەڕیان بە هۆداری هەیە، ئەمە چەمکێکی عەقڵی فەلسەفییە، لە هۆیە ماددی و هۆیە وێنەییەکاندا جیاواز نین، بەڵکو لە هۆی بکەردا جیاوازن.

لێرەدا پێویستە بە درێژە پێدان هەیە، بە ڕوونکردنەوەی مانای ئەم چەمکانە.

- **جۆرەکانی هۆ**

ئەرستۆ لەسەر چوار جۆر هۆ قسەی کردووە، ئەوانیش ئەمانەن: هۆیە مادییەکان، هۆیە وێنەییەکان، هۆیە بکەرەکان، هۆیە ئامانجدارەکان.

نموونە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم چەمکانە دێنینەوە: مێز، وێنەیەکی دیاریکراوی هەیە، ئەمە هۆی وێنەییە، بۆ نموونە لە تەختە یان شوشە یان لە کانزایەکەوە دروست کراوە، ئەمەشیان هۆی ماددییە، دروستکەرێك دروستی کردووە، دارتاشێك یان ئاسنگەرێك یاخود جگە لەوان، ئەمەشیان هۆی بکەرە، ئەمەی دروستکردووە بۆ دەستەبەرکردنی ئامان و مەبەستێك، وەك ئەوەی بۆ خواردن لەسەر خواردن یان نووسین یاخود بۆ هەر مەبەستێکی تر دروستی کردبێ، ئەمەشیان هۆی ئامانجدارە.

## • لە زنجیرەیەوە بۆ خاسیەتی ماددە

کەسی ماددی هۆیە بکەرەکە لە زنجیرەکدا ڕێکدەخات بۆ بێ کۆتایی هاتن، بۆ هەر هۆیەك هۆیەك دادەنێ، دواتر لەلای دوایین هۆ ناوەستێ، کە هۆی دواتری لە پاش نەیەت. ئەمە مانای زنجیرەییە، کە بریتییە لە ڕێکخستنی هۆ و دەرەنجامە کۆتایی هاتووەکان لە دوایيدا — واتە پەیوەست بە ئێستا — و کۆتایی نەهاتوو لە سەرەتادا. بەم شێوەیە دواهەمینیان بە دەرەنجامی تەواو وەسف دەکرێ، بە پێچەوانەی ئەوانەی تر، هەر یەکەیان دەبێتە دەرەنجامی ئەوەی سەرەوەی خۆی و هۆ بۆ ئەوەی ژێرەوەی. زنجیرەیی لە ڕووی ژیری و عەقڵیەوە ئەستەمە[1]، چونکە وا دەخوازێ زنجیرەکە خەسڵەتدار بێ بە خەسڵەتی دەرەنجامی، بێ ئەوەی تەنها بە خەسڵەتی هۆداری خەسڵەتدار بێ، هەر بازنەیەك لە زنجیرەیەکدایە، کە دەرەنجامی سەرەوەی خۆیەتی بەبێ کۆتایی هاتن، ئەوەی لە دەرەنجامەکان پێکهاتووە، ئەوا خۆیشی دەبێتە دەرەنجام، کەواتە هەموو زنجیرەکە دەرەنجامە، لێرەدا پرسیارێکی مەزن دەوروژێنێ: ئەم زنجیرەیە دەرەنجامی چ هۆیەکە، چونکە دەرەنجام لە هۆ جیا نابێتەوە؟ ئەگەر هۆیەکمان پێشنیازکرد، کە دەرەنجامی پێشە خۆی نەبێ، بەڵکو سەربەخۆ و بەخۆوە ڕاوەستاو بێ، ئەوا زنجیرەکە دەپچڕێ، ئەمەش پێچەوانەی ئەوەی پێشووە، بەمە پوچەڵی بەڵگەی زنجیرەیی دەرکەوت. کۆبوونەوە یان زنجیرە بەستنی دەرەنجامەکان بەبێ کۆتایی هاتن بۆ لای هۆیەك، کە دەرەنجام نەبێ، وەك کۆبوونەوە یان بەدوای یەکداهاتنی سفرەکانە، کە هەر چەندە سفرەکان زیاد بکەی ئەوا هیچ ژمارەیەك بەرهەم ناهێنێ، مادەم لەلای چەپی سفرەکان ژمارەیەك نەوەستێ کە سەربەخۆ و بەخۆوە ڕاوەستاو بێ، بەپێچەوانەی سفرەکان، کە بە جگە لە خۆیان نەبن ناوەستن. سەبارەت بە

---

(1) فەیلەسوفە عەقڵگەراکان، باسیان لە نزیکەی دە بەڵگە کردووە، لەسەر پوچەڵی بەڵگەی زنجیرەیی، ئەمە هەمووی بۆ ئەوان ناسەلمێ، بەهۆی ئەوەی لە ئەندازەییەوە وەرگیراوە، ئەندازەییەش بە سروشتی خۆی لە کاروبارە کۆتایی هاتووەکاندا ئەنجام بەرپا دەبێ، هەر بۆیە پشتمان بە بەڵگەی هۆداری بەست لە پوچەڵکردنەوەی زنجیرەیی، چونکە بەڵگەیەکی فەلسەفییە، ئەوەی بەسەر بەڵگە ئەندازەییەکاندا ئەوە بەسەر بەڵگە هۆییەکاندا نایەت.

پوچەڵی زنجیرەیی ئەوا باسیان کردووە کە وا پێویست دەکات نا یەکسانەکان یەکسان بکرێن، ئەمەش شتێکی ئەستەمە، ئەگەر دوو هێڵی کاتی بەراورد بکەین، هەردووکیان بۆ بێ کۆتایی درێژ بووبنەوە، یەکێکیان ئەمڕۆ کۆتایی بێت، ئەوەی تریان ملیارێك ساڵ پێشتر کۆتایی بێت، بەپێی گریمانەی زنجیرەیی یەکسانن، چونکە کەمتربوونی یەکێك لەوەی تر لە ڕووی کۆتاییەوە لە ڕەسیدی سەرەتایە بێ کۆتاییەکەی قەرەبو دەکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەی عەقڵ وا بڕیار دەدات بەوەی یەکێك دەبێ لەوەی تر زیاتر بێ، ئەم زیادبوونەش پاساو نادرێ مەگەر دانبنرێ بە کۆتایی هاتنی سەرەتاکە، ئەمەش پێچەوانەی گریمانەی زنجیرەییە.

بەهۆی ئاگاداربوونی هەندێك لە ماددەگەرەکان بەم کێشە فەلسەفییە، ئەوا پێیان باش بووە واز لە گریمانەی زنجیرەیی و دانان بە ڕێکەوت بهێنن، قەرەبویان کردووەتەوە بە شتێك کە قەرەبوو کردنەوەی تێدا نییە: ئەویش تیۆری خاسیەتی ماددەیە، پوختەکەی ئەوەیە هەر ماددەیەك خاسیەتی دیاریکراوی دیار و شاراوەی هەیە، خاسیەتی ئاگر سوتاندنە، خاسیەتی شەکر شرینایەتییە، خاسیەتی ئاو شلێتی و ڕژان و بەستن... تاد، گونجاوە بۆ توانەوە و بە هەڵم بوون، گەردیلەکانی سۆدیۆم شایستەیی ئەوەیان تێدایە بلکێن بە گەردیلەکانی کلۆر و پێکهێنانی خوێی خواردن. تیۆری "لویس" بەدەق ئاماژە دەکات بەوەی یاسا ئەوەیە ئەو ماددەیەی شایستەیی تێدایە بۆ لە دەستدانی جوتبوونی ئەلیکترۆنی و ترشەکە، ئەو ماددەیە شایستەیی بەدەستهێنانی جوتبوونی ئەلیکترۆنی هەیە، بەم شێوەیە. کارلێك کردنی کەرستەکان لەگەڵ یەکتر و کاریگەربوونی، وایکردووە گەردوون بەم شێوەیە بێ کە هەیە، بەم تێگەیشتنە – بەپێی گومانی ئەوان – دەکرێ ڕاڤەی هەر دیاردەیەك بکرێ لە دیاردەکان، – بۆ نموونە – دروستبوونی منداڵ لە منداڵداندا، دەرەنجامی خاسیەتە گیاندارییە تۆواویەکان و خاسیەتە هێلکەییەکانە، ئەگەر بەیەکگەیشتن. ماددە بە تایبەتمەندییەکانی توانایان هەیە نەخشەی ئاڵۆزی ورد دەربخەن، بە گوزارشتێکی تر ماددە لای ئەوان بووەتە خاوەن تایبەتمەندی خوایی.

## • گرنگی هۆی ئامانجدار لەلای کەسی خواگەرا

جیاوازی دووەم لە نێوان کەسی ماددەگەرا و خواگەرا، خۆی لە هۆی ئامانجداردا دەبینێتەوە. کەسی خواگەرا لە پاڵ باوەڕبوونی بە هۆیە بکەرەکان، باوەڕی بە هۆیە ئامانجدارەکانیشە، بەو مانایەی هۆیە بکەرەکە تایبەتمەندی بە زانست و پەیی پێبردن، ئەمەش ڕێگەی پێدەدات نەخشەی وا دابهێنێ خزمەت بە ئامانج و مەبەستی دیاریکراو بکات. زانستی ماددی هەرگیز دان بە هۆی ئامانجداردا نانێ.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بایەخێکی زۆری هەیە لەلایەن ئەوانەی گرنگی دەدەن بە بابەتی چەسپاندنی بوونی خوا، بەوەی هۆی بکەر بە تەنها ناتوانێ پاساو پێشکەش بکات بۆ ئەو دروستکراوە تۆکمانەی کە پەنجە مۆری زیرەکی و داناییان هەڵگرتووە.

بۆ نموونە، ئایا کەسی نەخوێندەوار، توانای هەیە وتەیەکی ورد و سەرسامکەر بنوسێ لە زانستێکی وردی سەختدا؟ شتێکی بەڵگە نەویستە کە ناتوانێ، بەڵام چی دەبێ ئەگەر نووسینێکی لەو جۆرەمان دۆزیەوە؟ ئەو کاتە بە دڵنیاییەوە دەڵێین نووسەرەکەی کەسێکە بە تەواوی فێری خوێندن و نووسینە، ئەمەش وایکردووە شایستەی نووسینی ئەمە بێ.

لێرەوە خواگەر لە باوەڕیاندا دوو هۆ کۆ دەکەنەوە، ئەوانیش هۆکاری بکەر و هۆکاری ئامانجدارن، لە کاتی هەوڵدانیان بۆ ڕاڤەکردنی سیستەم گەردوون و دروستبوونەکەی، جیاوازی کردن لە نێوان هۆی بکەر و هۆی ئامانجدار ڕەت دەکەنەوە، بەپێچەوانەی کەسی ماددەگەرا کە لە بنەڕەتدا ئەوە ڕەتدەکاتەوە ملکەچی هۆی ئامانجدار بێ.

## دەروازەی دووەم

# تایبەتمەندییە گشتییەکانی بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکان

## خاسییەتی لۆژیکی بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکان

یەکەم خاسیەت کە بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکانی پێ جیا دەکرێتەوە، ئەوەیە بەڵگەیەکی عەقڵیە، نەوەك بەڵگەیەکی هەستی یان ئەزموونی یان هەڵهێنجراو یان پێوانەیی نەبێ.

## ئامرازەکانی مەعریفە و زانین لەلای مرۆڤ

ئامرازەکانی مەعریفە و زانین لەلای مرۆڤ فرە جۆرن، ئەوانیش ئەمانەن:

١- هەست. ٢- پێوانە. ٣- هەڵهێنجان. ٤- ئەزموون. ٥- عەقڵ.

هەست: هەست ئامرازە ناسراوەکانی دەگرێتەوە لە بیستن و بینین و بۆنکردن و تام کردن و دەست لێدان. ئەو زانینەی مرۆڤ بە هەست بەدەستی دەهێنێ، بە سروشتی خۆی لاوەکییە، ئەگەر بۆ یەکەم جار ئاگری لە پەمۆ و لۆکە نزیك کردەوە، بەمەش لۆکەکە سوتا، بە پشت بەستن بە هەست بڕیاری ئەوە نادات ئاگر بە ڕەهایی لۆکە دەسوتێنێ، بەڵکو دەبێ ئامرازێکی دیکە هەبێ بەم دەرەنجامەی بگەیەنێ.

پێوانەکردن: ئەمە لەلای شەرعناسان بە پێوان (قیاس) ناسراوە، مەبەست لێی پەڕینەوەی حوکمێکی لاوەکییە بۆ بابەتێکی لاوەکی تر، بەهۆی هاوبەشبوونیان لە هۆی حوکمەکەدا، ئەگەر زانیمان هۆکاری حەڕام بوونی مەیی، بریتییە لە سەرخۆشبوون، دواتر ئەم هۆیەمان لە شلەیەکی تریشدا بەدی کرد، ئەوا حوکمی مەیی بەسەردا دەدەین، ئەویش حەڕامبوونی خواردنەوەیەتی.

پێوانە لە بەڵگە گوماندارەکانە، نەوەك لە بەڵگە دڵنیاکەرەوەکان. واباشە جیاوازی بکەین لە نێوان پێوانە لە لۆژیك و پێوانە لە زانستی بنەماکانی فیقهدا. یەکەمیان بەڵگەییە، دووەمیان نموونەییە. پێشتر وتمان: پێوانەی زانستی بنەماکانی فیقه لە زانستی لۆژیکدا بە (تەمسیل) ناودەبرێ، زانیمان چییە و نموونەشمان لەسەر هێنایەوە بە حەڕامبوونی مەیی بەهۆی سەرخۆشبوونەوە، دواتر حەڕام بوونی هەر سەرخۆشکەرێکی تر بە پێوانە کردن بە مەیی. بەڵام ئەم پێوانە (قیاس)ەی زانستی بنەماکانی فیقه جیاوازە لە پێوانەی لۆژیکی، لە ڕووی پێشەکی دووەمەوە، لەوەی هۆی سەرخۆشبوون تەواو نییە، بەڵکو لەوانەیە هۆکارێك لێرەدا بوونی هەبێ جگە لە سەرخۆشبوون، لێرەوە گومانداری پێوانەی بنەماکانی فیقه لە بەرامبەر بڕاوەی پێوانەی لۆژیکییە، چونکە هەموو پێشەکییەکانی لێبڕاوەن: وەك: هەر مرۆڤێك تیادەچێ، زەیدیش مرۆڤە، کەواتە زەیدیش تیادەچێ.

سەبارەت بە هەڵهێنجان (إستقراء): ئەمە بریتییە لە ئەنجامی تێبینی کردنی زۆر کەرت و بەشی لاوەکی بگەیتە حوکمێکی گشتی، کە هەموو بەشە لاوەکییەکان بگرێتەوە، بە هەڵهێنجان (إستقراء) دەرکەوتووە ژمارەیەك کانزای جیاواز بە گەرمی لێکدەچن و بە ساردیش دێنەوەیەك، بەمەش دەگەینە گشتاندنێك کە ئەمەیە: هەموو کانزایەك بە گەرمی لێکدەچێ و درێژ دەبێ و بە ساردی دێتەوەیەك.

مەبەستمان لە ئەزموون: ئەنجامدانی چەندین تاقیکردنەوەی زانستییە لە یەك بابەتدا و بە مەرجی دیاریکراو – ئەم مەرجانە لە پەیڕەوی زانستەکاندا زانراون – لە کۆتاییدا ڕێگە دەدەن بە دەرهێنانی یاسایەکی گشتی، وەك: ئەو ئەزموون و تاقیکردنەوانەی لەسەر هەندێك پێکهاتە ئەنجام دەدرێن، بۆ تاقیکردنەوەی تایبەتمەندییە چارەسەرییەکان، یان بۆ تاقیکردنەوەی ئەندازەی کاریگەرییەکەی لەسەر تەندروستی مرۆڤ یان گیانلەبەر بە نەرێنی یان ئەرێنی، جیاوازی لە نێوان پێوانە و هەڵهێنجان دەکرێ لە لایەك، لەگەڵ ئەزموون لەلایەکی ترەوە، بەوەی خاوەنی دەرەنجام لە پێوانە و هەڵهێنجان بریتییە لە وێکچوون لە نێوان بەشە لاوەکییەکان لە یەك ڕوودا یان لە چەند ڕووێکدا، بەڵام دەرەنجام لە ئەزمووندا وێکچوونی تەواوە لە نێوان تاکەکاندا، واتە ئەو تاکانەی

تاقیکراونەتەوە و ئەوانەش کە تاقینەکراونەتەوە، ئەو تاقیکردنەوەیەی بۆ نموونە ئەنجامدراوە لەسەر دەرمانی ئیسپرین، وا دەکات حوکمێکی گشتی بدریَ لەسەر هەر تاکێکی ئەم دەرمانە. نەوەك لەسەر تاکەکانی دەرمانێکی تر کە تاقی نەکراوەتەوە.

عەقلْ: کارەکەی کورت دەبێتە لە سەرنجدانی خودی بابەتەکە، بەبێ تێبینی کردنی تاکەکانی تر، عەقلْ بۆ نموونە – بەپێی بنەمای هۆکار – بەخۆی وادەخوازێ هۆکارێك هەبێ لە پالْ داڕمانی تەلارێك، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی شارەزاییەکی تەواوی هەبێ یان نەبێ سەبارەت بە مێژوو و تایبەتمەندییەکانی ئەم تەلارە، – بەبێ هیچ گومانێك – ڕێگە دەگرێ لە داڕووخانی تەلاری بێ هۆکار.

## • ڕوونکردنەوەی پێوانە لە بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکاندا

هیۆم ئەوانەی شوێنی کەوتوون گومانیان وایە بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکان، دەچێتە چوارچێوەی پێوانە یان ئەزموونکراودا، ئەمە گومانێکی تەواو هەڵەیە، دەستکورتە لە تێگەیشتن لە کرۆك و حەقیقەتی بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکان. هیۆم – لە گفتوگۆکانیدا لەبارەی ئاینی سروشتی لەسەر زمانی پاڵەوانەکەی کلیانسس – ئەوەی چەسپاندووە بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکان دەچێتە ناو بازنەی پێوانە، ئێمە تێبینی ئەوە دەکەین دروستکراوە ڕێکخراوەکانی مرۆڤ، دەرناچێ لەوەی دروستکەرێکی زانای بلیمەتی هەبێ، گەردوون و دروستکەرە سروشتییەکەی لەسەر پێوانە دەکەین، دواتر دەگەینە ئەوەی ئەم گەردوونە بەدیهێنەرێکی بلیمەتی زانای هەیە، واتە بەڵگە بهێنینەوە لەسەر بوونی خوایەکی زیرەکی هاوشێوە زیرەکی مرۆڤ.

دواتر هیۆم ڕەخنەی گرتووە، بەوەی ئەگەر دروستکراوەکانی مرۆڤ لە کاتژمێر و ئامێر و کەشتی و سەرجەم داهێنراوەکانی تر تاقی بکەینەوە، هەر جارێك ئەوە ببڕێنینەوە کە بەرکاری مرۆڤی زیرەکی دروستکەرن، بەڵام ئێمە خودی گەردوونمان تاقی نەکردۆتەوە، کە بوونمان لە

بەرامبەریدا دووبارە نەبووەتەوە، بۆمان نەڕەخساوە بەراوردی بکەین بە گەردوونەکانی تر، هەروەك لە دروستکراوەکانی مرۆڤدا بۆمان فەراهەم بووە، دواتر چۆن بۆمان ڕەخساوە گومان ببەین ئەم گەردوونە دروستکراوی خوایەکی بە توانایە؟

لە دۆخێکدا بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکان بەڵگەیەکی عەقڵی پێوانەییە، ناوەڕۆکی پێوانە تیایدا نەخشەی ڕێکخراوە، دەبێ نەخشەدانەرێکی ڕێکخەری هەبێ، ئەمەش بەپێی ئەوەی عەقڵ بڕیاری لەسەر دەدات، بەپێی یاسای هۆ. ئەم پێوانەمان ئەگەرچی پێشەکیەکی هەستی بچوك بێ، بەڵام ناوەڕۆك و کرۆکەکەی بە عەقڵی تەواو دەمێنێتەوە. عەقڵ لە میانەی تێبینی کردنی هەر دیاردەیەکی ڕێکخراو و ڕێك و پێکدا، وا بڕیار دەدات کە دەبێ ڕێکخەرێك لە پاڵیدابێ، بەبێ پێوانەکردنی بەشتێکی تر یان بەراوردکردنی بە شتێکی دیکە، یاخود ئەنجامدانی تاقیکردنەوە لەسەری، بەڵام هەست لە تێبینی کردنی ڕووی دیار تێناپەڕێ، ئەمەش هیچ بەڵگە هێنانەوەیەکی پێ ناوەستێ، بەڵگە هێنانەوە لە پاڵ تێبینی کردندایە.

## بەسبوونی هەڵهێنجانی ناتەواو

زانایانی کەلام زۆر لە کۆنەوە ئاگاداری ئەوەبوونە بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکان لە چەسپاندنیدا، پێویستی بەلێکۆڵینەوە لە گشت بوونەوەرەکانی گەردوون نییە، واتە: پێویستی بە هەڵهێنجانی تەواو نییە، بەڵکو تەنها لێکۆڵینەوە لە هەندێك بوونەوەر، ئەگەر یەك بوونەوەریش بێ، واتە ئەنجامدانی هەڵهێنجانی ناتەواو بۆی، ئەوا بەسە بۆ ئەوەی ببێتە پێشەکی بۆ ئەم بەڵگەیە.

نموونەیان بەم نموونەیە هێناوەتەوە: ئەگەر کەسێك ڕۆیشتە ناو کتێبخانەیەکەوە، دە کتێبی بینی کە دراونەتە پاڵ نووسەرێکی دیارکراو، دەستی کرد بە پەر هەڵدانەوەی یەکێك لەم کتێبانە، بەمەش بینی کتێبەکە بەش بەشە بەشێوەیەکی تێروتەسەل، لە توێژینەوە و نووسینەکانی ئەوەی بەدی کرد، کە ئاماژەیە بۆ تێگەیشتنێکی قوڵ و ڕووانینێکی بەهێز و بەڵگە و گفتوگۆی تۆکمە، بە تەنها پەر هەڵدانەوەی ئەم کتێبە بە بەس دەزانێ حوکمەکەی لەسەر دانەری کتێبەکەدا بدات بەوەی کەسێکی بیرمەند و زانایە.

## ئاگادارییەك دەربارەی بەڵگەکانی تر

لەلای هەندێك لە زانا کەلامییەکان تێکەڵکاری کراوە لە نێوان بەڵگەی ڕێنوێنی و بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکان، لە ڕاستیدا دوو بەڵگەی جیاوازن، هەر چەندە پشتی یەك دەگرن، ڕێسا سروشتییەکان پەیوەستن بە پێکهاتە و بنیاتی بوونەوەرەوە، ڕێنوێنیش پەیوەستە بە هەڵسوکەوت و ڕەفتاریەوە، بەڵام دەکرێ بوترێ: ڕێنوێنی کرانی بوونەوەر بۆ ئەوەی چاکەی ئەوی تێدایە، لە هۆکارەکانی گونجان و خۆشاردنەوە و پاراستن و دەستخستنی ڕۆزی... تاد، ئەگەر بوترێ ڕاڤەی بکرێ بە بنیات و پێکهاتەکەی بە ڕاڤەیەکی پەسەند، ئەو کاتە دەتوانرێ بەڵگەی ڕێنوێنی بخرێتە ناو چوارچێوەی بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکانەوە، بەمەش ڕێنوێنی دەبێتە وێنەیەك لە وێنەکانی

ڕێسا سروشتییەکان، بە تێبینی کردنی ئەرکەکەی لە میانەی توێژینەوەی پێکهاتەکەی، نەوەك لە تێبینینی کردنی تەنها پێکهاتەکەی. ئەگەر دیاردەکانی ڕێنوێنی و ئامرازەکانی بە بنیات و پێکهاتەکان ڕاڤە نەکرێ، پێویستی بە گریمانە کردنی سەرچاوەیەکی ترە، لە دوای هەموو ئەمانەوە وەك: نیگا و ئیلهامی خوایی، ئەوا بەمە ڕێنوێنی بەڵگەیەکی سەربەخۆ دەبێ. ئایەتەکانی وەك:

﴿ ٱلَّذِى خَلَقَ فَسَوَّىٰ ﴾ الأعلى: ٢. واتە: (ئەو زاتەی هەموو شتێکی دروستکردووە بەجوانی و ڕێکوپێك و تێرو تەواویی کردووە). ﴿ ...وَخَلَقَ كُلَّ شَىْءٍ فَقَدَّرَهُۥ تَقْدِيرًا ﴾ الفرقان: ٢. واتە: (هەموو شتێکی دروستکردووە بەئەندازە و قەبارە و شێوە و تام و بۆن و ڕەنگ و جیاوازی هەمەجۆر...هتد، نەخشەی ڕێك و پێکی بۆ هەموو شتێك داناوە). بەڵگەن لەسەر ڕێسا سروشتییەکان، بەڵام ئایەتەکانی وەك: ﴿ وَأَوْحَىٰ رَبُّكَ إِلَى ٱلنَّحْلِ أَنِ ٱتَّخِذِى مِنَ ٱلْجِبَالِ ... ﴾ النحل: ٦٨. واتە: (پەروەردگاری تۆ "ئەی ئینسان" نیگاو ئیلهامی کردووە بۆ هەنگ کە جێگە بۆ خۆی سازبکات لەکون و کەلێنی چیاکاندا). ﴿ وَٱلَّذِى قَدَّرَ فَهَدَىٰ ﴾ الأعلى: ٣. واتە: (ئەو زاتەی کە نەخشەی کێشاوە بۆ هەموو شتێك و جا ڕێنموویی کردووە). بەڵگەن لەسەر ڕێنوێنی. هەندێك ئایەتی تر هەن، هەر دوو بەڵگەکەیان بەیەکەوە کۆکردۆتەوە: ڕێسا سروشتییەکان و ڕێنوێنی، وەك: ﴿ قَالَ رَبُّنَا ٱلَّذِىٓ أَعْطَىٰ كُلَّ شَىْءٍ خَلْقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ﴾ طه: ٥٠. واتە: (موسا وتی: پەروەردگارمان ئەو زاتەیە کە هەموو شتێکی بەتایبەتی و ڕێکو پێکی دروست کردووە، پاشان ڕێنموویی کردووە).

﴿ ٱلَّذِى خَلَقَنِى فَهُوَ يَهْدِينِ ﴾ الشعراء: ٧٨. واتە: (ئەوەی دروستی کردووم هەر ئەو ڕێنموییم دەکات). ﴿ ٱلَّذِى خَلَقَ فَسَوَّىٰ ۝٢ وَٱلَّذِى قَدَّرَ فَهَدَىٰ ۝٣ ﴾ الأعلى: ٢ – ٣. واتە: (ئەو زاتەی هەموو شتێکی دروستکردووە بەجوانی و ڕێکوپێك و تێرو تەواویی کردووە. ئەو زاتەی کە نەخشەی کێشاوە بۆ هەموو شتێك و جا ڕێنموویی کردووە).

# بەندی دووەم

# هەڕەمەکێتی و ڕێکەوت لە تەرازوودا

## باسی یەکەم

## لە نێوان ڕێسا سروشتییەکان و ڕێکەوتدا

### دەروازەی یەکەم:

### ڕێکخراو و هەڕەمەکێتی

### گەڕان بە دوای شوێن پەنجەی زیرەکی و بلیمەتیدا

با وا دابنێین مرۆڤ پارچەیەکی بەردینی دۆزیوەتەوە لە ئەشکەوتێکی کۆندا، دەستی داوەتێ و دواتر فڕێیداوە، دواتر پارچەیەکی تر لە پاڵ پارچەی پێشوودا سەرنجی ئەوی ڕاکێشاوە، نووسینێکی لەسەر هەڵکەندراوە، ئەم نووسینە نامەیەکی مانادارە و وێنەی ئاماژەدار و واتاداری هەڵگرتووە. ئایا ئەم کەسە خۆی بە ناچار دەبینێ بۆ جیاوازی کردن لە نێوان ئەم دوو پارچە بەردینە؟ تا جیاوازی بکات لە نێوان دوو بەردەکە لە ڕووی نەخشەسازیەوە، عەقڵ و ژیری بینەرەکە بە ئەستەمی دادەنێ کە ئەم نووسین و وێنانە لە خۆیانەوە هاتبن یان بە ڕێکەوت بووبن، هەر بۆیە پرسیار دەکات لەبارەی نەخشەدانانی بەردی دووەم، ئەو بەردەی کە نووسین و وێنەی لەسەرە.

جیاوازی کردن لە نێوان ئەوەی بە نەخشەدانانی زیرەك و بلیمەتانە دادەنرێ، لەگەڵ ئەوەی وا نییە، شتێکی زۆر گرنگە، بۆ ئەوەی بەڵگە بە ڕێسا سروشتییەکان دێنێتەوە، بەڵام ئاسانیش نییە، ئەوان دان بە ڕێسا سروشتییەکان یان نەخشەدانانی دادەنێن لەسەریانە ئەو پێوەر و لێهاتوویانە

دیاری بکەن کە جیاوازی دەکەن لە نێوان نەخشەدانانی زیرەکانە و هەڕەمەکیانە.

زانایان نەخشەدانانی زیرەکیان پێشنیازکردووە وەك بەرنامە و ڕێسا، کە خۆی دەبینێتەوە لەوەی ڕێسای بایلۆژی چەند نیشانەیەکی هەڵگرتووە، ئاماژە دەدەن بە زیرەکایەتی، بەمەش گریمانەی پەیدابوون بە ڕێکەوتی ڕەتکردۆتەوە، وا ڕاهاتوون وەسفی هاووێنەی ئەم سیستەمە بکەن، بە ئاڵۆزی پسپۆر، ئاڵۆزی شایستەی بەش بەشبوون نەبێ. هێشتا بابەتەکە کێشمەکێشی لەسەرە لە نێوان ئەوانەی باوەڕیان بە نەخشەدانانی زیرەك هەیە، لەگەڵ ئەوانەی ڕەتی دەکەنەوە.

## ڕێسا سروشتییەکان لەلای لاهوتییەکان

زانایانی کەلام و لاهوتییەکان بنچینەکانی ڕێسا سروشتییەکان بە سێ بنچینە دیاری دەکەن:

یەکەم: لەخۆگرتنی بەشی جیاواز: ڕێساکە لە فرە بەش پێکدێت، هەر یەکەیان ڕۆڵێکی دیارکراو دەگێڕێ.

دووەم: بەیەکەوەبەستران و گونجان و هەماهەنگی فەراهەم بوو لە نێوان ئەم بەشانە.

سێیەم: ئامانجێکی هەبێ، لە کۆتاییدا پێکهاتەکە و کارکردن لەسەر دەرەنجامێك دەبێ: دەستەبەرکردنی دەرەنجامێکی دیاریکراوی واتادار.

هەروەك دەزانین نەخشەکان بۆ دوو جۆر دابەش دەبن، نەخشەی دەستکردی مرۆڤ، نەخشەی سروشتی، فرۆکە و کەشتی و ئۆتۆمبێل و کاتژمێر و دەمانچە و جلشۆر و بەفرگر و هەوربڕەکان و جگە لەمانەش، لەو شتانەی مرۆڤ دایهێناوە لە دەرزی درومانەوە تا کەشتی ئاسمانی... تاد، هەموویان نموونەی نەخشەدانانی پیشەسازین. ئەمەیان پەیوەندی ڕاستەوخۆی نییە بە بەڵگەکەمانەوە.

سەبارەت بە نەخشەسازییە سروشتییەکان، لە هەموو شوێنێکدا زۆرن، ئەوەندە زۆرن لێرەدا ناتوانرێ هەژمار بکرێ، هەر بوونەوەرێکی زیندوو، لە ئەمیباوە تا مرۆڤ، بەخودی خۆی گوزارشت دەکات لە نەخشەسازیەك، سەرباری بەشەکانی بوونەوەرەکە وەك: خانەی زیندوو، کە عەقڵ سەری سوڕدەمێنێ لە ئاڵۆزی و وردی و دیاریکراوی کارەکانی، بە یەك ڕستە دەڵێین: گەردوون پڕیەتی لە ڕێسا سروشتییە ئاڵۆزەکان، لە گەردیلەوە بۆ گەلەئەستێرە و ئەوەی لە ناویاندایە.

## • ڕێکەوت: یەکێك لە بەرپەرچدانەوەکانی مولحیدان

کەسی مولحید کەمترین نەنگی نابینێ لە دانانی بەوەی فلاّن و فلاّن شتە کە جیهان پڕیەتی لێیان، خاوەن نەخشەیەکی ورد و تۆکمەیە، بەڵکو دێت مشتومڕ دەکات لەسەر ئەوەی ئەمە بەرهەمی ڕێکەوتە، نەوەك بەرهەمی خوایەکی زانا و دانا و بە توانا کە دایهێناوە.

خۆزگە بمزانیبایە مەبەست لەو ڕێکەوتە چییە، کە توانای هەیە بەسەر داهێنانی ئەم هەموو جوانی و تۆکمەییە؟

# دەروازەی دووەم

# ڕێکەوت و هەڵبژاردنی سروشتی

## گرنگترین تێڕوانینەکان دەربارەی ڕێکەوت

دەکرێ پێناسەی ڕێکەوت بکەین بەوەی بریتییە لە ئامادەنەبوون و نەبوونی هۆ. بەڵام ئایا مەبەست لێی هۆی بکەرە؟ یان هۆی ئامانجدارە؟

پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کەسی مولحید و ماددەگەرا بە گشتی – وەك کەسی باوەڕدار – نکۆڵی ناکات لە هۆیە بکەرەکان، نکۆڵی لە بنەمای هۆداری ناکات، بەڵام تەنها سورە لەسەر بڕواهێنان بە هۆیە سروشتییەکان، هۆیەکانی سەرووی سروشتیش ڕەت دەکەنەوە، دواتر ناچارە هۆیە بکەرەکان بە زنجیرە بکات تا بێ کۆتایی هاتن، ئەمە دوو خاڵی جیاوازین لە نێوان کەسی بێ باوەڕ و باوەڕداردا، سەرباری ئەوەی کەسی ماددەگەرا یان مولحید نکۆڵی لە هۆی ئامانجدار دەکات – بەپێچەوانەی باوەڕدارەوە –، باوەڕدار باوەڕی وایە گریمانە کردنی بوونی هۆی بکەر بە تەنها ڕاڤەی ئەو دیاردانەی ڕێسا سروشتییەکان ناکات کە دەیبینین، دەبێ هۆی ئامانجدار گریمانە بکرێ، کە تێگەیشتن و زیرەکی و دانایی لە پاڵ ویست و توانا بە مەرج دادەنێ. بەڵام ئەو هۆیانەی کەسی ماددەگەرا پشتی پێدەبەستێ، بریتین لەو هۆیانەی ژیری و مەبەستیان نییە، ئەم هۆیانە خودی سروشت و ماددەی بێ گیانی کوێرە، هەر بۆیە ناچارە دانبنێ بەوەی هۆیەکانی ماددە مەبەستیان نەبووە ڕێسای ئامانجدار دابهێنن، کە بە کاری دیاریکراو هەڵبستن بۆ مەبەستی دەستنیشان کراو، بەڵکو ئەوپەڕی شتەکە ئەوەیە جوڵە نا وشیارییە کوێرەکانی ماددە بە درێژایی ملیۆنان و ملیاران ساڵان لە کۆتاییدا کۆمەڵە ڕێسایەکی لێ پشکوتەوە و بەرهەم هات – بە وەسفی ئێمە بوونەوەری ژیری لێ پەیدابوو –، کە وردی و تۆکمەیی و ئامانجداریمان تێدا بینی.

بەمەش ڕوونبووەوە کەسی مولحید نکۆڵی لە هۆی بکەر ناکات، بەڵکو نکۆڵی لە هۆی ئامانجداردا دەکات، بەمەش سەرکێشی دەنوێنێ لەوەی ئەو دیاردانەی پڕی گەردوونن، وردی و تۆکمەیی سەرنجڕاکێشیان تێدایە – کە گشت ڕێساکان جیا دەکەنەوە – دەداتە پاڵ ڕێکەوت، کەواتە ڕێسا سروشتییەکان لەدایکبووی ڕێکەوتن!

لەوانەیە ئێستا نموونەی هەرە باش بۆ مولحیدان، لەسەر ئەم مانایە، بریتی بێ لە ((پاڵاوتنی سروشتی))، کە وەسفی دەکەن بەوەی کردارێکی کوێرانەیە – بەڵێ وایە –، بەڵام هەڕەمەکی نییە. بەو مانایەی تێناگات لەو کارەی پێی هەڵدەستێ، بەم پێیە کوێرە، پەرسەندنگەرای مولحید ریتچار دۆکینز بە دروستکەری کاتژمێرە نابیناکانی چواندووە، – ئەمە ناوی کتێبێکی ناوبراوە – سەبارەت بەوەی بۆچی ئەم کردارە هەڕەمەکییە، لەبەر ئەوەیە ئەو گۆڕانانەی ڕوودەدەن ئەوە نییە کە ڕێکخراوە، بەڵکو بەو شێوەیەیە کە بەشدارە لە زیاتر پایەدارکردنی بوونەوەرەکە لە گونجان لەگەڵ ژینگەکەی، بەم شێوەیەش زیاتر گونجاوەکە دەمێنێتەوە، کەمتر گونجاوەکەش نامێنێ، ئەمە ئەو بنەمایەیە کە داروینی سەردەمگەرا (هربرت سبنسر) بانگەشەی بۆ کرد، کە مانەوە بۆ چاکتر بوو.

## • تیۆری پاڵاوتنی سروشتنی پشتیوانی ڕێکەوت دەکات؟

بەپێی بۆچوونی زانای زیندەوەرزانی ئیسپانی (فرانسیسکۆ ئەیالا[١]): ئەوا گەورەترین داهێنانەکانی داروین خۆی دەبینێتەوە لە دەرخستنی چۆنیەتی گەیشتن بە ئاڵۆزکردنی بوونەوەرە ڕێکخراوەکان، بەبێ زیرەکییەك کە توانای نەخشەدانانی هەبێ. ئەیالا ئاماژە دەکات بۆ ئامرازی سەرەکی پەرەسەندن: پاڵاوتنی سروشتی، ئەمەش هەروەك کەمێك پێشتر ڕوونمان کردەوە: کردارێکی نا هۆشیارانە و بێ دیدگایەکی ئایندەییە، واتە بێ ئامانج و مەبەستە، دەرهاویشتەی نەخشەی تواناداترو شیاوترن بۆ مانەوە.

مەترسی ئەم بیرۆکەیە دەدرەوشێتەوە، ئەگەر زانیمان لاهوتییەکانی تا پێش داروین – لەوانەیە تا ئەمرۆش –ئەوانەی درکیان بە کرۆکی پاڵاوتنی سروشتی نەکردووە – ئەوا بەڵگەیان دەهێنایەوە دژی پشتبەستن بە ڕێکەوت لە ڕاڤەکردنی دروستبوونی ڕێسا سروشتییەکان و کارەکانیان، ئەگەر دانماننا بە سەرکەوتوویی ڕێکەوت بە بێ هۆ لە دابینکردنی پاڵنەرەکانی تەلاری ڕێسا سروشتییەکان، ئەوا ئەوە بەهێزترە بە فەراهەم بوونی یەك پاڵنەری تێکدەر ئەوا هەموو تەلارەکە لە بناغەدا بڕوخێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەی داروین ئامرازی پاڵاوتنی سروشتی خستەڕوو وەك ئامرازێکی سەرەکی بۆ پەرەسەندن، بەو مانایەی پێشتر ڕوونمان کردەوە، ئەوا چیتر بۆ لاهوتییەکان نییە بەردەوام بن لە دووبارەکردنەوەی بەڵگە کۆنەکانیان، بێ ئەوەی وەڵامی بەڵگە هێنانەوەکانی مولحیدان بدەنەوە بە ئامرازی پاڵاوتنی سروشتی.

لێرەدا دەبێ ئەوە تۆمار بکەین، هەڵە لە هەڵوێستی لاهوتییەکاندا خۆی دەبینێتەوە لەوەی لە سەرەتاوە سەرکەوتوو نەبوونە لە هێنانی بەڵگەیەکی بەهێز بۆ ڕەتکردنەوەی ڕۆڵی ڕێکەوت لە ڕێسا سروشتییەکاندا.

---

[١] فرانسیسکۆ ئەیالا: ساڵی ١٩٣٤ لە دایك بووە، زانایەکی زیندوەرزانی و فەیلەسوفێکی ئیسپانی – ئەمریکییە، کتێبێکی هەیە بە ناوی ((شەش پرسیار لەبارەی تیۆری پەرەسەندن)).

با وا دابنێین دەفرێکمان لەبەردەستە، دە پارچەی ژمارەداریان تێدایە، لە ١ تا ١٠: دەفرەکەمان داخست و زۆر بە توندی ڕامانوەشاند، ئایا گریمانە چییە لەوەی پارچەکان بە ڕیزبەندی لە ١ تا ١٠ بێنە دەرەوە؟

گریمانەیەکی زۆر لاوازە، هەر چەندە کات زیاتر تێپەڕێ ئەوا ئەم گریمانەی زیاتر بەهێز دەبێ.

با گریمانەی وا بکەین دوای هەزار ساڵ لە ڕاهەژاندن، ئەوا ژمارەکان لە ١ تا ٩ بە ڕیزبەندی هاتن. باشە، بەڵام گریمانەی ئەوەش هەیە ڕاهەژاندنی دواتر فەراهەم بوونی ڕێکەوتەکە تێك بدات، دووبارە ناچاری سەرەتا دەبینەوە، ئەم گریمانەی دواتر هەزاران جار بەهێزترە لەوەی ژمارە ١٠ بێت بۆ ئەوەی ڕیزبەندیەکە تەواو بکات.

بەڵام لەگەڵ بنەمای پاڵاوتنی سروشتی، ئەوا ئەم نموونەیەمان شیاوی ڕوودان نابێ. چونکە پاڵاوتنی سروشتی هەڕەمەکی نییە، بەشێوەیەك سروشت ناچار بێ هەموو جارێك بۆ چوار گۆشەی سفر بگەڕێتەوە، شکستخواردوو لەناودەچێ، سەرکەوتووش بەردەوام دەبێ. دواتر دێینەوە و وەڵامی ئەم گومانە دەدەینەوە.

## • تیۆری خاسیەتی ماددە

سەبارەت بە تیۆرەکەی تر، لە پاساودان بە ڕێکەوت، ڕەتکردنەوەی هۆی ئامانجدار، ئەوا تیۆری خاسییەتی ماددەیە. پێشتر ئاماژەمان پێدا، لە کاتی قسەکردنمان لەسەر پوچەڵی گریمانەی زنجیرەیی، دواتر دەگەڕێینەوە سەری.

پوختەکەی ئەوەیە، ماددە خاسییەتی خۆی هەیە، ئەمەش وای لێدەکات ڕێسای ورد و ئاڵۆز دەربخات، بەشێوەیەك گەردوون بەم جۆرە ڕێکبخات کە هەیە.

## باسی دووەم

## هەڕەمەکێتی لە مەحەکی تاقیکردنەوە

## دەروازەی یەکەم

## هەوڵێکی شکستخواردوو بۆ چەسپاندنی هەڕەمەکێتی

### مەیمونەکەی هکسلی و بەرهەمەکانی شکسپیر

بەپێی بۆچوونی سێر جەیمس جینز، ئەوا توماس هکسلی[١] (١٨٢٥ – ١٨٩٥) – زانای زیندوەرزانی هاوچەرخی داروین، کە بە سەگی داروین ناوزەد دەکرا، بەهۆی بەرگرییە بێ ئەندازەکەی لە تیۆری داروین – هەڵساوە بە خستنەڕووی نموونەیەکی خەیاڵی[٢]، لەم نموونەیەدا وا دایناوە چەند مەیمونێك لەبەردەم ئامێرێکی چاپکردن دادەنیشن، بەشێوەیەکی هەڕەمەکی پەنجە دەنێن بە دوگمەکانی بۆ ماوەیەکی کۆتایی نەهاتوو، شتێکی جەخت لەسەر کراوەیە لە ڕۆژێك لە ڕۆژاندا – بە دڵنیاییەوە بێ ئەوە خۆی بزانێ – سەرکەوتوو دەبێ لە نووسینی تەواوی کارەکانی شکسپیر! ناو لەم نموونە گریمانەییە نراوە بەڵگەی مەیمونە کۆتا نەهاتووەکان.

وەك جێبەجێکردنی گریمانەی هکسلی، کۆمەڵێك قوتابی لە زانکۆل بلیمۆس بە پاڵپشتی ئەنجومەنی بەریتانی بۆ هونەر، هەڵسان بە نەخشەکێشانی ئەزموونێکی لاساییکەرەوەی کۆمپیوتەری، بۆ تاقیکردنەوەی بەڵگە هێنانەوەکەی مەیمونەکان، شەش مەیمونی مەکاکیان دانایە بەردەم ئامێری

---

() هکسلی کەسێکی نەزانمگەرا بووە، یەکەم کەس بووە زاراوەی نەزانمگەرای داناوە، گاڵتەی دەکرد بە بەڵگە هێنانەوە زانستییەکانی مولحیدان لەسەر نەبوونی خوا، پێی وابوو بەڵگەکانی بوونی خوا یەکسانن لەگەڵ بەڵگەکانی نەبوونی خوا.

٢) دەرکەوت کە جینز – لە کتێبەکەیدا گەردوونی نارۆشن – ئەم بەڵگەیەی داوەتە پاڵ هکسلی ڕاست نییە.

کۆمپیوتەر لە ناو قەفەزێکدا بۆ ماوەی مانگێك، لە کۆتاییدا مەیمونەکان پێنج لاپەڕەی نامەیان بەرهەم هێنا، بەڵام بەبێ یەك وشەش، تەنانەت پیتی (A) یان پیتی (I) بە یەك بۆشایی لە پێش یان دوای خۆشی بەرهەم نەهێنان، کە بیکاتە وشەیەك، بەڵام ئەمە ڕووینەداوە، لەبەر ئەوەی خشتەی کردنەوە سێ کلیلی لەخۆدەگرت، بیست و شەشیان بۆ پیتەکان و چواریان بۆ هێماکان، ئەوا گریمانەی دەستخستنی وشەیەك، کە لە یەك پیت پێکهاتبێ، لە ڕێگەی ڕێکەوتەوە لە هەر هەوڵێکدا، ئەوا یەکسانە ١/٢٧٠٠٠ ئەمە دەرەنجامی سی جارانی سی جارانی سییە.

یەکێك لەوانەی ئاماژەی بەم تاقیکردنەوەیە کرد، زانای گەردوونناس و فیزیای ناوەکی گیراڵ شرۆدر بوو، توێژینەی کرد بوو لەسەر ئەندازەی گریمانەی دەسخستنی سوناتای هەژدەمی شکسپیر، بەم ڕێگە هەڕەمەکییە، ئەمە ناوەکەیەتی: ئایا بە ڕۆژی هاوین ڕوبەڕوتت ببمەوە، ژمارەی پیتەکانی دەگاتە ٤٨٨ پیت، گەیشتە ئەوەی گریمانەی ڕوودانی ئەمە دەگاتە ١ /$٢٦^{٤٨٨}$ واتە: یەك دابەشی ٢٦ توان ٤٨٨، ئەمەش یەکسانە بە ٦٩٠ – ١٠ واتە دە توان ٦٩٠ سالیب، بۆ ئەوەی بیرۆکەیەك وەربگرین لەبارەی مەزنی ئەم ژمارەیە، ئەوەندە بەسە بزانین ژمارەی گشت گەردیلە وردەکان لە ئەلیکترۆن و پرۆتۆت و نیوترۆنەکان لە گەردووندا هەمووی یەکسانە بە ١٠ توان ٨٠، بەڵکو سەیرتر و مەزنتریش لەمە هەیە، ئەگەر هەر ماددەیەکی گەردوون – کە کێشەکەی بە ٤٥، ١ جارانی توان ٥٣ کلیۆگرام ئەندازە دەکرێ – بگۆڕدرێن بۆ پێکهێنەرە وردەکانی کۆمپیوتەر، کێشی هەر یەکێکیان لەسەر یەك ملیۆن گرام بێت، وا دامانناباییە هەر پێکهێنەرێکی ورد دەتوانێ بە ملیۆن هەوڵ و جوڵە هەڵبستێت لە یەك چرکەدا، تووشی شۆك دەبین سەبارەت بە ڕاستی جوڵە و هەوڵە گریمانەکراوەکان کە دەبێ ئەنجام بدرێن لە ٧، ١٣ ملیار ساڵ – کە تەمەنی گەردوونە – زیاتر نییە لە دە توان نەوەد، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئێمە پێویستمان بە گەردوونێکی مەزنترە بە ئەندازەی دە توان شەش سەد!!!

نموونەیەکی تری زۆر وروژێنەر هەیە: ئینجیلی پاشا جەیمس لە ٤٨٠٥٥٦٣ پیت پێکهاتووە، ئایا گریمانەی سەرکەوتنی ئەو مەیمونە کۆڵنەدەرەمان چەندە لە بەرهەمهێنانی ئەم دەقە، بەڕێگەی پەنجەنان بە دوگمەکانی چاپکەردا؟

وەڵامەکەی ئەمەیە: $٢٦^{٤٨٠٥٥٦٣}$ – ژمارەی دوگمەکانی چاپکەری توان ٤٨٠٥٥٦٣ ژمارەی پیتەکانی ئینجیل پێکدەهێنێ – ئەمەش یەکسانە بە $٨. ٣ \times ١٠^{٥٠٣٢٣٢٣}$، واتە: ٨. ٣ جارانی ١٠ توان ٥٠٣٢٣٢٣.

بۆ ئەوەی ئەوە ڕوون بکەینەوە ئەم ژمارەیە چەندە مەزنە، ئەوا پێویستە لەسەرمان جارێکی تر خەیاڵی تێکڕای ماددەی گەردوون بکەین – کە گەیشتووەتە $٤٥ \times ١٠^{٥٣}$ کیلۆگرام – بەوەی گۆڕدراوە بۆ وزە – بەپێی هاوکێشەی ناوداری ئەنشتاین E=m×c– بە ئەندازەی دە ملیۆن جار لە چرکەیەکدا، ئەمەش بە درێژایی ٢٠ ملیار ساڵ. ئەگەر ئەم وزەیە بەکاربێ لە بەرهەمهێنانی دەقێك لەسەر کەمترین ئاستی وزەی پێویست، ئەوا دەتوانرا $١٠^{٨٨}$ دەق بەرهەم بهێنێ بە درێژایی ئینجیلەکەی شا جەیمس. ئەگەر ئەم ژمارەیە جارانی گەردیلەکانی گەردوون بکەین، کە دەگەنە $١٠^{٧٨}$ ئەوا $١٠^{١٦٦}$ لێ دەردەچێ، ئەمەش هەروەك دەیبینی ژمارەیەکی زۆر بچوك و کورتە باڵایە بە بەراورد بە ژمارەی داواکراو. باشە، با هەوڵ لەگەڵ دەقێکی زۆر بچوکتر بدەین لە ئینجیلی شا جەیمس، ڕستەیەکی کورتی پێکهاتوو لە ٢٤ پیت و ٤ بۆشایی، کۆی گشتیەکەی ٢٨ە.

(In the beginning God created) ئەمە نیوەی ئایەتی یەکەمە لە سفری تەکەوین، ٢٦ دوگمە و یەك بۆشاییمان هەیە، واتە کۆیەکەی ٢٧ە، کەواتە $٢٧^{٢٨}$ ئەمەش یەسانە بە ٢٠، $١ \times ١٠^{٤٠}$، لەگەڵ ئەوەی ئەمە بە چەندین قۆناغی خەیاڵی لە خوار ژمارە مەزنەکەمانەوەیە، بەڵام ئەمە هاوشێوەی گەڕانە بەدوای پارچە ئاسنێك لە نێوان ترلیۆنێك تەنی ئاسن، ترلیۆنێك ئاسن یەکسانە بە $١٠^{١٨}$ گرام (ترلیۆن $١٠^{١٢}$ و تەن بە گرام یەکسانە بە $١٠^{٦}$) هەر گرامێك ئاسن ١، ١

$\times$ $١٠^{٢٢}$ گەردیلەی ئاسن لەخۆ دەگرێت، بەم پێیە هەر ترلیۆنێك تەن ئاسن لە $١٠^{١٨}$ $\times$ ١، ١ $\times$ $١٠^{٢٢}$ پێكدێت، ئەمەش یەكسانە ١، ١ $\times$ $١٠^{٤٠}$ گەردیلە.

# دەروازەی دووەم

# تیۆری ڕێکەوت لەبەردەم ژمارەکاندا بە چۆکدا دەکەوێ

## دارمانی بە بەڵگە هێنانەوەی مەیمونەکان

وەك سەرنجدان لەسەر ئەو گریمانە کۆتایی هاتووە گومڕایەی پێشوو، دەڵێین: ئاستێکی دیاریکراو هەیە، ئەگەر گریمانە تێپەڕێنی وەك سفری لێدێت، لەبەر ئەوەی ئێمە لە نێو کات و مەرج و توانا و لێهاتوویی کراوەدا ناجوڵێینەوە، لە کۆتاییدا گەردوون قەبارە و سنوورێکی هەیە — ئەگەر فراوانیش بێ — هەروەك تەمەنێکی دیاریکراویشی هەیە، گەردوون لە ڕووی کات و شوێنەوە سنووردارە، هەر گریمانەیەکیش ملکەچی ئەم دوو ڕاستیەیە.

ویلیام دیمبسکی[1] فەیلەسوف و بیرکاریناس و لاهوتییەکی ئەمریکییە، مشتومڕ ورووژێنەرە بەهۆی لێکۆڵینەوەکانی لەبارەی نەخشەدانانی زیرەك، زاراوەی (سنووری گریمانەی گەردوونی) داڕشت، یەکسانە بە ($١٠^{-١٥٠}$) دە توان سەد و پەنجای سالیب، گوزارشت دەکات لە پلەیەکی نا گریمانەیی بۆ ڕوودانی ڕووداوێکی دیاریکراو لەم گەردوونە ناسراوەماندا، بەو مانایەی هەر ڕووداوێك نرخی گریمانەی ڕووداوەکەی کەمتر دەبێ لە دە توان سەد و پەنجای سالیب، ئەوا ڕوودانی ئەم ڕووداوە ئەستەمە. بەم پێیە گریمانەی ڕوودانی هەر ڕووداوێك کەمتر بێ لەم ئاستە، بۆ نموونە ١/١٠ توان ١٥١ یان ١/٢ لەسەر ١٠ توان ١٥٠ بوو، ئەوا دەبێ بە ئەستەم دابنرێ. ئەی چی

---

() ئەلبێرت ولیام ((بیل)) دیمبسکی (١٩٦٠) بیرکاریناس و فەیلەسوف و لاهوتییەکی ئەمریکییە، یەکێکە لەوانەی بانگەشەی بۆ نەخشەدانانی زیرەك کردووە، بەرهەڵستی تیۆری پەرەسەندنە لە میانەی پاڵاوتنی سروشتی، ئەندامێکی دیارە لە ناوەندی زانست و کەلەپوری سەر بە پەیمانگەی دیسکفری. چەندین کتێبی نووسیوە لەبارەی نەخشەدانانی زیرەك، لاهوت و بیرکاریدا. هەڵگری حەوت پلەی زانستییە، بە پلەی دکتۆراشەوە لە فەلسەفە لە زانکۆی ئیلینویز لە شیکاگۆ و دکتۆرا لە بیرکاریدا لە زانکۆی شیکاگۆ. لە گرنگترین دانراوەکانی ((نەخشەدانانی ژیان)).

سەبارەت بە ١/١٠ توان ٦٩٠. لە بەرامبەردا گریمانەی ڕوودانی هەر ڕووداوێك بگاتە یەك لەسەر دە توان ١٤٩ ئەوا دەچێتە ناو بازنەی شیاوی بووندا. دیمبسکی لێکدانەوەکانی کردووە بە ڕەچاوکردنی ئەوە:

ژمارەی گەردیلە و تەنە بەراییەکان لە گەردووندا دەگاتە ١٠ توان ٨٠.

ژمارەی هەرە مەزنی کردارە فیزیاییەکان، کە دەکرێ لە یەك چرکەدا ڕووبدەن بریتییە لە ١٠ توان ٤٥. ئەمە پێچەوانەی کاتی بلانکە، کە بچوکترین ماوەی کاتی شیاوی بوونە ($١٠^{-٤٥}$) لە یەك چرکەدا!

تەمەنی گەردوون بە چرکە لەوەتەی تەقینەوە مەزنەکەوە تا ئەم ساتە یەکسانە بە ١٠ توان ٢٥.
ئیستاش با ئەم ژمارانە جارانی یەکتر بکەین، واتە: ($١٠^{٤٥} \times ١٠^{٤٥} \times ١٠^{٨٠} = ١٠^{١٥٠}$)
دەرەنجامەکە ئەمە دەبێ: ١٠ توان ١٥٠.

کەواتە مەبەستی دیمبسکی لەم لێکدانەوەیدا، دیاریکردنی ئاستی هەرە بەرزە بۆ ژمارەی کردارە فیزیاییەکان، کە لەوانەیە ڕوودرابن بۆ تەن و گەردیلە بەراییەکان، هەر لە تەقینەوە مەزنەکە تا ئەمڕۆ.

بەم پێیە گریمانەی یەك لە $١٠^{٦٩٠}$ گریمانەیەکی سفرییە. لەگەڵ ئەوەی گریمانەی دەرکەوتنی سوناتایەکی پێکهاتووە لە ٤٨٠ وشە بە ڕێگەی ڕێکەوت، ئەی چی سەبارەت بە هەموو گەردوون، ئەو هەموو بوونەوەرە ئاڵۆز و تایبەتانەی تێیدایە؟

دیمبسکی پێناسەی زانیاریە ئاڵۆزە پسپۆر و تایبەتەکان دەکات بەوەی هەر شتێکە گریمانەی ڕوودانی بە ڕێگەی ڕێکەوتی سروشتی بگاتە کەمتر لە $١/١٠^{١٥٠}$. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ هەر ڕووداوێك کە لەم گەردوونەماندا دەیبینین، ئەوا گریمانەی ڕوودانەکەی بە ڕێگەی ڕێکەوت بگاتە

کەمتر لە ئاستی دیاریکراو، ئەوا ئەستەمە بە ڕێگەی ڕێکەوت ڕوویدابێ، دەبێ دان بەوەدابنرێ ئەم ڕووداوە ڕوویداوە لە ڕێگەی نەخشەی نەخشەسازێکی زیرەکەوە.

ئەم برادەرە مەبەستی چییە لە چەمکی ئاڵۆزی پسپۆر؟ دیمبسکی مەبەستی خۆی ڕاڤە دەکات و دەڵێت: کاتێك هەر شتێك ئاڵۆزیەکی پسپۆر پیشان دەدات، ئەوا دەڵێین ئەمە نەخشەی بۆکێشراوە لەلایەن نەخشەکێشێکی زیرەکەوە، ناکرێ بڵێین بە ڕێکەوت پەیدابووە، هەر یەکێك لە پیتە ئەبجەدییەکان تایبەتمەندە، بەڵام ئاڵۆز نییە، لە کاتێکدا ڕستەیەکی درێژی هەڕەمەکی لە پیتە ئەبجەدییەکان ئاڵۆزە بەڵام تایبەتمەند و پسپۆر نییە، چامەی شکسپیر ئاڵۆز و تایبەتمەندە. پیتی تاك تایبەتمەندە، چونکە هەڵگری دەنگێکی تایبەتە، ئەمەش بە تایبەتمەندیەکی ئەو پیتە دادەنرێ، بەڵام ڕستەی ئاڵۆزی نا تایبەتمەند، ئەوا ئاڵۆزە بەهۆی پێکهاتنی لە چەند پیتێکەوە، تایبەتمەندیش نییە، چونکە هیچ مانایەك بەدەستەوە نادات، چامەکەی شکسپیر ماوەتەوە ئاڵۆز و تایبەتمەند بێ، چونکە مانایەك دەبەخشێ.

ئایا ئێستا پێت وایە بە بەڵگە هێنانەوەی مەیمونەکان مابێ؟ لە ساڵی ٢٠٠٤ مولحیدی پێشوو فەیلەسوف ئەنتۆنی فلۆ لە مێزگەردێکیدا لەگەڵ گایرالد شرودر لە زانکۆی نیۆیۆرك لەبارەی بنچینەی ژیان، شرودر هەندێك ژمێرکاری و لێکدانەوەی خۆی خستەڕوو، کە ئەنجامی دابوو بۆ پوچەڵکردنەوەی بە بەڵگەهێنانەوەی مەیمونەکان، دوای ئەوەی فلۆ گوێبیستی بوو و ڕوونکردنەوەی لەسەردا و بە شرودری وت: بەشێوەیەکی تەواو و بڕاوە ڕوونت کردەوە، کە بەڵگەهێنانەوەکەی مەیمونەکان وەك زبڵدان بووە. فلۆ ئەمەی بەخودی خۆی گێڕاوەتەوە لە کتێبەکەیدا، کە تیایدا گەڕانەوەی خۆی بۆ باوەشی ئیمان ڕاگەیاند، دوای ئەوەی تەمەنە درێژەکەی لە ئیلحاددا بەڕێکرد، ئەمەش ناوی کتێبەکەیەتی: لێرە خوا هەیە.

## • چارلز ئۆجین گای[1] و گەردی پرۆتین

وەك جێبەجێکردنێك كە خۆمان پێی هەڵدەستین لەسەر سنوورەكەی دیمبسكی، ئەوا هەڵدەستین بە گێڕانەوەی هەوڵی فیزیاناسی سویسری چارلز ئۆجین گای– ئەم هەوڵە لە كتێبەكەیدا ((پەرەسەندنی فیزیۆكیمیایی)) باسكراوە – بۆ بەرژەوەندی گریمانەی پێكهاتنی گەردی پرۆتین بە ڕێگەی ڕێكەوت.

هەر چەندە گەردی پرۆتین، گەردێكی زەبەلاحە، لەوانەیە ژمارەی گەردیلەكانی بگاتە ٤٠٠٠٠ گەردیلە، گای پێی باشتربوو هەڵبستێت بە سادەكردنەوەیەكی سەرەتا، گەردیلەكانی تەنها بە ٢٠٠٠ گەردیلە داناوە، دواتر سادەكردنەوەیەكی تری بۆ ئەنجامداوە، بەوەی تەنها دوو جۆر گەردیلەی بە بەس داناوە، لەگەڵ ئەوەی گەردی پرۆتین پێكدێت لە گەردیلەكانی هایدرۆجین و ئۆكسجین و كاربۆن و ئازۆت یان نایترۆجین، پاشان پەنای بردۆتەبەر سادەكردنەوەی سێیەم، وا دایناوە كێشی گەردیلەیی دەی ناوەندی بێ، لەگەڵ ئەوەی كێشی گەردیلەی ئۆكسجین ١٦ و كاربۆن ١٢ و نایترۆجین ١٤ و هایدرۆجین ١.

دواتر گای سێ ڕەگەزی دیاریكردووە، وەك مەرجی پێویست بۆ دروستبوونی گەردی پرۆتین:

- گریمانەی تیۆری بۆ پێكهاتن و دروستبوونی ئەم گەردە.
- قەبارەی كەرستە و ماددەی پێویست بۆ دیاریكردنی ژمارەی گریمانەكە.
- كاتی پێویست.

---

[1] بە فەرەنسی ئەمە ناوەكەیەتی Charles-Eugène Guye (١٨٦٦ – ١٩٤٢) فیزیایەكی سویسرییە، لە پەیمانگەی فیزیای سەر بە زانكۆی جنێف خوێندویەتی، دواتر سەرۆكایەتی هەمان پەیمانگەی كرد، ئەنشتاین یەكێك لە قوتابیەكانی بوو، بەشداری كرد لە كۆنگرەی پێنجەم و حەوتەمی سولفای بۆ فیزیا، لە پاڵ كەسایەتییە فیزیاناسەكانی جیهان، ئەو جەختی كردەوە بەشێوەیەكی ئەزموونی لەسەر پێشبینیەكەی ئەنشتاین سەبارەت بە ڕێژەگەراییە تایبەتەكەی لەبارەی گۆڕانی تۆپەڵەی ئەلیكترۆنی بەپێی خێراییەكەی. نزیكەی دوو سەد لاپەڕەی توێژینەوەی لە فیزیادا هەیە، لەگەڵ كۆمەڵێك كتێب لەبارەی بنەما كیمیایی و فیزیایی و بایلۆژییەكانی پەرەسەندن.

بەمە دەرکەوت، قەبارەی ئەو گەردوونەی پێویستمان پێ هەیە، دەگاتە ئەوەی ڕووناکی دەیبڕێت لە ١٠ پۆینت ١٦٤ ساڵدا، ئەمەش قەبارەیەکی مەزنترە لە قەبارەی ئێستای گەردوون بە چەندین سیکستلیونات، قەبارەی گەردوونی ئێستامان نزیکەی ٩٣ ملیار ساڵی ڕووناکییە. بە گریمانەکردنی ئەوەی پێکهاتووەکان جولێنراون بە ئەندازەی ٥٠٠ تریلیۆن جار لە یەك چرکەدا، بە درێژایی ماوەیەکی کاتی یەکسان بە ١٠ پۆینت ٢٣٤ ساڵ – با ئەوە بخەینەوە یاد کە تەمەنی زەوی نزیکەی تەنها ٥،٤ ملیار ساڵە – ئەوا گریمانەی دەرکەوتنی یەك گەردی پرۆتینی بە ڕێکەوت، ئەوا تێپەڕ ناکات لە ١/١٠ توان ٣٢١، ئەمەیان گریمانەیەکە بە چەند قۆناغێك کەمترە لە ئاستی هەرە نزمی گریمانەی گەردوونی.

با سەرنج بخەینەسەر ئەوەی ئەمە هەموو بە دەوری پێکهاتنی یەك گەردی پرۆتین دەخولێتەوە، ئایا گومانتان چییە سەبارەت بە جەستەیەکی وەك جەستەی مرۆڤ، کە پێکهاتووە لە نزیکەی ٣٤ ترلیۆن خانە، واتە $٣٤ \times ١٠^{١٢}$ – لە هەندێك بۆچوون و ئەندازەگیریدا ١٠٠ تریلیۆن خانەیە، واتە $١٠^{١٤}$ – جگەری سەلامەتی کەسێکی پێگەیشتوو، لە نزیکەی ٢٤٠ ملیار خانە پێکدێت، هەر خانەیەکیش نزیکەی لە ٣٠٠ بۆ ٥٠٠ گەردی پرۆتینی پێکدێت، بەو مانایەی جەستەی هەر یەکێکمان نزیکەی $٣٤ \times ٤٠٠ = ١٣٦٠٠٠$ تریلیۆن گەردی پرۆتینی پێکدێت!!

فەرموون ئەمە سەرسوڕهێنەرێکی ترە پەیوەستە بە گەردی هیمۆگلۆبینەوە، ئەم گەردە زەبەلاحە ٥٣٩ ترشی ئەمینیا لەخۆ دەگرێ، بە دووبارەبووەوە بیست جۆر ترشی جەستەکەمان پێکدێنێ، ژمارەی ئەو ڕێگەیانەی دەکرێ ئەم ٥٣٩ ترشەی پێ ڕیز ببن، دەگاتە $٢٠^{٥٣٩}$ ئەمەش یەکسانە بە $١٠^{٦٢٠}$، ئەوە دەگەیەنێ گریمانەی ڕیزبەستنی بەم شێوەیەی هەیە یەکسانە بە $١٠^{-٦٢٠}$ واتە یەك لە دەی توان ٦٢٠. ئەمە کۆتایی چیرۆکەکە نییە، دوای هەماهەنگ بوون و ڕیزبەستنی ترشەکانی ئەمینیا بۆ پێکهێنانی بەندە پیپتیدیەکان، بەمەش گرنگترین کردار لە دروستکردنی گەردی پرۆتیندا دەردەکەوێ، کە خۆی دەبینێتەوە لەو ڕێگەیەی بەندەکان پێی ئاڵاون، ئەمەیان کردارێکی زۆر ئاڵۆز و سەرسوڕهێنە، ئەگەر زانیاریە پێویستیەکانمان بۆ لول پێچراوی بەند و زنجیرەی گەردی

پرۆتین، که له ١٠٠ ترشی ئەمینی پێکهاتووه له کۆمپیوتەرێکی زەبەلاحمان دانا، بۆ ئەوەی بەم کرداره هەڵبستێت له میانەی هەوڵە هەڕەمەکییەکانەوە، ئەوا ماوەیەك دەخایەنێ که دەگاتە ١٠[١٢٧] ساڵ. له دۆخێکدا ئەم کرداره له خانەدا ئەنجام دەدرێ له بەشێکی زۆر کەمی چرکەدا!!

## • دانپێدانانێکی تر به بوونی نەخشه و پلانێکی زیرەك

فرید هویل[١]، گەردوونناس و بیرکاریناسێکی بەڕیتانی مولحیده، له کۆتاییدا ناچار بوو دانبنێ به بوونی پلانی زیرەکدا، بەپێی دیفیز ئەوا هویل له شەستەکانی سەدەی بیستەمدا تێبینی ئەوەی کردووه ڕەگەزی کاربۆن — که ڕەگەزێکی زۆر بنەڕەتییه بۆ ژیان، تەنانەت کیمیای ئەندامی پێی دەوترێت کاربۆن — له ناخی ئەستێرەکاندا دروست دەکرێت، لەوێوه دەردەچێ لەگەڵ تەقینەوەی سوپەر نۆڤا، شۆك هویلی داگرت، له میانەی بەدواداچوونی بۆ هەنگاوەکانی دروستبوونی کاربۆن، کارێکی بنەڕەتی بەپێی ڕێکەوتی هاتوو ئەنجام دەدرێ، کەوات دروستبوونی ناوەکانی کاربۆن، له ڕێگەی کردارێکی زۆر ئاڵۆزەوه، بەهۆیەوه سێناوکی هیۆم بەیەکدەگەن، که خاوەن خێراییەکی زۆرن، له دەرەنجامی ئەمەدا بەیەکەوه دەلکێن، بەهۆی دەگمەنی بەیکگەیشتنی سێ ناوك، ئەوا کارلێکەکه به خێرایی ئەنجام ناکرێ، تەنها لەو کاتەدا نەبێ که وزەی دیاریکراو وەك هاوئاواز بوونیان دەبێ، خۆشبەختانه یەکێك لەم هاوئاواز و وەڵامانه له سنووری ئوزەی گونجاودا هات بۆ جۆری ئەو وزەیەی ناوکەکانی هلیۆم له ناو ئەستێره مەزنەکاندا هەیەتی. هەروەك لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل دەریخستووه ڕێکەوتەکانی تر که ڕوودەدەن، ئەوا کاربۆن بەبێ ئەوان له ناخی ئەستێرەکاندا دروست نەدەبوو. هویل زۆر کاریگەر بوو بەم زنجیره ڕێکەوتە، بۆیه ئەم

[١] فرێد هویل (١٩١٥ — ٢٠٠١) زانایەکی بیرکاریناسی و گەردوونناسی بەناوبانگی بەڕیتانیه، به تووندی بەرهەڵستی تیۆری تەقینەوه مەزنەکەی کرد، خۆیشی ئەم ناوەی لێ نابوو، له بەرامبەردا تیۆری دۆخی جێگیری هەیه که لەگەڵ هەر دوو هاوڕێکەی تۆماس گولد و بوندی داڕشتووه. له کتێبەکانی: سروشتی گەردوون، لوتکەی زانستی گەردوونناسی.

سەرەنجەی نووسی: شتەکە وەك ئەوە وایە، یاساکانی فیزیای ناوەکی نەخشەسازیان بۆ کرابیّ بە ئەنقەست بۆ ئەوەی ئەو دەرەنجامانە بدات کە لە ناو ناخی ئەستێرەکانەوە ڕوودەدەن، هویل ئەو بۆچوونەی بڵاوکردەوە کە دەڵێت: جیهان وەك ئەرکێکە، پێشتر ڕێکخرابیّ، هەروەك ئەوەیە یەکێك یاری بە یاساکانی فیزیا بکات.

هویل لە دوایین ڕۆژەکانیدا، گەیشتە ئەوەی ڕەخنە لە گریمانەی پەیدابوونی ژیان بگریّ لەسەر ئەم هەسارەیەمان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی، لەگەڵ هاوڕێکەی شاندرا ویکراماسینگ تیۆری ناوك و گەردیلەی ئاسمانی خستەڕوو، لەم تیۆرەدا ئەوەیان خستەڕوو کە ژیان لە دەرەوەی ئاسمانەوە و لە بۆشایی دەرەکیدا هاتووە، ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە فرانسیس کریك یەکێك بوو لەوانەی ئەم تیۆرەی بە بنەما کردووە. وا دەردەکەویّ هویل — کە ژیانی وەك مولحیدێك بەسەربرد — سەیری ئەم تیۆرەی کردووە وەك بازنەی ڕزگاربوون لە پابەندییەکانی ئیمان و باوەڕ بوون بە بەدیهێنەرێکی ژیان، لە کاتێکدا ئەم تیۆرە لە واقیعدا هیچ زیاد ناکات جگە لە هەوڵێکی ڕاکردن لە شوێنێکی نزیك بۆ شوێنێکی دوورتر لە ڕێگەی باڵی گریمانەی ڕووتی نەگونجاو — بەلایەنی کەمەوە لەم کاتەی ئێستادا — بۆ تاقیکردنەوە، چونکە پرسیارەکە هەر دەمێنێتەوە سەبارەت بە چۆنیەتی دروستبوونی ژیان لە بۆشایی دەرەکیەوە، هویل سەرنجی ئەمەی نەدابوو، لە کتێبە هاوبەشەکەیدا لەگەڵ ویکراماسینگ ((پەرسەندن لە بۆشایی ئاسمانەوە)) نووسیویەتی: ئەگەر بەڕاستەوخۆ بەردەوام بین لە لێکۆڵینەوە لەم پرسەدا، بیّ ئەوەی بترسین لە ئاکامەکانی سەرپێچی کردنی ڕازی زانستی باو، ئەوا دەگەینە دەرەنجامێك، کە ئەمە ناوەڕۆکەکەیەتی: کەرستە و ماددە بایلۆژییەکان بەو پێوەر و ڕێسایانەی لەخۆی دەگرن، دەبیّ بەرهەمی نەخشەسازیەکی زیرەك بن، هیچ گریمانەیەکی تر نییە، کە بتوانم بیری لیّ بکەمەوە. هویل هەڵساوە بە لێکدانەوەی دروستبوونی ئەنزیمە پێویستەکان بۆ بەگەڕخستنی سادەترین خانەی زیندوو، بیّ گریمانەکردنی ناوکە ئاسمانییەکان، ئەوا بینی لە $١٠^{٤٠٠٠٠}$ یەك لەسەر دە توان چل هەزار تێناپەڕیّ! !هەروەك هویل گەڵاڵەبوونی ژیانی بە ڕێگەی ڕێکەوت لەسەر ئەم هەسارەیەمانی چواندووە بە هەڵگیرسانی باو و

زریانی مەزن، کە لە دەرەنجامیدا هەموو بەشە پێویستەکان بۆ دروستکردنی فڕۆکەی بوینگ ٧٤٧ و پەیکەرەکەی کۆببنەوە، ئەمە شتێکی پوچەڵ و بێ بنەمایەکی مەزنە! ئا بەم شێوەیە هویل وەسفی بانگەشەی دروستبوونی ژیان لە ڕێگەی ڕێکەوت لەسەر زەویەوە وەسف دەکات. بەڵام ئەو پرسیارەی لێرە دەوروژێنرێ ئەوەیە: کێیە لە پاڵ ئەم نەخشەسازییە زیرەکە دەوەستێت؟ لەوانەیە بوونەوەری زۆر پێشکەوتووی ئاسمانی بن، بەڵام پرسیار لەبارەی ئەم بوونەوەرانەش هەر بەردەوام دەبێ.

تێبینیەکانی هویل سەبارەت بە بنەمای مرۆیی() کە بڕیار دەدات هەرچی لە گەردووندا هاتووە، ئەوا بە گونجاوی هاتوە بۆ دەرکەوتنی ژیانی ژیرانە، کە خۆی لە مرۆڤدا دەبینێتەوە. بەشێوەیەك کە ئەگەر هەندێك بەهای ورد یان کەمی گەردە بەراییەکان یان هەندێك یاسای سروشت بگۆڕین بە شێوەیەکی جیاواز لەوەی هەیە، ئەوا ئەم ژیانە ژیرانەیە دەرنەدەکەوت، کە گونجاوە بۆ ڕامان لە گەردوون و لێکۆڵینەوەی، ئەوە ئەو بنەمایەیە کە بوونی ئێمە وەك بوونەوەری ژیر، کە چاودێری گەردوون دەکات بە دەبەستێتەوە بە یاسا و دۆخەکانی گەردوون. تێبینی و سەرنجدانی پشتی یەکترگرتنی ئەوەی وەك ڕێکەوتی پوخت دەردەکەوێ بەشێوەیەك کە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی دەرکەوتنی ژیانی ژیرانە لەم گەردوونەماندا، بووە هۆی بەخشینی بیرۆکەی بنەمای مرۆیی، هەروەك

() ئەم بنەمایە گەردوونناس براندون کارتەر لە ساڵی ١٩٧٣ دایڕشتووە، بە بۆنەی تێپەڕینی ٥٠٠ ساڵ بەسەر یادی لەدایکبوونی کوبرنیکۆس، هەندێك لە داڕێژراوەکانی ئەم بنەمایە شیاوی مشتومڕی زانستی و فەلسەفین، لە کاتێکدا هەندێکی تر دابەشکراون بەوەی دەچنە ناو بازنەی زانستە ساختە و بێ کەڵکەکانەوە. لەلای خۆیەوە کارتر دوو شێوەی بۆ ئەم بنەمایە گەڵاڵە کردووە: یەکەم: بنەمای مرۆیی لاواز، جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی دەبێ ئامادەبین بۆ داننان بەوەی پێگەکەمان لە گەردووندا پلەی زیاتری هەیە، بەوەی گونجاوە لەگەڵ بوونی ئێمە وەك ڕامێنەر لەم گەردوونە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی شوێنەکەمان لە گەردووندا لە ڕووی کات و شوێنەوە بە یەکەوە. دووەمیان: بنەمای مرۆیی بەهێز: بەپێی ئەمە دەبێ گەردوون بەو نەگۆڕە بنەڕەتیانەی تێیدان وەك ئەوەیە بۆ ئەوە هەبن تا بگونجێن بۆ دروستکردنی بوونەوەران لە ناوخۆدا، کە گونجاو بن بۆ چاودێری کردنی گەردوون لە قۆناغێکی مێژوودا. هەندێکی تر و بەتایبەت جون بارو و فرانك تیلەر چەند دەستکاریەکیان ئەنجامدا لەم بنەمایەدا، ئێرە شوێنی خستنەڕوویان نییە.

براندون کارتەر و برنار کار و مارتن ریز خستوویانەتەڕوو، لە کتێبە هاوبەشەکەیاندا (ڕێکەوتی گەردوونی)، چۆن گریبین و مارتین ریز ئەو دەرەنجامەیان هەڵهێنجاوە، کە دۆخەکانی گەردوونەکەمان وا دەردەکەوێ ڕاستیەکی گونجاو بێ بە شێوەیەکی هەڵاوێردراو بۆ دەرکەوتنی چەند شێوەیەك لە ژیان وەك ژیانی ئێمەی مرۆڤ.

شتێکی ڕوونە بنەمای مرۆیی بنەمایەکی یاسایی نییە، داڕشتنیشی دەکەوێتەوە دەرەوەی سەرقاڵکاری زانسی، زانست و توێژینەوەی زانستی پێشڕەوی بۆ ناکەن، زۆربەی زانایانیش ناتوانن لە تاوتوێکردنی و بەدوادچوونی هەڵبێن. ئا ئەمە پزیشکی نۆبڵیی بەڕیتانی مولحیدە، بە بنەچە لوبنانیە، سێر پیتەر براین مدوەرە، داندەنێ بەوەی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی پەیوەستن بە سەرەتاییەکان و کۆتاییەکانەوە، کارێکە بەپێی لۆژیك لە دەرەوەی توانای زانستی سروشتیەوەیە. سەرسامی لەوەدا نییە کە لە کاتی توێژینەوە لە کۆتاییەکان و وەڵامدانەوەی پرسیارە دوورەکان، زانست خۆی دەبینێتەوە بەوەی لکاوە بە سنووری ئەودیوسروشت (میافیزیك)ەوە، بەمەش بێ ویستی خۆی بە فەلسەفە و ئایین دەگات، هەروەك جۆرج سموت[1] لە کتێبەکەیدا (لول بوونەوەی کات) وتویەتی: کاتێك توێژینەوە نزیك دەکەوێتەوە لە پرسیاری هەر دوو و باڵا لەبارەی بوونمانەوە، ئەوا هێڵە جیاکەرەوەکان لە نێوان زانستی گەردوون و فەلسەفە خەریکە ونبن. ئەنشتاین کە خۆی بۆ ڕاڤەی ژیرانە بۆ گەردوون تەرخان کردبوو، جارێکیان وتی: من دەمەوێ بزانم خوا چۆن جیهانی دروست کردووە؟ دەمەوێ بیرۆکەکانی بزانم!

بەڵام زانستی ڕووت بەس نییە بۆ پێداویستییەکانی وەڵامدانەوەی پرسیارە مەزنەکان، کە جەخت لەسەر مرۆڤ دەکەنەوە بەشێوەیەك کە پێی وایە پێویستە چارە بکرێ، زۆرێك لە زانایان پێیان وایە ڕادەکێشرێن بەرەو ئەم باسە، هەرچەندە نایانەوێ بایەخ بە ئایین و پرسەکانی ئەودیوسروشت بدەن، ئائەمە فرێد هویلە بە سەغڵەتیەوە دەنووسێ:

---

(1) جۆرج سموت، لە دایکبووی ١٩٤٥ز، زانایەکی فیزیاناسی گەردووناسی ئەمریکییە، خەڵاتی نۆبڵی لە فیزیادا لە ساڵی ٢٠٠٦ بەدەستهێناوە.

ڕاستییەك هەیە هەردەم سەرسوڕهێنە: لە کاتێکدا زۆربەی زانایان بانگەشەی ئەوە دەکەن دوورەپەرێزن و بەرین لە ئاین، کەچی بە کرداری ئایین بەسەر بیرکردنەوەی ئەوان زاڵە، زیاتر لەوەی بەسەر خودی بیرکردنەوەی پیاوانی ئایندا زاڵە !

# دەروازەی سێیەم

# تیۆری تەقینەوە مەزنەکە و هەڵوەشاندنەوەی هەرەمەکێتی

## تیۆری پەرەسەندن لە مەحەکی ڕەخنەدا

بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکان تەنها پەیوەندیدار نییە بە بوونەوەرە لاوەکییەکان، بەڵکو بایەخ دەدات بە پوختەی گەردوونییش. لەلایەکی ترەوە بایەخدانەکەی بە سروشتی دۆخەکە درێژ دەبێتەوە بۆ یاسایە بنەڕەتییەکانی گەردوون. هەر بۆیە — لەم قۆناغەی ئێستادا — بەسود نییە بخزێینە ناو مشتومڕی نەخشەدانانی هەندێك ڕێسای لاوەکی لەگەڵ مولحیدان و پەرسەندنگەراکان. دواتر قسە لەسەر ئەمە دەکەین لە کاتی قسەکردن بە تێروتەسەلی لەبارەی تیۆری پەرەسەندن.

بەڵام لەم قۆناغەدا، ئەوا لە گەردوونەوە دەستپێدەکەین وەك پێکهاتەی هەرە مەزن، بەڵکو لە نێو هەموو پێکهاتەکاندا گەورەترینە. خێرا داندەنێین بەوەی بنەمای پاڵاوتنی سروشتی کار لەسەر گشت گەردوون ناکات. لەبارەی پەیدابوونی گەردوونەوە کار ناکات، چونکە هیچ ماوەیەکمان نییە بۆ بەراوردکردن لە نێوان ئەم گەردوونەمان و گەردوونە گریمانەکراوەکانی تر، لە بوارێکی فراوانتر لە هەمووان، کە ڕێگە بدات بەهێشتنەوەی هەندێك لەم گەردوونانە و دوورخستنەوەی هەندێکی تر لە تێڕوانینی هەڵبژاردنی گەردوونیەوە.

ئایا گەردوون چۆن پێکهاتووە و پەیدابووە؟ ئایا لێرەدا بوار بۆ ڕێکەوت هەیە لە دروستبوونی گەردووندا؟

## • خستنەڕوویکی کورت بۆ تیۆری تەقینەوە مەزنەکە ( Big Bang )

خۆمان دووردەگرین لە ڕۆیشتنە ناو وردەکاری تیۆری تەقینەوە مەزنەکە، چونکە زۆربەی خەڵك بیرۆکەیەکی لەبارەوە هەیە، تەنها بەشێوەیەکی پوخت و کورت دەیخەینەڕوو.

ئەم گەردوونە پێش ١٣,٧ مليار ساڵ، لە شوێنێکدا گۆشەگیر کرابوو، ناوی لێدەنرا دەگمەن و بێ هاوتا، ئەو کات مادده و وزە یەك شت بوون، چڕی بێ کۆتابوو، چوار هێزەکەش — کێشکردن، کارۆموگناتیسی، ناوەکی لاواز، ناوەکی بەهێز — لە ناویەکدابوون وەك یەك هێزی بێ جیاوازی، ڕێژەییە گشتییەکەی ئەنشتاین فریامان ناکەوێ بۆ پێشبینی کردنی ئەو ڕێگەیەی گەردوون پێی دەستی پێکردووە، چونکە ئەوەی لەبەردەستماندایە بۆشایی و شوێنێکی زۆر بچوکترە لە پڕۆتۆن بە مليۆنان جار، درێژی بلانك (لە سنووری $١٠^{-٣٥}$ مەترە) لەگەڵ گشت دەستکەوتە بلانکییەکان، ئەمە سەردەمی بلانکە، دواتر تەقینەوەی مەزن ڕوویدا بۆ ئەوەی پاشان ڕاستەوخۆ — سنووری بێ کۆتایی بچوکی نزيك لە کات، لە $١٠^{-٤٣}$ لە چرکەدا – گەرمی دەستی بە کەمبوونەوە و قەبارەش ڕووی لە زیادبوون کرد، بەپێی بۆچوونی ئالن غوس، کە ناوی لەو تەقینەوە ناوە ئاوسان، ئەوا بڵقە گەردوونیەکان دەستیان بە زیاد بوون دەکرد لە تیرەکەیاندا، بە ئەندازەی $١٠^{٥٠}$ هەر $١٠^{-٣٤}$ چرکەیەك. هەر لە ئێستاوە لە ڕووی کات و شوێنەوە وردە گەردیلەییەکان گەڵاڵە دەبن، یان ئەوەی پێکیان دێنێ لە: مادده و کەرستە و تەنەکان، گەردوون بەردەوام لە فراوانبووندا دەبێ.

## • هاوسەنگی گەردوون و گریمانەی ڕوودانی ڕێکەوت

پاوڵ دیڤیز لە کتێبەکەیدا ((هێزی دەرئاسا)) وتویەتی: ((گەردوون هاوسەنگە، تا ئێستاش بە بەردەوامی لە ژێر دوو هێز فراوان دەبێ: هێزی کێشکردن، هێزی تەقینەوە. بەڵام ئەم کاریگەرییە هاوسەنگە، ئەمەش وایکردووە بەم جۆرە فراوان ببێ)). دەکرا گەردوون لەوەتەی ملیۆنان ساڵ دابڕوخێ و گرژ ببێ و بچێتە ناویەك، لە ژێر کاریگەری کێشکردنەوە، یان پەرت ببێ لە ژێر هێزی تەقینەوەدا. بەڵام پەرت و بڵاو نەبووە، چونکە هاوسەنگە لە نێوان دوو هێزەکە.

پاوڵ دیڤیز ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە ئەگەر ئەم هاوسەنگییە کرچ و کاڵی تێبکەوێت، ئەگەر بۆ ماوەی $١٠^{-١٨}$ چرکە – یەك لە ملیۆن ملیار چرکە، واتە یەك لە کوینتلیۆن چرکەدا کرچ و کاڵی تێبکەوێ، چ بە خێرابوون یان دواکەوتن، ئەوا ئەم گەردوونە بوونی نابێ، یان دەچێتە ناو یەکەوە و دەڕوخێ، یان لێکدەچێ و هەڵدەوەشێتەوە، دواتریش لەناودەچێ! ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەم گەردوونە هەر چەندە بەردەوام بێ لە ڕێڕەوەکەی لە فراوانبوون، ئەوا گونجاوی و وردەکاریەکی ئەم هاوسەنگیەش بەردەوامە!

ستیفن هوکینگ، فیزیاناسی ناودار، خاوەنی کتێبی ناودار ((مێژوویەکی کورتی کات)) دەڵێت: ((ئەگەر ڕێژەی فراوانبوون و لێکچوون تێکچوونی تێکەوت بە ئەندازەی یەك چرکە لە تەقینەوە بۆ ماوەی $١٠^{-٢٠}$ چرکە، ئەوا گەردوون بەسەر خۆیدا دەڕوخا پێش ئەوەی بەم قەبارەوە ئێستای بگات!

گۆڤاری (Science)ی ناودار توێژینەوەیەکی بڵاوکردەوە، کە تیایدا هاتووە: ئەگەر چڕی گەردوون گەورەتر بووبا بە کەمێك لەو قەبارەی ئێستای، ئەوا ئەستەم دەبوو بۆ گەردوون فراوانبوون بەخۆیەوە ببینێ، بەهۆی هێزە کێشکردنە مەزنەکانی تەنە گەردیلەییەکان، لە جیاتی ئەمە دەچووە ناویەکدا تا دەگەیشتە خاڵێکی زۆر بچوك و کەم، لە بەرامبەردا ئەگەر چڕیەکەی کەمێك کەمتر بووبا، ئەوا گەردوون فراوان دەبوو، بەڵام بێ ئەوەی تەنە گەردیلەییەکان یەکتر کێش بکەن بەرەو

یەکتر، بەمەش ئەستێرە و کاکێشانەکان پێك نەدەهاتن، گەردوونەکەمان بوونی نەدەبوو. ژمێرکارییەکان ئەوەیان ڕوونکردۆتەوە جیاوازی چڕی ئاماژە پێدراو کەمترە لە یەك لە سەدی کوادرلیۆن، واتە $١٠^{-٢٠}$ ئەمە ئەندازەیەکە زۆر کەمە، دەکرێ بچوێنرێ بەوەی پێنووسێکی دار بەشێوەی ستوونی دابنرێ و بەم شێوەیە ڕابوەستێ بێ کەوتن بۆ ماوەیەکی زیاتر لە بلیۆنێك ساڵ. سەبارەت بە سێر ڕۆجر بنروز() هاوڕێی ستیفن هوکینگ، ئەوا لە کتێبەکەیدا ((عەقڵی تازەی ئیمپڕاتۆر)) ژمارەیەکی زۆر سەغڵەتر و وردترمان بۆ نمایش دەکات کە دەگاتە بەشێك لە $١٠^{١٠^{١٠^{١٢٣}}}$ واتە: دە توان دە توان دە توان سەد و بیست و سێ!! دواتر ڕوونکردنەوە لەسەر ئەمە دەدات و دەڵێت: ئەم ژمارەیە دەرئاسایە، کە بە دڵنیایەوە مرۆڤ ناتوانێ بینوسێتەوە بە تەواوی بەپێی ژمارەدار باو، چونکە ژمارە ١ دەنووسێ لە لای ڕاستیەوە $١٠^{١٢٣}$ سفری بەدوای یەکدا هەیە، تەنانەت ئەگەر سفر لەسەر هەر پرۆتۆنێك و لەسەر هەر نیوترۆنێك بە تەنها بنووسین لە گشت گەردووندا، بەبێ زیادەڕەوی دەتوانین گشت گەردیلەکانی تریش بخەینە پاڵیان، جا ژمارەیان بگاتە هەر چەند — ئەوا هێشتا هەر زۆر دوور دەبین لە نووسینی ژمارەی داواکراو. بواری وردبینی پێویستی بۆ دانانی گەردوون لە ڕێڕەوەکەیدا زۆر بچوکترە لەوە، کە بەراورد ناکرێ لە گشت بوارەکانی وردبینیدا کە ئێمە لەسەری ڕاهاتووین، لە هاوکێشە دینامیکییە سەرنجڕاکێشەکاندا — هاوکێشەکانی نیوتن و ماکسویل و ئەنشتاین — کە زاڵە بەسەر هەڵسوکەوتی شتەکان لە ساتێکەوە بۆ ساتێکی تر.

ئایا سنووری گریمانەکراوی گەردوونی ($١٠^{١٥٠}$) لە کوێوەی ئەم ژمارە مەزنەوەیە، کە شایەنی وێناکردن نییە؟

---

() سێر روجر بنروز، لە دایکبووی ١٩٣١، فیزیاناس و بیرکاریناسێکی بەریتانیە، کورسیەکی رۆز پول بۆ وەرزش لە زانکۆی ئۆکسفۆرد بەدەستهێناوە. روجر بنروز ناوبانگێکی مەزنی بەدەستهێناوە، بەهۆی کارەکانی لە ڕێژەگەرایی گشتی و زانستی گەردووناسیدا. یەکێك بوو لە بەشداران لەگەڵ ستیفن هوکینگ لە دارشتنی تیۆری کونە ڕەشەکان، بنروز دەناسرێ بەوەی فەیلەسوفێکە، پشتگیری قوتابخانەی واقیعگەرایی لە بیرکاریدا دەکات.

سەبارەت بە بەرایییەکانی گەردوون زانایانی گەردوونناس پێمان دەڵێن، ئەگەر بگەڕێینەوە دواوە بۆ ماوەی کاتی بلانك ($١٠^{-٤٣}$) چرکە، کاتی ناوبراو ئەو ماوەیەیە کە هەموو زانیاری و ئامرازەکانی درك پێکردنی ئێمە پەکدەکەون، هاوسەنگی لە نێوان هەر دوو هێزی کێشکردن و فراوان بوون، دەگاتە ئەندازەیەك لە وردەکاری و ڕێك و پێکی، کە گریمانەی یەك لادان هەڵناگرێ بە ئەنجازەی یەك بەش لە $١٠^{١٦٠}$، پاولێ دیفز وردەکاری ئەم هاوسەنگییە دەچوێنێ بە پێکانی ئامانجێك بە ئەندازەی ئینجییەکی چوار گۆشە کە دەکەوێتەوی ئەوپەڕی لێواری گەردوون!

## • کاتێك هەرەمەکێتی خۆی بە پێداگیری و نکۆڵی کردن پەنا دەدات، ئایا هیچ بوارێك بۆ پێداگیری و نکۆڵی کردن ماوەتەوە؟

مایەی داخە، هەست بەوە دەکرێ لەلای هەندێك زانایان حەزی پێداگیری و بادانەوە هەیە لە وەرگرتنی ڕاستیدا، لەوانە: ستیفن واینبرگ، کە خەڵاتی نۆبلی لە فیزیادا لە ساڵی ١٩٧٩ بەدەستهێناوە، لە کتێبەکەیدا ((خەونی تیۆرە کۆتاییەکان)) دەڵێت: ((سەبارەت بەخۆم، ئەوەی تیۆری دۆخی جێگیر، کێشکردن لە دیدێکی فەلسەفیەوە بەدەستەوە دەدات، بەڵکو ئەوە بەدەستەوە دەدات کە دەمانپارێزێ لە کەوتنە ناو کێشەی وێناکردنی سەرەتایەك بۆ گەردوون!)).

کابرا ڕاشکاوانە لە دەربڕین و شیکردنەوەکەیدا ئەوەی ڕاگەیاندووە، بەشێوەیەکی بنەڕەتی سەغڵەتە لە هەمبەر بیرۆکەی ئەوەی گەردوون سەرەتای هەیە، ئەمەش پاساوی ئەوە بۆ ئەوەی دۆخی جێگیر پەسەند بکات بەسەر تیۆری تەقینەوە مەزنەکەدا.

پێشتر کارڵ مارکس ڕایگەیاند، بەوەی مولحیدە، دەبێ مرۆڤ تەنها دینداری بۆ خۆی بکات، — بەو پێیەی دەردەکەوێ —ئەم پاساوە سایکۆلۆژیە پوختەی بە بەس زانیوە، لە پاساودان بە

ئیلحادە نەرێنییەکەی، بەوەی کۆششی نەکرد لە خستنەڕووی پاساوی فەلسەفی بۆ ئیلحادەکەی، هەروەك زۆر کەس جگە لەو ئەوەیان کرد.

فەیلەسوفی کەنەدی باوەڕدار (جۆن لیزلی)، لە کتێبەکەیدا (گەردوونەکان)، نموونەیەکی هێناوەتە بە خەیاڵکردن بەوەی کەسێك، حوکمی لەسێدارەدرانی بەسەردا دراوە، لە ڕێگەی گوللەباران کرانی، لەلایەن تاقمی لە سێدارەدانی ڕاهێنراو، کە لە پەنجا کەس پێکهاتوون، لەگەڵ ئەمەشدا کەسەکە بە سەلامەتی ڕزگاری بووە، دواتر ڕاڤەیەك پێشنیاز دەکات، دەڵێ یان ئەوەتا ئەمە بە ڕێکەوت ڕوویداوە، یاخود ئەمە کارێك بووە بە مەبەست بووە، جا حوکمەکە بۆ خۆتان؟ (جۆن بولکنگهورن) نموونەیەکی تر دەهێنێتەوە، کە لیزلی وێنای کردووە بۆ وێناکردنی ئەندازەی گریمانەی ئەوەی ئەم گەردوونە بە ڕێکەوت دەرکەوتبێ، ئەگەر وا وێنامان کرد گونجان هەیە بۆ بوونی ژمارەیەکی زۆر لە گەردوونەکان، ئایا گریمانەی بوونی هەندێك گەردوونی خاوەن تایبەتمەندی وەك گەردوونی ئێمە چەندە، کە ڕێگەی داوە بە دەرکەوتنی ژیانی ژیرانە، کە خۆی لە ئێمەی مرۆڤدا بینیوەتەوە؟ لیزلی پێی وایە ئەمە زیاتر هاوشێوەی مێشوولەیەکە لەسەر دیوارێکی مەزن، کە گوللەیەکی لێدراوە، یان ئەوەتا نیشانەشکێنێك ئاواتی خۆی پیادە کردووە، لە گوللە هاوێشتن، یان ژمارەیەك زۆر گوللەی ئاڕاستە کراوە، بەمەش بە ڕێکەوت گوللەیەکی بەرکەوتووە. لەلای خۆیەوە بولکنگهورن سەرنج دەدات لەسەر نموونەیەکی لیزلی بە پرسیارکردن: بەوەی چۆن ئەمە ڕوویداوە؟ پێشنیازی ئەوە دەکات بۆمان، گریمانەی ئەوە بکەین ئامانجەکە مێشوولەیەکی بێ نرخ نەبووە، بەڵکو فشارکەرێکی کارەبایی ئامانج بووە، کە دەرگای گەنجینەیەکی نهێنی دەکاتەوە، کاتێك بەر گوللە دەکەوێت، بەو مانایەی ئەوەی گرنگی بە شتەکە دەدات، تەنها ئاڵۆزبوونی نییە، بەڵکو وابەستەبوونیەتی بەشێکی تری خاوەن نرخ و بەهادار، بوونی کۆمەڵێك بەرد، بە شێوە ڕێکخستنێکی دیاریکراو بە ڕێگەی ڕێکەوت، سەرنجمان ڕاناکێشێ، چونکە چەندین دیمەنی جیاواز هەن، کە دەکرێ بەردەکان تێیدا دەرکەون، بەڵام بۆ نموونە ئەم بەردانە پەیوەست بن بەم هێمایەوە: ڕۆح و گیانەکانمان ڕزگار

بکەن، ئەمە بەبێ گومان سەرنج و بایەخمان ڕادەکێشێ. مافی ئێمەیە سەرسام بین بە گەردوونێکی سیماداری لەو پەڕی تایبەتمەندیدا، کە تایبەتمەندییەکانی لەخۆگرتووە. ئەمە وتەی بولکنگهورنە.

لە کتێبی سێیەم بنچینە (بنچنەی بیرکاری بۆ فەلسەفەی سروشتی) نیوتن داندەنێ بەوەی ڕێکخستن و سەرنجڕاکێشی ناو کۆمەڵەی خۆری ئێمە، گوزارشت دەکەن لە مەبەست و ئامانجێکی پەروەردگاری بەدیهێنەر و داهێنەر، ناکرێ بوترێ ئەمە گیانی گەردوونە، بەڵکو خاوەنی گەردوون و هەموو شتێکە!

جیاوازی چییە لە نێوان ئەوەی خوا ڕۆحی گەردوونە، لەگەڵ ئەوەی خاوەنی گەردوونە؟
سەبارەت بەوەی خوا ڕۆحی گەردوونە، مانای وایە یەکسانە بە گەردوون، واتە خودی گەردوونە، گوزارشتێکی تر سەبارەت بە یەکێتی بوون. دەربارەی خاوەنی گەردوون، مانای وایە بەدیهێنەری گەردوون و لێی گەورەترە.

- **ڕیسواکردی قورئانی بۆ سوربوون و نکۆڵی کردن و لوتبەرزی مولحیدان**

قورئانی مەزن سەرنجمان ڕادەکێشیٚ بۆ هۆکاری ڕاستەقینە، کە لە پالٚ سوربوون و نکۆڵیکاری کۆمەڵە خەڵکێکەوەیە، هەراسان نەبوون لە خۆهەڵکێشان بەرامبەر بەڵگە و هەراسانکردنی عەقلٚ، ئەو هۆکارە لە سروشتی ناخەوە هەڵقوڵاوە نەوەك لە سروشتێکی شارەزا و مەعریفەدار، ئەویش لوتبەرزی و خۆبەگەورە زانینە: ﴿ إِن فِى صُدُورِهِمْ إِلَّا كِبْرٌ مَّا هُم بِبَٰلِغِيهِ ﴾ غافر: ٥٦. واتە: (ئەوانە تەنها لە سینەیاندا خۆ بەل زانین هەیە، بەمەرجێك هیچ کات ناگەنە ئەو ئامانجەی کە هەیانە). ﴿ وَجَحَدُوا۟ بِهَا وَٱسْتَيْقَنَتْهَآ أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا ﴾ النمل: ١٤. واتە: (ئەوانە هەر رق ئەستووریيان کرد و باوەڕیان پێی نەبوو، بە زۆرداری و خۆبەزلزانی، لەکاتێکدا لە ناخی دەروونیانەوە هەستیان دەکرد حەقیقەتە و ڕاستە).

# بەندی سێیەم

# چەند گومانێك لە بارەی ڕێسا سروشتییەكانەوە

# لە هیۆمەوە تا دۆكینز

## باسی یەكەم

## گومانەكان دێڤید هیۆم

### دروازەی یەكەم:

### دوو گومانی ڕەتكراوە

### گومانی یەكەمی هیۆم

چەندین فەیلەسوف، پۆلێك كێشەیان سەبارەت بە بەڵگەی ڕێسا سروشتییەكان خستۆتەڕوو. لەوانەیە دیارترینیان دێڤید هیۆم بووبێ لە كتێبەكەیدا (چەند گفتوگۆیەك لە ئاینی سروشتیدا). شەش ڕەخنەن، تەنها دوانیان پەیوەندیان بە بەڵگەی ڕێسا سروشتیەكانەوە هەیە، ئەوانی هیچ پەیوەندییەكیان پێوە نییە.

هیۆم ئەم گومانانەی لەسەر زمانی، دوو كەسی گریمانەكراو ئەنجامداوە:

كەسایەتی یەكەم: (كلیانسس)ە، كە یەكێكە لە كەسایەتییەكانی ڕواقییەكان، لە ساڵی ٣٣١ پ.ز لەدایك بووە، وێنەیەكی كەسی رواقییە لە سەردەمی كۆندا، و باركلییە لە سەردەمی تازەدا، ئەمەیان گوزارشت لە كەسایەتی دۆگماتی (بیروباوەڕی دڵنیایی) دەكات. هیۆم ئەوی بە بەرگریكار لە بەڵگەی ڕێسا سروشتییەكان داناوە.

کەسایەتی دووەم: ((فیلون))ە، کەسێکی گومانگەرایە، فیلۆنی لاریسییە، نەوەك فیلۆنی ئەسکەندەری، نزیکەی ١٤٠ – ١٤٨ پ.ز لە دایك بووە، بە یەکێك لە چوارەم دامەزرێنەرانی قوتابخانەی ئەکادیمی دادەنرێ لە قوتابخانەکانی گومان لەلای یۆنان، حەز و خولیاکانی هاوشێوەی حەز و خولیاکانی شیشرۆنە، کە لە کتێبەکەیدا (سروشتی خواوەندەکان)دا هاتووە. هیۆم وێنای فیلۆنی کردووە بەوەی ڕەخنە گومانی لە بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکان هەیە.

## • ناوەڕۆکی گومانی یەکەم

پێشتر گومانی یەکەممان هێنایەوە، کە دەخولێتەوە بە دەوری گومانێکی هەڵە لەلایەن هیۆمەوە، بەوەی پێی وایە بەڵگە ڕێسا سروشتییەکان دەچێتە بازنەی بەڵگە وێناکارییەکان، بە پێوانەکردنی ئێمە بۆ دروستکراوەکانی خوا لەسەر دروستکراوەکانی مرۆڤ، حوکم و بڕیاردان لەسەر ئەوەی یەکەم بە هاوشێوەی ئەو حوکم و بڕیارەی لەسەر ئەوەی دووەم دراوە، ئەمەیان حوکمێکی هەڵەیە، بەهۆی بوونی جیاوازی لە نێوان مرۆڤ و خوا، یان پێی وابووە بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکان دەچێتە ناو چوارچێوەی بەڵگە ئەزموونیەکانەوە، بەڵام ئەگەر ئێمە دروستکراوە مرۆییەکانمان تاقیکردبێتەوە، ئەوا بۆمان فەراهەم نەبووە گەردوون تاقی بکەینەوە، جا دەکرێ چ وەربگیرێ لە دۆخێکی هەژار؟ بەو مانایەی ئەم بەڵگەیە، بەڵگەیەکی ئەزموونیە، بەڵام مەرجەکانی ئەزموونی تێدا نایەنەجێ. لە کاتی خۆیدا وەڵاممان دایەوە بەشێوەیەك کە ئەم گومانە ئاشکرا دەکات، ئەوەش بە ڕوونکردنەوەی ئەوەی بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکان ناچێتە ناو بازنەی بەڵگە وێناکارییەکان و ئەزموونیەکان، بەڵکو بەڵگەیەکی عەقڵییە، عەقڵ ڕوو لە بابەتەکە دەکات، لەو ڕووەی بابەتەکە ئەزموونکراو یان وێناکردن نییە، ڕاستە پێشەکی بەڵگەی بچوك لە هەست و بینینەوە وەرگیراوە، بەڵام ئەمە کاریگەری نابێ لەسەر ئەوەی بەڵگەیەکی عەقڵییە، بەهۆی ئەوەی پێشەکی مەزن تیایدا، پێشەکییەکی عەقڵییە.

## • گومانی دووەمی هیۆم

ناوەڕۆکی گومانی دووەم ئەوەیە: ((ئەگەر پەیڕەوی باو و زاڵ لە گەردووندا، ئاماژە و بەڵگە و ڕێنیشاندەربێ بۆ بوونی بەدیهێنەری ڕێکخەری نەخشەکێش، ئەوا ئایا چۆن ڕاڤەی دیاردەکانی هەڕەمەکی و بێ سەروبەرەکان دەکەین)). ئەم کێشەیە گەشەی کرد، تا وێنەیەکی بژارکراوی ئاڵۆزتر وەربگرێ، لەوەی ناسراوە بە فیزیای بێ سەروبەر، یاخود کاوس.

دەکرێ وەڵامی ئەم گومانە بدەینەوە، بە ڕستەیەکی کورت، وردەکاریەکەی بەجێبهێڵین بۆ شوێنی خۆی، کاتێك دواتر وەڵامی گومانی خراپە و شەڕ دەدەینەوە، قسە دەکەین لەسەر کارەساتە سروشتییەکان وەك: بومەلەرزە و گڕکانەکان و باو و بۆڕان و لافاوەکان و جگە لەمانەش.

دەڵێین: ئەو کارەساتانەی تەحەدای مرۆڤ دەکەن و هەراسانی دەکەن، هاوشێوەی بومەلەرزە و گڕکان و باو و بۆڕان و ڕەشەبا و هاووێنەکانیان، بەهەمان شێوەی ئەوەی هەڵوێستی مرۆڤ سروشتی لەسەر گرتووە لە ناوەندێتی و ڕەگەزی خودی، ئەوا شتێکی ڕوونە پاساو نادات بە بانگەشەی ئەوەی بنچینە لەو گەردوونەی ئێمە تێیدا نیشتەجێین ئاژاوە و بێ سەروبەری و هەڕەمەکێتییە، چونکە ئەگەر وابوبا ئەوا زانست بەرپا نەدەبوو، زانست کار ناکات تەنها لە گەردوونێکی ڕێکخراوی ملکەچی یاسای ڕێك و پێکی شیاو بۆ تێگەیشتن نەبێ، ئەلبێرت ئەنشتاین ئاماژەی کردووە بەم ڕاستییە، وتویەتی: ئەو شتەی لەم گەردوونەدا مانای نییە، شایستەی لێتێگەیشتنە !.

ئەوەی بۆمن دەردەکەوێ ئەوەیە ستیفن واینبرگ – فیزیاناسی مولحیدی گەورە – کە مەبەستی بووە دژی ئەم دەربڕینەی ئەنشتاین بوەستێتەوە، چونکە بە شێوەیەك هەراسانی دەکات، جا دەڵێت: هەر چەندە زانست و شارەزاییمان زیاد بێ سەبارەت بە گەردوون، ئەوا بەبێ مانا دەردەکەوێ.

ئەوەی باشە ئەوەیە واینبرگ نەیویستووە بڕواتە کۆتا قۆناغەوە، بەوەی بانگەشەی ئەوە بکات گەردوون شیاوی لێتێگەیشتن نییە، لەمەدا خۆکوژیەکی عەقڵی و زیاتریش لەوە زانستی ئاشکرا هەیە، ڕاگەیاندنی داماڵینی متمانەیە لە هەموو شتێك، سەرەتاش لەم وتەیەی، بەڵام ئەوەندەی بە بەس زانیوە بانگەشەی ئەوە بکات — بە شێوەی سکاڵا یان هەراسانبوون، وەك دەردەکەوێ — گەردوون بێ مانایە، بە بۆچوونی ئێمە دەبێ شتەکە وابێ لە تێڕوانینی کەسی مولحیددا، بە بەرداکردنی مانا بە بەر گەردووندا، بەبێ گریمانەکردنی بوونی بەدیهێنەرێك بۆی، کە خاوەنی بێ و بەڕێوەی ببات، پرسێکی ئەستەمە، وەك ئەستەمبوونی درك کردنی مێرووله بە مانایەك کە بەرجەستەبووە لە تەلاری کەشتی ئاسمانیدا، یان لە تەلاری تیۆری چەندێتیدا، ئەگەر هەموو گەردوون لە دیدی واینبرگدا مانای نەبێ — بەشێوەیەکی زیاد بوو —، جا چۆن متمانەمان هەبێ بە هەر مانایەك، کە بۆمان دەخرێتەڕوو وەك مرۆڤ، بۆ ئەوەی هەڵسوکەوت و ڕەفتارمان پێ ڕێك بخات دوور لە تێڕوانینی سوودگەرای پوخت، واتە ئەوەی هەستە مرۆییەکەمان پێمان دەدات؟ ئای ژیان چەندە هەژار و بێ مانا دەبێ کاتێك زاڵبوون بۆ سوددگەرایی پوخت دەبێ، دوور لە هەر بەهایەك مرۆڤ پێی بێ نیاز ببێ بەدرێژایی سەردەمەکان.

دوای پشکنینی دەربڕینەکەی واینبرگ بە قوڵی، دەڕژێتە خزمەتی ئیمانەوە، نەوەك ئیلحادەوە هەروەك واینبرگ ویستویەتی. بە هەر حاڵ و بە دڵنیایەوە ئەمە زانست نییە — هەر چەندە واینبرگ بە بێ گومان زانایەکی مەزن بووە، بەڵکو فەلسەفەیەکی پوختە، ئەگەر زانست لەسەر ڕاستییە دیاریکراوەکان دابمەزرێ، ئەوا فەلسەفەی پوخت ڕەگ و ڕیشەی هەیە، لە ئەزموونی تاکدا داکوتراوە، کە تایبەتمەندی و جیاوازیەکی مەزنی هەیە. لە بەرامبەردا زانایانی مەزن هەر هەن، کە دیدی تەواو پێچەوانەیان هەیە، ئا ئەمە پاوڵ دیفیزە، دوای دەستپێکی برگەیەك لە یەکێك لە کتێبەکانی — کە ناونیشانەی ئەمەیە: خوایەك تاوڵە دەکات — دەڵێت: دان دەنێم بەوەی هیچ کەسێك ناتوانێ، ئەوە بچەسپێنێ جیهان عەقڵانییە... دووبارە دەگەڕێتەوە و دەڵێت: لەگەڵ ئەوەشدا سەرکەوتنی زانست — تەنانەت لەلای ئەو بەڵگە خراوەڕووەی لە بەهێزیدا نزمترینە —

عەقڵانیەتی جیهان دەسەلمێنێ. وەك ئەوەی ناوبراو پێی وایە زانست ژیرمەندی و عەقڵانیەتێك بەبەر جیهانی ئێمەدا دەكات، عەقڵ دەستەوەسانە لە دەستپێگەیاندنی! ئەمە بڕگەیەكە بە درێژایی هێڵەكە پێچەوانەی دەربڕینەكەی واینبرگە... ئەوەی سەرنجڕاكێشە ئەوەیە دیفیز ئەمەی كردۆتە ناونیشانی لاوەكی كتێبەكەی: بنچینە زانستییەكان بۆ ژیرمەندی و عەقڵانیەتی جیهان.

# دەروازەی دووەم

# گومانی خاسیەتی مادده

## ناوەڕۆکی گومانەکە و بەرپەرچدانەوەیەکی کورت و پوخت

- **خستنەڕووی گومانەکە**

ناوەڕۆکی گومانەکە ئەوەیە، مادده خاوەنی چەندین خاسیەتە، ئەمەش یارمەتی دەری دەبێ بۆ ئەنجامدانی گشت ئەو شتانەی بەم شێوەیەی ئێستا لە گەردووندا ئەنجام دەدرێن! گەردیلە و گەرد و خانەی زیندووەری و خانەی ڕووەکی، هەموو ناوبراوان شایستەییان تێدایە بۆ ئەنجامدانی هەموو ئەو شتانەی ئەنجام دەدرێن.

- **هەڵسەنگاندێکی بەرایی بۆ تیۆرەکە**

ئەم تیۆرە لەوەی دەیەوێ ڕاڤە بکات، ئەوا لە ڕاستیدا ڕاڤەی هیچ شتێك ناکات، خۆی ڕادەستی واقیع دەکات بەو پێیەی گونجاوە، بەو وەسفەی پێی وایە ئەمە ڕاڤەیەك پێکدێنێ، بە دەربڕینێکی ڕوون دەڵێت: هۆکاری ڕوودانی ئەوەی ڕوودەدات، ئەوەیە ڕووداوەکە بەو شێوە ڕوودەدات کە لەسەری ڕوویداە! بێگومان ئەمە تیۆرێکی نایابە بۆ نەزان و فەیلەسوفە تەمبەڵەکان، چونکە ئەمە هەل دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی دەیەوێ بانگەشەی ئەوە بکات توانای ڕاڤە کردنی هەموو و هەر شتێکی هەیە. زانا ئەرکێکی زیاتر لەسەر شان دەبێ، خۆی دەبینێتەوە لە پشکنینی ئەوەی ڕوودەدات بە وردی و ئینجا وەسفی دەکات، لێرەوە ڕۆڵی ئەو کۆتایی دێت، پێویست نییە لەسەری

سەری خۆی بئێشێنێ بە پرسیاری فەلسەفی سەخت لەبارەی هۆ و پاڵنەرەکان. ئا بەم شێوەیە زانست کورتبەڵایی وەردەگرێ، ڕۆح و زاناخوازی و زیادەخوازیەکەی لە دەستدەدات.

بێ گومان شکستخواردنی ئەم تیۆرە لە ئاڵودەبوون لەگەڵ پرسی بوونی ئامانجێکی دوور و ئامانجێك بۆ ڕێسا جیاوازەکان کە هەوڵی پێگەیشتنیان دەدات، ئەمەش بەهۆی هۆکارێکی تایبەت بە سروشتی پێشنیازەکانی، سەرباری بێ ئاگایی زانستی نوێ بە گشتی لە هەمبەر چەمکی ئامانجداری. هەروەك شکستیش دەخوات لە ئاڵودەبوون لەگەڵ ڕاستی و حەقیقەتی نێوان بنیات و ڕێسا جیاوازەکان، لە هەماهەنگی و پشتی یەکترگرتن، کە لە پێکهاتەی فراوانتر و ئاڵۆزتر لە ڕووی بنیات و ئەرکەوە گەڵاڵەبوونە. چونکە لە خاسیەتی ماددەدا، وا دانراوە کە تەنها توانای ڕاڤەکردنی ئەوەی هەیە چۆن ڕەگەز و پێکهاتەکان پێکدێن، شتەکانی ئەودیوی ئەمانە، ناچنە ناو ئەرکی ماددەوە، چونکە لە بنەڕەتدا نەیویستووە ئاوڕی بەلادا بداتەوە.

- **هەڵوەشاندنەوەی گومانەکە**
- **هەڵوەشاندنەوەی یەکەم، بە نموونەی تایبەتمەندیی خانەکان**

لە لاشەی مرۆڤدا نزیکەی ٣٤ تریلیۆن – وتراوە سەد تریلیۆن – خانە هەیە، بە هەڵاواردنی خانە سێکسی و خانەکانی خوێن، ئەوا گشت خانەکانی تر جینوماتی تەواویان تێدایە، جینۆمی مرۆڤ نزیکەی ٢٤ هەزار جینی تێدایە، ئەمە ئەوە دیاری دەکات کە بە جۆری ڕووکەشی مرۆیی ناسراوە.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی هەر خانەیەك لەم خانانە، توانایان هەیە بە هەموو ئەرکەکانی لاشە هەڵبستن، چونکە جینۆمەکانی بە تەواوی لەخۆگرتووە. بەڵام بە کرداری هەر خانەیەك ئەرکێکی دیاریکراوی هەیە، سەرقاڵی ئەنجامدانیەتی.

بۆ نموونە هەر خانەیەکی جگەر چەند جیناتێکی دیاریکراو کاری تێدا دەکەن، جیناتەکانی تریش دەچنە ناو متبوونێکی خانەییدا. بۆچی؟

لێرە تیۆری خاسییەتی مادده بە تەواوی دەستەوەسان دەبێ، خانە توانای هەیە، بە ئەرکی گشت خانەکانی تر هەڵبستێت لە پاڵ هەڵسانی بە ئەرکی خۆی، ئەی بۆچی تایبەتمەندی وەرگرت لە ئەرکێکدا بەدەر لەوانی تر؟ هۆکاری پاڵ ئەم ڕێکخستن و دابەشکردنی ئەم ئەرکانە هەر چییەك بێت، ئەوا دەبێ دانبنرێ بەوەی ئەو هۆشیاریەی ئەم هۆیە هەیەتی، زیاترە بە دڵنیایەوە لە هۆشیاری هەر ئامێرێکی دابڕاو لە لەشدا، سەرباری هۆشیاری هەر خانەیەك بە تەنها، ئایا دەبێ ئەم هۆکارە هۆشیارە چی بێ، کە زاڵە بەسەر کاری نەك تەنها خانەیەك یان خانەکان بەڵکو بەسەر کاری گشت جەستەدا، بەو مانایەی پلانێکی تەواوی هەیە بۆ ئەم جەستەیە لە ڕووی دەرو دەروونەوە (الظاهر والباطن)، ئەمە هۆشیارییەکە لە دەرەوەی جەستەدا بەسەر جەستەدا زاڵە، بە ڕوانینێکی جیاواز دەڕوانێت، بە گوزارشتێکی تر: ژیری و هۆشیاریەکی بەدیهێنەری نەخشەسازە، بیرۆکەیەکی تەواوی هەیە دەربارەی ئەوەی دەیەوێت جێبەجێی بکات.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و ئاسانکاری نموونەیەك دێنینەوە:

با وادابنێین یەك ملیۆن پارچە بەرد هەیە، لەسەر یەك کۆبوونەتەوە، لە پاڵیدا کۆمەڵە بەردێکی تر هەیە، ئەویش ملیۆن بەردە، بەڵام ئەوەی دووەم ڕێکخراوە بەشێوەی کۆشکێکی بەرز، جیاوازی لە نێوان دوو کۆمەڵە بەردەکە چییە؟

لە دۆخی کۆمەڵە بەردی یەکەمدا: ئەوا هیچ پلانێك نییە، لە دۆخی دووەم پلان هەیە، بەپێی ئەم پلانە هەر بەردێك لە شوێنی خۆی بە شێوازێك دانراوە، لەگەڵ ئەوەی هەر بەردێك دەکرا لە شوێنێکی جیاواز لەوە دانرابا کە تیایدا دانراوە، ئەم بەردەی لە باندا دانراوە، دەکرا لە دەوری پەنجەرەدا دانرابووبا، بەپێچەوانەش ڕاستە، بە گریمانەکردنی ئەوەی هەر بەردێك شایستەیی ئەوەی تێدایە بلکێت بە بەردەکانی تر، ئەوا تەنها ئەم شایستەییە دەستەوەسان دەبێ لە

ڕاڤەکردنی بنیاتی گشتی لە شێوە کۆتاییەکەیدا، بە بەڵگەی ئەوەی کۆشکەکە گریمانەکراوە و دەکرا جگە لەو تەواو بووبا، ئەو شتەی ناچارمان دەکات بۆ گریمانەکردنی بوونێکی جیاوازی کۆشکەکە، ئەویش ئەندازیاری بەرپرسە لە هەڵبژاردنی نەخشەیەك جیا لەوانی تر، بەکارهێنانی بەردەکان وەك ماددەیەك بۆ گواستنەوەی نەخشە لە ئاسۆی هۆشمەندیەوە بۆ ئاسۆی واقیع، هەرگیز ناچێتە عەقڵ و ژیریەوە، تاکە بەردێك لە ناو کۆی بەردەکاندا بەرپرس بێ لە هەڵبژاردنی نەخشەی گشتی، بە بەڵگەی ئەوەی گۆڕینی هەر بەردێك بە بەردێکی تر، کارێکی شیاوی بوونە بە بەردەوامی، هیچ ئەستەم و قەدەغەبوونێکی تێدا نییە، هەروەك ناچێتەوە عەقڵەوە گریمانەی ئەوە بکرێ کۆمەڵە بەردێك بەرپرس بن لە هەڵبژاردنی نەخشەکە، بەڵگەی ئەوەی گۆڕینەوەی بەشێك لەم کۆمەڵە بەردە بە بەشێکی تر، هیچ لە شتەکە ناگۆڕێت.

هەمان شت سەبارەت بە خانەکانی جەستەی مرۆڤ بڵێ، یان دەربارەی جەستەی هەر گیانلەبەرێك، هەر خانەیەك لە ڕووی تیۆریەوە دەتوانێ ئەرکی خانەیەکی تر ئەنجام بدات، جا چی وای لێکردووە پابەندبێ بە ئەرکەکانی خۆی جیا لەوانی تر؟ لە گشت کاتێکدا هەر وابێ، نەوەك کاتێك پابەند بێ و کاتێکی تریش پابەند نەبێ، ئەگەر وانەبووبا ئەوا جەستە دەبووە کابوسێك لەسەر هەڵگرەکەی یان دارستانێکی جادوولێکراو، کە درەختەکانی بە بەردەوامی جێگەی خۆیان بگۆڕن.

## • ئایا کێشەکە، کێشەی ناولێنانە؟

ئەو پرسیارەی کەمێك پێشتر خرایەڕوو، بەهەمان شێوە دەخرێتەڕوو سەبارەت بە گشت ئەو ڕێسایانەی لە گەردووندان، ئایا نهێنی چییە لە پاڵ ئەم هەماهەنگییە وردە سەرنجڕاکێشەی نێوان گشت دیاردە گەردوونیەکاندا هەیە.

جا ئەگەر مولحیدان ئاسوودەبن بە پاڵاوتنی سروشتی، چونکە — بەپێی بۆچوونیان — ڕێگەیەك پێکدێنێ بۆ وەڵامدانەوەی نموونەی پرسیارەکەمان، سەبارەت بە ڕێسا زیندوەرییەکان لەسەر پشتی ئەم هەسارەیە، لەگەڵ ئەوەی لە کاتی وردبینی کردندا ڕێگەیەکە بۆ ڕاڤەی سەرکەوتنی جۆرێك بەسەر ئەوەی تردا لە ململانێی مانەوەدا، نەوەك ڕێگەیەك بێ بۆ ڕاڤەکردنی ئەوەی چۆن شیوازی (بۆ ماوە) جینی خۆی بەرجەستە دەکات — ئەگەر بە کارلێك لەگەڵ ژینگەش بێ — لە شێوەی شێوازی دیاردا، لەگەڵ ئەوەی هەر خانەیەك بە تەنها تەواوی جینۆمی تێدا هەیە؟ بە گریمانەکردنی سەرکەوتنی پاڵاوتنی سروشتی لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، هەروەك پەرەسەندنگەراکان پێیان وایە، ئەی ئەوان چی دەڵێن سەبارەت بە ڕێسا نا زیندوەرییەکان لە زەویەکەمان و لەسەر ئاستی گەردوونی فراواندا؟

ئایا خاسییەتی ماددە لە پاڵ هەموو ئەمەوەیە؟ کەواتە ئایا خوا بەچی ئەم ماددەیە پایەدار دەکات؟ دەیانبینی باوەڕیان بە خوا هێناوە، بەڵام هەڵەیان کردووە لە ناو هێنانی، جا ناویان لێناوە ماددە؟ ئایا وا دەبینی باوەڕیان بە خوا هێناوە، بەڵام هەڵەیان کردووە لە ناولێنانی، ناویان لێناوە ماددە؟ یان نیشانەکەیان پێچەوانە کردۆتەوە، باوەڕیان بە ماددە هێناوە، هەموو ئەو شتانەشیان داوەتە پاڵ کە باوەڕدار دەداتە پاڵ خوا، لە سیفەتەکانی زانست و توانا و بەدیهێنان و دانایی، کەواتە خوایەکە بە گشت سیفەتەکانی خوا، بەڵام بەبێ ئەوەی ئەو ناوەی لێبنرێ؟ لەوانەیە هەندێك زیاتر قوڵ ببنەوە لە یاخی بوونەکەیاندا و بڵێن: ئەگەر ئەمە ئێوە بحەسێنێتەوە ئەوا کێشە نییە، با ماددە ببێتە ئەو خوایەمان کە باوەڕمان پێ هەیە، بەڵام بە هەر حاڵ خوایەکی بەرهەستی

بەردەستە، پێویست ناکات باوەڕمان پێی هەبێ وەك خوا پەنهانەکەی ئێوە، کە نایبینن و گوێبیستی نابن و هەستی پێ ناکەن. ئەمانە لەو ڕاستیە بێ ئاگان، کە خوایە مادديەکەيان يان ئەم ماددە بەخواکراوەیان دەستەوەسانە لەبەردەم خودی عەقڵ — کە لە بوونەوەرەکانی ئەم جیهانەیە، بانگەشەی خوایەتی تێدایە — سەبارەت بە ڕاڤەکردنی چەندین شتی زۆر، کە هێشتا مرۆڤ سەری لێ سوڕدەمێنێ و دوودڵی دەکات، دواتر ئەوانە لەبارەی چ ماددەیەك قسە دەکەن؟ لە بارەی بەشێکی دیاریکراوی ماددە لێرە و لەوێ، شتێکی ڕوونیشە شیاو نییە بەهیچ جۆرێك بەرپرسیارێتی نەخشەدانانی گشت بوونی ماددی؟ یان کۆمەڵەی ماددە بگرێتە ئەستۆ؟ زانست بەخۆی گەواهی دەدات بەوەی ملکەچ گەشەیەکی مەزن بووە، هەر لە تەقینەوە مەزنەکەوە — ئەو کات ماددە نەبوو بەو مانەیەی ئێستا لەلامان ناسراوە — تا ئەمڕۆی خەڵك، ئەوەی سەنجڕاکێشە ماددە لەم گەشەکردنەیدا — کە بووە هۆی دەرکەوتنی ئێمە، وەك گیانلەبەری هۆشمەند، کە ئەم پرسانە دەخاتەڕوو و مشتومڕی لەسەر دەکات – ملکەچی چەندین ڕێسایە لەوپەڕی وردی و تۆکمەییدا، هیچ دەرەتانێك نییە بۆ ئەوەی مرۆڤ خۆی تیادا بدزێتەوە لە پرسیارکردن لەبارەی سەرچاوەکەی، بەبێ ئەم یاسایانە ئەوا ئەمەی ڕوویداوە نەدەکرا ڕوویبدایە بەم شێوەیەی ڕوویدا، مانای وایە ماددە — لەوەتەی — کات نەبووە — ماددە نەبووە تا ئەم ساتەی ئێستامان – بەبێ ئەم یاسایانە تەنها چەندێتیەکی متبووە بە تەواوی، کە شایستەی پەرەسەندن و کارلێك نییە، بە هیچ شێوەیەك لە شێوەیەکان. کەواتە بە تواوی پشت بەستراوە بە ژیریەك یان عەقڵێك یاخود پلانێك نەوەك ماددە !

## • دەربارەی ڕاڤەی هەماهەنگی

سێ گریمانەمان لەبەردەستە بۆ ڕاڤەکردنی دیاردەی هەماهەنگی، کە کەمێك پێشتر باسکرا:

یەکەم: ئەم هەماهەنگییە خاسییەتی هەر تاکێکی ماددەیە.

دووەم: ئەم هەماهەنگییە خاسییەتی کۆبوونەوەی ئەم ماددانەیە لەگەڵ یەکتری.

سێیەم: ئەم هەماهەنگییە، بەرهەمی کۆبوونەوە ئەم ماددانەیە، بەڵام بەشێوەیەکی تایبەت، کە پلانێکی پێشتر جێبەجێ بکات.

## • هەڵسەنگاندنێکی بەرایی بۆ سێ تیۆرەکە

تیۆری یەکەم داڕوخاوە، هەرگیز هیچ یەکێك ئەمەی نەوتوە، چونکە مادده دەستەوەسانترە لەوەی ببێتە پەیڕەو و ڕێسا و بەرنامەیەك. ڕستەی: (دەقێکی دانای لێبڕاوە نهێنیەکی هەیە) — ئەمە ڕستەیەکە لە چەندین پیتی پچڕاو پێکهاتووە، کە لە سەرەتای هەندێك سوڕەتی قورئاندا هەن — لێکدراوێکی ئامانجداری ماناداره، بەڵام بێگومان دەرەنجامی تەنها خاسیەتی هەر پیتێك نییە لە پیتە پێکهێنەرەکانی، بە بەڵگەی ئەوەی دەکرێ ڕستەیەکی جیاواز پێکبهێندرێ لە هەمان ئەو پیتانە، وەك ئەوەی شیعەکان دووبارەی دەکەنەوە: (ڕێبازی عەلی ڕاستە و دەستی پێوە دەگرین)، یان ئەوەی پەیڕەوان (ئەهل)ی سوننە بەرپەرچی ئەوانی پێداوەتەوە: (ڕێگاکەت لەگەڵ سوننەتدا دروستە)، شتێکی ڕوونە لە خاسییەتی پیتەکاندا هیچی وا نییە وایان لێبکات ڕێك و پێك بن بە شێوەیەك کە ئەم ڕستە مانادارانەیان لێ بەرهەم بهێن، واتە: ئەوەیان تێدا نییە هەڵبستێ بە هەماهەنگی و ڕێکخستنی وردی ئامانجدار. هیچ هەڵاتگەیەك نییە دەبێ دانبنرێ بە بوونی ویستێکی هۆشمەندی زاڵ بەسەر بەش و مەرجانێك کە دەبنە ڕێسا، دواتر ئەم ویستە کە پێش دەرکەوتنی

ڕێساکەی بوونی هەبووە، ئەوا هەر ویستەیە دەرکەوتنی ڕێساکەی بەو شێوە ماناداره هەڵبژاردووە، کە هەماهەنگی و یەکگرتوویی ئامانجداری لەخۆگرتووە، تەواو هەروەك چۆن ئاماژەی کردووە بە بوونی ڕێکخەرێك کە ئەم ڕستە مانادارانەی لەم پیتە دیاریکراوانەی ڕێکخستووە.

گریمانەی دووەم بە هەمان شێوە شیاوی بوون نییە، چونکە تەنها کۆبوونەوە نابێتە هۆی هەماهەنگی و ڕێك و پێکی، لەبەر ئەوەی پلانێکی پێشوەختە نییە بەسەریدا زاڵبێ، ئەوا کۆبوونەوەکە دەبێتە کۆبوونەوەیەکی هەڕەمەکی، وەك ئەو خانانەی بە ڕێسا زیاد نابن، ئەوا دەبنە خانەی شێرپەنجەیی، دژایەتی ژیان دەکەن لە پلانەکەیان و دەبنە هۆی مردن.
گریمانەی سێیەم، کۆبوونەوەی ماددەکان بەشێوەیەکی تایبەت، بووەتە هۆی بەرهەم هاتنی ڕێسایەکی دیاریکراو، ئەمە تەنها وەسفێکی سادەیە بۆ واقیعێکی دوور لە ڕاڤە، چونکە بەرپەرچی دەدرێتەوە: ئەی بۆچی ئەم شێوەیە هەڵبژێردرا لە نێوان چەندین شێوازی زۆر، کە دەکرا پێی کۆببنەوە، لەسەر هەر شێوازێکی تریش کۆبووبانەوە جیا لەم شێوەیە، ئەوا سەرکەوتوو نەدەبوون لەوەی ببنە ڕێسا و پەیڕەوێکی خاوەن بەرهەمی ورد، واتە بەرهەمهێنێك بۆ ئامانجێکی ماندار؟ واتە لەسەر شێوازێکی دیاریکراو کۆبوونەتەوە، دەکرا لەسەر شێوەی تر کۆبووبانەوە، کە ملیۆنان شێوەن، هیچ یەکێکیشیان تەواو نەدەبوونە هۆی پێکهاتنی ڕێسایەکی بەرهەمهێنی ئامانجدار، وەك ئەوەی لەم شێوە کۆبوونەوە بەرهەم هاتووە. ئەم جۆرە کۆبوونەوەیە بە خودی خۆی پێویست نییە، ئەی چی پەسەندی کردووە و هەلی کاری پێداوە جیا لەوانی تر؟ با نموونەی پیتە پچڕاوەکانی سەرەتای سوڕەتەکان و ئەو سێ ڕستەیە بێنینەوە یادمان کە لێی پێکهاتوون، لێك دوور نین.

## • گومانێك لە گومانی سێیەمەوە دەپشکوێتەوە

گریمانەیەکی تر هەیە، بە شایستەیی یان هۆگری کیمیایی ناسراوە، هەروەك لە ناوەکەیدا دەردەکەوێ لقێکی تیۆری خاسیەتی ماددەیە، بە دەربڕینێکی وردتر فرە جۆریەکی تیۆری پێشووە. ئەم لێکدراوە لە چەند تایبەتمەندێکی ئەلیکترۆنی پێکدێت، کە ماددە نا وێکچووەکان وا لێدەکات پێکهاتە و لێکدراوی کیمیایی پێکبهێنێ، هەروەك لە نێوان سۆدیۆم و کلۆر ڕوودەدات، خوێی خواردن بەرهەم دێت، واتە کلۆری سۆدیۆم ($NaC1$)، ئیلیا پریگوجینی کیمیاناسی نۆبلی نووسیویەتی: هەموو کارلێکە کیمیاییەکان دۆخ بەرەو هاوسەنگی کیمیایی ئاڕاستە دەکەن، لەم ساتەدا هۆگری کیمیایی بۆ کارلێك ون دەبێ. ئەوانەی ئەم گریمانەیان پەسەند کردووە، پاشگەزبوونەتەوە بەهۆی تێبینی کردنی ئەو کێشکردنەی نێوان هەندێك ماددەی نا ئەندامی هەیە بۆ سەر ماددەی ئەندامی، بۆیە گریمانەی بوونی هۆگری کیمیاییان کردووە بۆ ترشەکانی ئەمینیا، بۆ ئەوەی کۆببنەوە و پرۆتینەکان پێك بهێنن، بەهەمان شێوە لە بنچینە نایترۆجینیەکاندا – ئادونین و سیتوزین و تایمیم و گوانین – گریمانەی ئامادەییان کردووە بۆ پێکهێنانی ترشی ناوەکی بە هەر دوو جۆرەکەیەوە: DNA, RNA.

بەمەبستی ڕوونکردنەوە باسی ئەوە دەکەین گەردی (دی ئێن ئەی) پێکهاتەکەی زۆر سادەیە: چوار بنچینەی نایترۆجینی – A,T,C,G –و شەکری ریبوزی داماڵراو لە ئۆکسجین و تاقمی فۆسفات، هەروەك لەم وێنەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێ، کە پارچەیەکی (دی ئێن ئەی) لەخۆ دەگرێ درێژیەکەی ٤ بەشی بنچینەییە. هەر دوو زنجیرەکە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە، بەهۆی بەستەری هایدرۆجینی، کە لە نێوان بنچینەکاندا هەیە، تێبینی ئەوە دەکرێ بەستەرەکانی نێوان سیتوزین و گوانین سیانەیە، لە نێوان ئادونین و تایمینیش دوانیە، ئەم بنچینانە لە جینیۆمەکانیشدا بەردەوامن بەم جۆرە – بۆ نموونە بەردەوامی دووبارەبووەوەی دیار لە وێنەکەدا ئەمەیە A-T-C-G-T-A-G-C کتێبی ژیان پێکدێنێ، کە لە ٣,٣ ملیار جووت لە نیکیلوتایدەکان پێك دێ – نیکیلوتاید

پێکهاتووە لە: بنچینەیەکی نایترۆجینی و شەکری پێنجی و کۆمەڵێك فۆسفات – گوزارشت لە پیتەکانی ئەم کتێبە دەکەن، ڕێگەی ڕێکخستن و بەدوای یەکداهاتنی لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر دەگۆڕێ.

لە دیارترین ئەوانەی گریمانەی شایستەیی کیمیاییان بە بنەما کرد، زانای زیندوەرزانی ئەمریکی و یەکێك لە گەورە پسپۆرانی سەرهەڵدانی ژیان دین کینیون بوو (١٩٣٩)، لە ساڵی ١٩٦٩ کتێبێکی نووسی بە هاوبەشی لەگەڵ (Gray Steinman) بە ناونیشانی (چارەنووسی بیوکیمیایی) تیایدا پشتگیری گریمانەی شایستەیی کیمیایی دەکات، تیایدا تاوتوێی ئەوە دەکات کە ترشەکانی ئەمینیا خاوەن خاسیەتی کێشی بنەڕەتی ترشەکانی تری ئەمینیان، بێ ئەوەی پێویستی جفرەی جینی بێ، بەڵام زانایانی تر کە لێکۆڵینەوەیان لەم گریمانە کردووە بەباشی، بۆیان دەرکەوتووە هەندێ گەردی تری هەندێك ماددە هەن، ترشی ئەمینیایان نییە، شایستەیی و کێشکردنیان بەرەو ترشە ئەمینیەکان زیاترە لەوەی لە نێوان خودی ترشەکانی ئەمینیادا هەیە، بە لێکۆڵینەوە لە ٢٥٠ جۆری پرۆتین، بەڵگەیەکی براوەیان دەستکەوت، ئەویش ئەوەیە بەندی ترشەکانی ئەمینیا هەرگیز پەیوەندی بە شایستەیی کیمیایەوە نییە، لە بەرامبەر ئەم دەرەنجامە تازانە، کینیون هیچ ڕێگرێکی نەبینی لە خۆ بەریکردن لە تیۆری شایستەیی کیمیایی و گشت تیۆرەکانی تر، کە گریمانەی پەیدابوونی ژیان دەکەن بە ڕێگەی ڕێکەوتەوە. لە ساڵی ١٩٨٢ ڕایگەیاند چیتر قەناعەتی نییە بەوەی لەو کتێبەیدا باسی کردووە و ئەوەش کە پشتگیری تیۆری پەرەسەندن دەکات. لە دوای ئەمە لە ساڵی ١٩٨٩ز بەشداربوو لە دانانی کتێبی (ئەلپاندا و خەڵك) لە پاڵ (Percival Davis)، ئەمەیان کتێبێکە بەڵگە دەخاتەڕوو سەبارەت بە پشتگرتنی نەخشەدانانی زیرەك، جەخت لەوە دەکاتەوە ژیان پەرەی سەندووە بەڵام بە هەڕەمەکی یان ڕێکەوت نا، بەڵکو بە کرداری نەخشەدانەرێکی زیرەك.

کینیون ئەوە ئاشکرا دەکات، کە بووەتە هۆی ئەوەی ڕاڤەی پێکهاتنی گەردی (دی ئێن ئەی) بکات لە ڕێگەی شایستەیی کیمیایەوە، دەڵێت:

ڕۆڵی شایستەیی کیمیایی لە پەیدابوونی هەر دوو بەندی گەردی (دی ئێن ئەی) لەلای بەرامبەربوونی بنچینەکانی نایترۆجینی دەوەستێ: ئادۆنین بەرامبەر تایمین، سیتوزین بەرامبەر گوانین، بەدوای یەکداهاتنی ئەم بنچینانە لە یەك بەندا — بە دوایەکداهاتنێکە بەرپرسە لە جفرەدار کردنی زانیاریەکان — ئەوا شایستەیی کیمیایی هیچ ڕۆڵێکی تێدا نییە، چونکە شایستەیی کیمیایی شێوازێکی دووبارە بووەوە بەرهەم دێنێ، بە بلورەکانی خوێی خواردن دەچێ، ئەمەش وەك بە دوای یەکداهاتنی چوار پیت دەبێ لە یەك نامە یان کتێبدا، بەشێوەیەك هیچ مانایەك بە دەستەوە نەدات. کینیون ئاماژە دەدات بەوەی چۆنیەتی بەدوای یەکداهاتنی بنچینەکانی نایترۆجین لە دی ئێن ئەیدا، مانای دیاریکراو بەدەستەوە دەدات، وەك شتێکی شیاوی جێبەجێکردن، کە بە جین[()] ناسراوە. ئەگەر ئەم بەدوای یەکداهاتنە نەبووبا، ئەوا نەدەتوانرا هیچ زانیاریەك جفرەدار بکرێ بە ڕێگەی ئامانجدار، شتێکی ڕوونە کە شایستەیی کیمیایی هیچ پەیوەندییەکی نییە بە چۆنیەتی بەدوای یەکداهاتنەکە، بەهۆی ئەوەی لە پاڵ کێشکردنی هەندێك بنچینە بۆ لای یەکتر، ئادۆنین بۆ لای تایمین و سیتوزین بۆ لای گوانین کێش دەکرێ.

با ئەم بڕگەیە تەواو بکەین بەم ڕستە گواستراوەیە لە ژیاننامەی دامەزرێنەری تیۆری پەرەسەندن، چارڵز داروین: ((سەختە، بەڵکو ئەستەمە، ئەم گەردوونە مەزن و سەرسوڕهێنە، بەوەی مرۆڤی تێدایە بە شایستەیی و لێهاتووییەکانی بۆ لێکدانەوە و هەژمارکردنی بەرژەوەندی و سوودەکانی، وەسف بکرێ بەوەی لە دایکبووی ڕێکەوتی کوێرە)).

---

() جین گوزارشت دەکات لە کۆمەڵێك جووتی بنچینەی نایترۆجینی، درێژیەکەی بە ژمارەی ئەم جوتانە پێوانە دەکرێ، درێژی مامناوەندی جینی مرۆیی دەگاتە ٣٠٠٠ جین لە بنچینە، ئەگەرچی جین هەیە بە ناوی (dystrophin) درێژیەکەی دەگاتە ٢,٤ ملیۆن جوت بنچینە. جین زانیاری هەڵدەگرێ لە وێنەی کۆدۆناتدا، کۆدۆنیش پێك دێت لە ٣ بنچینەی بەدوای یەکداهاتووی جفرەدار بۆ هەڵبژاردنی یەك ترشی ئەمینی، ترشە ئەمینیەکان ڕیز دەبەستن بە هاوشێوەی ڕیزبەستنی کودوناتەکان لە دی ئێن ئەی، کە جفرەداریان دەکات، بۆ ئەوەی زنجیرەی ببتیدیەکان پێکبهێنێ، پرۆتینیش تەنها کۆمەڵەیەکە لەم بەند و زنجیرانە.

پێت وایە ئەگەر داروین لە گۆڕەکەیدا زیندوو کرابایەوە و بەشێك لەو ژمارە سەرسوڕهێنانەی بۆ خرابایەڕوو کە پەیوەستن بە ئەندازەی وردی و تۆکمەیی، کە ڕێکەوت و هەڕەمەکێتی لە بوون و فرە ڕێساکانیدا ڕەت دەکەنەوە، ئایا داروین دەبێتە یەکێك لە بانگخوازانی ئیمان و دڵنیایی یان دەبێتە شوێنکەوتەی نەزانمگەرایی و ئەمە دووبارە دەکاتەوە؟

# دەروازەی سێیەم

# چەند گومانێك دەربارەی كامڵبوونی ڕێسا سروشتییەكان و ڕێكخەری ئەم ڕێسایانە

## سێ گومان دەربارەی كامڵتربوون

گومانەكانی چوارەم و پێنجەم و شەشەم كە هیۆم دەیخاتەڕوو، بەڵگەی ڕێسا سروشتییەكان بە ئامانج ناگرێ، بەڵكو پرسی كامتربوون بە ئامانج دەگرێ: كامڵتربوونی ئەو ڕێسایانەی هەن، كامڵتربوونی دانەر و ڕێكخەرەكەیان.

- **گومانی چوارەم**

هیۆم دەڵێت: چۆن بۆمان دەڕەخسێ، بسەلمێنین ئەم ڕێسا و یاسایە باوە، بریتییە لە ڕێسا و یاسای هەرە كامڵ، هیچ ڕێسایەكی ترمان لەبەردەستدا نییە تا پێی بەراورد بكەین.

- **گومانی پێنجەم**

دەڵێت: ئەگەر دەست لە بۆچوونەكەشمان هەڵبگرین و دانبنێین بەوەی ئەم گەردوونە ئاماژە بە بوونی خوا دەكات، بەوەی خوا دروستی كردووە، ئەوا لەگەڵ ئەمەشدا ئاماژە ناكات بە سیفەتە كامڵەكان لە داد و ڕەحمەت و بەخشندەیی، لەوەی شوێنكەوتووانی ئاینەكان ڕاهاتوون وەسفی خوای پێ بكەن.

## • گومانی شەشەم

وتویەتی: ئێمە چوزانین؟ لەوانەیە کاتێك خوا ویستبێتی ئەم گەردوونەی بەدیبهێنێ، ئەوا چەندین جار تاقی کردبێتەوە پێش ئەوەی بگات بە ڕێسا و یاسای ئێستای گەردوون.

## • خۆڕاگری و سەرکەوتنی بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکان

شتێکی ڕوونە هەر سێ گومانەکەی دوایی، هیچ پەیوەندییەکیان نییە بە بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکانەوە. بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکان تەنها یەك بەرپرسیارێتی دەگرنەئەستۆ: ئەویش چەسپاندنی ئەوەیە ئەم بوونە بە ڕێکەوت نەهاتۆتەبوون، بەڵکو بەدیهێنەرێکی هەیە، بە پشت بەستن بە دیاردەکانی ڕێساکە و ئەو وردەکاری و تۆکمەییەی لە جیهاندا هەیە، کە ئامانجداری و مەبەستداریمان بۆ دەگێڕێتەوە و هەڕەمەکی و هاکەزایی ڕەت دەکاتەوە.

سەبارەت بەوەی، ئەم ڕێسا و بەرنامەیەی لەم گەردوونەدا باوە کامڵترینە، ئەوا بەڵگەی ڕێسا سروشتیەکان ناپرژێتە سەر ئەم باسە، تەنها ئەوەندە بەبەس دەزانێ — کە بەسیشە — جەخت بکاتەوە لەسەر بوونی ڕێسایەکی وردی تۆکمە، لە کۆتایی شیکردنەوەکەدا ڕێکخەرێك دەخوازێ. بەهەمان شێوە بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکان ناپرژێتە سەر گشت سیفەتەکانی ڕێکخەر، بەڵکو تەنها ئاماژە بەو سیفەتانە دەکات کە پەیوەندیان هەیە بە ڕێسا و یاساکانی سروشتەوە، وەك: زانست، توانا، بەدیهێنان، ئەندازەگیری ورد... تاد، سەبارەت بە گشت سیفەتەکانی دیکەی ئەوا داوای بەڵگەکانی دەکات لە شتی ترەوە.

لێرەدا ئاماژە بەوە دەکەین، پاڵنەرمان بۆ هێنانەوەی گومانەکانی هیوم بەتایبەتی، ئەوەیە زۆربەی گومانەکانی هێشتا مولحیدان هەر دەیجونەوە و دووبارەی دەکەنەوە، ئەمەش تەنها دووبارە کردنەوە و گواستنەوەی گومانەکانی هیۆمە.

گومانەکانی هیۆم و دواتر تیۆری داروین، وای لە لاهوتییە خۆرئاواییەکان کرد واز بهێنن لە تێبینی کردنی بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکان.

بەڵام لە دوو دەیەی دوایی لە سەدەی بیستەمدا، زیندووکردنەوەی بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکان ئەنجامدرا، دووبارە لە بەرگێکی بژارکراودا هەڵسێنرایەوە لە ژێر ناونیشانی: بەڵگەی نەخشەدانانی زیرەك.

ئەم بەڵگەیە بایەخێکی زۆری پێدرا، لەلایەن پۆلێك زانا و بیرمەند و فەیلەسوفەوە. لە ساڵی ١٩٩٤ لە ویلایەتە یەکگرتووەکان سیاتل واشنتۆن پەیمانگەی دیسکفری دامەزرێنرا بۆ پاڵپشتی کردنی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکان، پشتگیری نەخشەدانانی زیرەك دەکەن، کە دژی پەرەسەندە، پەیمانگەکە ماڵپەرێکی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت هەیە، ئەویش ئەمەیە: discovery.org. لە دیارترین ئەو کتێبانەی پشتگیری نەخشەدانانی زیرەك دەکەن، ئەم کتێبەیە: (سندووقی ڕەشی داروین)، لە ساڵی ١٩٩٦ دەرچووە، ناشیونالّ ڕیفیۆ وەسفی کردووە بەوەی گرنگترین کتێبە شێوەی چیرۆکی نەبێ لە سەدەی بیستەمدا، دانراوی کیمیاناسی زیندەوەری ئەمریکیی مایکل بیهیە، ناوبراو پەرەپێدەری زاراوەی ئاڵۆزکاریی نەشیاو بۆ لێکتران و دابەشبوون، تیایدا ڕوونی کردۆتەوە هەندێك بنیاتی بیوکیمیایی ئەوەندە ئاڵۆزن، شیاو نییە بۆ ئەوەی لە پەرسەندنەوە بەرهەم هاتبێ، بەمەش هیچ هەڵاتگەیەك نییە جگە لە گریمانەکردنی ئەوەی بەرهەمی نەخشەدانەرێکی زیرەکە. کتێبی (نەخشەڕێژی ژیان) دانراوی ولیام دیمبسکی — کە پێشتر ناساندمان — و لە ستایشکردنی بۆ کتێبەکە، مایکل بیهی وتویەتی: کاتێك لە ئایندەدا، زانایان ئەو کتێبانە هەژمار دەکەن، کە تیۆری داروینیان ڕامالّیوە، ئەوا کتێبەکانی نەخشەڕێژی بۆ ژیان لە سەرویانەوە دەبێ.

## • سەرنجێك لەسەر فرە جیهانی

بەبۆنەی پرسیارەکەی هیۆم، سەبارەت بەوەی خوا پێش ئەوەی ئەم گەردوونە دروست بکات چەندین جیهانی تری تاقیکردۆتەوە کە بە دڵی نەبوونە، دواتر گەیشتووەتە ئەم جیهانە، ئەوا ئەم سەرنجە خێرایە دەخەینەڕوو:

ئەگەر جیوردانۆ برۆنۆ بە ئاگر سوتێنرابێ، بەهۆی بۆچوونی سەبارەت بە فرە جیهانی، ئەوا قورئانی پیرۆز لە چەندین شوێندا ڕاشکاوانە ئاماژەی بە فرە جیهانی کردووە، یەکەم ئایەت لە سورەتی فاتیحە لە دوای (بیسمیلا)ەوە: ﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾ واتە: سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانەکان. لە سورەتی تەلاقدا هاتووە: ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ وَمِنَ ٱلْأَرْضِ مِثْلَهُنَّ ﴾ واتە: (خوا ئەو زاتەیە کە حەوت چین ئاسمانی دروست کردووە، هەروەها بەوێنەی ئەوان لە زەویشدا). لە ڕووی بنچینەوە — لە گۆشەنیگای قورئانەوە — هیچ شتێکی قەدەغە نییە لە داننان بە فرە جیهانی. شتێکی ڕوونە خوای مەزن ئەم جیهانەی بۆ ئێمە دیاریکردووە وەك جۆری مرۆیی، کە لە باوەشمان دەگرێ و تیایدا ژیان دەگوزەرێنین، ئەمە جۆرێکە لە هەڵبژاردن. بەڵام ئێمە ڕاجیایین لەگەڵ هیۆم، کاتێك دەچێت و پرسیار دەکات: چوزاین لەوانەیە خوا پێش ئەوەی ئەم جیهانەمان بەدی بهێنێ، چەندین جار تاقیکردنەوەی لەسەر دروستکردنی کردبێ، تا گەیشتووەتە بەم سیستەم و ڕێسایانەی ئەم جیهانەمان، بەپێی ئەوە داڕشتبێ؟

ڕامان لە شێوازی خوا لە بەدیهێناندا — ئەگەر دەربرینەکە دروست بێ — ئاماژە دەکات بۆ شێوازی هەڵبژاردن و پاڵاوتن (خوا هەڵیدەبژێرێ)، (خوا هەڵیبژاردووی)، (خوا هەڵیبژاردووە)، (ئەو بەندانەی هەڵمانبژاردوون)، هەڵبژاردنەکە لەسەر بێ نیازی ئەنجام دەدرێ: ﴿ لَّوْ أَرَادَ ٱللَّهُ أَن يَتَّخِذَ وَلَدًا لَّٱصْطَفَىٰ مِمَّا يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ﴾ الزمر: ٤. واتە: (ئەگەر خوا بیویستایە ڕۆڵەیەك بۆ خۆی بڕیار بدات، ئەوا لە نێوان ئەو شتانەدا کە دروستی کردووە شتێکی هەڵدەبژارد، کە بەویستی خۆی بوایە).

هەروەك لە نێوان ٤٠٠ مليۆن تۆواودا يەك تۆ (سپێرم) هەڵدەبژێرێ بۆ ئەوەی كرداری پیتاندنی پێ ئەنجام بدرێ. لە نێوان فریشتە زۆرەكاندا یەك فریشتە هەڵدەبژێرێ بۆ ئەوەی ببێتە نامەبەری خۆی بۆ لای پێغەمبەرەكەی، هەروەك لە نێوان ملیۆنان خەڵكدا كەسێك هەڵدەبژێرێت و دەیكاتە پێغەمبەر و نیگا و سروشی بۆ دەنێرێ: ﴿ ٱللَّهُ يَصۡطَفِي مِنَ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلٗا وَمِنَ ٱلنَّاسِ ﴾ الحج: ٧٥. واتە: (هەر خوا بەویستی خۆی لە فریشتەكان و لە خەڵكیش فرستادە هەڵدەبژێرێت)، ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصۡطَفَىٰٓ ءَادَمَ وَنُوحٗا وَءَالَ إِبۡرَٰهِيمَ وَءَالَ عِمۡرَٰنَ ﴾ آل عمرا: ٣٣. واتە: (بەڕاستی خوا ئادەم و نوح و نەوەكانی ئیبراهیم و نەوەكانی عیمرانی هەڵبژاردووە)، ﴿ يَٰمُوسَىٰٓ إِنِّي ٱصۡطَفَيۡتُكَ عَلَى ٱلنَّاسِ بِرِسَٰلَٰتِي وَبِكَلَٰمِي ﴾ الاعراف: ١٤٤. واتە: ("خوای گەورە" فەرمووی: ئەی موسا بەڕاستی من تۆم هەڵبژاردوە لەناو خەڵكیدا بەهۆی پەیامەكانمەوە و گفتوگۆكردنیشم لەگەڵ تۆدا)، ﴿ وَلَقَدِ ٱصۡطَفَيۡنَٰهُ فِي ٱلدُّنۡيَا ﴾ البقرة: ١٣٠. واتە: (سوێندبێت بێگومان ئێمە ئیبراهیممان لەم دنیایەدا هەڵبژاردوە)، ئەو كەسەش هەڵدەبژێرێ كە دەیكاتە ڕاستگۆ و پاكیزە: ﴿ يَٰمَرۡيَمُ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصۡطَفَىٰكِ وَطَهَّرَكِ وَٱصۡطَفَىٰكِ عَلَىٰ نِسَآءِ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴾ آل عمران: ٤٢. واتە: (ئەی مەریەم بەراستی خوا تۆی هەڵبژاردوە و خاوێن و پاكیزەی كردویت، هەڵی بژاردویت و ڕێزی داویت بەسەر هەموو ئافرەتانی جیهاندا)، ئوممەتێك لە ئوممەتان هەڵدەبژێرێ بۆ ئەوەی ببێتە ڕاگەیەنەر و میراتگری كتێب و پەیام: ﴿ ثُمَّ أَوۡرَثۡنَا ٱلۡكِتَٰبَ ٱلَّذِينَ ٱصۡطَفَيۡنَا مِنۡ عِبَادِنَا ﴾ فاطر: ٣٢. واتە: (پاشان كەسانێكمان كردە خاوەن و ڕاگەیەنەری ئەم قورئانە كە هەڵمانبژاردوون لە بەندەكانمان)، ئایین و پەیڕەوێك بۆ ئوممەتێك لە خەڵك هەڵدەبژێرێ: ﴿ يَٰبَنِيَّ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصۡطَفَىٰ لَكُمُ ٱلدِّينَ ﴾ البقرة: ١٣٢. واتە: (ڕۆڵەكانم" بەڕاستی خوا هەر ئەم ئاینەی بۆ ئێوە بڕیارداوە و هەڵی بژاردووە)، ئەو كەسەش هەڵدەبژێرێ كە دەیكاتە سەركردەی پۆلێك خەڵك: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصۡطَفَىٰهُ عَلَيۡكُمۡ وَزَادَهُۥ بَسۡطَةٗ فِي

﴿ ٱلۡعِلۡمِ وَٱلۡجِسۡمِ ﴾ البقرة: ٢٤٧. واتە: (بەڕاستی خوا "تالوت"ی هەڵبژاردووە و پەسەندی کردووە بەسەرتاندا و زانست و زانیاری زۆر و لاشەیەکی بەهێز و گەورەشی داوەتێ). بەڵام پێویستە تێبینی ئەوە بخرێتەڕوو، هەڵبژاردن چەندە بەخۆی ئاماژە بەبێ نیازی و فراوانی دەکات، ئەوەندەش ئاماژە دەکات بە پوچەڵی ئەزموونکراو، ئەزموونکراو لەناوبردنی هەموو ئەو شتانە دەخوازێ کە مەرجەکانی تێدا نەهاتوونەتەجێ بە تایبەتمەندییە داواکراوەکان بۆ بەدیهێنەر لە دروستکراوەکەیدا، هەڵبژاردن و زیادە پایە و ڕێز پێدان ڕوویداوە، هیچ هەڵاتگەیەکیش نییە لە داننان بەوەی هەمووان جێی مەبەستی بەدیهێنەرن، کە پلانی خۆی داناوە سەبارەت بە فرەیی بوونەوەر و ڕاهێنانی بەو شێوەیەی کە هەڵبژاردن برەخسێنێ.

## • بەدیهێنانی ئادەم و هەڵبژاردن

بە بۆنەی هەڵبژاردنی ئادەم: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ ٱصۡطَفَىٰٓ ءَادَمَ ﴾ آل عمران. واتە: (بەڕاستی خوا ئادەمی هەڵبژاردووە). شتێکی سەیرە هەڵبژاردن لە سەروبەندی بەدیهێنانی ئادەمدا باس بکرێ، هەڵبژاردن وا دەخوازێ لێ هەڵبژێردراو زۆر بن، ئایا ئەمە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی پێشتر جارێك ئادەم دروستکراوە لە هەمان ڕەگەز یان هاوشێوەی ئادەم؟ بەتایبەت کە شوێنەوارێکمان لەبەردەستە، دراوەتە پاڵ پێغەمبەر لە سەرچاوەکانی سۆفی و ئیمامییەکاندا کە هاتووە: ((پێش ئادەم، هەزار ئادەم هەبوونە)). لەوانەیە لە پرسیارکردنی فریشتەکاندا: ﴿ أَتَجۡعَلُ فِيهَا مَن يُفۡسِدُ فِيهَا وَيَسۡفِكُ ٱلدِّمَآءَ ﴾ البقرة: ٣٠. واتە: (ئایا کەسێکی تیادا دەکەیتە جێنشین کە خراپە و تاوانی تیادا بچێنێت و خوێنرێژیی تیادا ئەنجام بدات؟!). ئاماژەیەکی شاراوە هەبێ بۆ ئەم مانایە.

زانایانی موسڵمانان و پێشتریش پیاوانی ئاینی جولەکە و نەسرانی، بۆچوونیان وایە تەمەنی مرۆڤ لە ئادەمەوە تا ئەمڕۆ لە چەند هەزار ساڵێك تێپەڕ ناکات، بە پشت بەستن بە تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی

دەقەکانی کتێبی پیرۆز، لەمەدا موسڵمانان شوێن پێی خاوەن کتێبەکان کەوتن بێ پشت بەستن بە دەقەکانی قورئانی پیرۆز یان سوننەتی پێغەمبەر.

لە ساڵی ١٩٩٤ لە تەپۆڵکەی عفار لە ئەسیوبیا، بەبەردبوێکی ناودار کە ناوی (ئاردی)یە دۆزرایەوە، کە کورتکراوەی (ئاردیبیتیکوس رامیدوس)ە، تەمەنی ٤,٥ ملیۆن ساڵە، لەسەر پێیەکانی دانراوە، دەست و پێی هەیە و پەنجەی (پەنجەمۆر: ئەسپێکوژ: إبهام) لە پەنجەکانی تر جیاکراوەتەوە، بۆ ئەوەی بەهۆیەوە بتوانێ شت بگرێت.

ئەگەر چەسپا ئادەم تەمەنی تەنها چەند هەزار یان دەیان هەزار ساڵێکە، ئەوا دەبێ گریمانەی ئەوە بکەین پێش ئادەم چەندین ئادەمی تر هەبوونە، خواش زاناترینە.
پێشتر ئەوەمان خستەڕوو، ئەم گومانە پەیوەندی نییە بە بەڵگەی ڕێسا سروشتییەکانەوە، زیاتریش دەڵێین لێکۆڵینەوە لەو پرسەی، ئایا خوا ئەم جیهانەی بەدیهێنانەوە بەبێ ئەزموونکردن و تاقیکردنەوە، یان دوای تاقیکردنەوە بەم شێوەیە دایهێناوە، ئەمە کار ناکاتە سەر ڕاستییەك، کە خوا بەدیهێنەری جیهانە، لەلای ئەوەی ئەم پرسیار دەکات، تەنانەت لە پرسیارەکەدا داننان هەیە بەوەی خوا ئەم جیهانەی دروستکردووە، ئێستاش جیهانێك بەم هەموو وردەکاری و تۆکمەییە، زانست تەنها ئاشکراکردنی بەشێکی کەمی گرتۆتەئەستۆ، زۆر سەرسوڕهێنە، هەروەك ئەو ژمارانە ئەوەیان خستەڕوو کە سەبارەت بە چەند پێکهاتەیەکی کەم باسمان کردن، دەبێ لە ڕووی ڕێبیرییەوە سەرکەوتنە مەزنەکەی بەسەر مرۆڤ و تواناکانیدا دانی پێدابنرێ، کە توانای خوای پێ بەراورد دەکرێ و پێی لێکدەدرێتەوە، بەم پێیە عەقڵ بە ڕەهایی گریمانەی ئەوەی توانای بەدیهێنەر لەبارانیدا هەیە داهێنانی تەواو بکات لە سەرەتادا بەبێ تاقیکردنەوە، پەسەند دەکات بەسەر گریمانەی تاقیکردنەوەی پێشوەختە، چونکە خوایەك ناچار بێ بۆ تاقیکردنەوە، بناڵێنێ بەدەست شکستەوە، ئەوا بێگومان ناتوانێ بگات بە بەدیهێنانی گەردوونێکی سەرنجڕاکێشی لەم جۆرە، گەردوون هاوار دەکات بەدیهێنەرەکەی لەو مەزنترە، هەموو ئەو وردەکاری و تۆکمەییەی گەردوون بۆمان دەریدەخات، تەنها دڵۆپێکە لە توانای داهێنەرەکەی، ئەمەش خۆی لە خۆیدا وامان

لێدەکات باوەڕمان وابێ بە کاملی و بێ تاقیکردنەوە داهێنراوە.

فەیلەسوفەکانی ئیسلام توێژینەوەی تایبەتیان هەیە، لە باسی زانستی خوادا، ئایا تەنها کردارییە یان هێزە (شیاوە) و کردار (جێبەجێ) بوونیشە، بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست لە هێز و کردار ئەوا نموونە بە دەنکە تۆ و درەخت دێنینەوە، پێش ئەوەی درەخت بەم شێوەیەی لێبێ، ئەوا لە سەرەتادا دەنکە تۆوێك بووە، بەڵام ئەم دەنکە تۆوە نەخشەی تەواو درەختەکەی تێدابووە، دەوترێت: دەنکە تۆ، بە هێز درەختە، واتە شیاوە ببێتە درەخت، بەوەی ئەگەر بارودۆخەکان گونجان بۆ ڕوانی، واتە: گەڵاکردنی درەختەکە لە دەنکە تۆوەکەدا، ئەو کاتە لە هێزەوە دەردەچێ بۆ کردار، دەبێتە درەخت. شتێکی ڕوونە زانستی مرۆڤ خەسڵەتی دوانەیی هەیە، لە هێزەوە دەچێ بۆ کردار، هەر بۆیە دیاردەکانی کەم و کورتی و گەشە و گۆڕان و تێکەڵبوونی بەسەردا دێت، ئەزموون کاریگەری دەکاتەسەر و هەمواری دەکاتەوە بە ئەرێنی یان نەرێنی، سەرباری ئەوەی ئەزموون سەرچاوەیەکی گرنگە لە سەرچاوەکانی. ئەگەر ئەمە ڕوون بووەوە شایەنی ئەوەیە پرسیار بکرێ: ئایا زانستی خواش ئاوایە؟ وەڵام: نا وانییە، بەڵکو زانستێکی کردارییە، گونجان و شیاوبوون بە هیچ شێوەیەك تێیدا نییە، فەیلەسوفە ئیسلامییەکان دەڵێن: هەبوونی بە خودی خۆی پێویستە، لە هەموو لایەکەوە پێویستە، بەڵگەی خۆیان هەیە لەسەر ئەم بۆچوونەیان، لە سەرچاوەکانیاندا هەیە. ڕوونبووەوە ئەزموونکراو سەبارەت بە خوا بوونی نییە، بەهۆی کرداری بوونی زانستی خوا و بەری بوون لە شیاوبوونەوە.

## • گەواهیدانی پاول دیفیز

فیزیاناسی بەڕیتانی پاوڵ دیفیز لە کتێبەکەیدا (عەقڵی خوا) باوەڕی خۆی دەربڕیوە سەبارەت بەوەی ئەندێشەکردنی ژمارەیەکی بێ کۆتایی لە جیهانە نەبینراوەکان و ئەوانەش شیاوی بینران نین بۆ هیچ نا، جگە لە ڕاڤەی ئەو جیهانەی دەیبینین، وا دەردەکەوێ بەوە بچێ کە کەل و پەلی زیاتر هەڵبگرێ تا کۆتایی قۆناغەکە، ئاسانە ئەندێشەی یەك خوای نەبینراو بکرێ، دواتر باسی ئەوەی کردووە، ئەمە ئەو دەرەنجامەیە کە فەیلەسوف ڕیچارد سوینبرن (١٩٣٤) پسپۆر لە فەلسەفەی زانست و ئایندا پێی گەیشتووە، سوینبرن باسی ئەوەی کردووە: داننان بەبوونی خوایەکدا، داننانە بە کیان و قەوارەیەك لە جۆری سادە، سەبارەت بە داننان بە بوونێکی ڕاستەقینەی ژمارەیەکی کۆتا نەهاتوو لە جیهانەکان، بەشێوەیەك هەموو شیاوەبوونە لۆژیکیەکان بخوازێ، ئەوا ئەمە داننانە بە ئاڵۆزی و ڕێکەوتی نەخشە بۆ دانەنراوی پێوەختە، لە نێوان چەند ڕەهەندێکی بێ کۆتادا، بۆ عەقڵ نییە باوەڕی پێ هەبێ یان وێنا و ئەندێشەی بکات.

# باسی دووەم

# چەند گومانێکی تر و ڕەتدانەوەیان

## دەروازەی یەکەم

## تیۆری پەرەسەندنی کیمیایی ( Chemical evolution )

- **پەرەسەندنی کیمیایی و بازنە بەتاڵەکەی**

مەرج نییە، گشت ئەوانەی بڕوایان بە پەرسەندن هەیە مولحید بن، بەڵکو زۆرێك لە پیاوانی ئاینی باوەڕیان بە پەرەسەندن هەبووە، زۆرێکیش لە زانایانی پەرەسەندن پێیان وایە، بنەمای پەرەسەندن دژ نییە لەگەڵ داننان بە بیروباوەڕی بەدیهێنەرایەتیدا، بەڵکو تەنها بریتییە لە دەرخەری شێوازێکی خوا لە بەدیهێناندا و هیچی تر.

خودی داروین لە نامەیەکدا کە ئاڕاستەی ئاسا گرای کردووە، کە گەورەترین زانای ڕووەکناسی ئەمریکی بووە لە کاتی خۆیدا. تیایدا وتویەتی: عەقڵی من پێی وایە سەختە، بەڵکو ئەستەمە ئەندێشەی ئەم گەرجوونە مەزن و سەرسوڕهێنە بکرێ، بەو مرۆڤە خاوەن توانایەش کە تیایدا، کە ئەندازەگیری بۆ بەرژەوەندییەکانی دەکات، بەوەی دەرەنجامی ڕێکەوتی کوێر یان پێویستی نەگۆڕ بووبێ. لەبەر ئەمە دەبینی من ناچارم بڕوانمە هۆکاری یەکەم، بەوەی خاوەنی عەقڵێکی زیرەکە، بە مانایەك لە ماناکان بە عەقڵی مرۆڤ دەچێت، بەم مانایە شایستەی ئەوەم بە خواگەرا (باوەڕدار بەخوا) ناوزەد بکرێم[1].

بۆ هەڵاتن لەم ئاشتەواییە گونجاوە و هەراسانکەرە، پەرەسەندنگەرا مولحیدەکان چەمکێکی تریان داهێنا، ئەویش چەمکی پەرەسەندنی کیمیاییە

---

(1) Darwin. C. The Autobiography of Charles Darwin 1809 – 1882.pp.92-93.

## • مانای پەرەسەندنی کیمیایی

تیۆری پەرەسەندنی کیمیایی گۆڕانە کیمیاییەکانی سەرەتا لەسەر زەوی وەسف دەکات، کە لە کۆتایی بووەتە هۆی دەرکەوتنی شێوازەکانی ژیان، گریمانەی ئەوە دەکات کە هەڵبژاردنی سروشتی ڕێگەی خۆی گرتوەتەبەر بۆ کارکردن پێش دەرکەوتنی خودی ژیان، کە خۆی لە خانەی یەکەمدا دەبینێتەوە، ئەمەش بە هێشتنەوەی بازدانی هەڕەمەکی، کە سازانی کردووە بۆ باشترین ڕێکەوتنی بنچینە نایترۆجینیەکان، کە لە دواتر دەبێتە گەردی دی ئێن ئەی، ئەمەش بە (پاڵاوتنی سروشتی پێش بایلۆژی) ناونرابوو، ئەمەیان تەنها دەمامکدار کردنی نکۆڵی ڕەتکرەوەیە بۆ هەر ملکەچ بوونێك بۆ هەر گریمانەیەکی بوونی بەدیهێنەری نەخشەدانەر لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە نەزانی و بێ ئاگایی سەبارەت بە چۆنیەتی سەرهەڵدانی ژیان، پاڵاوتنی سروشتی بوونی چەندین ئەندام بە مەرج دادەنێ، کە ململانێ دەکەن لەسەر مانەوە لە ژینگەیەکی گۆشەگیردا، کە جێگای هەمووانی تێدا نابێتەوە، ئەمانە هەموویان چەند مەرجێکن هیچ شوێنەوارێکیان نییە لە بابەتی گەردی دی ئێن ئەیدا. پاڵاوتنی سروشتی لە بنەڕەتدا پشت دەبەستێت بە هەڵبژاردن لە نێوان ژمارە ئەندامێکی وێکچوی کێبڕکێکاردا، هەروەك دەبێتە بابەتێکی تر ئەگەر شتەکە پەیوەست بوو بە گەردی یەکەمی ژیانەوە، ئەوا بابەتەکە جیاواز دەبێ، کاتێك قسە دەکرێ لەسەر مەرجەکانی بەرایی بۆ ئەم گەردوونەمان و یاسا سروشتییەکانی، لەبەر ئەوەی بە تەواوی دەگمەن و بێ هاوتایە، لە گۆڕەپان و مەیداندا هیچ یاسا و مەرجێکی تر بەشدار نین لەگەڵیدا تا کێبڕکێی لەگەڵ ئەنجام بدرێ، بەمەش چاکترین و گونجاوترین لە کۆتاییدا هەڵببژێردرێت.

## • لە پێشتربوونی زانیاری و کێشەی بازنەی بەتاڵ

یەکێك لە فیزیاناسان، بە گاڵتەوە پێشنیازی ئەوەی کردووە، خەڵاتی نۆبڵ بۆ بۆماوەیی، بدرێتە ئەڕستۆ، چونکە پێشەنگبوونی تۆمار کردووە بە دوو هەزار و سێ سەد ساڵ، کاتێك وتویەتی: یەکەمجار زانیاریەکان، ئەمەش لە کاتی چارەکردنی جیاوازی مریشك و هێلکە، گەیشتە ئەوەی کە هێلکە لەپێشتر و کۆنترە، چونکە سەرەتا زانیاری دێ. ئەمەش کرۆکی زانستی بۆماوەییە.

چیرۆکەکە چیرۆکە ئەو پلان و نەخشەیەیە کە لە جفرەکانی ترشی ناوەکیدا هەیە.
شتێکی زانراوە بۆ ئەوەی جفرەی بۆماوەیی کار بکات، پێویستی بە ئەنزیمەکانە، ئەنزیمەکانیش جۆرێکن لە پرۆتین. بنیاتنانی پرۆتین پێویستی بە جفرەی بۆماوەییە. ئا بەم شێوەیە بە دەوری بازنەیەکی بەتاڵدا دەخولێینەوە. ئایا پێت وایە چارەسەر چییە؟

## • هەوڵدان بۆ شکاندنی بازنەی بەتاڵ

هەندێك هەوڵیانداوە، گریمانەیەك پێشکەش بکەن، بەڵکو ئەم خولە چارە بکات، وتویانە ترشی (ئار ئێن ئەی) ڕەسەنە، ئەمەیان سەرەتا بە گریمانەی ئار ئێن ئەی ناسرا، پوختەکەشی ئەوەیە، ژیان بە بوونەوەرە زۆر سادەکانەوە دەستی پێکردووە، ئەم بوونەوەرانە هەڵگری جفرەی بۆماوەیین لە ترشی (ئار ئێن ئەی)دا، کە زۆر ساکارترە لە (دی ئێن ئەی). دواتر بە ڕێکەوتی بەختەوەر – خۆیان ماندوو نەکردووە بە لێکدانەوەی ئەندازەی گریمانەی ڕوودانی – بەندی ئار ئێن ئەی لکاوە بە بەندێکی هاوشێوەی خۆی، بۆ ئەوەی دەرەنجامی ئەو گەردەی دی ئێن ئەی دەربکەوێ، کە گوزارشت لە جفرەی تەواوی ژیان دەکات. هەندێکی تر هەڵساون بە لێکدانەوەیەکی گریمانەی بوونی گەردی ئار ئێن ئەی هاوشێوە، کە ڕێکەوت ئەو گەردی لەگەڵ گەردەکەی ئێمە

کۆکردۆتەوە بۆ ئەوەی بەیەکەوە دی ئێن ئەی پێکبهێنن، ئەمەیان زیاتر نابێ لە $١٠^{-٧٣}$ واتە: یەك لە دەی توان حەفتا و سێ.

وا دەردەکەوێ بە پێی گوزارشتی ئەنتۆنیۆ لازکانۆ: ژیان تەواو میوانێکی تازە بێ لە لای بوون، بوونیش میوانێکی نوێ بێ لەلای نەبوون[١].

## • خاڵێکی لەبیرکراو

دەبێ لێرەدا ئاماژە بە تێبینیەکی بایلۆژی بکەین، کە خۆی دەبینێتەوە لەوەی جیاوازی نێوان ئار ئێن ئەی و دی ئێن ئەی، بریتیە لەوەی ترشی ئار ئێن ئەی جیاوازە لە یەکێك لە بنچینە نایترۆجینیەکاندا لەگەڵ دی ئێن ئەی، یۆراسینی تێدایە لە جیاتی تایمین. ئەم خاڵە سەرەتا خاوەنانی گریمانەی ئار ئێن ئەی هەڵوەستەیان لەسەر نەکردووە، چونکە پێویستە لەسەریان ڕاڤەیەکی شیاو پێشنیاز بکەن بۆ گۆڕانی یوراسین بۆ تایمین. دواتر گەردی ئار ئێن ئەی لاواز و ناجێگیرە، پاشان توانای بەرگەگرتنی نییە لە بەرامبەر گۆڕانە بەهێزەکان، کە ڕووی زەویان ڕادەماڵی لە سەرەتایە کۆنەکاندا، ئەو پرسیارەی زیاتر جەخت دەکاتەوە و سەختە و بە دەوری سەرچاوەی زانیارەی جفرەدارەکاندا دەخولێتەوە لە گەردی ئار ئێن ئەیدا: لەوەی ئەم زانیاریانە لە کوێوە هاتووە؟ بۆچی بەم جۆرە هاتوون کە شایستەبن بۆ جفرەدارکردن بۆ ژیانێکی ئاڵۆز و زیرەکانە.

---

() ئەنتۆنیۆ لازکانۆ (١٩٥٠–) زانایەکی زیندوەرزانی پەرەسەندنگەرای مەکسیکییە، کار دەکات لە بواری لێکۆڵینەوە لە سەرهەڵدانی ژیان بۆ ماوەی زیاتر لە سی و پینج ساڵ. ئەندامە لە ناسا لە پەیمانگای زیندوەرزانی گەردووناسیدا، لە کتێبەکانی (بنەڕەتی ژیان).

## • دۆکینز و هەڵاتن بەرەو پێشەوە

بەهۆی ئەوەی پەیی بردووە بەو ناڕەحەتیەی مولحید تیایدا هەڵدەواسرێ، کاتێك داوای لێدەکرێ ڕاڤەیەکی ژیرانە بۆ پەیدابوونی ژیان بخاتەڕوو، ئەوا دۆکینز نەیویستووە خۆی زۆر بەم پرسە سەرقاڵ بکات، زۆر بەخێرایی بەسەریدا تێپەڕیوە بۆ ئەوەی لێهاتوویی خۆی لە پاڵاوتنی سروشتیدا دەربخات، بەو شێوەیەی هیچ پێویستیەك نەمێنێ بۆ گریمانەکردنی بوونی بەدیهێنەری ئەندازەدانەری جۆرەکان، دەبینین چەندە بلیمەتە لە هەر دوو پرسەکەدا.

لە دیدارەکەیدا لەگەڵ بن شتاین (١٩٤٤)دا. نمایشکار و نووسەر و یاساناس و ڕوونکەرەوەی سیاسی و ئابووری ئەمریکییە. هەروەك لە بەڵگەنامەکانی (دەرکراوەکان)دا هاتووە دۆکینز ڕایگەیاندووە بەوەی قەناعەتی نییە بە هیچ گریمانەیەك دەربارەی سەرهەڵدانی ژیان لەسەر هەسارەکەمان، هەر چەندە دانی ناوەی بەوەی هیچ بیرۆکەیەکی نییە لەبارەی بیرۆکەی چۆنیەتی دەستپێکردنی ژیان، پێشنیازی کرد بنەڕەتی ژیان بگەڕێنێتەوە بۆ گەردێکی خودی لەبەرگیراو، ئەمە فروفێڵێکی بەکارهێنراوە، مولحیدان و نکۆڵیکاران لەم سەردەمەماندا دایانتاشیوە، جا هەر ناوێکی لێ دەنێی! خێرا ئەم فێڵە ئاشکرا دەبێ بە خستنەڕووی ئەم پرسیارە: گەرد لە بنەڕەتدا چۆن پێکهاتووە؟ سەرچاوەی زانیارە جفرەدارەکان چییە؟ دواتر گەردی جادووگەری دۆکینز بۆ ئەوەی دانەی لەبەر بگیرێتەوە بۆ چەندین گەردی تر، ئەوا تەنها بە ئەنزیمەکان کار دەکات، هیچ یەکیش لەم هەموو شتە نییە!

لەبەر ئەوەی هەست بە پڕوپوچی ئەو وتەیە دەکات کە وتویەتی، ئەوا زۆر ناخایەنێ پەنا دەباتەبەر تیۆری گەردە ئاسمانیەکان، کە پێشتر ئالفرێد هویل ئاماژەی پێکردووە، پێشنیازی کردووە کە لەوانەیە شارستانیەتێك هەبووبێ لە کاتێکی زووی تەمەنی گەردوونەوە، گەشەی کردبێ بۆ شێوەیەکی بەرزتر لەلایەنی تەکنەلۆژی، ئەمەش بە ڕێبازی داروینی. وەك ئەمەی ئەم ڕێگەیە هەسارەی پێدا تێپەڕی بێ و گونجاو بێ بۆ کارتێدا کردن لەسەر ئاستێك کە ئێمە زانیاریمان

لەسەری نییە لە گەردوونی کۆندا. ئەم شارستانیەتە گریمانە کراوە سەرکەوتوو بوو لە نەخشەکێشانی شێوەیەك لە شێوەکانی ژیان و کاری کردووە لە چەکەر پێکردنی ژیان لەم هەسارەیەماندا.

ئەوەی سەرنجڕاکێشە، ئەوەیە ئەو کابرایە داندەنێ بە ڕاستی نەخشەدانان بۆ گەردەکانی ژیان، بەڵام وا پێی باشترە بیداتە پاڵ شارستانیەتێکی گەشەکردوو لە قوڵایی گەردووندا، ئاشکرا نەبووە و کەمترین بەڵگە ئاماژەی بە بوونی نەکردبێ، ئەمەش لە جیاتی ئەوەی بیداتە پاڵ خوای پایەبەرز، ئەمەش وەك بەزەیی هاتنەوەی بە ئیلحادەکەی لەوەی تێکبشکێ و دابڕوخێ. بن شتاین بەم دەرەنجامە ڕووبەڕووی بووەوە و وتی: کەواتە بیرۆکەی نەخشەدانانی زیرەك قبوڵ دەکەی، بەڵام ئەوە ڕەتدەکەیەوە خوای نەخشەدانەر بێ!

ئایا دۆکینز بیری چووەتەوە، گریمانەی گەردی ئاسمانی، بەهەمان شێوە ڕووبەڕووی هەمان پرسیار دەبێتەوە: ئایا چۆن ژیانی ژیرانە سەریهەڵدا لەم بەستەڵەکە دوورە لە گەردوونە قوڵەکەماندا؟

لێرەوە هەموو هەوڵی مولحیدە داروینیەکان دەمێننەوە، بۆ خۆ دزینەوە لەم کێشە ڕاستەقینەیە. بە ڕامان لە وتەی ڕازاوە سەبارەت بە شێوازەکانی پاڵاوتنی سروشتی. ئەوا ئاشکرا و شکستخواردووە، ئەمەش هەروەك فەیلەسوف ڕچارد سوینبرن دەریبڕیوە: داروینیەت وێنای گەردوونی کردووە بەوەی کارگەیەکە بۆ بەرهەمهێنانی ئەم هەموو بوونەوەرە فرە جۆرانە، بەڵام هێشتان ئێمە پێویستمان بە ڕاڤەیەك هەیە بۆ ئەوەی چۆن ئەم کارگەیە دروستبوو و بەڕێوە دەچێ؟

کێشە نییە، با ببینین دوکینز چۆن هەوڵیداوە قەناعەتمان پێبکات بەوەی پاڵاوتنی سروشتی بەسە، جێگەی خوای گرتۆتەوە، لە ڕاڤەکردنی پەرەسەندنی جۆرە زیندووەکان. ئەم جارەیان زاراوەی پاڵاوتنی کەڵەکەبووی داهێنا، ئەمە بە کاری غەرببیل (بێژینگ) دەچێ، کە دەنکە بەردی بچوکی قەبارە جیاواز لەیەکتر جیا دەکاتەوە، لە یەکەم بێژینگدا دوو کۆمەڵە دەنکە بەردی بچوکمان

دەستدەکەویؒ، یەکێکیان لەوەی تریان گەورەترە، هەر بەردێکی گەورەتر لە کونەکانی بێژینەگەکە ئەوا لە ناو بێژینگەکە دەمێنێتەوە، ئەوەی بچوکتریش لە کونەکانی بێژینگ لێی دێتە خوارەوە، ئەگەر بەرهەمەکانی بێژینگمان وەرگرت و بە بێژینگی خاوەن کونی پلەبەند لە فراوانیدا بێژینگ بکەین، ئەوا لە کۆتاییدا چەندین کۆمەڵەی قەبارە جیاوازمان دەستدەکەویؒ، ئا بەم شێوەیە لە کرداری پاڵاوتنی کەڵەکەبووندا، ئەوا جیاوازی لە نێوان چەندین نەوەی بەدوای یەکداهاتوودا ئەنجام دەدرێت، جیاوازیەك هەیە لە نێوان پاڵاوتن بە هەنگاوێك، کە هەموو هەوڵێکی نوێی تێدادەبیؒ، لەگەڵ پاڵاوتنی کەڵەکەبوو، هەروەك بینیمان بە چەند قۆناغێکی یەك لە دوای یەکدا ئەنجام دەدریؒ.

لە کتێبە ناودارەکەیدا (دروستکەری کاتژمێرە کوێرەکان)دا، دوکینز نموونەیەکی بۆ هێناوینەوە، ئەم نموونەیە هەستی سەرکەوتنی پێداوە، ئەمەش وەك فرە جۆریەك لەسەر بە بەڵگە هێنانەوەی مەیمونەکان.

دوکینز داندەنیؒ بەوەی تەمەنی هەموو گەردوون، بەس نییە بۆ سەرکەوتن لە نووسینی یەك ڕستە لە کارەکانی شکسپیر بە ڕێگەی هەڕەمەکی، بۆ نموونە ڕستەی هاملت: وا بۆم دەردەکەویؒ هاوشێوەی (مشکی شیردەر) بیؒ، ئێمە پێویستمان بە $١٠^{٣٠}$ ساڵ دەبیؒ، ئەمە کاتێکە زۆر لە تەمەنی گەردوونەکەی ئێمە بە ملیۆن ملیۆن ملیۆن جار درێژترە ! !

دۆکینز بەرنامەیەکی کۆمپیوتەری داناوە، هەڵدەستێت بە هەمان کاری مەیمونەکانی هکسلی: کە دەستدانە لە کیبۆرد بە هەڕەمەکی، بەستویەتیەوە بە بەرنامەیەکی تر، کە شوێن نموونەی داروینی کەوتووە بۆ چاپکردنی وشەکان بە ڕێگەی پاڵاوتنی کەڵەکەبوو. لە لای خوارەوەی شاشەکە بەدوای یەکداهاتنی پیتەکان بە ڕێگەیەکی هەڕەمەکی ئەنجام دەدریؒ و بە بەردەوامی بەڵام بەرهەمەکەی هیچ نابی، لە ناوەڕاستی شاشەدا ئەگەر وا ڕوویدا پیتێك لە پیتەکانی دەربڕینەکەی هاملت دەرکەوت، ئەوا دەپارێزریؒ لەگەڵ گۆڕینی ڕستەکەی بۆ بەرهەم هێنانی چەند ڕستەیەکی تازە، بەم

شێوەیە هەر کاتێك پیتێکی تازەی هاوشێوە دەرکەوت ، بەهەمان ڕێگە دەپارێزرێ، بەم شێوەیە ڕستەی یەکەم بە شێوەی کەڵەکەبوو بەرەو ڕستەی مەبەست لار دەبێتەوە، دوای ئەوەی کۆمپیوتەری ساکاری دۆکینز کاری کرد بۆ ماوەی دوو خولەك، ئەوا ئەم دوو وشەمان دەستدەکەوێ (methinks) و (weasel).

دۆکینز داندەنێ بەو ساختەکاریەی ئەم نموونەیەی ئەو لەخۆ دەگرێ، چونکە بەرنامەکە نەخشەی بۆ دانراوە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی ئایندەیی، سەبارەت بە کرداری پەرەسەندنی کوێرانە، ئەوا ئاینده نابینێ، بەڵام دۆکینز مشتومڕ دەکات بەوەی ئەمە هەڕەمەکی نییە، هەر چەندە کوێرانەی نا ژیرانەیە و ئاینده نابینێ، چونکە چاکترین دەهێڵێتەوە، ئەمەش باشتر دەگونجێ، لە کرداری پەرەسەندندا هیچ جێگەیەك نییە بۆ هەڕەمەکێتی، بەڵام کەڵەکەبوون بوونی هەیە، سەرباری ڕۆڵی مەزن کە داروین و پەرەسەندنگەراکان لە دوای ئەو داویانەتە بازدانەکان، ئەمەش بە سروشتی خۆی هەڕەمەکییە.

دەکرێ ڕەخنەیەکی جەرگبڕ ئاڕاستەی نموونەی دۆکینز بکرێ، بە سەرنج خستنەسەر ئەوەی ئەگەر ڕۆڵێك بە کەڵەکەبوون بدرێ لە چوارچێوەی ململانێی گازگرەکاندا لە ژینگەیەکی دابڕاودا، بەڵام ناکرێ وێنای مانایەك یان ڕۆڵێکی بکرێ لەسەر ئاستی خانەکانی یەکەم، کە ڕێگەی خۆشکردووە بۆ دەرکەوتنی گازگرەگە، سەرباری ماوەی پێشوو کە ڕێگەی خۆشکردووە بۆ دەرکەوتنی خودی خانەکە.

## دەروازەی دووەم

# گونجانی پێشوەخت

مەبەست لێی گۆڕانی بایلۆژی دیارکراوە، لە قۆناغێك لە قۆناغەکاندا، خزمەت بە ئامانجێکی هەنووکەیی ناکات، بەڵکو بەکاردەهێنرێ لە قۆناغی دواتردا بۆ هەڵسان بە کارێکی تازە.

شتێکی بەڵگە نەویستە پاڵاوتنی سروشتی شکست بهێنێ لە ڕاڤەکردنی ئەم گۆڕانانەدا، پاڵاوتنی سروشتی، پاڵاوتنێکی نەخشە بۆ دانەنراوە، لە کاتێکدا گونجانی پێشوەخت گوزارشت لە نەخشەدانانێکی ئامانجدار دەکات.

ئامێرە دەنگیەکەمان، نموونەیەکی باش پێشکەش دەکات، لەسەر گونجانی پێشوەخت، قسە پێویستی بە ناوەندێکی دەماغی پسپۆڕ و ڕێڕەوێکی دەنگییە. پێکهاتووە لە گەرو و پەتە دەنگیەکی و قوڕگ و زمان و دوو لێوەکە. وەڵامی ڕێنماییەکانی دەماغ دەداتەوە بەشێوەیەك تەواو. لە مرۆڤی نیاندەرتاڵ و مەیمونی باڵادا، بەهەمان شێوەی منداڵی تازە لەدایك بوو، ئەوا گەرو لە ملدا بەرزە، ئەمەش وا دەکات قوڕگ کورت بێت، ئەمەش هەلی هەموارکردنی دەنگە دەربڕاوەکان کەم دەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ گەشەکردنی کۆرپەی مرۆڤ، گەرو دەجولێ بەرەو خوارەوە، بەمەش قوڕگ زیاتر درێژ دەبێ. هەڵکەندراوەکان دەریانخستووە، هاوشێوەکانی مرۆڤ ڕێڕەوی دەنگیان بەدەستهێناوە، کە توانای هەیە لەسەر داهێنانی وتەی ڕوون پێش نزیکەی نیو ملیۆن ساڵ، واتە: پێش ئەوەی پێشینانمان توانای پیادەکردنی زمان و قسەکردنیان هەبووبێ. ئایا پاڵاوتنی سروشتی شارەزایی پێشوەختەی هەبوو سەبارەت بە پێویستی قسە بۆ مرۆڤ، وا گریمانەکراوە پاڵاوتن کوێرە و هیچ تێڕوانینێکی نییە بۆ ئایندە؟ ئەی چی لە پاڵ ئەم ئامادەسازیی و نەخشەسازییە پێشوەختە دەوەستێ، کە دەڕوانێتە ئایندە؟

زیرەکی مرۆییمان نموونەیەکی تری خاوەن ئاماژەی تایبەت دەخاتەڕوو لەسەر نەخشەدانانی ئامانجدار. داروین لەلای خۆی زیرەکی مرۆیی داوەتە پاڵ پاڵاوتنی مرۆییەوە، بەڵام هاوچەرخە پەرەسەندنگەراکەی ئالفرێد رەسل و والاس (١٨٢٣ – ١٩١٣) قسەی کردووە لەسەر ئەوەی ناوی ناوە زیرەکی شاراوە، ئەمە مانای وایە ئێمە وەك تاکەکانی جۆری مرۆیی، زیرەکیەکمان پێدراوە بە چەندین قۆناغ دوورە لەوەی پێویستمانە لە زیرەکی بۆ مشورخواردن لە کاروباری مانەوەمان. ئەمە بە جیاکاری والاس ناسراوە: چۆن دەکرێ پاڵاوتنی سروشتی سەربکێشێ بۆ دەرکەوتنی پۆلە لێهاتوویی و توانایەکی بەکارنەهاتوو، ئەو ئەندامانەی بەدەستی ناخەن لەناودەچن، هەر چەندە ئەمە پێویستییە بۆ مانەوەی هەنووکەیی، جا چ پێویستیەك بە پەرەپێدانی ئەو جیناتانە هەیە، کە بەکارناهێنرێن و هیچ کارێکیان نییە لەم ساتەدا؟ والاس دوودڵ نەبووە لە دەربڕینی ئەوەی کە باوەڕی وایە زیرەکییە زیادەکەمان لە پێویستی خۆمان بەخششێکی خواییە، سەبارەت بە داروینیەکان، ئەوا پێشنیازێکی تریان خستەڕو، پشت دەبەستێ بەوەی ناویان ناوە زیرەکی گشتی، ئەمە دەرەنجامی کەڵەکەبوونی تواناکانی مێشك و دەماغە، دوای گەورەبوونی قەبارەکەی و زیادبوونی ئالۆزیەکەی بە درێژایی سێ ملیۆن ساڵ، بۆ ئەمەش نموونەیەك دێننەوە بەدەستی مرۆڤ کە بەکاری دەهێنێ لە ڕاودا و دەستگرتن بە لقەکانی درەخت، بەڵام دواتر بەکاریهێنا لە کاتی پێویستی لە نووسین و وێنەکێشان و ژەنینی ئامێرە مۆسیقاییەکان، هاوشێوەکانیان لە کاری وردەکان.

بەڵام ئەم پێشنیازەیان ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ڕەخنە و بەرهەڵستی بووەوە، لەوانە: مۆخی مرۆڤی نیاندەرتاڵ، قەبارەی زۆر گەورەترە لە مۆخی ئێمە، بە نزیکەی دە لە سەد، ئەی بۆچی هەمان ئەو زیرەکیەی نەبووە وەك زیرەکی ئێمە، کە ڕێگە بە مانەوە و پەرەسەندنی بدات؟ لەلای خۆیەوە زانای ناوداری جیهانی شارەزا لە بواری مۆخ و دەمارەکان (راما شاندران[1]) بەرهەڵستی خۆی

---

[1] () رامان شاندران، لە دایکبووی ١٩٥١، زانایەکی شارەزای بواری دەمارە، بە ڕەگەز ئەمریکی و بە ڕەچەڵەك هندییە، مامۆستایە لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە سان دیگۆ.

دەربڕی بۆ چەمکی زیرەکی گشتی، بەوەی بە دووری زانیوە ئەو زیرەکیەی پێویستە بۆ هاوێشتنی ڕمێك بەرەو نێچیرێك، هەمان ئەو زیرەکە بێ کە پێویستە بۆ ئالۆدەبوون لەگەڵ لێکدانەوەی سێکۆچکەکان و بیرکاریە پێشکەوتووەکان. بەو مانایەی ئەو زیرەکیەی هەڵبژێردراوە بە ڕێگەی پاڵاوتنی سروشتی، ئەوا چاك بووە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی سەرەتایی سادە، بەهەمان شێوە ئەوە ئەوەیە چاك و گونجاوە بۆ هەڵسان بەو ئەرکانەی لەوپەڕی ئالۆزی و سەختیدان، ئەمە دەستەوەسانی پاڵاوتنی سروشتی لە ڕاڤەکردندی پیشان دەدات، – بە حوکمی ئەوەی نا هۆشمەند و خاوەن دیدگا نییە بۆ ئاییندە – ئەو گۆڕانکاریانە دەهێڵێتەوە، کە گونجاو بن بۆ بەرەنگاربوونەوەی تەحەددایایە هەنووکەییەکان، نەوەك ئەو تەحەددایانەی دەردەکەون لە دوای هەزاران ساڵ.

# دەروازەی سێیەم

# گریمانەی کەوتنی مرۆیی

## عەقڵانیەتی بوون و سەفستەی مولحیدان

پێشتر باسی ئەم وتەیەی (ئەنشتاین)مان کرد: کە ئەو شتەی لە گەردووندا زۆرتر مانادار نییە، شایەنی لێتێگەیشتنە! بەو مانایەی گریمانەکردنی ئەوەی گەردوون شایەنی لێتێگەیشتنە، لەگەڵ گریمانەکردنی ئەوەی بە ڕێگەی ڕێکەوت هاتووە، بێ نەخشەدانانێکی ئامانجدار، ئەوا گریمانەیەکی پوچەڵە، لێرەوە ئەنشتاین – لە میانەی جەختکردنەوە لەسەر متمانەکەی بە ڕێژەگەراییەکەی و بەوەی تۆکمەترە لەوەی لە یەکەم ڕووبەڕوو بوونەوەدا دابڕوخێ – ئەوە دووبارە دەکاتەوە، کە بەدیهێنەر دەکرێ شاراوەبێ، بەڵام خراپەکار و شەڕخواز نییە. ئەمەش لە ئاماژەیەکدا بۆ گوزارشتە ناودارەکەی دیکارت، کە شەڕخوازی و خراپەکاری، دواتر بوونی ویستی گومڕاکردنی ئێمەی لەلایەن خواوە ڕەتکردەوە، لێرەوە گەردوون شایستەی لێتێگەیشتنە و توانای ئێمەش لەبارانیدا هەیە ئەم لێتێگەیشتنە ئەنجام بدات.

زیاد لە یەك لە سەرکردەکانی زانست و بیر و هزر لە سەدەی بیستەمدا، باسیان لە ڕاستی عەقڵانیەتی بوون کردووە بە ڕێگەی جیاواز، سێر ئارسەر ئیدینگتۆن[1] دەڵێت: ماددەی جیهان

[1] ئارسەر ئیدنگتون (١٨٨٢ – ١٩٤٤)، فیزیاناس و گەردووناسێکی بەریتانیە، لە کاتێکی زووەوە ڕۆیشتە ناو بواری سیستەمی گەردوون و جوڵەی ئەستێرەکان و پێکهاتنە ناوەکییەکەی. لە ساڵی ١٩١٦ز گەیشتە ئەوەی گوشاری تیشکاوەری هۆکارێکی سەرەکییە لە هۆکارەکانی پاراستنی هاوسەنگی ئەستێرەکان، لە پاڵ هێزی کێشکردن و فشاری گازدا. دواتر پەیوەندی نێوان تۆپەڵەکان و ڕووناکی ئەستێرەی ڕوون کردۆتەوە. یەکەم کەس بوو بە ئەزموونی تێبینی لادانی ڕووناکی کرد بەهۆی بواری کێشکردنی خۆری، هەروەك ڕێژەگەرای گشتی ئەلبێرت ئەنشتاین پێشبینی ئەوەی کردبوو. لە کتێبەکانی (تەلار و پێکهاتەی گشتی گەردوون ١٩١٤ن)، پێکهاتەی ناوەکی هەسارەکان (١٩٢٦ن)، سروشتی جیهان (١٩٢٨ن).

ماددەیەکی ژیرانەیە، هەروەك دەڵێت: پێم وابێ بیرۆکەی دەستوەردانی خوایی لە گەردووندا، بیرۆکەیەکی دادگەرانە و تەواو لۆژیکیانەیە، بەپێی ئەو دەستکەوتانەی زانست فەراهەمی کردوون. جۆن سۆلفیان دەنووسێ: سروشتی کۆتایی گەردوون، سرشتێکی ژیرانەیە، سەبارەت بە سێر جەیمس جینز درێژە بە ڕوونکردنەوەی ئەم مانایە دەدات و دەڵێت: ئەگەر گەردوون، گەردوونێکی هزری بێ، ئەوا دەبێ بەدیهێنانیشی کارێکی هزری بووبێ بە هەمان شێوە. دواتر دەڵێ: چەندین بەڵگەی بەهێز هەن، زانستی سروشت ناچار دەکەن ئەو ڕاستییە قبوڵ بکات کە دەڵێت: ڕووباری زانست بەرەو ڕاستیی و حەقیقەتێکی نا میکانیکی دەچێ. گەردوون وەك بیر و هزرێکی مەزنە زیاتر لەوەی بە ئامێرێکی گەورە بچێ، هۆش نەچووەتە ناو ئەم جیهانە، وەك کەسێکی بیانی و نامۆ لەم جیهانە، ئێمە ئێستا دەگەینە شوێنێك، پێویست بوو پێشوازیمان لە هۆش و ژیری کردبا وەك بەدیهێنەر و بڕیاردەری ئەم گەردوونە، گومان لەوەدا نییە ئەم هۆشە وەك هۆش و ژیری ئێمەی مرۆڤ نییە، بەڵکو ژیریەکە ژیری مرۆڤی بەدیهێناوە، هەر شتێك لەم هۆش و ژیرییە گەردوونیەدا هەبووبێ، ئەوا لە وێنەی بەرنامەیەکی پێشوەختە ئامادەکراوە... ئەوەمان دۆزیەوە کە گەردوون گەواهی دەدات بە بوونی هێزێکی نەخشەدانەر یان زاڵ، تا ئاستێکی زۆر بە ژیری ئێمە دەچێ، نەوەك لە ڕووی هەست و سۆزەوە، بەڵکو لە ڕووی ڕەوتی هزریەوە، کە دەکرێ ناوی بنێین هۆش و ژیری بیرکاریانە !

فیزیاناسی ئەمریکی جۆرج ئێرل دیفیس دەڵێت: ئەگەر بۆ گەردوون هەبوبا خۆی بەدیهێنابا، ئەوا مانای وادەبوو گەردوون خاوەن سیفەتەکانی بەدیهێنەرە، لەم دۆخەشدا ناچار دەبین دانبێین بەوەی خودی گەردوون خوایە، هیچ پاساوێك نامێنێ مولحید ببێتە باوەڕدار، تەنها داننان نەبێ بە دەستەوەسانی لەهەمبەر پەسەندکردنی گەردوونێکی بێ خوا. من خوایەك پەسەند دەکەم دادوەر و مشوگێر بێ، لە جیاتی پەسەندکردنی ئەم شتە پڕوپوچانە !.

بارۆخ سپینۆزا یاساکانی بوونی یەکسان کردووە لەگەڵ خوا، ئەنشتاین یەکێك بووە لە بەهێزترین کاریگەربووەکان بەم فەلسەفیەی یەکێتییە، هەروەك ستیفن هوکینگ پێش مولحیدایەتیەکەی یان

پێش نازانمگەرایەکەی ڕایگەیاند خوا یەکسانە بە یاسا بڕیار بەدەستەکان لە گەردووندا. تیخو براهە، یوهانس کبلر، دیکارت، دواتریش نیوتن، باوەڕیان وابوو بە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوە ڕێکخراوەکانی جیهان، نەخشەدانانێکی عەقڵانی و ژیرانە بۆ خوای بەدیهێنەری بوون دەدۆزنەوە. کبلر ئەمەی بە لەخۆباییبوونی مرۆڤ وەسفکرد، دوای ئەو جەیمس جینز وەسفی خوا کرد بەوەی خودێکی بیرکارییە، هەروەك نیوتن وەسفی کرد بەوەی زۆر بلیمەتە لە میکانیکدا، لەگەڵ ئەوەی بیرکاری و میکانیك، ڕێگەکانی ئێمەن بۆ تێگەیشتن لەوەی خوا چۆن کار دەکات، خوا شت لە نەبوونەوە دێنێتە بوون و بەدیدەهێنێ، ئێمەش وەك مرۆڤ تەنها هەوڵ دەدەین لێی تێبگەین.

دەبێ لێرەدا ئاماژە بدرێ بەوەی (عەقڵ)... بە مانا گشتگیرە هەمەلایەنەکە پلان و نەخشەی خواش دەگرێتەوە لە بەدیهێنانیدا. ناکرێ جیهان ڕاڤە بکەین، مەگەر ژیری و عەقڵ بکەین بنەمای جیهان.

لە هەمبەر ئەم هەموو سەلمێنراوانەی گەورە زانا و بیرمەندان سەبارەت بە عەقڵانیەتی بوون، مولحیدێك سەری هەڵدەکێشێ بە گومانەوە دەڵێ: چۆن بزام عەقڵی من بیر دەکاتەوە بەشێوەیەك کە پێچەوانەی واقیعیبوونی شتەکانە؟ ئەی بۆچی ئەو ڕێك و پێکیەی بۆمان دەرکەوتووە لە گەردووندا هەیە، نابێتە دەستکردی عەقڵەکەمان، کە بەسەر گەردووندا دانراوە نەوەك بە پێچەوانەوە؟ بەو مانایەی ئەو واتایەی هەیە بەسەر گەردووندا دانراوە نەوەك لێی دەرەوشابێتەوە!. ئەمە وتەیەکە، یەکسانە بەوەی کۆشکی سەرنجڕاکێش بە ئەندازە و نەخشەکەی، جیاوازی نییە لەگەڵ ئەو بەردەی پێی دروستکراوە، کاتێك ئەو بەردانە تەنها کۆمەڵێك بوون فرێدرابوونە سەریەك. دواتر گومان کردن لە بابەتی بوونی ڕێسا و یاسا و سیستەم لە گەردووندا، واتە لەناوبردنی ڕەوایی زانست و گشت ئەوەی پاساوی پێدەدات، زاڵبوون بەسەر گشت هەڵێکی بە بەڵگە هێنانەوە، لە بنەڕەتدا زانست وەستاوە لەسەر دانان بە بوونی سیستەم و یاسادا، بەڵگە هێنانەوە هیچ مانای نابێ بەبێ دانان بە پێشەکی چاك بۆ بەرهەم هێنانی شتی براوە، بە پشت بەستن بە گیانی لۆژیکی باو و کارپێکراو لە بووندا.

بەڵگەیەك هەیە – پاوڵ دیفیز ئاماژەی پێکردووە – سەختە هەڵبوەشێنرێتەوە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی عەقڵانیەتی یاساکان، پێدانێکی مرۆیی نییە. ئەم بەڵگەیە لە ڕاستیدا خۆی دەبینێتەوە لەوەی یاساکانی سروشت هەندێك جار یارمەتیمان دەدەن لەسەر دۆزینەوەی هەندێك دیاردە کە پێشتر خەیاڵی بوونمان نەکردووە، بەڵکو نیشانەی یاسای بەهێز، ئەوەیە دەمانبات بۆ دوورتر لە وەسفێکی دەستپاك بۆ دیاردەیەکی ڕەسەن کە ئاماژەی پێکردووە. بۆ نموونە یاسای نیوتن لە کێشکردندا تەنها وەسفێکی وردی بۆ جوڵەی هەسارەکان بە ئێمە نەداوە، بەڵکو شرۆڤەی دیاردەکانی دووری دەوروبەر و کێشکردنەکەی و شێوەی زەوی و جوڵەی کەشتییە ئاسمانیەکان و جگە لە مانەشی کردووە. یاسا سروشتییە بنەڕەتییە دروستەکان بوونی پەیوەندی چەسپاندووە لە نێوان ڕووداوە جیاوازە فیزیاییەکان.

ئەوانەی خاوەنی ئەم گومانانەن، شایەنی ئەوەن بە سۆفستائییە هاوچەرخەکان وەسف بکرێن. ئەگەر لەبارەی ئەرستۆ بە ڕاستی وترا: هاوشانی چاکی ئەودیوسروشت (میتافیزیای)ەکەی نییە تەنها نزمی ئەودیوسروشتەکەی نەبێ، ئەو زانایانەی سەردەم کە هاوێنەی ئەم گومانانە بە بنەما دەکەن، وا لەپێشترە لەبارەیانەوە بوترێ: باشی زانستەکەیە هاوشانی نییە، تەنها نزمی و پەستی فەلسەفەکەیان نەبێ!

ئەگەر وتەی ئەم سۆفستائیە نوێیانە ڕاست بوو، ئەوا لە جیهانی زانستدا دەکرا هەر دیاردەیەك لە دیاردەکانی سروشت بە هەر گریمانەیەك بێ نزیك بکەینەوە. کاروانی کۆڵنەدەری زانست ئەمە بەدرۆ دەخاتەوە.

## • ڕەتدانەوەی گومانی کەوتنی مرۆیی

بەوانە دەڵێین کە نکۆڵی دەکەن لە بابەتی بوونی سیستەم و واقیعیبوونەکەی و پێیان وایە تەنها کەوتن و پێدانێکە: بۆچی وا لەمە تێناگەن کە هاوئاوازیە لە نێوان ژیری و بوون، بەو مانایەی لۆژیك و ژیری جێبەجێکراو لە بووندا هەمان ئەو پاڵنەریە لە عەقڵدا، لێرەوە توانامان هەیە لەسەر کەڵەکەکردنی تێگەیشتنمان بۆ جیهان و ڕاوەستانمان بڕ بڕە لەسەر یاسا زاڵەکانی و سەرکەوتنە یەك لەدوای یەکەکانمان لە کردنەوەی گرێیەکانی و ئاشکراکردنی نهێنیەکانی. ئەگەر ئەم کەوتنە تەنها کەوتنی بنیاتی عەقڵ بێ، کە هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵ بنیاتی جیهان نییە، ئەوا بە یەکجاری سەرنەدەکەوتین لە بەرپاکردنی کۆشك و تەلاری زانست و تێگەیشتن لە جیهان.

ئەمانە چەند نموونەیەکی یارمەتیدەرن بۆ دەستەبەربوونی ئەم مانایە:

## خشتەی خولی مەندەلییف[١]:

کاتێك مەندەلییف ئەم خشتەی ڕێکخست، بەپێی ڕێوشوێنی ناسراو، پاش دانانی ئەو ڕەگەزانی ئەو کات دۆزرابوونەوە لە شوێنی خۆیاندا لە خشتەکەدا، بەپشت بەستن بە هەڵسوکەوتی خولی تایبەتمەندییە کیمیاییەکانی ڕەگەزەکان، چەند خانەیەکی بەتاڵی جێهێشت بۆ ئەو ڕەگەزانەی ئەو کات نەدۆزرابوونەوە. بەڵام مەندەلییف وتی دەبێ هەندێك ڕەگەزی تر لە سروشتدا هەبن، هێشتا نەدۆزراونەوە، جێگای خۆیان دەبێ بگرن لەم خانە بەتاڵانەی لە خشتەکەدا هەن. ئەم خشتەیە تەنها بریتییە لە وێنەکردێکی ڕێسای سروشتی بۆ ڕەگەزەکان. بە کردار ئەمە ڕوویدا، دواتر زانایان سەرکەوتن لە دۆزینەوەی ئەو ڕەگەزانەی لە خشتەکە کەم بوون.

---

() دیمیتری ئیڤانوڤیچ مەندەلییف: کیمیاناسێکی ڕووسییە، (١٨٣٤ – ١٩٠٧) ژیاوە، ناوبانگی دەرکرد بە دانانی خشتەی خولی بۆ ڕەگەزەکان، بە پێچەوانەی ئەوانەی بەشداربوونە لە بیرۆکەی خشتەی خولیدا، مەندلییف توانی پێشبینی تایبەتمەندییە کیمیاییەکان بکات بۆ ئەو ڕەگەزانەی لە کاتی خۆیدا نەدۆزرابوونەوە.

# دووریی هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆری ئێمە لە خۆرەوە:

لە سەدەی هەژدەمدا یوهان بۆدەی ئەڵمانی، توانی بگات بە دیاریکردنی دوورییەکانی هەسارە گەڕۆکەکانی کۆمەڵەی خۆری ئێمە، پەیی بەوە برد ئەمە هەڕەمەکی و بە ڕێکەوت نییە، بەڵکو بەدوای یەکداهاتنێکی ژمێرکاری بەسەریدا زاڵە، لە سفرەوە دەستپێدەکات، ئینجا لە ژمارە ٣ و زیادبووەوەکانی، زیادبووەکان کۆدەکرێنەوە لەگەڵ ژمارە چوار و دەرەنجامەکەی دابەشی سەر ١٠ دەکرێ، لە کۆتاییدا دووریی هەسارەکان لە خۆر یەکەی خولگەیی پێکدێنێ. کە یەکسانە بە ١٥٠ ملیۆن کیلۆمەتر. بەم شێوەیە عەتار بە ئەندازەی سفر + ٤ لە خۆرەوە دوورە، واتە ٤ لە دەی یەکەی خولگەیی، واتە ١٠/٤ × ١٥٠ یەکسانە بە ٦٠ ملیۆن کیلۆمەتر. زوهرە ١٠/ ٤+٣ یەکسانە ٧ لە دە لە یەکەی خولگەیی، واتە: ١٠٥ ملیۆن کیلۆمەتر. زەوی ١٠/ ٤ +٦ یەکسانە بە یەکەیەکی خولگەیی تەواو. مەریخ ١٠/ ٤ + ١٢... ئەگەر گەیشتینە موشتەری، ئەوا کێشەیەك دەردەکەوێ، چونکە موشتەری دوور نییە لە خۆر بە ئەندازەی ٢٤ + ٤/ ١٠، بەڵکو بە ئەندازەی ٤٨ + ٤/ ١٠ دوورە، ئەم کێشەیە چارەی بۆ نەدۆزرایەوە، مەگەر بە گریمانەکردنی بوونی هەسارەیەکی گەڕۆك نەبێ لە نێوان مەریخ و موشتەریدا. لە ڕاستیدا جوزیبە بیاتزی ئیتاڵی لە شەوی جەژنی زایینی ساڵی ١٨٠١ تەنێکی ئاسمانی دۆزیەوە، دواتر ڕوون بووەوە ئەم تەنە بچوکترە لەوەی بە هەسارە ناوببرێ، بۆیە ناونرا هەسارۆکە، ناوی سیرسی پێبەخشرا، تیرەکەی دەگاتە ١٠٠٠ کیلۆمەتر، دواتر دۆزینەوەی هەسارۆکەکان بەردەوام بوو، تا ژمارەیان گەیشتە هەزاران هەسارۆکە، بەمەش ئەو بۆشاییە پڕکرایەوە کە پێشبینیەکانی بنچینەی بۆدە ئاماژەی پێکردبوو، بۆ ئەوەی دووبارە دانبنرێ بەشێوەیەکی ڕاستەقینە بەم بنچینە و یاسایەنە، کە سەرکەوتووە لە دیاریکردنی دووریەکانی گشت هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆری ئێمە بە وردییەکەی زۆر سەرنجڕاکێش، زوحەل، ئۆڕانوس، نبتۆن، بلۆتۆ.

## دۆزینەوەی هەسارەی نبتۆن:

دوای دۆزینەوەی هەسارەی ئۆرانوس، لە ساڵی ١٧٨١ز، لەسەر دەستی گەردوونناسی ئینگلیزی (ویلیام هرشل) و دانانی نەخشەکان، کە خولگەکەی لە نێو ئەستێرەکاندا ڕوون دەکاتەوە، زانایان بینیان خولگەی کرداری هەسارەکە جیاوازە لەوەی بە تیۆری پێشبینیان کردبوو، گەردووناس هسی پێشنیازی بوونی هەسارەیەکی تری کرد لە دەرەوەی خولگەی ئۆرانوس کە کاریگەر لە خولگەکەی دەکات.

لە ساڵی ١٨٤٥ز، گەردوونناسی ئینگلیزی جۆن کوش ئادەمز[1]، چەند لێکدانەوەیەکی خستەڕوو، دووریی تەنە گریمانەکە و تۆپەڵەکەی ڕوون بووەوە، بەهۆی ئەم تەنەوە هەسارەکەمان بە هەشتەم دانرا، پێشبینی بوونی کرا لە بورجی سەتڵ. بەداخەوە لێکۆڵینەوەکەی ئادەمز کە ئەو کات ناوبراو لە تەمەنی ٢٦ ساڵیدا بوو، ڕەتکرایەوە و نکۆڵی لێکرا.

وا ڕوویدا لە فەڕەنسا زانایەك دەربکەوێ بە ناوی (لوفیرییە)[2]، ئەویش بەهەمان شێوە لێکدانەوە زۆر وێکچووی خستەڕوو لەگەڵ ئەوەی ئادەمز پێشنیازی کردبوو. بێ ئەوەی ئاگاداری لێکدانەوەکانی ئادەمز بووبێ. ئەویش بەهەمان شێوە بە ڕەتکرانەوە و نکۆڵی لێکردن لەلایەن زانایانی وڵاتەکەیەوە وەڵامی درایەوە، بۆیە ناچاربوو نامەیەك ئاڕاستەی بەڕێوبەری پەیمانگەی بەرلین بکات بۆ ڕوانگە لە ئەڵمانا، کە ناوی (یۆهان ئینکە) بوو، ئەویش ڕاستەوخۆ دوو

---

(1) جۆن کوش ئادەمز (١٨١٩ – ١٨٩٢)، زانایەکی بیرکاری و گەردووناسێکی بەریتانیە. لە دیارترین دۆزینەوەکانی پێشبینی بوونی شوێنی هەسارەی نبتۆنی کرد، بە پشت بەستن تەنها بە لێکدانەوە. لەمەدا جەختی کردەوە لەسەر دەرخستنی ئەو جیاوازیەی هەیە لەنێوان خولگەی هەسارەی ئۆرانوس و یاساکانی کبلر و نیوتن.

(2) ئۆربان جان جۆزیف لۆفیرییە (١٨١١ – ١٨٧٧)، بیرکاریناس و زانایەکی گەردوونناسی فەڕەنسییە، زۆربەی ماوەی تەمەنی خۆی بەکارکردن لە ڕوانگەی پاریس بەسەر برد.

گەردووناسی ئەڵمانی ڕاسپارد: کە یۆهان گالە[1] و هاینریخ دەئریست بوون، بۆ دووبارە چاوخشاندنەوە بە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەکان، دەستیان بە کارکردن کرد لە ٢٣ سێپتێمبەری ساڵی ١٨٤٦، خێرا گالە سەرکەوتوو بوو لە دیاریکردنی دووریی هەسارە نامۆکە بە هەڵە، نەگەیشتە یەك پلەی ئەو شوێنەی لۆفیرییە دیاریکردبوو. هەر کە ویلیام هرش هەواڵی دۆزینەوەی هەسارە نوێیەکەی ڕاگەیاند، ئەوا ئینگلیز و فەڕەنسییەکان ناکۆکیان تێکەوت لەسەر پلەوپایەی دۆزینەوەکە، ناکۆکییەکە کۆتایی هات بەوەی پلەوپایەی دۆزینەوەکە بەخشرایە ئادەمز و لۆفیرییە.

ئەوەی سەرنجڕاکێشە، ئەوەیە گالیلۆ لە ٢٢ یەنایەری ساڵی ١٦١٣ لە پاڵ موشتەریدا ڕوانیویەتە نیبتۆن، پێی وابووە ئەستێرەیە و وێنەشی کێشاوە، نە ئەو و نە جگە لەویش ئەو کات نەیانزانیوە هەسارەیەکە، کە دواتر بە نیبتۆن ناودەنرێ.

پێم وابێ تێبینی کردنی ئەم نموونانە — هەزارانی لەم جۆرە لەبەردەستن — بەسن بۆ لەق کردنی قەناعەتی تێکەڵ بەوەی ئەوەی گەردوون بۆمانی دەردەخات لە دیاردەکانی ڕێسا و یاسا و ژیرمەندێتی، تەنها بریتییە لە کەوتنی مرۆیی گومڕاکەر.

سێر ئیسحاق نیوتن پرسیاری کردووە کاتێك یاسای کێشکردنی دۆزیوەتەوە، سەبارەت بە هۆکاری بوونی ئەم خاسییەتە لەم جەستەیەدا، وەك سەرنجێك لەسەر ئەم پرسیارە ئەلفرێد نورس هوایتهید[2] دەڵێت:

((نیوتن کاتێك ئەمەی سەلماند، ڕاستیەکی فەلسەفی مەزنی ئاشکرا کرد، ئەویش ئەوەیە ئەگەر سروشت بەبێ گیان بێ، ئەوا خۆی ڕاڤە ناکات، هەروەك کەسی مردوو ناتوانێ بارودۆخێکمان بۆ بگێڕێتەوە، هەموو ڕاڤە ژیرانە و واقیعییەکان لە کۆتاییدا زیاتر نەبوون لەوەی ببنە دەرخەری ئامانجێك، چونکە مردوو ناکرێ خاوەن ئامانج بێت)).

---

(١) یۆهان گوتفرید گالە (١٨١٢ – ١٩١٠) زانایەکی ئەڵمانیە لە باری گەردووناسیدا یەکێکە لە زانا پایەبەرزەکان، کە کاریان کردووە لە ڕووانگەی بەرلیندا.

(٢) ئەلفرێد نورس هوایتهید (١٨٦١ – ١٩٤٧): فەیلەیوف و زانایەکی بیرکاری ئینگلیزییە، سەرپەرشتی نامەی دکتۆراکەی برتراند راسل کردووە، لەگەڵیدا بەشداری کردووە لە دانانی کتێبی بنەماکانی بیرکاریدا.

### ئارنو بینزیاس[1] دەڵێت:

((زانستی گەردوونناسی دەمانبات بەرەو هاوکێشەی سەرسوڕهێن. ئەم گەردوونەی لە ناکاو لە نەبوونەوە پەیدابووە، کێ ئەم هەموو پێوەر و ڕێسا سەرەنجڕاکێشانەی داناوە؟ کێ پلانی پێشوەختەی بۆ بەدیهێنان بەدەستەوە بووە؟!)).

پوختە: ئەگەر سەلمێنرا یان ئەوە پەسەندکرا کە جیهان ژیرانە و عەقڵانییە، ئەوا هیچ هەڵاتگەیەك نییە، دەبێ بەدوای سەرچاوەی ئەم ژیرمەندی و عەقڵاندییەدا بگەڕێین.

() ئەرنۆ ئالان بنزپاس، لە دایکبووی ١٩٣٣ لە میونخ، زانایەکی فیزیاناسی ئەمریکی بە ڕەچەڵەك ئەڵمانییە. خەڵاتی نۆبڵی بەدەستهێناوە بۆ فیزیا لە ساڵی ١٩٧٨ بەهۆی ((دۆزینەوەی تیشکی دواوەی گەردوونی))، هاوڕێیەکەی لەگەڵی بەشداریکرد لە خەڵاتەکەدا، کە بەشداربوو لە دۆزینەوەکەدا (ڕۆبێرت ویلسۆن)، ئەم دۆزینەوەی ناوبراوان وەك پاڵپشتێکی بەهێز هات بۆ تیۆری تەقینەوە مەزنەکە.

# دەروازەی چوارەم

# گومانی پەیی بردن بە شوێنەوایێکی کۆنگەرا

ئەمە گومانێکی نزیکە، لە گومانی کەوتن، ئەم گومانە بەرپادەبێ لەسەر دەرخستنی لایەنگیری، کە زۆرێك تێی دەکەون بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن، ئەویش لایەنگیری پەیی بردنە بە شوێنەوارێکی کۆنگەرا، یان پەیی پێبردنی دواکەتوو، نموونەی ئەمە ئەوەیە کە هەندێك لە مێژوونووسان پەنای بۆ دەبەن لە ڕوانین بۆ ڕووداوەکانی ڕابردوو وەك ئەوەی گونجاوبووە پێشبینی بکرێ، زۆرێکمان پێمان وایە پێشبینی ڕوودانی ئەو ڕووداوانەیان کردووە، بەڵام هەردەم لە دوای ڕوودانی نەوەك لە پێش ڕوودانی.

هەندێك لە مولحیدان، هەوڵ دەدەن قەناعەتمان پێ بکەن، بەوەی ئەوەی پێمان وایە ئەم ئاڵۆزییە بەڵگەیە لەسەر نەخشەدانانی زیرەك و ئامانجدار، لە گشت ئەوانەی دەیبینین لە شێوە و بنیاتە زیندەیی و سروشتییەکاندا، ئەوا ئەمە تەنها دەچێتە ناو چوارچێوەی درك کردن بە شوێنەوارێکی کۆنگەرا، بەو مانایەی باوەڕداران شێوەی جیاوازیان لەبەردەم خۆیاندا پێکهێناوە، پێیان وایە ئەمە ئاڵۆز و ئامانجدارە، لە کاتێکدا جگە لەمەیان دەستنەکەوتووە، ئەگەر شێوەی تەواو جیاوازیش لەگەڵ ئەوە ببینیەوە بە درێژایی هێڵەکە، ئەوا بە هەمان شێوەی گومانیان دەبرد ئەمە ئاڵۆزە بەشێوەیەکی ئامانجدار، ئاماژە دەکات بە نەخشەدانەرێکی زیرەکی دانا. ئەو ڕێسا و سیستەمەی دەیبینن، زیاتر نییە لە خەیاڵێك کە باوەڕیان پێ هێناوە، چونکە ویستی باوەڕ پێ هێنان و بەڕاستدانانیان هەیە. لە دۆخێکدا گشت ئەوەی ڕوویداوە تەواو بەپێی ڕێکەوت ڕوویداوە نەوەك شتێکی تر!

ئەم نموونەیە دێننەوە:

ئەگەر پارچە کانزای زۆر لە هەوادا بڵاو بکەینەوە، ئەوا بێ گومان دەکەونە سەر زەوی و شێوەیەك وەردەگرن، کاتێك دووبارە بڵاو دەکرێنەوە، ئەوا هەلی ئەوەی بە هەمان شێوەی پێشوو بکەون و کۆببنەوە، هەلێکی لاوازە، نزیکە لە سفرەوە، لەگەڵ ئەمەشدا کێ لە ئێمە نەزان و بێ ئاگایە لەوەی شێوەی یەکەم بەرهەمی ڕێکەوتی پوختە، بۆ هیچ یەکێك لە خەڵك دروست نییە بانگەشەی ئەوە بکات شێوەیەکی نەخشە بۆ دانراوی ئامانجدارە، ئاماژە بە نەخشەدانانێکی زیرەك دەکات؟ لە ڕاستدا هیچ کەسێك.

ئەندازەی پوچەڵی ئەم بەڵگە هێنانەوەیە و فێڵکاریەکەی دەردەکەوێ، بە سەرنجدا لەسەر ئەوەی پەند و مەبەستەکە تەنها لە ئاڵۆزکاریەکدا نییە، کە شیاوی دووبارە بوونەوە نەبێ، بەڵکو لە ئاڵۆزکاریەکی کرداری بکەردایە، کە ملکەچی یاسایەکە، دەکرێ بدۆزرێتەوە و وەبەرهێنانی تێدا بکرێ لە پێشبینیەکاندا، دواتر بە بەڵگە هێنانەوە لەسەر نەخشەدانەرێکی خاوەن ئامانجی خاوەن تێڕوانین کە لە دواوەی دەوەستێ.

کێ لە ئێمە درك ناکات بە جیاوازی نێوان ئەم دوو حاڵەت و دۆخە: لە دۆخێکدا: چەند پارچە کانزایەك هەڵدەدرێن، پیتی ئەبجەدیان لەسەری نووسراوە، دەکەونە سەر زەوی، ڕستەیەکی بێ مانا دروست دەکەن، بەڵام لە گشت دۆخێکدا، ئەمە ڕستەیەکە نیمچە ئەستەمە جارێکی تر ببینینەوە، هەر چەندە ئەم پارچە کانزایانە بهاوێژینە هەوا بۆ ئەوەی بەر ببنەوە سەر زەوی جۆرێك لە ڕیزبەندی وەربگرن. دۆخێکی تر ئەم پارچە کانزایانە هەڵدەدرێن و دەکەونە سەر زەوی، ئەم جارەیان دێرە شیعرێکی ئەبی عەلاء پێکدێنن.

دەوستن و گەردوونی جوڵاو دەسوڕێتەوە، ئەندازەگیری دەکەن و چارەنووسەکان پێدەکەنن.

هەزاران ڕێکخستنەکانی یەکەم، یەك هۆکاری هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، ئەویش هەڕەمەکێتی و

ڕێکەوتە، ئەم ڕیکخستنەی دوایی، ئەوا بەدڵنیاییەوە دوورە لە هەڕەمەکێتی و زمانحاڵی توانا و نەخشە و دیدگایەکە.

بەڵام – جارێکی تر – دەکرێ گومان بکرێ لەم وەڵامەمان، بە مەرجی گومان کردن لە واقیعیەتی ڕێسا و یاساکان لە گەردووندا، گومان بردن بەوەی تەنها کەوتنێکی مرۆییە، ئەمەش لە کۆتاییدا وا دەخوازێ گومان بکرێ لە شیاوی و چاکی عەقڵی مرۆیی بۆ تێگەیشتنی جیهان، دواتر گومان کردن لە زانست و بیر بە هەموو وێنەکانی، کەوتنە ناو نەبوونێکی هزری، ئەمەش بۆ هیچ نا جگە لە نکۆڵی کردن لە بوونی بەدیهێنەر و ڕزگارکردنی ئیلحادی کەللەڕەق، کە عەقڵ سەردەبرێ بەناوی عەقڵ گومان پێبراو! عەقڵی ئیلحاد.

# دەروازەی پێنجەم

# خوای کون و کەلەبەرەکان

## • خەیاڵی تێکگیرانی یاسا و ڕێساکان لەگەڵ کردەوەی خوای پایەبەرز

هزری ئەوڕوپی پێشتر و ئێستاش، تێوەگلاوە لە هەڵەیەکی مەزنەوە، کاتێك گومانی برد، کردەوەی خوای پایەبەرز دەکەوێتە ناو پانتایی کردەوەکانی یاسا سروشتیەکانەوە. بەم پێیە هەر کە زانست سەرکەوت لە پێشکەشکردنی ڕاڤەیەکی گونجاو بۆ هەر شتێك، ئەوا پێویست ناکات بدرێتە پاڵ کردەوەی خوا، بە پێچەوانەکەشی ڕاستە.

لە سەدەی نۆزدەمدا، تۆماس هاکسلی دەنووسێ: ((زانست لە ڕاڤەکردنی هەر شتێکدا سەربکەوێ، ئەوا خوا هیچ ڕۆڵێکی تێدانابێ)).

لە سەدەی بیستەمدا، ستیفن واینبرگ لە ((خەونەکانی تیۆرە کۆتاییەکان))دا دەنووسێ:

((تا سەدەی بیستەم، خەڵك باوەڕیان بەخوا هەبوو، لەمەشدا پشتیان بەستبوو بە کۆمەڵە بەڵگەیەك لە ڕەگەزی ئەوەی تەنە ئاسمانیەکان، تەنی نەمر و سادە و لە ماددەی تر پێکهاتوون، بەمەش بەڵگە دێننەوە لەسەر خوا کە تەنەکانی بەدیهێناوە و لەسەر جوانیەکەی. بەڵام ئەمڕۆ خەڵك هەندێك شتی تێدا دەبینن لەلایەنی گەردوونی تەواو وەك ئەوەی لەسەر زەوی هەیە)).

لەوانەیە سەرچاوەی ئەم بیرۆکە سادەیە، سادەیی خودی دیندارەکان بێ، بەتایبەت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، ئەو سادەییەی ئەوانی پاڵنا بۆ ڕاڤەکردنی هەر دیاردەیەك، بە دانە پاڵ کرداری ڕاستەوخۆی خوا، پێشتر ئاماژەمان کرد بەوەی هزری ئاینی سەدەکانی ناوەڕاست، ڕوانینە دیاردە گەردوونی و بەدیهێنراوە جیاوازەکانی ڕەتی دەکردەوە، وەك ئەوەی بەڵگە بن لەسەر بەدیهێنەر و

شتێکمان بۆ بگێڕێتەوە سەبارەت بە سیفەتەکانی. لەلایەکی ترەوە زانست بەردەوام بوو لە سەرکەوتنەکانی، بە چەسپاندنی تواناکەی لەسەر ڕاڤەکردنی دیاردە جیاوازەکان بە یاسای مانادار، بە شێوازی بیرکاری تۆکمە گوزارشتی لێدەکرد، وای لە مرۆڤ کرد بتوانێ لە وەبەرهێنانی گەردوون و پێشبینی کردنی ئەوەی ڕوینەداوە هێشتا، دوای بنیاتنانی داواکاری مەرجەکان لەسەر هەمان یاسا.

## تیۆری تێروتەسەلی یاساکان لای موسڵمانان

دۆخەکە تەواو جیاوازە، لە تێڕوانینی ئیسلامیدا بۆ پرسەکە، ئایەتە زۆر بۆرەکانی قورئان، بنچینەیەکی تۆکمە و ڕۆشنیان پێکهێناوە، بۆ بڕوابوون بەوەی هەرچی لە بووندایە، گوزارشت لە نیشانە دەکات لەسەر بەدیهێنەری داهێنەر، ئەم نیشانانە ئاماژە بە سیفەتەکانی بەدیهێنەر دەکەن بە چەندین شێوە و ڕێگە، ئەمە بەڵگەی ئایەتییە: هەموو ئەم جیهانە، نیشانەیەك پێکدێنێ لەسەر بەدیهێنەرەکەی، گشت ئەو جۆرە بوونەوەر و دیاردە سروشتیانەی لە گەردووندان، نیشانەی ئاماژەدەرن لەسەر بەدیهێنەر، ئیمان بەهێز و دڵنیایی تۆکمە دەکەن. موسڵمان کەمترین تێکگیران نابینێ لە نێوان تەنها بوونی خوا لە بەدیهێنان و دروستکردندا لەگەڵ کارایی فرە هۆکارە گەردوونیەکان، بەڵکو وا سەیری دەکرێ کە کۆمەڵە هۆکارێکن لەلایەن خوا و بە مۆڵەتی ئەو دانراون بۆ ئەوەی دەرەنجامەکانی بەرهەم بهێنێ، بە گوزارشتێکی سەردەمی، گوزارشت لە شێوازی خوا دەکات لە بەدیهێنان و دروستکردندا.

خوا لەلای خواگەرایە موسڵمانەکان، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کار ناکات، بەڵکو لە ڕێگەی ئەو هۆکارانەوە کار دەکات کە ئامادەی کردووە و بەدیهێناوە. بەڵام بۆچی ویستویەتی شتەکە بەو جۆرە بێ، لەگەڵ ئەوەی توانای هەیە ئەوەی بیەوێت بەخۆی بکات بێ نێوەندگیری یان هەر هۆکارێك؟

وەڵامەکەی ئەوەیە: ئەگەر وا نەبووبایە، ئەوا بۆ کەس نەدەکرا بەڵگە لەسەر خوای پایەبەرز بهێنێتەوە، کرۆکی بەڵگە هێنانەوە – هەر بەڵگە هێنانەوەیەك – گوزارشت لە هۆکار دەکات.

کەواتە یاساکان لە تێروانینی ئیسلامیدا تەنها ناکەونە ناو پانتایی کاری خواوە، بەڵکو دەکەونە ناو درێژیەکەشی. تەواو وەك خاوەندارێتی منداڵی بچوك بۆ ئەو یاریەی باوکی کردوویەتیە دیاری بۆ ئەو، دەکەوێتە ناو درێژی موڵکی باوکی نەوەك ناو پانتاییەکەی.

بەپێی ئەم تێڕوانینە، ئەوا هەر سەرکەوتنێك، کە زانست بەدەستی دەخات لە دۆزینەوەی یاسایەك و ڕاڤەکردنی دیاردەیەك لە دیاردەکان، ئەوا بەشدارە لە دۆزینەوەی ڕێوشوێنی کاری خوا لە گەردووندا (لەوەی بە دەسەڵاتی خۆمان دروستکردووە[1])، دواتریش دەبێتە هۆی زیادبوونی شارەزاییمان بە خوای پاك و بێگەر و لێمان نزیك دەکاتەوە. زانست پشکدارە لە پێناسەکردنمان بۆ خوا لەسەر چەندین ئاست، خۆبەدەستەوەدانی سادە تێدەپەڕێنێ، کە زۆربەی جار پشت بە لاساییکردنەوە و بۆماوەیی دەبەستێ، چەند ئاستێك، خولیای دۆزینەوە و ئاشکراکردنی ئەوەیان هەیە کە بە خوازراوی ناودەنرێن (بیرۆکەکانی خوا)، (ڕێگاکەی لە کارکردندا)، (پلانە شاراوەکەی)، ئەمە ئەو شتەیە ئەلبێرت ئەنشتاین خولیای پێوە دەبینی.

دوایین نزامان ئەوەیە: سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانەکان.

---

(1) ئەمە بەشێکە لە ئایەتی ٧١ سورەتی یاسین.

# ئەم كتێبە

پێش چارێگە سەدەیەك، ئەم كتێبە ئەوەندە بە بایەخەوە وەرنەدەگیرا لەلایەن جەماوەری موسڵمان، كە كەمترین گومانی نەبوو، سەبارەت بە ڕاست و دروستی ئاینەكەی و ڕێك و پێكی ڕێگە و ڕێبازەكەی. بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی هەنووكەیی بوونی ئەم بابەتە وەك ئەم كتێبەمان، هەڵهێنجراوە لە دەیان پێگەی ئەلیكترۆنی عەرەبی، كە بازاری ئیلحاد ڕەواج پێدەدەن، هەروەك هەزاران گەنج و لاوی موسڵمان — ژمارەیان بەر لە زیادبوونە — كە گەردەلولی گومان بەسەر ئیمان و باوەڕەكەیان هەڵیكردبوو، مولحیدایەتی خۆیان ڕاگەیاند و دەستیان كرد بە مشتومڕ كردنی بەرگریئامێز لە بیروباوەڕەكەیان، كە بوونی خوا ڕەت دەكاتەوە.

ئایا ئیلحاد چییە؟ ڕەگ و ڕیشە مێژووییەكانی چین؟ ئەو هۆكارانە چین كە ڕێخۆشكەربوون، كاریان كردووە لەسەر ئەوەی ببێتە ڕێبازێكی سەربەخۆ؟ دیارترین كەسایەتی و پارێزەرەكانی بەدرێژایی مێژوو كێن؟

ئایا بەڵگەی ڕێسا سروشتییەكان یان نەخشەدانانی زیرەك چییە؟ كە بە بەهێزترین بەڵگە دادەنرێ لەسەر بوونی خودی خوای گەورە، ناودارترین و بەهێزترین ئەو گومانانە چین سەبارەت بەم بەڵگەیە دەوروژێنرێن؟

ئەم پرسیارە و جگە لەمانەش، لەلایەن ئەم كتێبەوە وەڵامیان دەردێتەوە، بەشێوەیەكی ڕوون و ئاسانكراو، دەكرێ ئەم كتێبە وەك دەروازەیەكی ئاسان و نزیك دابنرێ بۆ بابەتێكی كۆنی تازە، ئەو بابەتەی كە چیتر ناكرێ فەرامۆش بكرێ یان بە سادەیی و سەرپێیی هەڵسوكەوتی لەگەڵ بكرێ.

چاپخانەی شوان
0750 792 0775